حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی زمان

بەشی زمانی کوردی

# ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری نوێی کوردیدا

# (١٩٢٠ ــ ١٩٧٠)

تێزێکە

**ئارام عمر علی**

پێشکەشی بەشی کوردی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

**پ.د. فازیل مجید محمود**

٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی

تێزی" ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری نوێی کوردیدا(١٩٢٠-١٩٧٠)"

ـه لایەن توێژەر(ئارام عمر علی) بە ســـەرپەرشـــتیی من لە زانکۆی ـلیمانی ئامادەکراوە، بە شێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی پلەی ـکتورا، لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د. فازیل مجید محمود

ڕێکەوت: ١ / ٨ /٢٠٢٣

ـەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت: ٢٨ / ٨ /٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵســــەنگاندن، تێزی(ڕەگەزەکانی دراما لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٢٠-١٩٧٠")مان خوێندنەوە، گفتوگۆمانکرد لەگەڵ خوێندکارەکەدا لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری تایبەت بە تێزەکە، بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتورای لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.ی.د. ابراهیم عبدالرحمن محمود

ئەندام

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو:پ.د عبدالقادرحمەامین محمد

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. میران جلال محمد

ئەندام

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ.د. سامان عزالدین سعدون

ئەندام

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. احمد محمد ڕشید میره

ئەندام

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

ناو: پ.د. فازیل مجید محمود

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: ١٦/ ١٠/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێجی زمان

زانکۆی سلێمانی

٢٢ / ١٠ /٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم، کە بەردەوام نزای سەرکەوتنیان بۆ دەکردم.

- هاوســـــەری ژیانم (کوردســــتان)، کە بەرگەی هەموو ناڕەحەتییەکانی تەواوکردنی ئەم قۆناغەی خوێندنی گرتم و هاوکارم بوو.

- منداڵە خۆشەویستەکانم (ژیار، محمد، ئیمان، ئیڤان، باران).

- ئازیزانم (ئالا و دایکی ئالا، نامی و دایکی نامی).

**سوپاس بۆ:-**

- ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و بەشی زمانی کوردی و هۆبەی خوێندنی باڵا، لە زانکۆی سلێمانی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندین.

- پ.د فازیل مجید محمود، کە سەرپەرشتی تێزەکەی گرتە ئەستۆ.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکارم بوون لە وەرگێڕانی بابەتەکاندا.

- بۆ کارمەندانی هەموو ئەو کتێبخانانەی سەردانمکردن و هاوکارم بوون لە پێدانی سەرچاوەو زانیارییەکان.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٣ | **پێشەکی** |
| ٤-٨ | **دەروازە** |
| ٩-٧٤ | **بەشی یەکەم** |
| ١٠ | **پاری یەکەم: مێژووی دراما** |
| ١٠ | یەکەم: تیۆری کۆنی دراماو سەرهەڵدانی ڕەگەزەکانی<br>لای یۆنان |
| ١٧ | لای ڕۆما تا سەدەکانی ناوەڕاست |
| ١٩ | تیۆری نوێی دراما و گەشەسەندنی ڕەگەزەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاست تا کۆتایی سەدەی ١٩ |
| ٢١ | دراما لەسەردەمی ڕێنسانس(وریابوونەوە) |
| ٢٢ | درامای سەدەی ١٩ و ڕۆمانسیزم |
| ٢٤ | سێیەم: ڕەهەندێکی گشتی مێژویی دراما و قۆناغەکانی گەشەسەندنی ڕەگەزەکانی، لە ئەدەبی<br>عەرەبی و کوردیدا. |
| ٣٣ | **پاری دووەم: دراما، جۆرو ڕەگەزەکانی دراما(چەمک و پێناسە)** |
| ٣٥ | **جۆرەکانی دراما** |
| ٣٩ | **ڕەگەزەکانی دراما** |
| ٤٠ | ڕووداو |
| ٤٣ | کارەکتەر |
| ٤٧ | شوێن |
| ٥٠ | کات |
| ٥٢ | دیالۆگ |
| ٥٥ | مۆنۆلۆگ |
| ٥٨ | ململانێ |
| ٥٩ | پلۆت(چنین) |
| ٦١ | گرێچن |
| ٦٢ | دەمامک |
| ٦٤ | زمان |
| ٦٥ | هێماو ئاماژە |

| | |
|---|---|
| ٦٦ | **پاری سێیەم** |
| ٦٦ | **یەکەم: شێوە بنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان(چەمک و جۆرەکانی)** |
| ٧١ | **دووەم: ڕاو بۆچوونەکان لەبارەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە(جیاوازی و لێکچوونیان) و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما** |
| ٧٥ | **بەشی دووەم** |
| ٧٦ | **پاری یەکەم: شیعری نوێی کوردی و سەرهەڵدانی چەند فۆرمێکی شیعری** |
| ٨٩ | **پاری دووەم: شیعری درامی، درامای شیعری (چەمک - پەیوەندی - لێکچوون و جیاوازییەکانی هەردوو ژانرەکە)** |
| ٩٨ | **پاری سێیەم: فۆرمەکانی شیعری درامی لە ئەدەبی کوردیدا (ئۆپەرێت و ئۆپێرا)** |
| ١٠٤ | **بەشی سێیەم: ڕەگەزەکانی دراما لە (شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٧٠)** |
| ١٠٥ | **پاری یەکەم/ ڕەگەزە بنەڕەتییەکان (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن)** |
| ١٠٥ | یەکەم: ڕووداو |
| ١٢٨ | دووەم: کارەکتەر |
| ١٣٥ | سێیەم: کات |
| ١٤٠ | چوارەم: شوێن |
| ١٤٧ | **پاری دووەم/ ڕەگەزە گێڕانەوەبەندییەکان (دیالۆگ- مۆنۆلۆگ – زمان- فلاشباک)** یەکەم: دیالۆگ |
| ١٥٥ | دووەم: مۆنۆلۆگ |
| ١٥٨ | سێیەم: زمان |
| ١٦٠ | چوارەم: گەڕانەوە بۆ ڕابردوو(استرجاع ) فلاش باک |
| ١٦٥ | **پاری سێیەم: (ململانێ، وێنەی دراماییی و تراژیدی) لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٧٠)** |
| ١٦٥ | یەکەم: ململانێ |
| ١٦٨ | دووەم: وێنەی درامایی و وێنەی تراژیدی |
| ١٧٧ | **ئەنجام** |
| ١٧٩ | **سەرچاوەکان:** |
| ١٩٠ | **الملخص** |
| ١٩١ | **Abstract** |

# پێشەکی

دراماو شیعر وەک دوو ژانری سەربەخۆو خاوەن چەندین تایبەتمەندی و ڕەگەزی جیاواز، دراما جیا لە چوارچێوە ئەدەبییەکەی، دەچێتە خانەی هونەرەوە، هونەر بوارەکەی فراوانترەو ئەدەبیش بۆخۆی لەو چوارچێوە فراوانەی هونەردایە، لەگەڵ ئەوەشـــدا دراماو شیعر وەک دوو ژانری گرنگی سەربەخۆ جۆرێک لە هاوبەشی ڕەگەزی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە ڕووی کاریگەربوونی تەواوی ئەم دوو ژانرە بەیەکتر، بەتایبەت لە هەردوو فۆرمی شـــیعری درامی و درامای شـــیعریدا، کە پانتاییەکی فراوان و گرنگی ئەدەبیاتی میللەتانی جیهان پێکدەهێنن، تایبەتمەندی و بنچینەکانی شـــیعری درامی ســـەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و لەسەر دەستی چەند شاعیرێکی گەورەی یۆنان ئەم ژانرەی ئەدەب وەک سیمایەکی پێشکەوتنی شارستانییەت گەشەیسەند و بۆ ماوەیەکی زۆر، بەسەر سەرجەم ژانرەکانی تری ئەدەبدا باڵادەست بوو. ئەم بارە کاریگەری بەسەر ئەدەبی گەلاندا هەبووە و لە ئەدەبی کوردیشـدا، بەتایبەت قۆناغی شـیعری نوێی کوردی، دراما و هەردوو فۆرمی (شـیعری درامی و درامای شـیعری) سـەریهەڵداوەو شـاعیران و نووسـران چەندین دەقیان هەیە، کە بەپێی بواری توێژینەوەکە ئاماژە بە بوونی ئەو دەقانە دەکەین.

**گرنگی توێژینەوەکە:** دیارە ســـەرهەڵدانی دراماو شـــیعری درامی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لەڕووی دەرکەوتن و ســـەرهەڵدانەوە هاوکاتە لەگەڵ پرۆســـەی نوێکردنەوەی شـیعری کوردی و تێپەڕاندنی قۆناغەکانی شـیعری کلاسـیکی، بەشـێکی زۆر لەوانەی دراما یان بڵێن شـیعری درامی و درامای شـیعریان دەنووسـی و ئاشـنا بوون بەم ژانرە نوێیە، شـاعیران و نوسـەرانی بواری ئەدەبی بوون، کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی شـیعریان دەنوسـی؛ بەهۆی ئەو پاشـخانە ڕۆشنبیری و مەعریفی و زانستییانەی هەیانبوو، خێراتر ئاشـنادەبوون بە گۆڕانکارییەکان بەتایبەت لە بواری ئەدەب و هونەردا، ئەمەش کاریگەریی هەبوو بۆ تێگەشـــتنی زیاتر بە بوارەکانی داهێنان، لەئەنجامی ئەو کاریگەربوونە توانیان جۆرێک پەیوەندیی بەهێز لە نێوان هەردوو ژانری شـــیعرو درامادا هەســـتپێبکەن بۆیە بەپێویســـتی دەزانین لەباسـی قۆناغی نوێبوونەوەی شـیعری کوردی باس لە دراماو تەکنیکەکانی بکەین، کە ڕەگەزەکانی دراما ڕۆڵیان لە قۆناغی نوێبوونەوەی شیعری کوردیدا بینیوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:** لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی شـــیعری درامی و درامای شـیعری و ڕەنگدانەوەو کاریگەری ڕەگەزەکانی دراما بەســـەر شـیعری کوردییەوە

دیارەو تا ئەمڕۆ وەک پێویست کار لەسەر دەرخستنی ئەم لایەنی کاریگەربوونە نەکراوە، ئێمە بە خستەڕووی دەقی شیعری ئەو لایەنە ڕووندەکەینەوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:** کاریگەری و ئامادەیی ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری نوێی کوردیدا وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە و جۆرێک تێکەڵاوی لەنێوان درامای شیعری و شیعری درامایدا هەیە، گەلێکجار لە توێژینەوەو کارە زانستییەکاندا، بە ئاماژەیەکی کەم لا بەلای بۆ ئەو جیاوازیانەدا کراوەتەوە و وەک پێویست کاریان لەسەر نەکراوە، ئێمە لەم توێژینەوەدا سەربارى ئەوەی باس لە جیاوازی و پەیوەندییەکانی ئەم دوو جۆرەی ئەدەب دەکەین، ئاماژەیەکی تەواویش بۆ بوونی ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری نوێیی کوردیدا (١٩٢٠- ١٩٧٠)، دەکەین، تا لەو ڕێگەیەوە خزمەتێک بە ئەدەبی کوردی بە گشتی و بەتایبەت شیعری کوردی بکەین.

**سنووری توێژینەوە**: لەبەر پابەندی و پاراستنی سنووری توێژینەوەکەمان پانتاییەکی جوگرافی دیاریکراو دەگرێتەوەو ئەو دەقە شیعریانە شرۆڤە دەکات، کە بە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست نوسراون و لەباشووری کوردستانن، لێکۆڵینەوەکە سەرنجی خستۆتەسەر ئەو ڕەگەزانەی دراما کە لەو دەقانەدا پشکیان لە گەشەسەندن و فراوانکردنی ماناو چوارچێوەی ناوەڕۆکی دەقەکاندا هەبووە، وەک کەرەستەش ئەو دەقە شیعرییانە دەگرێتەخۆی، کە لە ماوەی سالانی (١٩٢٠-١٩٧٠) لە خانەی شیعری نوێی کوردیدا، دێنە ئەژمار و ڕەگەزە دراماییەکانیان تێدا دەبینرێتەوە، یان هەر خودی دەقەکان شیعری درامین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدەکانی مێژوویی ، وەسفی شیکاری، بۆئەوەی لەڕابردوودا وەک سنووری زەمەنی بتوانرێت کەڵک لە دەقە تۆمارکراوەکان وەربگیرێت و بەپێی قۆناغەکە لەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقەکانی بەردەست، لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی پێویست، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا، بەشێک لەوەی تۆمارکراوە لە توێژینەوەکەدا وەک بەڵگەهێنانەوە سودی لێببینرێت، کەواتە لەپراکتیزەکردنی بابەتەکەدا ڕێگای زانستی بۆ وەسف و شیکاری ئەو هەنگاوانە دگیرێتەبەر کە ڕێگایان بۆ شاعیرانی شیعری نوێی کوردی والاکردووە کەڵک لە تەکنیکەکانی دراما ببینن و مەزراندنیان بۆ بکەن لە دەقە شیعرییەکاندا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** پێکهاتەی توێژینەوەکە، جگە لە پێشـــەکی و دەروازەو ئەنجام و لیســـتی ســـەرچاوەکان، بەشـــێوەیەکی زانســـتی هەوڵمانداوە بەش و پارەکانی توێژینەوەکەمان رێکبخەین و توێژینەوەکە دابەشـــی یەک بەشـــی تیۆری و دووبەشـــی پراکتیکی کراوە ، بەشـــی یەکەم کە پێکهاتووە لە ســـێ پار، لە پاری یەکەم بەشـــێوەیەکی زانسـتی، مێژوویی لایەنی تیۆری دراما لەسـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە خراوەتەڕوو لە پاری دووەمدا، دراما، جۆرو ڕەگەزەکانی لە ڕووی چەمک و پێناســـەوە باســـکراوە، لە پاری ســـێیەمدا شـــێوەبنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان، (لێکچوون و جیاوازییەکانیان)، هەروەها پەیوەندیی نێوان شیعرو دراما نیشاندراوە،

هەرچی تایبەتە بە بەشـــی دووەم، کە بەشـــێکی پراکتیکییە لە ســـێ پار پێکهاتووەو لەپاری یەکەمدا شیعری نوێی کوردی و سەرهەڵدانی چەند فۆرمێکی شیعری خراوەتەڕوو، لە پاری دووەمدا لە بارەی هەردوو ژانری شـــیعری درامی و درامایی شـــیعری دواوین، لە پاری ســـێیەمدا باس لە فۆرمەکانی شـــیعری درامی (ئۆپەرێت و ئۆپێرا) لە ئەدەبی کوردیدا کراوە.

لەبەشـی سـێیەمدا، نموونەی شـیعری شـاعیرانی قۆناغی شـیعری نوێی کوردی بە ڕەچاوکردنی سنووری توێژینەوەکە، بۆ سەرجەم ڕەگەزەکانی دراما هێنراوەتەوە.

## دەروازە:

ئەوەی مەحاڵە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، قەتیسکردنی دەقە بۆ یەکجۆر خوێندنەوە، بۆیە لەم سـ‍ـ‍ـ‍ـۆنگەیەوە ئەوەی لەم توێژینەوەی ئێمەدا دێت، سـ‍ـ‍ـ‍ـەبارەت بە خوێندنەوەو و شـ‍ـ‍ـ‍ـرۆڤەی دەقەکان، کۆتا خوێندنەوەو یەکەم خوێندنەوەش نییە، توێژەرانی پێش ئێمە لەم بوارەدا بە شـ‍ـێوەی جیاواز و کاری جیاوازیان لە بواری شـ‍ـیعر و دراماشـ‍ـدا کردووە، ئێمە دەمانەوێت شـ‍ـ‍ـ‍ـتێکی تر بخەینە سـ‍ـ‍ـ‍ـەر خەرمانی زانسـ‍ـ‍ـ‍ـتی ئەوانەی هاوڕێیانی پێش ئێمە نەیانکردووە، یان کردویانەو پێویسـ‍ـ‍ـتی بە خسـ‍ـ‍ـتنەسـ‍ـ‍ـ‍ـەرو فراوانکردن هەیە، تابتوانین بیرو لێکدانەوەی جیاواز بۆ شرۆڤەی دەقەکان و خوێندنەوەیەکی نوێ لەم بوارەدا بکەین.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر دەستنیشانکردنی کاریگەری ڕەگەزە دراماییەکان دەکەین لەسـ‍ـەر شـ‍ـیعری شـ‍ـاعیران و ڕۆڵی شـ‍ـاعیران لە بەرجەسـ‍ـتەکردنی ئەو ڕەگەزانەدا، لەلایەکی ترەوە ئەوەش دەخەینەڕوو، کە ئەدەب و هونەر دوو ژانری تەواوکەری یەکترن و تێکەڵاوییـ‍ـان جۆرێکە لە خزمەتی زیـ‍ـاتر بە بواری ئەدەبنـ‍ـاسـ‍ـ‍ـ‍ـی؛ لەگەڵ ئەوەی شـ‍ـ‍ـ‍ـیعر چوارچێوەی تـ‍ـایبەت و ڕەگەزی بەخۆی هەیەو هونەری درامـ‍ـاش بەهەمـ‍ـان شـ‍ـ‍ـ‍ـێوە، بەڵام کاتێک ئەم دوو ژانرە کاریگەری لەسـ‍ـ‍ـ‍ـەر یەکتر دادەنێن، دەتوانین لە ناو هەریەکەیاندا بە دوای تەکنیک و توخمی هونەری ڕەگەزی ئەوی تریانەوە بین، هەر ئەمەشـ‍ـە وایکردووە جیا لە شـ‍ـ‍ـ‍ـیعر و دراما، هەردوو چەشـ‍ـ‍ـ‍ـنی (درامایی شـ‍ـ‍ـ‍ـیعری و شـ‍ـ‍ـ‍ـیعری درامی) هەبن و گەشەبسێنن.

گرنگە ئەوە بخەینەڕوو کاری سـ‍ـ‍ـ‍ـەرەکی ئێمە، گەڕان و پشـ‍ـ‍ـکنینە بەدوایی ڕەگەزە دراماییەکان لەشیعری نوێی کوردیدا، هاوکات سەرنجیش بخەینە سەر ئەو دەقە شیعرییانەی دەچنە خانەو چوارچێوەی شیعری دراماییەوە لە ئەدەبی کوردیدا.

لە بەکارهێنانی زاراوەکەشدا ئێمە زاراوەی(دراما) بەکاردەهێنین، نەک شـانۆ، چونکە (شـانۆ) زیاتر دەلالەتێکی شوێنی هەیەو بۆ ئەو جێگایە بەکاردێت کە دراماو نواندنەکەی تێدا پێشـکەشـدەکرێت، واتە تەختەی شـانۆ بەکارهێنانێکی دروسـتە بۆ شـوێنی بە کرداریکردنی دەقی نووسراوی دراماکە، لەبنەڕەتدا دراما دەقێکە بۆ نواندن دەنووسرێت و تەختەی شانۆ شـوێنی نواندنەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دراما جگە لە شـوێنی نمایشـەکەی کە تەختەی شـانۆیە، ئەگونجێت لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و سـ‍ـ‍ـ‍ـینما، یان هەر جۆرە چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری، بـخـرێـتـ‍ـەڕوو، کەواتە هـ‍ـاوڕایـن لەگەڵ ئەو نـووسـ‍ـ‍ـ‍ـەرو تـوێـژەرانـی پـێـش ئـێـمـە، کە زاراوەی(دراما)یان بەکارهێناوە لە بری شانۆ.

لێرەدا بەپێویســــتی دەزانین ئاماژە بە هەندێک لەو توێژینەوانە بدرێت لەم بوارەدا کاریانکردووە، لەبواری ڕەگەزەکاندا گەلێک توێژینەوەو نوسراو و وتار هەن کە هەریەکەیان بەجۆرێـک خزمەتیـان کردووە، لـە نـامـەو تێزی ئـەکـادیمی، یـان توێژینـەوەی تـایبەت بە ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە، ئێمە نامانەوێت بەو فراوانییە قسـە لەسـەر هەموویان بکەین، ئەوەی نزیکایەتییەکی ڕاســــتەخۆی لەگەڵ بابەتەکەی ئێمە هەبێت لەم بوارەدا و بەردیدی ئێمە کەوتوو دەیخەینەڕوو.

یـەکێـک لـەو کتێبـانـە (شـــیعری شـــانۆیی لـە ئـەدەبی کوردیدا، بـاشــووری کوردســـتان"١٩٢٥-١٩٦١")، نوســـەرەکەی (عەبدوڵلا ڕەحمان عەولا)یە، کە لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەرە، گومانی تێدانییە کارەکەی عەبدوڵلا ڕەحمان، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانەو سەرنجی خستۆتە سەر بابەتەکەو بەدوای زانیاری پێویستدا گەڕاوە و شرۆڤەیەکی زانستی دەقەکانی کردووە، تا بەڵگەی پێویسـت بۆ سـەلماندنی بیروڕاکانی بهێنێتەوە، لەم ڕووەوە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە، لایەنە مێژووییەکەی سەرهەڵدانی دەقی شیعری شانۆیی خسـتۆتەڕوو، بەڵام هەندێک تێکەڵی لە نێوان شـیعری درامی و درامای شـیعردا کردووە و بەشـــی هەرە زۆری ئەو دەقانەی لەو قۆناغەدا هەیە خســـتۆتە چوارچێوەی (شـــیعری درامی)یەوە ، لە گەڵ ئەوەی هەندێک لەو دەقانە زمانی نوسـینیان شـیعرە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ نمایش نووسراون، ئەمەش بەپێی پێوانە زانستییەکانی لە بەشەکانی دواتردا خستومانەتە بەرچاو ئەو دەقانە دەچنە خانەی درامایی شیعرییەوە، نەک شیعری درامی.

ئاشکرایە ئەم دوو فۆرمە (شیعری درامی و درامایی شیعریی) سەربە دوو ژانری جیاوازن، بەڵام خاڵی لێکچوون و هاوبەشـــیان هەیە، دەبێت بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پۆلێنکردن و ناونانی ڕەگەزی ژانرەکاندا بکەین، یەکێک لە خاڵە هاوبەشـــەکانیان بریتییە لەوەی زمانی نوسـینی هەردوو فۆرمەکە، شـیعرە و لە ڕەگەزەکانیاندا هاوشـێوەن، بەڵام خاڵی جیاکەرەوەیان ئەوەیە شـــیعری درامی ســـەربە ژانری شـــیعرەو لە بنەڕەتدا بۆ خوێندنـەوەیـە پێش نمـایش، لـەگـەڵ ئـەوەی درامـای شـــیعری درامـایـەکـە بۆ نمـایش و پێشـکەشـکردن نووسـراوەو سـەربە ژانری درامایە، نەک شـیعر. ئەوەی جێگای تێڕوانینی ئێمەبوو لەم چەند خاڵەدا ڕوونیدەکەینەوە:

١- ئەو دەقانەی دەچنە خانەی هەردوو فۆرمی(ئۆپەرێت و ئۆپێرا)وە، شـــیعری درامین، کە نووسـەر بە (شـیعری شـانۆیی) لەڕووی زاراوەوە بەکاری هێناون، لەوانە( ئینتباه ١٩٢٥)ی شـێخ نووری شـێخ سـالح- (گوڵی خوێناوی١٩٣٤- ئاهەنگی ناو ڕان١٩٤٢- ئەنجامی یاران

١٩٥٣)ی گۆرانی شـــاعیر، ســـێ ئوپەرێتی عبدالرزاق بیمار(گەنجۆ- شـــەفی و شـــیرین- سەرکەوتنی بەهار) ١٩٦١، ئۆپەرێتی دڵداری کورە شوان١٩٥٥، کامەران موکری.

٢- (ماســـتاو ١٩٥٣- جۆقی یونســـکۆ١٩٥٣- موحاکەمـەی مام چەوەندەر ١٩٥٣- نق و جق١٩٥٣)ی بەرهەمی (دراما)یی گۆرانی شـاعیرن، عەبدوڵڵا ڕەحمان بە شـیعری شـانۆی ناوی بردوون، بەڵام لەڕاستیدا گۆرانی شـاعیر دیمەنی شـانۆییەکەی کێشـاوەو شـوێنەکەی خســتۆتەڕوو، گۆرانی شـاعیریش خۆی بە (پیەس) ناوی بردوون(دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٩) کە مەبەس لێی درامایە، وەک دیارە دەقەکان لە بنچینەدا بۆ نواندن نووسـراون، هەرچەندە زمانەکەیان زمانی شیعرە، بەڵام بەپێی پێوەرەکانی جیاکردنەوەی شیعری درامی و درامای شیعری، هەرچوار دەقەکە دراماییی شیعرین واتە سەر بە ژانری درامان.

٣- ســـەبارەت بە (ئەنجامی ئەژدهاک) عبدوڵڵا ڕەحمان، لە لاپەڕە (٢٥١)ی کتێبەکەیدا یەکلای دەکاتەوە، کە ئۆپەرێتەو دەڵێت: گۆران لە سـاڵی (١٩٥٩) بەشـی یەکەمی ئۆپەرێتی ئەنجامی ئەژدهاکی بڵاوکردەوە، دواتر لە لاپەڕە (٤٠١)ی پاشکۆی کتێبەکەیدا خۆی دەکەوێتە گومان و لـە بەرامبەریدا بە(ئۆپێرا و ئۆپەرێت) ناوی هێناوە، کە خۆی دڵنیا نەبووە، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە ئەم گومانە ڕێگە پێدراو نییە، لەڕاستیدا وەک دانپێدانانی شاعیر خۆی و وەک هەڵســـەنگاندنی دەقەکە، پەردەی یەکەمی ئۆپێرایەکە، کە شـــاعیر بواری نەبووە یان بۆی نەگونجاوە، پەردەکانی تری بنووسێت.

٤- تایبەت بەم دوو بەرهەمە(ئاواتی ئۆمەر١٩٦١، عبدالرزاق محمد)و (قوتابخانەی کوردســـتان ١٩٤٤، شــێخ ســەلام) عەبدوڵڵا بە شــیعری شـــانۆی ناوی بردوون، لە بنەڕەتدا هەردوو دەقەکە بۆ نمایشــکردن نووســراون لەســـەر تەختەی شـــانۆ، نەخشـــەی شـــوێنی دیمەنی شـــانۆکان و کات و ســـاتی ڕووداوەکان زۆر بەجوانی لە هەردوو دەقەکەدا کێشـــراوە، لەســـەرەتاوە باســـێکی ئەندازەیی شـــوێنی دیمەنەکان دەکات، ململانێی نێو ڕووداوەکان دەخاتـەڕوو، ڕۆڵی کارەکتـەرەکان دیاریکراوە، بۆیـە ئەم دوو دەقە درامای شـــیعرین و سەربەژانری درامان نەک شیعر.

هەرچی سەبارەت بە کتێبی(ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا؛ "کرمانجی خواروو، ١٩٨٠- ڕاپەڕین"ی پەروین عەبدوڵڵا، کە لە بنەڕەتدا، نامەی ماســـتەرە"٢٠٠٨"). لەڕووی زەمەنییەوە ماوەی دە ســـاڵی شـــیعری هاوچەرخی کوردی کردۆتە کەرەســـتەی لێکۆڵینەوەکەی، کارەکەی پەروین عەبدوڵڵا، کارێکی بەرفراوان و ســـەرەتایەکی باشـــی زانستییە بۆ پۆلێنکردن و دەستنیشانکردنی ڕەگەزەکانی دراما بە شێوەیەکی گشتگیر، بەڵام

ســـنووری لێکۆلینەوەکەی لە ڕووی زەمەنەوە قۆناغێکی دواتری شـــیعری نوێی کوردییەو تایبەتی کردووە بە شـــیعری لیریکی کوردییەوە، ئێمە لێرەدا وەک ئەوە باس و خواســـتی لەســـەردەکەین کە ناونیشـــانەکەی نزیکایەتییەکی لەگەڵ ناونیشـــانی توێژینەوەکەی ئێمەدا هەیە.

توێژەر بەشـــێوەیەکی ســـــەرەڕایی و خێرا گەڕاوەتەوە بۆ ئاماژەیەکی مێژووی بۆ شیعری فۆلکلۆر و دواتر لە شیعری نوێی کوردییەوە باس لە هەوڵەکانی گۆران دەکات لەم بوارەداو دەقی شـــیعری چەند شـــــاعیرێکی تر بەنموونە دێنێتەوە، ئەمەش لە ژێر ناونیشانی(سەرەتایەک بۆ تەکنیکی دراما، لە ئەدەبی کوردیدا) لەڕاستیدا ئێمە باوەڕمان وایە، خاڵێکی گرنگ و جەوهەری کە ڕۆڵی هەبوو لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، ئەو کارەســـات و ڕووداوانە بوون، کە لەو ســـــەردەمەدا دووچاری میللەتی کورد هاتوون و شاعیران و ئەدیبان بەشێک بوون لە کارەکتەری نێو ڕووداوەکان، لەم واقیعەشدا ڕووداو و کارەساتەکان بوونە هەوێنی لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعری، کە بە شێوەیەکی فراوان تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما ئاوێزانی تەکنیکەکانی شیعربوون و ڕۆڵیان بینی لە فراوانبوون و خێراترکردنی پرۆسەی شیعری نوێی کوردی، ئەمەش لەبەر پێویستی پێکهاتەی دەقەکان و تۆکمەیی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و شـــوێن و زەمەنی ئەو ڕووداوانەو پاڵەوان و کارەکتەری ســـــەرەکی و لاوەکی ڕووداوەکان، بۆیە مەزراندنی ڕەگەزەکانی دراما پێویســـتییەکی هونەری بوو بۆ دەقەکان، ئەمەش وەرچەرخانێکی نوێی لە شـــیعری کوردیدا دروستکردو شیعری بەستەوە بە ژیانەوە.

بەڕای ئێمە وەک دەستپێک بۆ سۆراخکردنی ڕۆڵی ئەو ڕەگەزانە لە شیعردا، شیعری نوێی کوردی لە پێشـــتربوو بۆ لێکۆڵینەوە، هەرچەندە بەرفراوانی بەکاربردنی ئەو ڕەگەزانە لە دەقی شیعری ئەو قۆناغەی (پەروین عبدوڵڵا) کاری لەسەر کردووە، کەرەستەو بەرهەمی باشـــی دەســـتەبەرکردووە بۆ لێکۆڵینەوەکەی، ئەمەش وەک ســـەرنجێکی گشـــتی لەســـەر کارەکەی ناوبراو، لە دواتردا لە هەندێک شـــوێن بۆچونی جیاوازو ســـــەرنج و تێڕوانینی تایبەتمان هەبووە. بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە، تەنها بە دێڕێک باس لە فۆرمەکانی شیعری درامی ناکات، هەروەها لە گەڕانەوەی بۆ قۆناغبەندی و جیاکردنەوەی هەردوو ژانری دراماى شـــیعری و شـــیعری درامی لە (لاپەڕە ١٢٣ و ١٢٧)ی کتێبەکەیدا ســـــەرەتای ســـــەرهەڵدانی هەردووژانرەکە بۆ بۆنە ئاینییەکانی یۆنان دەگەڕێنێتەوە، کە پێمان ناڵێت مەبەستی لەم دەربڕینە بۆ هەردوو ژانرەکە چییە، یان لە پێناسەی شیعری درامیدا دەڵێت: ((ئەم جۆرە شـــیعرە جیاوازە لە جۆرەکانی تر، چونکە دیمەنێکی بینراوی لەگەڵدا دەبێت)) لە

ڕاستیدا ئەمە بنەمایەکی دروست نییەو پێوەرێکی زانستی نییە بۆ جیاکردنەوەی ئەم ژانرەی شـــیعر لەوانی تر، ئەگەر مەبەســـتی لە نواندن بێت، ئەوا نواندن مەرجی دراماو درامای شیعرییە، نەک شیعری درامی، چونکە لە بنەڕەتدا شیعری درامی سەربە ژانری شیعرە.

هەروەها لە ئەنجامی بەدەســـتهاتووی نامەکەی خاڵی چوارەم لە جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو ژانری درامای شـــیعری و شـــیعری درامیدا، لە بارە شـــیعری دراماییەوە دەڵێت:((شیعری درامی واتا تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما لە شیعردا بەرجەستە ببێت))، ئەمە دەربڕینێکی هەڵەیە تا ئەو ڕادەیەی، شـیعری لیریک و جۆرەکانی تری شـیعر دەخاتە ژێر پرســـیارەوە، کە تەکنیک و ڕەگەزی دراما تیایاندا بەرجەســـتە دەبن و ڕۆلیان لە بونیاتی بەشـــێکی زۆری دەقەکاندا هەیە، کە خۆی کارە زانســـتییەکەی لە پێناوی ســـەلماندنی ئەو ڕاستییەدایە، کە لە ڕێگەی شرۆڤەی دەقەکانەوە بیسەلمێنێ ڕەگەزەکانی دراما ڕۆڵیان هەیە لە پێکهاتەی شـــیعری لیریکدا، کەواتە بە تەنها بوونی تەکنیک و ڕەگەزی دراما لە دەقێکدا ناسنامەی شیعری درامی بە دەقەکە نابەخشێت.

یەکێکی تر لەو توێژینەوانە، نامەی ماســـتەری (یاســـین ڕەشـــید)ە بە ناونیشـــانی ناوەڕۆک و تەکنیک لە درامای کوردیدا کە لە ســـاڵی (٢٠٠٤) پێشـــکەشـــی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بۆ ئەو قۆناغەو بۆ ئێستاش وەک ســـەرچاوەیەکی باش و بە پێز کەڵکی لێوەربگیرێت، ئەوەندە هەیە توێژەر لە چوارچێوەی ژانری درامادا کاری کردووەو پەیوەندی بە شیعرەوە نییە، بابەتیانە ئاماژەی بە ناوەڕۆک و تـەکنیکـەکـانی درامـا کردووە، بـەڵام ئـەوەی هـەیـە (تـەکنیـک(ڕەگـەز)ی ڕووداوی وەک پێکهـاتـەیـەکی تـایبـەت بـە نـاوەڕۆک لێکداوەتـەوەو نـەیخســـتۆتـە چوارچێوەی تـەکنیکێکی ســـەربەخۆ لە ژێر پۆلێنبەندی تەکنیکەکانی درامادا)، هەروەها نامەی دکتۆرای(ســـەلام فەرەج کەریم) بە ناونیشـــانی گەشـــەســـەندنی درامای کوردی (١٩٧٥-١٩٩٥)، کە دواتر لە ســـاڵی (٢٠٠٩) وەک کتێب چاپیکردووە، بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەم کتێبە کارکردنە لەســـەر خســـتنەڕووی قۆناغەکانی ســـەرهەڵدان و گەشـــەســـەندنی درامای کوردی، بەیەکێک لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێت.

جگە لەم ســـەرچاوانە، وەک ئاماژەمان پێدا چەندین کتێب و توێژینەوەی ئەکادیمی تر هەن کە کاریان لەســـەر تاکە ڕەگەزێک یان چەند ڕەگەزێکی دراما و چیرۆک و ڕۆمان کردووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆیان بە توێژینەوەکەی ئێمەوە نییە، ناومان نەهێناون، بەڵام کەم تا زۆر وەک ســـەرچاوە کەڵکی پێویســـتمان لێوەرگرتوون و لە لیســـتی سەرچاوەکانیشدا ئاماژەیان پێکراوە.

# بەشی یەکەم

- پاری یەکەم: مێژووی دراما

- پاری دووەم: دراما، جۆرو ڕەگەزەکانی (چەمک و پێناسە)

- پاری سێیەم:

- یەکەم: شـــێوە بنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان(چەمک و جۆرەکانی)

دووەم: ڕاو بۆچوونەکـان لەبـارەی ژانرە ئەدەبییەکـانەوە (جیاوازی و لێکچوونیان) و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما

## بەشی یەکەم:

### پاری یەکەم/ مێژووی دراما

### یەکەم: تیۆری کۆنی دراما و سەرهەڵدانی ڕەگەزەکانی

#### ١- لای یۆنان (گریک)

مرۆڤ لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنیدا بەدوای ژیانیدا ڕۆشتووە و زۆر شت هاتوونەتە ڕێی و هەندێکجار لە ئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوە سروشتییەکان، یان ئەو ڕووداوانەی لەلایەن گیاندارو ئاژەڵە دڕندەکانەوە ڕووبەڕووی بوونەتەوە و لەبەرامبەردا جۆرێک ئازایەتی نواندووەو سەرکەوتووبووە بەسەریاندا، ئەمە وای کردووە، جۆرێک حەزی تێدابووە بۆ نمایشکردنی خۆی وەک پاڵەوانێک و خستنەڕووی ململانێکانی لەگەڵ سروشت و دەوروبەردا، لەمەوە پەنای بۆ بەکارهێنانی زمان و ئاماژەکانی جەستەو جووڵە بردووە تا ئەوەی بەسەری هاتووە بیگێڕێتەوە، ئەمە سروشتی مرۆڤە، کە حەز بە خستنەڕووی سەرکەوتنەکانی دەکات هەروەک شیللەر دەڵێت: «پێداویستی مرۆڤ درامای هێنایەناو بۆئەوەی کە خۆی لە حاڵەتی جۆش و خرۆشدا ببینێ» (هالبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٤٩)، هەروەها لە ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانی ڕۆژانەی، لە ئەنجامی گریمانەکردن بۆ ئەوەی مادام مرۆڤ هەبووەو پێویستی ڕۆژانەی هەبووە، بۆ دەستکەوتنی ئەو پێویستیانە ڕۆژانە لە گەڕاندا بووە و شەوانەش کاتێک گەڕاوەتەوە، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی بۆ هاوەڵانی گێڕاوەتەوەو زۆرجار بە ئاماژەکانی جەستەو دەربڕینەکانی جۆرێک نمایش و نواندنی ئەنجامداوە، تا گوێگرەکان باشتر لە مەترسییەکانی ئەو ڕووداوانە بگەن، کە ڕووبەرووی بۆنەتەوە.

ئەمە فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیان بووە، کە کارەکتەرێک هەڵساوە بە خستەڕووی ڕووداوەکانی تایبەت بە خۆی، ژیان لە سەرەتایترین شێوازەوە دەستی پێکردووە، بۆیە تا ڕادەی ئەوەی گۆڕانی وەرزەکانیش حاڵەت و باری دەروونی جیاوازی لای مرۆڤەکان خولقاندووە، تا بەو بارودۆخانە ئاشنابوون جۆرێک ترسیان هەبووە بۆ مانەوەو سەرکەوتن، ژیان بەهەموو ماناکانی سادەبووەو «مرۆڤ لە دۆخێکدا بەرچاودەکەوێت، کە گەڵای درەختەکان و پێستی دڕندەکانی پۆشیوە و دەستە دەستە لە نێو دڵی ئەشکەوتەکاندا پەنایەکی گرتووە، بەرچاوترین دەرکەوتەی مرۆڤەکان ئەو ترسە دەروونییەبوو بەرامبەر بە سروشت هەیانبووە، لە وەرزە جۆراوجۆرەکاندا، زەوی و ئاسمان ڕووخساریان دەگۆڕن...، بەڵام مرۆڤ بەرامبەر بەمە ملکەچ ناکات، کەواتە بیردەکاتەوە بۆ هەر ڕەفتارێکی سروشت

لە هێزێک دەگەڕێ لە ســـەروو تواناکانی خۆیەوە و باوەڕ بەو هێزە دەهێنێ، لە ڕێگەیەک دەگەڕێت پەیوەستی بکات بەو هێزەوە بەم شێوەیەش نزاو دابەکان پەیدادەبن، کە بۆ خۆیان سەرچاوەی هونەرو نمایشن»(دۆرانت، ٢٠١٠، ١٥).

ئەم نواندن و جووڵەو ئاماژە ســـەرەتاییانە، جۆرە گوزارشـــتێک بووە بۆ گێڕانەوە ســـەرەتاییەکان و پەیوەندی مرۆڤەکان بە دەوروبەری خۆیەوە، دواتر ســـەرهەڵدانی جۆرێک لە لاســـایکردنەوەی ڕووداوەکانی ســـروشـــت و هەتا مرۆڤەکان بۆ یەکترو ئەو جووڵەو چالاکییانەی هەیان بووەو پاشـــان بوونی غەریزەی خســـتنەڕووی ڕووداوەکان و دواتر هـاتنەکـایەیی ململانێ و کێبرکێکـان وایکردووە، ئەو غەریزەی لاســـایکردنەوانە بووە بە شـــێوەیەک لە وێنەی درامی و «هەر ئەو غەریزەیەش درامای بەرەو پیشـــاندانی شـــانۆیی بردووە» (محەمەد، ٢٠١٨، ١٢٣)، بۆیە دراما لەســـەرەتایترین گوزارشـــتیدا نیشـــاندانی جووڵەو دەربڕین و وێنـەیی درامییە، کە لە ئەنجـامی ڕووداو و ململانێکـانی ژیـان گەڵاڵە دەبێت و بەمەش وابەستە دەکرێتەوە بە ژیانی هەمووانەوە، ململانێکانیش بەشێکی گرنگن لە شانۆی ژیان، شانۆی ژیانیش واتە گێڕانەوەی باس و خواسەکان بۆ بەردەوامی، ڕێگایەکیش بۆ ئەم وەرگرتنانە درامایە.

درامـا بە هونەرێکی جەمـاوەری دادەنرێت، کە «مرۆڤ هەر لەیەکەمین گەشـــەو نەشـــونمای خۆیەوە ئاشـــنای بووە»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٧)، هەموو ئەو ڕووداو و ململانێ و جووڵەو ســـەماو دەربڕینانەو بەکاربردنی زمانی جەســـتەو ئاماژەکان، بەشـــێکی گرنگن لە پێکهاتەی ڕەگەزەکانی دراماو وەک ســـەرەتایەکیش بۆ دەرکەوتن و ســـەرهەڵدانی نمایش و نواندن ئەژمـار دەکرێن، «گەر بڕوانینە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی دەبینین هەر لە زووەوە مرۆڤ وەکو دەروویەک بۆ گوزارشتکردن لە کێشە نەبینراو و پەنهانەکانی داڵدەی بۆ دراما بردووە، هەر لە زووشـــەوە پەیوەندییەکی گیانی (مرۆڤ) ی بە دراماوە بەســـتۆتەوە»(جەزا، ٢٠١٥، ١١)، تا لە ڕێگای نمایشـــی خۆی و خواســـتەکانی بۆ گەیشـــتن بە ژیانێکی خۆشـــتر و دەستگەشتنی بە نهێنییەکانی ژیان، ڕێگای جۆراو جۆری گرتۆتەبەر، «هەر لە سـەرەتای بە دەرکەوتنی ژیانی مرۆڤەوە، هەنگاو بە هەنگاو لەتەک شـــارســـتانییەتی کۆن و نوێدا ڕێگەی بڕیوەو زۆر جاریش یەکەمین هێزی دەربڕینی مرۆڤ بە ســـەرچاوەو بنەمای ڕەســـەنی ئەو هونەرە دانراوە، کە ئەویش هونەری گوزارشـــتکردنی جەســـتەو ئاماژە ســـەرەتاییەکان بووە»(دۆرانت، ٢٠١٠، ١١).

زۆر باس و خواز هەیە لە بارەی بوونی هونەری دراما لە شارستانییەتە دێرینەکانی وەک سـۆمەریی و میسـریی و یۆناندا، «زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان بۆ ســەرەتای ســەرهەڵدانی

شانۆ دەچنەوە سەر شارستانییەتە کۆنەکان»(عەبدولا، ٢٠١٦، ٢٤). یەکێک لەو شارستانییەتە کۆنانە، شارستانی (بابلی) یە، کە «هەندێک لە عێراقییەکان، هەولّی ئەوەیانە، کە وڵاتی (بابل) بە نیشتمانی "دراما" دابنێن، بە تایبەتی پاش ئەوەی (ئیبلنگ) لە ساڵی ١٩٣١ کتێبێکی نووسی بە ناوی " مەرگ و ژیان، لە چاوی بابلییەکان" داو بڵاویکردەوە، تیایدا وتویەتی بابلییەکان لە ئاهەنگگێرانی ساڵانەی (ئەفسانەی دروستبووندا) (أسطورة الخليقة) دا بە بێ وتووێژو دیالۆگ سروتەکانیان بەڕێنەکردووە، بەڵکو بۆ تێگەیاندنی بینەرەکان، پاڵەوان و کۆرس بە نمایشێکی ڕەوان سرووتەکەیان پێشکەشکردووە» (کەریم، ٢٠٠٩، ٢٢).

لە کاتێکدا، کە میسرییەکان چوونەتە پەرستگاکانیانەوە، مۆسیقا و شانۆگەری لایەنێکی گرنگی ڕێوڕەسمی ئاینی پەرستگاکان بووە، بەڵام بەردەوامی نەبوو«کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی تایبەتمەند بە بارودۆخی میسر، لەو هۆکارانەیش... بە بەراورد لەگەڵ یۆنانی کۆندا، لە میسر و لەلایەن دەسەڵاتداران و خەڵکیشەوە گرنگییەکی ئەوتۆ بە بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری نەدراوە، ئەمەیش گیانی هاندان و جووڵانەوەی لە خاوەن بەهرەکاندا بڕیوە»(ڕەئووف، ٢٠٢٠، ؟) هەر لەبارەی سەرەتای دراماو شارستانییەتی میسری کۆنەوە، ئەحمەد سالار دوو ڕاو بۆچوونی جیاوازو دژ بەیەک دەهێنێت، کە یەکێکیان باس لە بوونی شانۆیەکی کۆنی میسری دەکات، دەڵێت: «جۆرج بنیدیت یەکەم کەس بوو کە لە ساڵی ١٩٠٠ز دا باسی بوونی شانۆیەکی کۆنی میسری هێناوەتە ئاراوەو سەرنجی زانایان و پسپۆڕانی بۆ لای ئەو بانگەوازە ڕاکێشاو باسی ئەگەر و نەگەر و بوون و نەبوون کەوتە گۆڕێ، دواتر باس لە بۆچوونی (ڤیدمان) دەکات کە ڕایەکەی (بنیدیت) ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت: "میسرییەکان لە چوارچێوەی شێوازە ئاینییەکە دەرنەچوون، تەنها هەر یۆنانییەکان بلیمەتانە توانیویانە ئەو دیاردەیە دەربخەن"»(سالار، ١٩٨٠، ٢٩-٣٠)، هەرچەندە هەردوو ڕاکە هاتوون، بەڵام ڕای دووەم بەهێزە و ناکرێت هەموو سرووتێکی ئاینی بە دراما لەقەڵەم بدرێت.

ئەو ڕێوڕەسم و ئاهەنگانە هەندێک ڕەگەزو کەرەستەو بابەت تیایاندا بەکارهاتووە، کە هاوشانی ئەو بەکارهێنانەن لە دراماداا، لەوانە گۆرانی و سەماو مۆسیقا ژەنین و دیالۆگ، کە ئەوانە بەڕەگەزو توخمی سەرەکی دراماش ئەژمار دەکرێن، بەڵام ناتوانرێت ئەو دەق و مەراسیمانە بە دراما ناوببرێت وەک ئەحمەد سالار دەڵێت: «پێیان دەڵێین لە دراماچوو" یان دراما ئاسا»(سالار، ١٩٨٠، ٤٢). ئەمە ڕاستە، کە لە شارستانییەتە بەراییەکانی وەک (بابل و ئاشووری و سۆمەر، میسر) جۆرێک لە سرووتی نزیک لە نمایش بوونی هەبووە، لەزۆر باردا بوونی ئەم شێوە لە نواندن، «لە شارستانییەتی کۆندا بەشێوەی

ڕێوڕەسمی ئاینی بوونی هەبوو و بەبەشێک لە مەراسیمی مەزهەبی ئەژمارکراوە» (شمیسا، ۱۳۸۷، ۱٤٤)، ئەم جۆرە مەراسیمانە لە ئەنجامی وابەستەبوون بە ئایینەکانیانەوە لە قاوغی خۆیان دەرنەچوون و هەر لە ناوخۆیدا لەگەل ڕێڕەوی مێژوودا پووکاونەتەوە و لە ناوچوون، هەربۆیە ئەوەی کە ماوەتەوە و ئەوەیشی کە مێژوونووسانی دراما لەسەری کۆکن، یەکەم شانۆناسبێتیان و درامابیەکی زیندووی پایە بەرزی هونەرییان دیبێت، ئەوەیە لە ولاتی گریکدا بوو، (ئارنۆند هاوز) دەلێت: «یۆنانییەکان یەکەم گەل بوون کە توانییان گواستنەوەی ئەم چالاکییانە بەدەست بهێنن کە لە ئامرازێکی پەتییەوە بیگوازنەوە بۆ جۆرێک لە چالاکی کە سەربەخۆبی خۆی هەبێت»(ئەحمەد، ۲۰۱٥، ۱۳٦).

سەبارەت بە هونەری دراماو دەرکەوتن و تۆمارکردنی یەکەمین دەقی نووسراو، لای یۆنانییەکان، بەشێوەیەکی زۆر خێرا و لە هەموو بوارەکاندا کەوتە سەرهەلدان و گەشانەوە و دەرکەوتن. «هیچ گەل و ولاتێک تا ئێستا دەقێکی درامای نوسراوی هێندە کۆنی نییە، کە لە هی گریکەکان کۆنتر بێت، لەبەر ئەوە گریکەکان بە (دراما) ی (الضارعات) ی (ئەسخیلۆس) کۆنترین شێوازی دراماپان بە ناوی خۆیانەوە تۆمارکردووە، کە لە نێوان سالانی (٤٩۲ – ٤٩۱) پێش لە دایکبوونی عیسا نمایشکراوە»(کەریم، ۲۰۰۹، ۲۲).

هەرچەندە یۆنانییەکان «کەلەپورێکی گەورەی نەمریان جێهێشتووە، هەر لە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری و فەلسەفە» (الشعراوی، ۲۰۱۸، ۹) ، لە دراماشدا پێشڕەوییان بەرکەوتبوو، بەلام دراما بەو شێوە تۆکمەییەی ئێستا نەبوو، «پیش ئەوەی مێژووی شانۆی یۆنانی کۆن دەستپێبکات و ئەو ناوە بپۆشێت و ببێتە دەستپێکی شانۆی جیهان، یۆنانییەکان خاوەنی ئاهەنگ و فیستیڤالی فرە ڕەنگ بوون، هونەری ناسراوی شانۆ لە هەناوی هەمان ئەو فیستیڤالانەوە سەریهەلدا»(دۆرانت، ۲۰۱۰، ۱۹). لە ڕاستیدا دراما لە یۆنانی کۆندا بە بەهێزترین شێوە پەیوەست بوو بە پەرستشە ئایینیەکان، «و زۆر بە چڕی و توندی تێکەل و پەیوەندار بوو لەگەل شاعیر و پەرستشە ئایینەیە جیاوازەکان، لەو سۆنگەیەوە لەسەرمان ئاسان دەبێت، کە چۆن پێشبینی و وێنای پێگەیشتنی درامای یۆنانی بکەین، لە گۆرانییەکانی دیسورامبوس (الدیثورامبوس) کە شاعیرەکان لە جەژنەکانی (دیۆنوسیۆس) دا (خواوەندی پیت و گەشەسەندن و شەراب) دەیانگوتەوە» (المرایات، ۲۰۱۲، ٥)، لە سەدەی شەشەمی پێش زانین، زەمینەی نمایشی یۆنانیی ڕەخسا، لە کاتێکدا پێش ئەو سەدەیە مرۆڤ لە نمایشی بێدەنگ نەترازابوو" واتە قۆناغی دیالۆگی نەگرتبووەوە.

وەک ئاماژەمان پێکرد نەژادو ڕەچەلەکی درامای یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرستش و ئاهەنگانە، بەتایبەتیش ئاهەنگی جەژنەکانی دیۆنوسیۆس ، کە لەشاری ئەسینا

بەرێوەدەچوو، ئەمەش بەشـێوەیەکی بەربڵاو هۆکاربوون بۆ گەشـەی دراماو سـەرهەڵدانی جۆرەکانی. بە وتەی ئەرستۆ، «شانۆی کۆمیدیی دەرهاوێشتەی مەراسیمێکی تایبەت بوو بە پەرسـتن و نمایشـکردنی ئەندامی نێرینەی (فالیسـیسـم)...، بەو مەراسـیمە دەوترا کۆمۆس»(دۆرانت، ٢٠١٠، ٢٣). ئەوەی تایبەت بێت بە سـەرهەڵدانی تراژیدیاش لە نمایشـی دەسـتەی کۆرس لە مەراسـیمی دیۆنوسـیۆسـەوە سـەرچاوەی گرت، «وشـەی تراژیدیی بەمانای"سرورودی بزن" لەوێوە سەریهەڵدا، کە ئەکتەرەکانی ئەو مەراسیمە لە شێوەی بزندا دەردەکەوتن،... ئەرسـتۆ دەڵێت: ماوەیەکی خایاند تا نمایشـی تراژیدیی لە برگە کومیدییەکان دەربازبوو و سەربەخۆیی بەدەستهێنا»(دۆرانت، ٢٠١٠، ٢٤).

هەرچی سـەبارەت بە دەقی تۆمارکراویشـە، کە ئەمە بەڵگەی ڕەوایەتی بەسـەرەتای مێژووی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هونەرەکە دەبەخشێت، ئەوا یەکەم دەقێکی تۆمارکراو کە باسـی نواندن و تەمسیلی تێداکرابێت، ئەو نواندنەیە «کە شـانۆی (دیۆنوسـیۆس) لە ئەسـینا بۆی تۆمار کردووین، ئەو شـانۆیە سـەرەتای گەشـەسـەندنی هونەری شـانۆیی بوو لە ناوەڕاستەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین» (المرایات، ٢٠١٢، ٧).

سـەبارەت بەو جۆرە شـیعرانەی پێشـکەش دەکران لە نواندنەکاندا «دیسـۆرامبوس یەکەم جۆر بوو لە جۆرەکانی شیعری پێشکەشی (ئیلقائی) کە شاعیرەکان ڕێکیان دەخست. لە جەژنەکانی (دیۆنوسـیۆس) دا دەیانگوت، بە زۆری لەسـەرەتادا بەبێ خۆئامادەکردن و یەکسەر لەخۆوە شیعرەکەیان دەگوت، بۆیە وتە و موسیقایەکە هەمووی بەندبوو بە هەست و ئیلهامی ئەو حەز و ئارەزووەی، کە ئاهەنگەکە دەیهێنایە کایەوە»(العشـری ١٩٩١، ١٦) لە سـەرەتادا هیچ جۆرە ڕێکوپێکی و ڕێکخسـتنێک لە گوتنی گۆرانییەکاندا نەبوو، وەک دەرکەوتووە «ئەریون کورنی، یەکەم کەس بوو، کە لە سـاڵی (٦٢٥پ.ز) گۆرانییەکانی بە شـێوەیەکی ئەدەبی داڕشـتووە» (السـکر، ١٩٨٠، ٧٧)، بێگومان ئەم مەراسـیمانە لەم بارو حاڵەتەدا نامێننەوەو وردە وردە سـەر بۆ ئەوە دەکێشـن، کە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێکتر سازبکرێن.

ئاهەنگ و سروتە ئاینییەکان پەرەی سـەند" کە ئەم گۆڕانانە سـەری بۆ ئەوە کێشـا «لە زەمانی "ئیسـخیلۆس "٥٢٥ پ.ز"ەوە تا زەمانی "سـۆفۆکلیس ٤٩٦ پ.ز"، نەژادی دیالۆگ و نواندن بەسـەر نەژادی (کۆرس و تیپ) دا زاڵ بوون و بەتەواوی دراما لەو ماوەدا وەک هونەرێک پەیدابوو» (هەورامی، ٢٠٠١، ١٣) هەر لەو بەردەوامییەدا و هـاوشـانی ڕەگـەزی دیالۆگ، لە سـەرەتاکانی درامای (گریک) دا و «لە سـەدەی شـەشـەمی (پ.ز)؛ (تیسـپیس) ئەکتەری یەکەمی هێنـایە ئـاراوە بۆ ئـەوەی لەتەک (کۆرس) دا ڕۆڵی خۆی ببینێ، ئینجـا

(ئەسخیلۆس) ئەکتەری دووەم و (سۆفۆکلیس) ش ئەکتەری سێهەمی داهێنا»(کاردۆ، ۲۰۰٦، ۹) کاتێک کەســی دووەم و ســێیەمیش لەگەڵ کەســی یەکەم کەوتنە گفتوگۆ و قەبارە و ڕۆڵی کۆرسـەکانیش کەمکرانەوە، تا بەتێپەڕبوونی کات دراما قۆناغێکی تری بڕی و لەو ئاهەنگ و ڕێوڕەسمە ئاینییانەدا، درامایان هێنایەدەرو تیسپیس، ئەکتەری خستە سەر شانۆ، وە خۆشی ئەو ڕۆڵەی بینی، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین (تیسپیس) هات، توانی« بێتە هۆی لادانی ئەو ماسک و پەردەیەی کە یارمەتی تاکە ئەکتەرەکەیاندا، کە هەستێت بە گێڕانی ڕۆڵی چەند کەســـایەتیەک لەکاتی نواندنەکەدا، بۆیە شـــتێکی ئاســـایی بوو کە یەکێک لە تراژیدیاکانی تیسپیس خەڵاتەکە بەدەستبهێنێت لە وەرزی شانۆیی یەکەمدا کە (بینز ستراتوس) لە ساڵی ٥٣٤ پ.ز کردیەوە» (العشری ۱۹۹۱، ١٦).

دەســـەڵاتدارانی ئەوکاتی یۆنان لەبەر ئەنجامی ئەم پێشـــکەوتن و هەنگاوانەدا، کەوتوونەتە ئامادەکردنی فێســـتیڤاڵی شـــانۆیی، لەم فێســـتیڤاڵانەدا پێشـــبڕکێی شـــانۆییان پێکهێناوە و شـــانۆنامەنووســـە گەورەکان بە شـــانۆنامەکانیان بەشـــدارییان تێدا کردووە، لە ڕۆژێکدا پێنج نمایش بەڕێوە دەچوو، تێیدا پابەند دەبوون بە پێشکەشکردنی سێ تراژیدیای تەواو، لەگەڵ درامایەکی کۆمیدیایی شاعیرێکی دیکە، کە لە کۆتایدا شاعیرە براوەکان خەڵات دەکران، ئەو خەڵاتەی کە پێشکەش بە شاعیری براوە دەکرا بریتیی بوو «لە بزنێک کە هێما و نیشانەی خواوەندی (دیۆنوسیۆس) بوو بۆ بەرزبوونەوەی ناوەکەی و دانانی لە لیست و تۆماری ڕێزدا، لەگەڵ تۆمارکردنی ناوی خێزان و شـــارەکەی و هەموو ئەو شـــتانەی کە پەیوەندییان بەو شاعیرەوە هەیە، وە لە سەرەتای بابەتەکەدا هەموو شاعیرێکی تراژیدی لە یەک بابەتی بەیەکەوە وابەســـتە ســـێ شـــانۆی دەنووســـێ و دەردەهێنا، بە هیوای چارەســـەرکردن و باســـکردنی پاڵەوانێک یان خێزانێک لە شـــانۆیەکاندا، لێرەوە ســـێینەی شـــانۆیی ناســـراو ســـەریهەڵدا، وەکو ســـێینەی (ئەســـخیلوس) ئەو شـــانۆیانە تەنها لە یەک ئـاهەنگـدا نمـاییش دەکران لە شـــــاری ئەســـــینـا، مەگەر بڕیـارێـک دەرچووبـایە بە دووبارەکردنەوەی نواندنەکە بە هۆی مردنی شـــاعیرەکەوە، هەروەک لە هەندێک تراژیدیای _ئەسخیلۆس) دا ڕوویدا» (المرایات، ۲۰۱۲، ۸). بۆ شاعیرە کۆمیدیا نووسەکەش کە براوە بوو «سەبەتەیەک هەنجیر و گۆزەیەک شەرابی بەدیاری دەدرایە» (دۆرانت، ۲۰۱۰، ۲۵).

ســـەبارەت بەو شـــوێنەی کە نمایشـــەکانی تێدا پێشـــکەشـــدەکرا (ســـەکۆی شـــانۆ)، «یۆنانییەکان بۆ پێشکەشکردنی شانۆکانیان، شوێنیان لە کەمەر چیاکان ڕێکخست، شوێنی بینەرو نواندنیان دروســـتکرد، ئەکتەرەکانیش لەگەڵ کۆرســـی گۆرانیبێژان و ســـەماکاراندا ڕۆڵیان دەگێڕاو بابەتەکانیان بەرجەســـتە دەکرد، پێڵاوی بەرزیان لە پێدەکردو بە دەمامکی

گەورە دەموچاویان دادەپۆشی، بینەرانیش بە خۆشییەوە لەو ڕۆژەدا نمایشەکەیان دەبینی» (عەبدولا، ٢٠١٦، ٢٥).  کەواتە دراما لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زاییندا شێوە و شێوازێکی تری وەرگرت و لە ئەنجامدا تراژیدیاکان لەدایکبوون، فێستیڤاڵ و پێشبڕکێی ساڵانە هاتنە کایەوە و نووسەری شانۆیی دروست بوون و شانۆنامەکانیشیان لە ڕێگای ئەو فێستیڤاڵانەوە پێشکەش کردووە» (ڕەئووف، ٢٠٢٠، ؟)، لەو ڕێوڕەسمانەدا ژیانی پاڵەوانەکان و ڕووداوەکان دەخرانەڕوو، هەر لە بارەی خستنەڕووی ژیانی پاڵەوانەکان و مرۆڤەکان، شاعیرە درامانووسەکان بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون جیاوازییان هەیە «لە دواهەمین کتێبی مەرگەساتی گەورانی"یۆرپیدس ٤٨٤- ٤٠٦ پ.ز" لەم کتێبەدا چەندین هێڵی لێکجیاکەرەوە، یان جیاوازی نێوان ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیسی خستۆتەڕوو، هەندێک وتەی بەناوبانگی دەستنیشان کردووەو ئاماژەی پێداوە، وەک (ئەسخیلۆس لە بارەی خواوەندەکانی نووسیوە، سۆفۆکلیس لەسەر پاڵەوانەکانی نووسیوە، بەڵام یۆرپیدس لەسەر مرۆڤی نووسیوە» (عەبدولا، ٢٠١٦، ٩١).

دوای ئەم باسە لەبارەی مێژووی دراما لای یۆنانییەکان، بۆ ئەوە دەچین باس لەسەرهەڵدانی ئەو یاساو ڕیسا هونەری و ئیستاتیکیانە بکەین کە قاڵبێکی تیۆری بۆ هونەری دراما دادەنێن، چونکە لە قۆناغی دواتری دراما لای یۆنانییەکان قاڵبێکی هونەری وەرگرت و ڕێساو یاسایی هونەری بەسەردا چەسپا، ڕەگەزەکانی بە شێوەی تیۆری و هونەری دیاریکران، ئەم بابەتەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە «چۆن کۆنترین پیەسی شانۆیی ڕاستەقینە بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە، هەر بەو جۆرە یەکەم تیۆریی درامایش کە مەنهەجیانە و زانستییانە لە درامای توێژیبێتەوە، تیۆرییەکەی ئەریستۆتالیس (٣٨٤- ٣٢٢ی پ.ز) ە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "هونەری شیعر"ەوە کە تیایدا بەرهەمی هونەریی سەردەمەکەی شیدەکاتەوە و بنچینەی ڕێساکانی داهێنان و ئافراندنی هونەرییانەی لێ هەڵدەهێنجێت» (بەرزنجی، ٢٠١٦، ١٠)، ئەرستۆش باسی پێگەیشتن و هاتنەکایەی درامامان بۆ دەکات و ڕەگەزەکانی دەخاتەڕوو، دەڵێت: «هەر یەک لە شانۆی تراژیدی و خۆشی (کۆمیدی) بە شێوەیەکی لە ناکاو گەشەیانکرد، بەبێ ڕێگایەکی نەخشە بۆ داڕێژراو، یان بیرۆکەیەکی خوێندنەوە بۆ کراو، یەکەمیان لە ڕابەرانی گۆرانی (دیتۆرامب)، و دووەمیان لەو کەسانە بوون کە پێشڕەوی گوتنەوەی سرودەکانیان دەکرد» (المرايات، ٢٠١٢، ٧). هەروەها سەبارەت بە سەرهەڵدانی تراژیدیا دەڵێت: «تراژیدیا "لە (دیترامبۆس) ەوە سەری هەڵداوە"، هەروەک

له ســــەرچاوەکانەوە دەردەکەوێت ئەم (دیترامبۆس)ە پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئاینەکانی ئەو سەردەمەی گریکدا هەبووە»(ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٣٤).

### ٢- لای ڕۆما تا سەدەکانی ناوەڕاست

وەک هەر گەل و نەتەوەو دەسەڵاتێک، "ڕۆما خاوەنی کلتورو دابونەریت و سرووت و ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و هەتا سیاسی خۆیان بوون، گۆرانی و سەمای تایبەت بە خۆیان هەبوو، ئەوانیش بۆنە ئاینییەکان بەو جۆرە ڕێوڕەســــم و گۆرانی و ئاهەنگانە بەڕێکردووە، هەروەها بۆ وەرزی چنینەوەی بەرهەمی کشـــتوکاڵ و بابەتی تر، بە هەمان شـێوە وەک هەر گەل و شــارســتانییەتێکی تر ئەم ســەرەتایانە بە ســەرەتای دەرکەوتنی بەرهەمە لە دراما چووەکان دادەنرێت(المرايات، ٢٠١٢، ٩-١٠). ، ئەم جۆرە چالاکییە درامییانەی ڕۆمانی پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینی، تا «سەدەی سێیەمی پێش زاین، ئەو شانۆیانەش لەو ســەردەمە هەبوون پەیوەندداربوون بە ئاهەنگ و ڕێوڕەســمی (ســرووتی) ئاینی، کە لە ڕۆما لەو جۆرە ئاهەنگە ئاینییانە زۆر هەبوون، تا ئەو ڕادەیەیی ئەرکی دراما خۆی لە شـــین و لاواندنەوەی بیرووباوەڕی ئاینیدا دەبینییەوە» (حمداوی، ٢٠٠٦، ٥) دوا بە دوای فراوانبوونی دەســـەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمانی و پەلاماردانی گریک، ئەمە بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی یۆنان هەرەســی هێناو هەموو ئەو پاشــخانە هونەری و زانســتی و فەلســەفیانە کە هەبوو، بوونە بناغەیەکی پتەو بۆ ڕۆمەکان.

ڕۆمەکان لە بواری ســیاســەت و ســەربازیدا دەرکەوتووبوون و لە پێشــەوەبوون، بەڵام لەڕووی هونەر و زانســت و ڕۆشــنبیرییەوە دەســتکورت بوون، ئەوان «یۆنانەکانیان تێکشکاند و لەڕووی سەربازییەوە دەستیان بەسەرداگرتن، بەسەریاندا سەرکەوتن، بەڵام یۆنانییەکان لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەستیان بەسەر ئەواندا گرت»(ابو حجلة، ١٩٨٥، ٢٧) لەو کاتەدا ئەســتێرەی بەختی ڕۆمەکان درەوشــایەوە درکیان بەو بۆشــاییە گەورەیە کرد، کە لە ڕووی ڕۆشـــنبیرییەوە هەیـانە، بۆیە لەم بوارەدا دەرگـای گەورەیـان بەڕوودا کرایەوە، خانەوادە خانەدانەکان منداڵەکانیان دەناردە زانکۆو خوێندنگاکانی ئەسینا، تا فێری زانست و فەلســەفەو ڕەوانبێژی و بابەتی ڕەوشــت و ئەدەب و هونەر ببن، «ڕۆمانەکان، تا ئەو کاتەی پەیوەندییان بە دوورگە داگیرکراوەکانی یۆنانی خوارووی ئیتالیاوە نەکرد، هیچیان لە بارەی شـــانۆ نەدەزانی و زانیارییەکی تەواویان لە بارەیەوە نەبوو، پەیوەندیگرتن بە کەلتوورو فەرهەنگی یۆنانی، هەنگاوێکی ئەرێنی ڕۆمانەکان بوو، بۆ گەشــەســەندنی بواری هونەری و ئەدەبییـان، ســــەرەتـا دەقە یۆنـانییەکـانیـان تەرجومەکرد بۆ لاتینی... ئەم ئەزموونە تاقیکردنەوەیەکی مەزن بوو لەو کات و ساتەدا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (٢٤٠پ.ز) لە ئاهەنگ

و بۆنە ئاینییەکانی ڕۆمان، شانۆیەکی مەرگەسات و بەزمەسات، بەتامی یۆنانی پێشکەشکرا» (عەبدولا، ٢٠١٦، ١٣١-١٣٢).

هەرچەندە «شانۆی ڕۆمان لە شانۆی گریکەکان دروست بوو» (ڕەحمان، ٢٠١٧، ١١٨) و شوێن بنەماکانی کەوتن، لەم بوارەدا (هۆراس ٦٥ - ٨ پ.ز) بوو کە هانی لاسایکردنەوەی ئەدەبی یۆنانیان دەدا، جیاواز لەو تیۆری لاسـایکردنەوەی لای فەیلەسـوفانی یۆنان هەبوو، هەر بۆیە کە دێتە سەر باسی لاسایکردنەوە، «مەسەلەکە بە جۆرێکی تر ئەخاتە بەرچاو... داوا ئەکات کە نووسەرو هونەرمەند و ئەدیبانی لاتین لاسایی شۆڕە سوارانی ئەدەب و فەلسەفەو هونەری یۆنان بکەنەوە"ئەوەندەی مەسەلەکە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە، شەو و ڕۆژ نموونە گریگییەکانتان لەبەرچاو بێت"» (هۆراس، ١٩٧٩، ٨).

لەبارەی دراماوە تێڕوانینی خۆی دەخاتەڕوو دەڵێت: «ئەگەر بتەوێ جمهور بەدەست بهێنیّ... پێویستە لە خاسییەتەکانی هەموو قۆناخێک لە قۆناخەکانی ژیان و تەمەن زۆر شـارەزا بێت، ئەو سـروشـتانەیان پێبدەی، کە بە پێی جیاوازی سـاڵەکانی تەمەن دەگۆڕێن"» (هۆراس، ١٩٧٩، ١٠). هۆراس بە ئاشکرا نووسەری دراما ئاراستە دەکات، کە بە پێی ڕۆڵ بینیەکانی ناو دراما ژمارەی ئەکتەرەکان دیاری بکات و هەرکەسـە ڕۆڵی خۆی پێبدریّ، ڕای وایە«نابێت دەوری پیرێکی بە سـاڵاچوو بدرێت بە لاوێک» (هۆراس، ١٩٧٩، ٢٣) لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت هۆراس ڕێگا دەکاتەوە بۆ زیادبوونی ئەکتەرو پێدانی ئەرک و وەزیفەی هەر کارەکتەرێک بە کەسێکی شیاو گونجاو، دەڵێت: «گوێ بۆ ئەوە شل بکە کە من و خەڵکیش چاوەوڕێی دەکەین،»(هۆراس، ١٩٧٩، ٢٢) بۆیە نووسـەری دراما دەبێت لایەک لە تاقیکردنەوەکانی ژیان و شارەزایی و زیرەکی و زانین و ڕۆشنبیری گشتی بکاتەوە.

هۆراس لە بابەتی تراژیدیاوە هەندێک گۆڕانی کرد، بۆ نموونە لای ئەرستۆ «تراژیدیا نموونەی جیاوازی هەیەو هەریەکەیان جوولەو کارەکتەری خۆی هەیە وەک: دیمەنی شانۆیی، مۆسیقا، ستران، گرێچن، پلۆت. ئەمەش بنچینەیەکی فراوانە بۆ زیاتر ئاشکراکردنی شـێوازەکانی تراژیدیا، وەک تراژیدیای ئاکار، تراژیدیای ئاوێتە، تراژیدیای سـاکار. هۆراس، بە دووەم نووسـەر دادەنرێت لەدوای کتێبی (هونەری شـیعر)ی ئەریسـتۆوە. هۆراسـیش بەهەمان جۆر کتێبەکەی ناونا هونەری شـیعر»(مەعروف، ٢٠١٨، ٣). لەکاتی خوێندەوەو بەراوردکردنی هەردوو کتێبەکەی ئەرسـتۆو هۆراسـدا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە زۆرێک لە بۆچوونەکانی هۆراس بە کاریگەربوون بە بۆچوونەکانی ئەرسـتۆ دەربڕاون و بیر بۆچوونەکانی ئەرستۆن. بەڵام لەهەندێ شوێندا جیاوازیان هەیە؛ بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە باس لە دراما و شـیعر و مۆسـیقا و تراژیدیا و کۆمیدیا دەکات، بەڵام مەرجی هەرە

گرنگی هۆراس، قووڵبوونەوەیە لەناو بە پیشـــەییکردنی هونەر و فراوانکردنی خەیاڵ و پەیوەســت بوون بە پەردەکانی دراما کە لەلای هۆراس دەبێت، «شـانۆگەری لە پێنج پەردە تێنەپەڕێ و لەمەش کەمتر نەبێ، نابێت هیچ هێزێکی سـەرووی سروشـت دەست بخاتە نێو ناوەڕۆکی شـانۆگەرییەکەو بەلایەکاخســتنی گرێیەکەوە، تەنیا لە کاتی ئەوپەڕی پێویســتدا نەبن» (هۆراس، ١٩٧٩، ١٠).

خالێکی گرنگ کە پێویسـتە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەی کە باسـکرا تا ئێستا لە پۆلینی قۆناغەکانی ئەدەبدا بەپێی ڕیبازەکان، ئەم سـەردەمە بە کلاسـیک ناسـراوە چونکە«کلاسـیک بەو داهێنانە دەگووترا کە لەســـەردەســتی نووســـەران و بیریارانی گریک خوڵقاوە وەک: ئەریستۆ، ئەسخیلۆس، سۆفۆکلیس. هەر بۆیە لە داهێنانەکانی ئەو سەردەمەدا گەڕانەوە بوو بۆ سـتایلی نووسـینی گریکییەکان. بەتایبەتی نووسـینەکانی ئەرسـتۆ (Aristo) و هۆراس (Horace)کە هەردووکیان دوو کتێبی دانســقەیان لەبارەی بنەماکانی داهێنانی ئەدەبیی و هونەریی نووســیوە. ئەرســتۆ لە کتێبی هونەری شــیعر (Poetica) لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی زانســتی لەبارەی شــیعر و تراژیدیا، کۆمیدیا، لاســیکردنەوە، دراما، مۆســیقا، شــانۆ. کردووە»(مەعروف، ٢٠١٨، ٣). دوای ئەم قۆناغەو پێش هاتنی ســەدەکانی ناوەڕاســت درامای کلاســیک لاوازبوو، وردە وردە «شــارســتانییەتی ڕۆمانی بەهۆی کەیف و ســەفای ســەرکردەکـان و لاوازیی زانســـت و نەمـانی بیروڕایی ئـازاد و بڵاوبوونەوەی ئـاینی مەسیحییەت بە ئەوروپادا بەرەو نەمان و ڕووخان چوو»(حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٢٣٦).

## دووەم: تیۆری نوێی دراما و گەشەسەندنی ڕەگەزەکانی

### (لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم)

### ١- درامای سەدەکانی ناوەڕاست

ســەدەکانی ناوەڕاســت، لەســەدەی پێنجەمەوە دەســتیپێکرد و تا ســەدەی پازدەی خایاند، «"دە" ســـەدە درێژەی کێشـــا، کە ئەو ســـەردەمە بە ســـەدەکانی ناوەڕاســـت بەناوبانگە»(دورانت، ٢٠١٠، ١٥٥)، لەگەڵ ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، ڕۆژئاوا دەرکەوت و سـەردەمی وریابوونەوە و سـەردەمی چاکسـازی بەدوادا هات، ئەو سـەردەمە سـەردەمی هەژموونی کڵێسابوو بۆ سەر کاروبارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەرییەکان لە ئەوروپا «هونەری دراما لەو ســـەردەمانەدا بە شــێوەیەکی بەربڵاو ســـایەیی کڵێســـاو چیرۆکی مەســیحییەتی بەســەرەوە بوو، لە هەناوی ڕێوڕەســـمە ئایینییەکاندا هاتەبوون، بەتایبەت لە کڵێسـای مەسـیحی و کاسـۆلیکیدا، هەرچەندە لەسـەرەتاوە هەوڵی ڕێگری هەبوو لە هونەری

دراما، یەکەمین ڕابەرە مەزهەبیە مەسیحییەکان لەو باوەڕەدابووندەتوانن بە فتواکانیان ببنە ڕێگر لەبەردەم ڕێڕەوی ڕووباری خرۆشاوی شانۆ» (دۆرانت، ۲۰۱۰، ۱۵۵) هەرچەندە لەسەرەتاوە ئەم فتوایانە درامایان توشی جۆرێک لە وەستان و بەربەستکرد، بەڵام خواستی خەڵکی بۆ دراماو پێویستی و گۆڕانەکارییەکان، گەشەی بە درامادا، تا وای لێهات کڵێساکان بۆخۆیان بوونە شوێنی نمایشی دراماییی و دراما بەجۆرێکی بەربڵاو خرایە خزمەتی کڵێساو ئاینی مەسیحییەوە، لە نمایشەکاندا کورتە نواندنی تایبەت بە مەسیح بوون و زۆرجار پیاوانی ئاینی و قەشە ڕۆڵیان تێدا دەبینی«زۆربەی بابەتەکانی لە (ئینجیل) وەردەگیران کە لە بارەی لەدایکبوون و لە خاچدانی مەسیح دەدوا. هەروەها لە بابەت حیکایەتی پیرۆز و دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت و چیرۆکی کوشتنی هابیل و ئەدەب و زمانی لاتینی بوو» (حاجی، ۲۰۱۸، ۹٦).

لەو ماوەیەدا قسەو باس لە بارەی دراما بەپێی ناوەڕۆکەکانیان (درامای ئاینی، درامای دنیایی)بوون «دراما لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە شێوەی سروتی ئاینیدا و لە چوارچوێوەی ژینگەی ئاینی مەسیحی کەنیسەی کاسۆلیکیدا سەریهەڵداو ئەو دەقانەی دەنوسران بۆ ڕێوڕەسمی ئاینی و بابەتی فۆلکلۆریی بوون»(حمداوی، ۲۰۰٦، ۳)، پاشان قۆناغ بەقۆناغ لەفیستیڤاڵی یادکرنەوەی مەسیح و دواتر لەخزمەتی مەسیحیەتدا، دیالۆگ وەک ڕەگەزێکی گرنگ، بایەخی پێدراو بۆ گەیاندنی پەیامە ئاینییەکان ڕێگایەکی گونجاوبوو، زمانی هێمایی زیاد دەکران بۆ خوا پەرەستی، قەشەکان کەسایەتییەکانیان پیشان ئەدا و دیمەنی کارەکتەرکانیان دەخستەڕوو، «ئەو دراماییانەی پیشان ئەدران تەنیا ئەو چیرۆکە ئاییینیانە بوون، کە لە ئینجیل و مێژووی گاورانەوە وەرئەگیران، وەکو چیرۆکی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت و چیرۆکی هابیل و قابیل، یان پیشاندانی ژیانی عیسا پێغەمبەرو هاوڕێکانی و پیاوە پیرۆزەکان، دەورەکانیش بەتایبەت قەشەکان ئەیانگێڕا، نواندنەکەشی هەر لە کەنیسەدا پیشان ئەدرا» (تەنیا، ۱۹۸۵، ۱۹).

سەردەمی (وریابوونەوە) باڵی بەسەر ژیانی ئەوروپادا کێشا، لەو سەردەمەدا «شۆڕشی چاکسازی ئاینی پرۆتستانی بە ڕابەرایەتی (مارتن لۆسەر) کاریگەری بەسەر دراماوە داناو توانی دراما لە سیمایەکی پیرۆزی بۆ بابەتی و شێوەی گاڵتە ئامێزی دنیایی بگۆڕێت، درامای کلاسیکی لە سەردەمی وریابوونەوە، جارێکی تر پشتبەست بە درامای یۆنانی و ڕۆمانی نەشونماو تازەبوونەوەو ژیانەوەی بە بەردا کرا» (حمداوی، ۲۰۰٦، ٤). بۆیە لە ڕێگای ئەدەبی لاتینی و ڕۆمانی، ئەدەبی یۆنانی کاریگەریی خۆی کردە سەر ئەدەبیاتی دوای خۆی. درا.

## ٢- دراما لە سەردەمی وریابوونەوە یان درامای کلاسیکی نوێ

ســـەردەمی وریابوونەوە ســـەرهەڵدانەوەیەک و بوژانەوەیەک بوو لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب و هونەر، لەناو هونەریشـدا دراماو گەشـەسـەندنی ڕەگەزەکانی، هەنگاونانی گرنگی لەم ســـەردەمەدا بوو، دراما لەم ســـەردەمەدا بە شـێوەیەکی هونەری و بەرجەســتەکردنی ڕەگەزە هونەرییەکانی دەرکەوت، هەروەها هەوڵدرا دراما بۆ ژیانی خەڵک بگەڕێتەوەو ئەو قۆناغانە تێپەڕێنن، کە دراما تەنها لە خزمەتی ئاین و سروتی ئاینیدا بێت، «ناکۆکی و شەڕی باوکانی کڵێســا لەســـەر چۆنییەتی ڕابەرایەتی کردنی مەســیحییەت، ئەو ناکۆکیانە ئەوەندە پەرەی سـەند تا لە ساڵی (١٠٥٤)ی زاینی بووە هۆی دابەشبوونی کڵێسا بۆ کاسـۆلیکەکانی ڕۆمــانی و ئۆرتۆدۆکس(ortodoks) ە ڕۆژهەڵاتییەکــان... ئەنجــامی ئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی ســێ ڕەوتی شــانۆیی لەو ناوچەیە: (شــانۆی مەزهەبیی بەهەمان تایبەتمەندی ڕۆمانی ڕۆژئاوایی. شـانۆی بازاڕی کە نمایشـی هەزەلی و پێکەنیناوی تێدا پێشـکەش دەکرا. شـــانۆی کلاســـیک یـان ئەدیبـانە، کە کەڵکی لە بەرهەمە یۆنـانی و ڕۆمـانییە کۆنەکـان وەردەگرت» (دۆرانت، ٢٠١٠، ١٧٧).

بە شێکی زۆری دراما لەم قۆناغەدا گەڕانەوە بوو بۆلای خەڵک و ڕەنگدانەوەی سەرجەم لایەنەکانی ژیان و خستنەڕووی ڕووداو و ململانێکان، لەم سەردەمەدا کۆمیدیا گەشەیسەند «شۆڕشی چاکسازی ئاینی پرۆتستانتی بەسەرکردایەتی"مارتن لۆسەر" کاریگەری گەورەی هەبوو لەســەر دراما، لەو ســروشــتە ئاینییەی کە هەیبوو دەریهێنا بۆ ســروشــتی دنیایی و تێپەڕاندنی مۆرکی ئاینی، درامای کلاســیکی لەوســـەردەمەدا لە شــیعری درامایی یۆنانی و ڕۆمــانی دەچوو» (حمـداوی، ٢٠٠٦، ٤)، ئەمەش بە ســـــەردەمێکی تری نوێکردنەوە و زیندووکردنەوە ئەژماردەکرێت کە بەســەر درامادا هات، ئەمە هۆکارێک بوو بۆ گوڕپێدانێکی تری بەهێز بۆ گەشەسەندنی دراماو ڕەگەزەکانی و دەرکردنی لەو قۆناغ و قاڵبەی پێشوو.

دراما لەســـــەردەمی بوژاندنەوەدا، هـەنگاوی باشــــی بڕی، تا لە هەموو لایەنەکانەوە بەشـێوەیەکی بابەتیانە لە قەیرانەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت ڕزگاربکرێت، بایەخی زۆر درا بە ڕەگــەزەکـانی درامــا، هــەر بــەوەشـــــەوە نــەوەســـتــا، بــەڵکو لــە ســــــەردەمی وریابوونەوە«بەشـــێوەیەکی گشـــتی خەڵکی ئەوروپا بۆ درامای گریکی کۆن و ڕۆمانی گەڕانەوە، بەتــایبەتی لە بــارەی بــابەت و بیروبــاوەر و لایەنی هونەری. ئەمەش لەژێر کاریگەریی ڕێبازە ڕەخنەییە عەقلانییەکانی ئەرستۆ، کە نووسەرە ئیتالییەکان سوودیان لێ وەرگرت و دواییش فەڕەنســـییەکــان لەســـــەر هەمــان ڕێچکە، ڕێبــازی کلاســـیکیــان دەستنیشانکرد» (حاجی، ٢٠١٨، ٩٦).

له ســـــەدەی پازدەی زاینیدا، له درامای ئیتالیدا، شـــێوەیەکی نوێ له بواری درامادا ســـەریهەڵداو دەرکەوت کە لەســـەر شـیوەی درامای ڕۆمانی بوو، کە پشـتبەسـتوو بوو بە بیردۆزەو بابەتە تیۆرییەکانی هونەری شـیعری ئەرسـتۆ و ســـەرنج خسـتنە ســەر نموونە ڕەوشتییەکان و یەکلاکەرەوەی نێوان ڕەگەزەکانی (تراژیدیاو کۆمیدیا) کەسایەتییەکان وەها دەرکەوتن کە نموونەی مرۆڤایەتین، لەمەوە تازەگەری ســـەریهەڵدا «لەو تازەگەرییانەی کە درامای ئیتالی پێدەناســـرێتەوە ئەوە بوو کە ســـەکۆی پێشـــکەشـــکردنی دراماکان لە ماڵی پیاوانی کەنیسـەدا بوو، له هۆڵ و گۆڕەپانەکانی کۆشـکدا بوو، یان ئەو جێگایانە شـێوەیەکی لاکێشـــەییان هەبوو لەگەڵ بوونی پەیوەندی بە بیناکاری و ئەندازیاری درامای ڕۆمانی، هەروەها لە پاڵ ئەم درامایەدا هونەرێکی تر ســـەریهەڵدا، کە پشـتی بە گۆرانی و ســـرودی هونەری بەسـتبوو ئەویش "ئۆپێرا" بوو، کە بینایەکی زۆر گەورەو ڕازاوەیان تایبەت کردبوو بەم هونەرە، هونەری ئۆپێرا بە هونەرێکی میللی بڵاوبوویەوە بە ئیتالیادا لە ســاڵی (١٦٠٠ز) هەروەها کۆمیدیای میللی خۆرســـک دەرکەوت کە پێی دەوترا: (دیڵ ئارتیdell'arte )کە لە دوایـدا هەواداریکی زۆری هەبوو، لە نێوان ســـــاڵەکـانی (١٥٠٠ بۆ ١٦٥٠ز) بەردەوام بوو»(حمداوی، ٢٠٠٦، ٨).

دراما له فەرەنســاش قۆناغێکی نوێی بڕی کە«باشـترین شـێوازی دەربڕین بوو بۆ دەربڕین له کلاســیزمی فەرەنســی، دیارترین ســێ کەســایەتی ســەرەتاکانی کلاســیزمی فەرەنســـی کۆرنی و ڕاســـین و مۆلێر بوون، کۆرنی(١٦٠٦-١٦٨٤ز)بە دەســـتپێکی درامای تراژیدی دادەنرێت، هەروەها ڕاسـین(١٦٣٩-١٦٩٩ز) هەوڵیداوە لە نێوان ڕەشـبینی و ناخی، یـان نـائـارامی دەروونی و چـەنـدین بـابـەتی کۆنی یۆنـان و ڕۆمـانـەکـانی کردۆتـە بـابـەتی دراماکانی و جیاوازی لـەگـەڵ کۆرنی ئـەوە بوو تـاڕادەیـەکی زۆر گرنگی بـە ئـافرەت دەدا، مۆلێر(١٦٢٢-١٦٧٣)بەهای کۆمیدیای دەرخست... بە پێشەنگ و یەکەمەکانی درامای کۆمیدی له فەرەنسا دادەنرێت» (حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ٤٥٤-٤٥٧)، ئەوەی خاڵی گرنگە لەو سەردەمانەدا گرنگی زۆر خرانە سەر ڕەگەزەکانی دراماو دراما قاڵبێکی هونەری وەرگرت.

### ٣- درامای سەدەی ١٩ و ڕۆمانسیزم

ســـەردەمی ڕۆمانتیکی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دەســـتپێکرد، کاریگەری گەورەی هەبوو لەســـەر درامای ئەو ســـەردەمە، کە «جۆرە درامایەکی ســـەربەخۆبوو، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە فەرەنسا بە تایبەتی و لە ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە. بەتایبەتی بەکاریگەری و هەوڵی شـاعیرانی ڕۆمانتیکی وەک: ڤیکتۆر هوگۆV -، . Hugo ئەلفرێد دو مووسـێA -،

de Musseو ئەلفرێـد دو ڤینی- . مێژوویەکی کۆنی هەبووە، چونکە لەســـەدەکـانی ناوەڕاســتیشــدا درامای شــیعری باوبووە، بەڵام شــاعیرە ڕۆمانتیکییەکان دژایەتی درامای کلاســیکییان کردووە و لەگەڵ ئازادی هونەردا بوونە. بێجگە لەمە شــاعیرە ڕۆمانتیکییەکان دژایەتی تەواوی ڕێســـاو هونەرەکانی درامای کلاســـیکییان کردووە، کە خۆی لە هەندێ بنەمادا بەرجەســـتە دەکرد، وەک دەبوایە: یەکێتی زەمەن و یەکێتی شـــوێن هەبێ. ئەوان بەوپەڕی ئازادی و سرووشـی خۆییان دەیاننووسـی و درامایان پێشـکەش دەکرد» (عومەر، ٢٠١٠، ١٥٧).

لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسـیزم جەختیکردنەوەبوو لە سـەر سـۆزو هەسـت نەک ژیری و توانای مێشـکی، ئەم بزووتنەوەیە بەردەوام بوو، ڕۆمانسـیزم جەختی ئەکردەوە لە ســـەر ڕۆح، ڕێگا بە مرۆڤ دەدات کە بچێتە ســـەرووی ســـنوورەکانی دونیای فیزیکی و دونیایەکی ئایدیالی نموونە بدۆزیتەوە، "لۆدڤیک تییک" (١٧٧٣- ١٨٥٣ز) شـــاعیرو دراما نووســـی ئەڵمانی وەک «ڕابەرو بەردی بناغەی تەلاری ڕۆمانتیکی دادەنرێت، کە لە ســـاڵی (١٧٩٧ز) درامایەکی نووسیوە لە ژێر ناوی (Dergstiefelte Kater) کە لە دراماگەرییەکی ئـاســـــایی زۆر جیـاوازبووە، چونکە پشـــتی بە ڕووداوێکی فۆلکلۆری بەســـتووە، لە دراماگەرییەکەدا زۆر بابەتی نائاســـایی نیشـــاندراوە... ڕەخنەگران بەرهەمەکەیان بە " دراماگەری لەناو درامادا" ناوبردووە»(عەزیز، ٢٠١٩، ١٣).

ڕۆمانســـییەت لە هونەرو ئەدەبدا خۆی بەهەندێ لایەنی هونەری نەبەســـتەوە وەک «بوونی هەر پێنج بەشـی دراماگەری و پەیڕەوی کات و شـوێنی نەدەکرد، وەک سـێ یەکە ســـەرەکییەکانی دراماگەریی کلاسـیکی. هەوڵی ڕووداو و گفتوگۆی نێوان کەســـەکانی دەدا. زیاتر لە ڕۆڵی گێڕانەوە. هەروەها هەردوو جۆری کۆمیدیا و تراژیدیای تێکەڵ بەیەکتری کرد و جۆرێکی تری دراما دروســـتبوو بە نـاوی (درامـای ڕۆمـانتیکی) کە لە لایەنی ناوەرۆکەوە گۆڕانی زۆری بەسـەردا هات. ئەوکاتە کەسـەکان بوون بە کەسـی کۆمەڵایەتی نێو خەڵک و بابەتی کۆمەلایەتی،» (حاجی، ٢٠١٨، ٩٦). هەر بۆیە ئەم گۆڕانانە ســـەرەتا بریتی بوو لە جۆرێک لە گاڵتەجاڕی بەرامبەر بە بابەتە دەقگرتوو چەقبەســـتوو و پیرۆزەکانی کۆمەڵ، کە کلاســـیک چوارچێوەی بۆ کێشـــابوو لە ســـنووری ژێریدا. وەک ئەو درامایەیی (لۆدڤیک) کە «ڕەخنەی لە زۆر شـــت گرتووە، قانوونی وەک خێوێکی دڕندە و ترســـناک نیشـانداوە، لە هەموو دیمەنێکیدا بێ واتایی و گاڵتەپێکردن و بەکەم زانینی بەرچاو کەوتووە، بۆیە گاڵتەجاڕی لێرەوە بە ئامرازی ســـەرەکی و بابەتی گشـتی ڕۆمانتیک دانراوە» (عەزیز، ٢٠١٩، ١٤).

## سـێیەم: ڕەهەندێکی گشـتی مێژویی دراما و قۆناغەکانی گەشـەسـەندنی ڕەگەزەکانی، لە ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا.

### ١- لە ئەدەبی عەرەبیدا

دراما لەمێژووی ئەدەبیاتی عەرەبیدا ڕێڕەو و مەودایەکی دووری نییەو ئەم هونەرە لای عەرەب سـەرەتایەکی دێرینی نییە، لەسـەرەتاوە بابەخێکی زۆری پێنەدراوە، وەک ئەو بایەخەی لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەبینرێت، بەڵام وەک ئەدەبیاتی گەلانی تر ئەگەر لای عەرەبیش بەشـوێن شـەقڵی دراماوەبین وەک دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی، لەو سـۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین کە عەرەبە کۆنەکان سروتی ئاینیان هەبووە کە شێوەی دراما(لە دراماچوو)و ڕەگەزەکانی تێدابووە، «لە دورگەی عەرەبیش چەندین سروت و ئاهەنگ و نمایشی شیعری و ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری و سروتی پەرستشی هەبوون، کە مێژوونوسان بە سەرەتا و تۆوی درامای عەرەبی دادەنێن، چونکە لایەنە سـەرەکییەکانی شـانۆی لەخۆ گرتووە، کە بریتین لە: ئەکتەر و نماییشـی سـەر شـانۆ و بینەران و دەنگ و جووڵە و سـەما و گۆرانی»(المرايات، ٢٠١٢، ١٤) هـەرچـەنـدە گـەشـەسـەنـدنی ڕەگـەزەکـانی دراماو تیشکخستنەسەریان لە قۆناغێکی باشدابووە، بەڵام سەرهەڵدانی وەک بابەتێکی هونەری و دەقی نوسراو دواکەوتووە.

ئەوەی بەشێوەیەکی گشتیی سەبارەت بە درامای عەرەبییە، لە "نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵداوە، لەگەڵ ئەوەی شارستانییەتی عەرەبی بەو واتا و شێوە خۆرئاواییانە درامای نەناسـیوە، کە شـارسـتانی یۆنانی پێی ئاشـنابوو، بەڵکو بە چەند شـێوە و ڕەنگی دراماییی تر ئاشـنابوو، کە جیاوازە لە شـێوە دراما خۆرئاواییەکە"(المرايات، ٢٠١٢، ١٥-١٧) ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە دراما بۆ پێکهاتەی بابەتەکانی، بەپێی ئاسـتی ئاشـنابوونی بە بابەتە هونەرییەکە، کەرەسـتە لە کەلتوورو ژیانی کۆمەڵگاوە وەردەگرێت، لەهەمانکاتدا دراما چالاکییەکی مرۆییە ئەو شکڵ و شێوازانەی، کە دەیانگرێتەبەر بە پێی ژینگە و شارستانییەت لە یەکتری جیاواز دەبن.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسـیارێکی گرنگ کە بەبەهێزی ماوەتەوە: ئایا عەرەب درامایان ناسـیوە؟ هەندێک لە توێژەران و ڕەخنەگران پێیان وایە: «کە عەرەب هیچ پەیوەندییەکی بە شـێوەکانی دراماوە نییە، ئەوەشـی بۆ هۆکارە ئایینی و شـارسـتانییەکان گەڕاندووەتەوە، لە لایەکی ترەوە کەسـی وا هەیە جەختدەکاتەوە لەسـەر بوونی چەند شـێوەیەکی دراماییی لە کەلتووری عەرەبیدا، کە بنەما دراماییەکانی ئەوروپا دەدات بە دیواردا و بە پیرۆزدانانی

پێوانە ئەوروپییەکان ڕەتدەکاتەوە، بە تاکە بنەمایان دانانێت بۆ پێوانەکردن و دەرخســـتنی ڕاستی شێوەکانی درامای عەرەبی»(مصطفی، ١٩٩٠، ١٠٩).

دراما لای عەرەب زیاتر ژانرێکی نوێی ئەدەب و هونەرە«چونکە وەک دەرکەوتووە دراماگەریی فیرعەونەکانی میسری کۆن کاریگەریی نەبووە بەسەر دراماگەریی عەرەبییەوە، چونکە دراماگەرییەکـان لە شـــێواز و ســـرووتی ئایینی دەرنەچوون و بەلای کێشـــە کۆمەڵایەتییەکاندا نەچوون، وەک ئەو گەشـــەکردنەی درامای یۆنانی دوای جیابوونەوەی لە شیعری ئایینی» (حاجی، ٢٠١٨، ٩٦).

لەمێژووی درامای عەرەبیدا ئەوەی پێویســـتە لەبەرچاوبگیرێت کات و شـــوێنی ســـەرهەڵدانی دەقی دراماکەیە، کە بەپێی ناوچەی جیاواز، جیاوازی لە ســـەرهەڵدانیدا هەیە«مێژووی درامای عەرەبی دابەشـــی مێژووی دراماییی وڵاتانی عەرەبی بووە، وەک: درامای ئێراقی و درامای میســـری و درامای مەغریبی، لە ڕووی بابەتەوە درامای ئەو وڵاتانە، بە حوکمی ئایینی ئیســـلام، چەندە لەیەک نزیکبن، بەڵام دیســـان جیاوازییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، ئەمە کەموکورتی نییە، بەڵکو ڕاستییەکی زانستیی پەیدابوون و بەردەوامی هونەری درامایەو پەیوەندیی بە ژینگەوە هەیە، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بوارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا هەیە»(محەمەد، ٢٠١٨، ١٢٣).

ئەوەی لە مێژووی کۆنی شـــارســـتانییەتەکانی عەرەبدا هەبووە، نەبۆتە ئەدەبێکی کاریگەر بەســـەر ئەدەبیاتی دوای خۆی، تا ئێســـتا بمێنێتەوە، «بۆیە لە کۆندا دراماگەری لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا نەبووە. تەنیا شـــیعری لیریکی (غنائی) زۆربـاو هەبووە، هەروەهـا دراماگەریی گریکی کۆنیش و بەرهەمە ڕەخنەییەکانی ئەرسـتۆش بەهۆی تەرجەمە نەکردنی بۆ ســەر زمانی عەرەبی تا ســەردەمانێکی زۆر کاری نەکردە ســەر ئەدەبی کۆنی عەرەبی، ڕەنگە ئەمەش بە هۆیەکی ســەرەکی بڵاونەبوونەوەی درامای عەرەبی دابنرێ»(حاجی، ٢٠١٨، ٩٦)

لە وڵاتی میسر ســەرەتای دەرکەوتنی درامای هونەری «دەگەڕێتەوە بۆ ســەردەمی هێرشی فەرەنسا بۆ سەر وڵاتی میسر، بە سەرۆکایەتی ناپلیۆن بۆ ناپارت، لە ساڵی (١٧٩٨) کە لەگەڵ هاتنیاندا تیپی دراماییی ڕووی لەو وڵاتە کردو نمایشـــی کۆمیدیان بۆ خەڵکی پێشکەش دەکرد، ئەم نواندنانە بۆ ناساندنی هونەری دراما بە خەڵکی، گرنگی خۆی هەبوو» (الحسيني، ٢٠٠٦، ١٨٢)، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا "(يعقوب صنوع ١٨٣٩-١٩١٢) نووسەر و ڕەخنەگری ئەدەبی دیاری میســری. بە یەکێک لە پێشــەنگەکان و دامەزرێنەرانی شــانۆی میسری دادەنرێت. کە بەشداری لەگەڵ تیپە هونەرییە ئەوروپییەکان کردبوو، بە دیارکەوتنی

ئەو، یەکەم هەنگاوی دراما لە میسر دەستی پێکرد"(الحسینی، ٢٠٠٦، ١٨٣) کە مەبەست لێی هونەری میسری خۆماڵییە.

سەبارەت بە سەرهەڵدانی دراما لە عێراقدا، تا ئێستا ئەوەی باسی لێوەکراوە، یەکەمین دەقی درامایی لە عێراق لە موسڵ، کە «کۆنترین شانۆی عەرەبی لە عێراقدا (الشماس)ی (حنا حبش)ەو لە ساڵی ١٨٨٠ لە موسڵ پێشکەشکراوە»(بەرزنجی، ٢٠٠٥، ٣٨) دوو هۆکاری بەهێز لە پشتی ئەم پێشکەوتن و یەکەمبوونەی شاری (موسڵ)ەوەیە لەبەرامبەری شارەکانی تری عێراق «نزیکی موسڵ لە دەوڵەتی عوسمانی لەلایەک و لە لایەکی تریشەوە ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینییەی موسڵ بە وڵاتی شامەوە هەیبوو» (الربیعی، ٢٠١٢، ٥٨٤)، ئێمە بەرامبەر درێژبوونەوەیەکی شانۆیی عەرەبین، کە توێژینەوەی تایبەتی لەبارەوە هەیە و مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەو شێوە دراماییانەی لە مێژووی عەرەبیدا هەن، چەند بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر هەن جەخت لە ئاشانایی عەرەب دەکەنەوە بە «هونەری دراما لەڕێگەی (خیال الظل و القراجوز)، هونەری ئەندێشەی سێبەر (خیال الظل) و، قەراجوز (القراجوز). کە شانۆگەری عێراقییە، لەساڵی (١٨٩٠-١٨٩٣ز)، لە لایەنی نووسەری عێراقی (نعوم فتح الله)وە نووسراوە، ئەم شانۆگەرییە لە موسڵ لە ١٨٩٠ نمایشکراوەو دواتر لە ساڵی ١٨٩٣ لەلایەن چاپخانەی (الآباء الدومنیکان) چاپکراوە»(الربیعی، ٢٠١٢، ٥٨٤). هەروەها لەلایەن (نعوم فتح الله سحار)ەوە لەساڵی (١٨٩٣ز)، شانۆگەرییەک نووسرا، بە ناوونیشانی « (لطیف وخوشابا) کە لە بنەڕەتدا شانۆییەکی فەرەنسییەو وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، شانۆییەکی پەروەردەییە، داوا لە دایکان وباوکان دەکات، پەروەردەیێکی جوان فێری منداڵەکانیان بکەن و لە خراپەکانیان ببوورن»(الزبیدي، ١٩٦٧، ٧٦) بەمەش دراما هەنگاوی گەورەی هاوێشت و سەرنجی خەڵک و بینەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ڕەگەزەکانی وەک ڕەگەزی هونەری دراما دەرکەوتن.

**٢- لە ئەدەبی کوردیدا**

کوردستان وڵاتێکی داگیرکراو و دابەشکراوی سەر چەند وڵاتێکە، کەم تا زۆر ئەو وڵاتانە لە هەموو لایەنەکانەوە کاریگەرییان بەسەر نەتەوەی کوردەوە هەبووەو تائێستاشی لەگەڵدابێت هەیە، بە حکومی ئەو بارو دۆخە ژێردەستەییەی کوردی پێدا تێدەپەڕێ، ئەم کاریگەرییە لەلایەنی کەلتوورو ئەدەب و هونەرەوە بەڕوونی بەدی دەکرێت، بەدرێژایی مێژووی ئەو داگیرکارییەی ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە، کورد هەوڵی بەردەوامی داوە، کە ڕەسەنایەتی فەرهەنگ و کەلتووری خۆی بپارێزێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لای هەموو

میللەتان ئاسـایی و ڕێگەپێدراوە، کاریگەربوونە، بۆیە سـروشـتی ئەدەب و هونەریش ئەوە دەخوازێت لە یەک قاڵب و شـێوەی دەقگرتوودا نەمێنێتەوە، لەم پێناوەشـدا هەموو گەلانی دونیا ڕێگە بە هەوای گەشـەسـەندن و بەرەوپێشـچوونی ئەم بوارە دەدەن، تا ئەو ڕادەیەی حاڵەتەکە نەبێتە چاولێکەری، بەڵکو هەر بەسـروشـتی کارلێکردن و نوێبوونەوەو داهێناندا ڕێچکە بگرێت، ڕۆشـنبیران و شـاعیران و نووسـەرانی کوردیش هەرکە بواریکیان بۆ ڕەخسـابێت و بارودۆخ لەباربوو بێت، هەوڵی پێشـکەوتن و نوێکردنەوەیان داوەو لەم پێناوەشـدا هەنگاوی باشـیان هەڵگرتووەو بە حکومی نزیکی ناوچەکانیان لەگەڵ میللەتانی دراوسێ، کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی ئەورووپی لەڕێگەی ئەدەبی عەرەبی و تورکییەوە.

ڕۆشـنبیرانی کورد کەم تا زۆر شـارەزاییان لە زمانی ئەو میللەتانەدا هەبووەو هەرزوو ئەو گۆڕان و پێشـکەوتنەی بواری هونەرو ئەدەبیاتی کە ئەوانی گرتۆتەوە، ئێمەش کەڵکمان لێوەرگرتووە، یەکێکیش لەو کاریگەرییانە هۆکاربووە بۆ پەیدابوونی هونەری دراما، ئەم بارودۆخە ڕۆشـنبیرییەیە، هونەری دراما لە هەموو هونەرەکانیتر، زیاتر کاریگەریی ناوچەو ژینگە جیاوازەکانی لەسـەرە، بەواتا «پەیدابوون و بەردەوامی هونەری شـانۆ پەیوەندیی بە ژینگەوە هەیە»(محەمەد، ۲۰۱۹، ٦) لە هەموو ڕوویەکەوە، وەک دەبینین ژینگەی هەریەکە لە پارچەکانی کوردسـتان بەپێی بیرکردنەوەو سـەپاندنی دەسـتەلاتی داگیرکاری جیاوازیی هەیە، ژینگەی باشـووری کوردسـتان جیاوازە لە ژینگەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باکوورەکەی، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریی لە سـەر جموجووڵ و چالاکییەکان بەگشـتی و چالاکیی هونەری و ئەدەبی بەتایبەتی بەجێهێشـتووە، مێژووی هونەری درامای کوردیش ئەم بارەی بەسـەرەوەیەو لە خوێندنەوەو خسـتەڕووی ئەم مێژووەدا گوڕوتین و چالاکی و پێشکەوتنی ئەم بوارە بە ئاشکرا هەستپێدەکەین.

لەلای هەموو گەلانی دونیا سـەرچاوەی ئەم هونەرە بۆ دابونەریت و کەلتوور و کەلەپووری کۆنی خۆیـان دەبەنەوەو پێیـان وایە ئەو جموجوڵ و چـالاکییە ئـاینیی و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییانەی هەبووە، وەک سەرەتایەک بووە بۆ دراما، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری نەبووەو تەنها شـتێکی سـەرەتایی بووە، بەپێی وتارە بڵاوکراوەکان تا ئەو کاتە (ئەحمەد قەرەنی لە سـاڵی ۱۹۸۳)دووەمین نووسـەرە دوای محمد تەیمور«کە بڕوای بەوە هەیە نەتەوەی کورد لە دێر زەمانەوە هونەری شـانۆی خۆی هەبووە... بۆچوونی وایە کە هونەری شـانۆی کوردی دوو قۆناغی مێژوویی هەیە، قۆناغی یەکەمی بە هونەری شـانۆیی سەرەتایی داناوە، دووەمیشی بە قۆناغی نووسین»(محەمەد، ۲۰۱۹، ٤٦).

وەک ئاماژەمان پێدا مێژووی درامای کوردی چەشـــنی درامای نەتەوەکانی دیکە، بەتایبەتی نەتەوەکانی دەوروبەر بیروبۆچوون و ڕای جیاوازی زۆری لەســـەرە. ئەمەش شـــتێکی ســـروشـــتییە، چونکە هونەرەکە لە بنەڕەتدا نوێیە، هەر بۆیە ڕاوبۆچوونی نوێ و جیاواز لەخۆ دەگرێت، ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە و خاڵێکی گرنگە، ئەو ڕێکەوتەیە کە وەک بەڵگە بۆ ســـەرهەڵدانی هونەری دراما لە ئەدەبیاتی کوردیدا دیاریکراوە، کە هاوکاتە لەگەڵ نوێبوونەوەی شـــیعری کوردی، واتە هاوکاتە لەگەڵ لەدایکبوونی شـــیعری نوێی کوردیدا بە دەربڕینی هەســـت و بیرکردنەوەی نوێ و ناســـینی ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی جیهان و گۆڕینی ڕوانگەی شـاعیران لە تێپەڕاندن و شـکاندنی ڕێچکەی قۆناغی کلاسـیکی شـیعری کوردی، بۆ ئەوەی شـیعر لەو شـێوازی کلاسـیکە بێتە دەرەوە و بەرەو نوێبوون هەنگاو بنێ، هەر لەو سـەردەمەدا، درامای کوردی وەک هونەرێکی نوێ سـەریهەڵدا؛ ئەمەش بۆ ئەوەمان دەباتەوە هەردوو دەرکەوتەکە بۆ یەک سـەرچاوەی کاریگەربوون بەرینەوە، کە ئەویش کرانەوەی ئەدەبیاتی میللەتی کورد بووە بە ڕووی ئەدەبیاتی دونیاو ئاشـنابوونیەتی بە ئەدەبی میللەتانی تر، بەتایبەت ئەدەبی ڕۆژئاوا.

کەواتە دەکرێت یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی ئەو ســـەرهەڵدانەی هونەری درامای کوردیی لەو ناسـین و ئاشـنابوونەی ئەدەبیاتی میللەتانی ترەوە بێت، دەتوانین خاڵەکانی ئەم ئاماژەکردنە لە و ڕاســـتییەوە بەدی بکەین، کە یەکەمین کەســـێک هەنگاوەکانی کاروانی شـــــیعری کوردی لەبواری ئەم تازەکردنەوەدا هەڵگرتووە(عەبدولڕەحیمی ڕەحمی هەکاری) بووە، لەگەڵ ئەوەی لەبیری ئەم نوێگەرییەی ناوبراودا، ئەوە بەدیدەکەین یەکەمین دەقی نووسراوی درامای کوردیش لەدایکبوو بە ناونیشانی(مەمی ئالان) کە شانۆنامەیەک بوو«لە ژمارە (١٥و١٦)ی گۆڤاری (ژین)دا بەزنجیرە لە ســـاڵی ١٩١٩دا، بڵاو دەکاتەوەو بەمەش عەبدولڕەحیمی هەکاری دەبێتە یەکەمین شـــانۆ نامەنووســـی کورد، کە شـــانۆی بە زمانی کوردی بڵاوکردبێتـەوە»(پیربـاڵ، ٢٠٠٢، ١٣)، هـەرچـەنـدە نـاوەڕۆکی ئـەم درامـایـە هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکی مەمی ئالان(مەم وزین)ی ئەحمەدی خانییەوە نییە، بەڵام«لەڕووی بنەماکانی (پیەس)یشـەوە بەڕادەیەکی زۆر سـەرکەوتوو بەقەڵەمی شـارەزایەکی خاسـییەتە هونەرییەکانی شـانۆنامە نووسـراوە»(حوسـێن، ٢٠٢٠، ٣١٨) دواتر هەمان دەق لە«سـەرەتای ســاڵانی حەفتا لە رۆژنامەی هاوکاری بۆ جاری دووەم بڵاودەکرێتەوە،(مەحمود زامدار) لە ساڵی (١٩٨٣) لە ژێر ناوی کۆنترین پیەسـێکی کوردی" بۆ جاری سـێیەم بڵاویدەکاتەوە، لە هەشـتاکان(شـەوکەت تاهیر سـندی) بۆ جاری چوارەم بە دوو بەش دەقەکە بەناوی(پیەسـی کوردی مەمی ئالان) بڵاودەکاتەوە»(محەمەد، ٢٠١٩، ١١٥) ئەم دەقە بەشـــێوەی کتێبیش « لە

ســـاڵی ١٩٢٠ز لە ئەســـتەمبوڵ چاپکراوە»(پیربال، ٢٠٠٢، ١٤٦)، بەڵام هیچ ســـەرچاوەیەک ئاماژەی بەوە نەداوە، کە ئەم بەرهەمە لەسەر تەختەی شانۆ نمایشکرابێت.

گەشتینە ئەوەی بڵێین ئەو باری گۆڕان و گەشەکردنەی ڕووی لە ئەدەبیاتی کوردی کردووە، بۆتە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دەرکەوتنی هونەری دراما، چونکە هاوزەمان لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردی، زەمینەو کەناڵەکانی ئەم نوێخوازییە، گوڕوتینی زۆری داوە بە دەرکەوتنی هونەری دراما؛ بەڵگەش ئەوەیە ئەم حاڵەتە بەتەنها لای هەکاری هەستی پێناکرێ، بەڵکو لای شـــاعیرانی تری نوێخوازی وەک پیرەمێرد و شـــێخ نووری و گۆران و هاوڕێکانی ڕەنگدانەوەی هەیە، کە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بواری نوێکردنەوەی شیعر، بەرهەمی شیعری درامیشیان نووسیوە.

درامای هونەری بە پێوەری نووسەرو بوونی دەق تازەیەو لەلای کورد لە سەرەتای سـەدەی بیسـتەم و بە کاریگەریی درامای ئەوروپی لە ڕێگەی میللەتانی دراوسـێی کوردەوە بـەتـایبـەت عـەرەب و تورک هـاتۆتـە نێو ئـەدەبیـاتی کوردییـەوە، دەبێـت ئـامـاژە بـەوە بدەین«شـــانۆی کوردی لە باشـــووری کوردســـتان لە ژێر کاریگەریی شـــانۆی عەرەبی پەیدابووە»(محەمەد، ٢٠١٩، ١٢٥)، هـەروەهـا یـەکێکی تریش لـە دەروازەی ئـەو کاریگـەرییـانـە لەڕێگەی«شەپۆلی ئەدەبیاتی تورکی یەوە بووە»(پیربال، ٢٠٠٢، ١٠٧).

پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا کورد پێش ئەو مێژووە دراماو شـــیعری درامی هەبووە؟ ئەتوانین، ڕاســـتەوخۆ ئەوە بڵێین بەپێی زۆری بەڵگەکان و ئەو دەقە نووســـراوانەی هەن، هونەری درامای کوردی بە گشـــتی وەک هونەرێکی نوێ تەماشـــا کراوەو ســـەرەتای ڕەچەڵەکی ئەو هونەرە وەک بابەتێکی نووسـراو لە کوردسـتاندا بۆ سـەرەتاکانی سـەدەی پێشـوو واتە سـەدەی بیسـتەم و بەتایبەتی چارەکی یەکەمی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ڕایەیش کە دەیەوێت مێژووی ســـەرهەڵدانی دراما بۆ زۆر کۆن بگەڕێنەوە لەبەر دوو هۆکارە، یەکێک بۆ ئەوەی بیســـەلمێنن میللەتی کورد وەک هەر میللەتێکی تر خاوەنی کۆمەڵێک ڕێوڕەســـم و بۆنەو هەڵپەرکێ و دابونەریت و یاری و گەمە میللییەکان .... هتد بووە، کە بەجۆرێک ئەوە دەبەستنەوە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دراماوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە بە مادەو کەرەســـتەی دراما دادەنرێت و لە ناو ئەو بۆنانەدا هەندێک ڕەگەزی درامی هەیە، بەڵام دوور و نزیک هیچ بەڵگەیەک نییە بیســـەلمێنێ کە ئەو جۆری بۆنەو بابەتە میللییانە دراما بوون، دووەم بۆ ئەوەی کەلێنی نەبوونی ئەو هونەرە بەوە پڕبکرێتەوە، کە کوردیش هەر لە دێرزەمانەوە درامای هەبووە، لە ڕاســـتیدا لەمەشـــدا هەر پەنا بۆ بوونی بەڵگە دەبرێت و بەبێ بوونی بەڵگە ناتوانرێت ئەوە بســـەلمێنرێت، دەکرێت و گونجاوە وەک

ئەوەی بۆ میللەتانی تر ڕێگە پێدراوە بۆ کوردیش بەهەمان پێوەر بەو بۆنانە یان ئەو چالاکییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانە بگوترێت لە دراما چوو نەک دراما.

"هەندێک لە نووسەران و ئەدیبان پێیان وایە، دەتوانرێت جۆرێک قۆناغبەندی بۆ ئەو بۆنە و بابەت لە دراما چووانە بکرێت، لەو بۆچوونەوە دیارترینیان سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی وادەبینن، کە دەکرێت لە دوو دەلاقەی جیاوازەوە لێی بڕوانین، یان پۆلێنی بکەین"(محەمەد، ٢٠١٨، ١٢٤). بۆ چەند قۆناغ، وەک چۆن سەرەتاییە مێژووییەکەی درامای گەلانی تر هەمان ئەو بیروڕایانەی هێنایە ئاراوە، کە ئەگەر وەک ڕەگ و ڕیشەو دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی دراما، یان چالاکی لە دراما چوو پێوانەی بکەین، ئەوا کوردیش بەهەمان پێوەر دەکرێت لە ناو کەلەپورو فۆلکلۆریدا بەدوای جووڵەو ڕواڵەتی ئەم هونەرەوە بین، بەڵام کاتێک وەک لایەنی هونەری هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و بەپێوانەی زانستی و بە بوونی دەق و نووسەری دیارو و دەرهێنەرو نمایشکردنی لەسەر تەختەی شانۆ هەڵیسەنگێنین، ئەوا ئەو سەرەتایە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، وەک ئاماژەمان پێدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئاساییە ئەگەر بەو جۆرە لێی بڕوانین، وەک ئەو جیاکارییەی بۆ قۆناغی ئەدەبی نەنووسراو و نووسراو و میللی و فۆلکلۆر کراوە، بەهەمان شێوەش پۆلێن بەندی بۆ هونەری دراماو چالاکیی کۆمەڵایەتی و ڕێوڕەسمی ئاینیی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی بکرێت، وەک چالاکییەکی سەرەتایی دراما ئەژمار بکرێن. چونکە«ئەگەر بڕوانینە مێژووی شانۆی کوردی، بە گوێرەی باری کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابووری بەرەو پێشەوە چووە، بەردەوام ئەو شانۆگەرییانەی لە سەرەتای جموجووڵە شانۆییەکاندا پێشکەش کراون. لە کێشە کۆمەلایەتییەکان دواون و پاشان شان بە شانی خەباتی سیاسی پەلیان هاوێشتووە و دژ بە ڕژێمی دەرەبەگایەتی تێکۆشاون»(ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٨).

هەر لەو بارەیەوە دەستەیەکی دیکە ڕایان وایە: ئەو هونەرە ڕەسەن نییە«هونەری شانۆیمان، وەک شانۆی هەموو میللەتێکی تری ڕۆژهەڵات، هونەرێکی خۆماڵی و ڕەسەن نییە، بەڵکو ئەم هونەرە مەزنەمان لە میللەتەکانی ترەوە پێگەیشتووە، بەتایبەت لە ئەدەبی عەرەبی و تورکییەوە»(تەنیا، ١٩٨٥، ٤٣). لەهەمان کاتدا بڕوایان بەوە هەیە لەناو دابونەریتی کوردەوارییدا هەندێک کاری نواندن و تەمسیل هەن بۆنی درامایان لێ دێت، کەواتە « هونەری درامای کوردی نوێیە و لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو پێشتر گەلی کورد ئەو هونەرەی نەناسیوە»(محەمەد، ٢٠١٨، ١٢٤).

ئێمە ڕامان وایە بەهەر جۆرێک ئەگەر بمانەوێت مێژووی ئەم هونەرە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن بگێڕینەوە دەبێت دەق و نووسەری دەقی درامیمان دیاربێت و وەک بەڵگە

بیخەینەڕوو، چونکە وەک ستانیسلاڤسکی دەڵێت: «"شانۆ لە نووسەرەوە دەست پێدەکا" نووسەریش یەکەمین کەسە، کە بابەت و پاڵەوانی شانۆگەرییەکە هەلدەبژێری»(ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٧)، بەو پێودانگە مێژووی دراما لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر دێرین نییە، بۆیە باسەکانی دەربارەی درامای شارستانییەتە کۆنەکانی پێش درامای گریک هەروا بە سەرڕایی تێدەپەڕێنرێن و ناکرێنە پێوەری زانستی بۆ سەرهەڵدانی سەرەتاکانی دراما لەلای هیچ گەل و نەتەوەیەک، ئەمە بۆ هونەرو ئەدەبی هەموو نەتەوەیەک بە کوردیشەوە وەڕاست دەگەڕێت، مادام دەق و نووسەری دەقی درامایی دیارنەبێت، ئەوا هەموو ئەو بۆچوونانە وەک گریمانە دەخرێنەڕوو تا ئەو کاتەی ڕاستی زانستی دەیسەلمێنی.

سەبارەت بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم هونەرە وەک دەقی نووسراو، بەرهەمی (مەمی ئالان)ی عەبدولڕەحیمی هەکاری بەیەکەم بەرهەمی درامای کوردی دادەنرێت و وەک ئاشنابوونی کوردیش بەم هونەرە لە ڕووی نمایشەوە، «هەندێک دەڵێن یەکەم نمایش لە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ لە سلێمانی ئەنجام دراوە. هەندێکی دیکە دەڵێن نەخێر لە هەولێر بووە، هەرچۆنێک بووە لەوکاتەوە شانۆ لە کوردستان هەبووە. بەڵام نمایشەکان زۆربەی زۆریان لە قوتابخانەکان ئەنجام دراون»(کەریم، ٢٠١١، ١٤٤)، سەدەی ڕابوردوو سەدەی پەیدابوونی درامای کوردییە، هەم لە ڕووی دەقی نووسراو و هەم لەڕووی نمایشەوە. محەمەد بەکر تەیموور، لەبارەی یەکەمین دەقی درامایی کە پێشکەش کرابێت دەڵێت: «ئەوەی لای ئێمە دۆزراوەتەوەو بڵاوکراوەتەوە بە بەڵگە هەرە کۆنترین تاقیکردنەوەی کەڵک وەرگرتن لە دراماگەری (سەلاحەددین ئەیووبی) یە کە لە پایزی ساڵی ١٩٢١ دا قوتابخانەی یەکەمی هەولێر پێشکەشی کردووە» (تەیمور، ١٩٨٦، ٦٨) هەروەها ئەوەی بەپێی بەڵگەکانیش پشتڕاستکراوەتەوە نمایشکردنی یەکەم دراما لە سلێمانی«لە ساڵی ١٩٢٦ز کە شانۆگەری(عیلم و جەهل)پیشاندراوە... شانۆگەری دووەم کە(نیرۆن)ــە هەر لە سلێمانی ساڵی١٩٢٧ز، پیشاندراوە»(محەمەد، ٢٠١٩، ١٣٤).

درامای کوردی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە لە چەند دەقێکی کەم تێپەڕناکەن و لە نمایشکردنیشیاندا «هەندێک سال نمایش زیاتر بووە لە سالی دیکە. ئەوە بەردەوام بوو تا سال ١٩٥٨ کە شۆرشی ١٤ی تە مووز بەرپا بوو، شانۆ زیاتر بووژانەوەی بەخۆوە بینی»(کەریم، ٢٠١١، ١٤٤)، ئەم چالاکییانە بەردەوام بوون تا ساڵی ١٩٦١ کە ماوەی سێ ساڵ دەکات، درامای کوردی لە برەودابووە «کەمال ڕەئوف ساڵی ١٩٦١ درامای (ببورە) بە چاپ گەیاندووەو هەر لەهەمان ساڵدا عەبدولڕەزاق بیمار (شانۆی کوردستان)ی بە چاپ گەیاندووە، کە بریتییە لە سێ ئۆپەرێت و درامایەکی شیعری»(کەریم، ١٩٨٩، ١٤٥) .

- **بەلامانەوە پەسەندە قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەقی نووسراوی درامای کوردی بۆ چوار قۆناغ پۆلێن بکەین:**

١- **قۆناغی دەستپێک و سەرهەڵدان،** لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستپێدەکات، تا ١٩٥٨ز کە جگە لە مەمی ئالانی عەبدولرەحیمی هەکاری، کە لە ساڵی ١٩١٩ لە دوو ژمارەی گۆڤاری ژین بە زنجیرە بڵاوکراوەتەوە، حەوت دەقی نووسراوی شانۆگەری قەبارە جیاوازمان هەیە کە «بریتین لە(مەم و زین)ی پیرەمێردی شاعیر ١٩٣٤ز و (مەحمود ئاغای شێوەکەلی) لە نووسینی پیرەمێرد لە ساڵی ١٩٣٦ لە سلێمانی نمایشکراوەو لە ساڵی ١٩٤٢ لە چاپدراوە، (دلداری و پەیمان پەروەری دەقێکی شانۆیی (أ.ب.هەوری)یە و لە ساڵی ١٩٤٣ لە چاپدراوە» (بەرزنجی، ٢٠٠٥، ٧٥ تا ٨٢) هەروەها «دەقی نووسراوی (کارکردن بە کەڵک) لە نووسینی ڕەفیق چالاکەو ساڵی ١٩٥٢ لەچاپدراوە» (هەورامی، ٢٠٠١، ٣٠٥) ، (کچ و قوتابخانە) لە نووسینی مامۆستا فەتاح کەریم لە ساڵی ١٩٥٦ لە چاپدراوە، (ئافرەت و نووشتە) لە نووسینی کامیل ژیرەو ساڵی ١٩٥٦ لەچاپخانەی مەعاریفی بەغداد چاپکراوە".(بەرزنجی، ٢٠٠٥، ٧٥ تا ٨٢) .

٢- **قۆناغی بوژانەوە،** لە ساڵی ١٩٥٨ تا ساڵی ١٩٦١ کە چەندین بەرهەمی شانۆگەری قەبارە جیاواز لە شێوەی کتێبدا نووسران و لە چاپدراون لەوانە«عەلی ئەفەندی ١٩٥٨ لە نووسینی مستەفا نەریمان»(هەورامی، ٢٠٠١، ٣١٠) وە هەروەها (شانۆی کوردستان)ی عبدالرزاق بیمار بەرهەمی ئەو قۆناغەیە، شانۆگەرییەک کە دەچێتە خانەی درامای شیعریی و سێ ئۆپەرێت لەخۆدەگرێت، کە بە شیعر نووسراون‌و دەچنە خانەی شعری درامییەوە و درامای (ببورە- ١٩٦١) نوسەرەکەی کەمال ڕەئوفەو لە چاپخانەی کامەران لە چاپدراوە.

٣- **قۆناغی کزبوون و وەستان،** کە لە دوای ساڵی (١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٠) بە پێی سەرجەمی ئەو سەرچاوانەی باس لە بوونی دەقی نووسراوی چاپکراو دەکەن، هیچ بەرهەمێکی لەچاپدراوی شانۆگەریمان نییە، هوکارەکەشی «تێکچوونی باری کوردستانی عێراق و هەڵگیرسانی شەڕ لە ناوچەکەدا، جموجوڵی هونەریش کزبوو»(تەنیا، ١٩٨٥، ٧٢) ئەم بارەو حاڵەتی کزبوون و وەستانە بەردەوامبوو تا ساڵی ١٩٧٠.

٤- **قۆناغی گەشەسەندن،** لە ساڵی (١٩٧٠) تا ئەمڕۆ «تەنها لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٥) لە لایەن (تیپی نواندنی سلێمانی)یەوە (١٧) دراما پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی کراوە»(تەنیا، ١٩٨٥، ٧٣) ئەو چالاکییە درامیيانە بەردەوام بوو، هەرچەندە لە ئەمڕۆدا درامای تەلەفزیۆنی زۆرتر بەرچاو دەکەوێت، تا چالاکی و جموجووڵی سەر تەختەی شانۆ.

- **پاری دووەم: دراما، جۆرو ڕەگەزەکانی (چەمک و پێناسە)**
- **یەکەم: دراما**

دراما بریتییە لەپێکهاتەیەکی پەخشـــانی یان شـــیعریی، لە بنچینەدا بریتییە لە پرۆسەیەکی نواندن، ئەو دەقە نووسراوەیە دەگۆڕدرێت بۆ نمایشێک لەسەر تەختەی شانۆ، دراما ئەو شێوازە تایبەتەی نواندنە، کە باسکردنە لە واقیع و خستنەڕووی ئەو واقیعەیە بۆ بەرامبەر، بەڵام بەشـــێوازێکی هونەری کە کاریگەریی دروســـتبکات، کەواتە«دەربڕینێکی هونەرییە، لەبارەی کارێکەوە یان هەڵوێســـتێکی مرۆڤانەیە، کە بەبێ ئەو کارە دراما نایەتەبوون»(ابراهیم، ١٩٩٤، ١٠).

دراما هونەرێکە بۆنمایشکردن نوسراوە، کە لە سەر سەکۆ پیشاندەدرێت و لەسەر بنچینەی دیالۆگ بنیات نراوە، بەمەش لەڕێگەی دیالۆگەوە دیوێکی تری ژیانی مرۆڤەکان و دەوروبەری دەخاتەڕوو، کەواتە دراما بریتییە لە فۆڕمێکی ئەدەبی« کە بۆ نوواندن لەســـەر شـــانۆ نووســـراوە، ئەکتەرەکان ڕۆڵی کاراکتەرەکان وەردەگرن، کاراکتەرەکان ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن و دیالۆگێکی نووسراو دەکەن بە قسە » (Abrams &; Harpham، ٢٠١٣، ٨٤)،

دراما هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی بیر و ژیری مرۆڤ و ڕوناککردنەوەی ژیانی گەل،«دراما وێنەیەکە لە ژیان، ئاوێنەیەکە نەریت و ڕاســـتی خۆیانی تێدا دەنوێنن» (کەریم، ٢٠٠٩، ١٥)، یان «شێوەیەکە لە شێوەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی»(سالار، ١٩٨٤، ٢٦) هەربۆیە دەوترێت دراما قوتابخانەیە بۆ بەرزبوونەوەی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری مرۆڤ. لەمەشـــدا بۆ گەشـــتنی پەیامی دراما، بنچینە و پێکهاتەی درامی گرینگترین شـــێوازە، کە شـــیعر لە قاڵبی درامیدا گەشەی پێبدات و بە باشترین شێوە پەیامەکە بگەیەنێت.

دراما لە بنەڕەتدا«وشـــەیەکی یۆنانی کۆنە، لە واتای کردارەوە (الفعل)هاتووە، (dram) لەلای یۆنانییەکان کردار یان کردەوەو ڕەوشـــتێکی مرۆڤانەیە، بەشـــێوەیەکی تایبەت» (ابراهیم، ١٩٩٤، ٩) کەواتە دراما لە یۆنان بە واتای کارو کردەوەیەک دێت کە ڕوویدات، ( ژان ژاک برنارد) دەڵێ: دراما«پێش هەموو شتێک هونەرە و هونەریش لە ڕێگای دیالۆگەوە شتێک دەدۆزێتەوە کە شاراوەیە و پێویستی بەوە هەیە کە هەستی پێ بکرێت..". هونەری شانۆ لە جیهاندا بە بەشێکی گرنگ لە هونەر دادەنرێت» (ئیبراهیم، ٢٠٠٩، ١٣٧)

(عەبدولکەریم برشـــید)، پێی وایە دراما «دەقێکی ئەدەبیە، ئەم دەقە لە واقیعدا تێڕوانینێکی دیاریکراوە بەرامبەر بەبوون، تێڕوانینێک کە بەهەڵە دەڵێن تێڕوانینی نوسەرێکی دیاریکراوە...چونکە ئەوە تێڕوانینی میللەتێک یان نەتەوەیەک یاخود توێژێکی کۆمەڵایەتی

دیاریکراوە، تێڕوانینێکی گشـــتییە، کەپەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ ویژدانی گشـــتی و ڕۆشنبیریی هاوبەش و هەستی بەکۆمەڵ دا هەیە»(برشید، ٢٠٠٢، ٢٤٤). لە شێوە گشتییەکەیدا بریتییە «لە هەر کارێک کە لەلایەن ئەکتەرەوە لەســەر ســتەیج (ســەکۆی شــانۆ) جێبەجێ بکرێت »(Cuddon، ٢٠١٣، ٢١٦)

هونەری دراما، بەرگرییە، خستنەڕووی ڕووداوەکانی مێژووە، پاراستنی کەلتوورە، کەلەپووری نەتەوەیە، نیشـــاندانی نەنگی و ناتەواوییەکانە، هەروەها «دێرینترین هونەری نواندنە، کە مرۆڤ ئـاشـــنـای بووبێ» (حەمودە، ٢٠١٦، ١٧)، دەربڕی خواســـتی مرۆڤ و چـارەســـەری دەردو گرفتە کۆمەڵایەتییەکـانە، «درامـا لاســـاییکردنەوەیەکی هونەریی ڕووداوەکانی ژیانە» (رشـــدی، ٢٠٠٠، ١١٧)، هەروەها دەوترێت دراما بریتییە لە «چەمکێکی گشتی بۆ جێبەجێکردن (نواندن)، کە ئەکتەر لاسایی کردار و قسەکانی کارەکتەری خەیاڵی و مێژوویی (یاخود کیانی نامرۆیی) دەکاتەوە بە مەبەستی دڵخۆشـی بینەران، جا ئیتر لەسـەر ســتەیج بێت یاخود لە تەلەفزیۆندا، نموونەیەکی تایبەت بۆ ئەم هونەرە بریتییە لە شـــانۆ» ( Baldick، ٢٠٠١، ٧٢)، لەڕوانگەیەکی ترەوە (دراما) پێناسـەکراوە بەوەی، کە « شـێوازێکە لە شێوازەکانی هونەر، کە لەسەر تێڕوانین و وێناکردنی هونەرمەندەکە لە چیرۆکێکدا وەستاوە، کە لەدەوری چەند کەســـایەتییەک دەســـوڕێتەوە، کە لە چەند ڕووداوێکی دیارکراوەوە تێوەدەگلێن» (وهبة، المهندس، ١٩٨٤، ١٦٧).

دراما لە یۆنانی کۆن و ڕۆما بایەخی زۆری هەبوو، لە مەیدان و ناوەندەکانی شـــار نیشـــان دەدرا، لە یۆنان و « لە ئەدەبی کۆنی ئەوروپاش دراماکان زیاتر شـــیعر بوون (بەشـــیعر دەنووســـران) هەروەک چۆن ئەدەبی داســـتانیش لە کۆندا زیاتر شـــیعر بوو، لە سەدەی هەژدەهەم بەدواوە لە فەرەنسا درامای پەخشانی بە شێوەیەکی سادە لە دایکبوو» (شمیسا، ١٣٨٧، ١٤٤)، ئەمە واتای ئەوەیە کە هەموو ئەو درامایانەی کە دەنووسران تا سەدەی هەژدە بە شێوەی شیعری درامی نووسراون.

لەبارەی بەکارهێنانی وشـەی دراماوە بە شـێوەیەکی گشتی و گرنکی ئەم هونەرەوە، دکتۆر ســەلام فەرەج دەڵێت: «ئەوەی کە (دراما) بەشــێوەیەکی هێندە فراوان بەکاربهێنرێت، بووە بە شــوناســنامەی ڕووداوە کاریگەرو دڵ تەزێنەکانی ژیان، وردە وردە وای لێهاتووە، کە وشــەی دراما بۆ هەموو کارێکی دراماییی بەکارهێنراوە، ئەم بەکارهێنانە جۆراوجۆرەش، تا ڕادەیەک ئاســاییە بۆ وشــەیەکی ئەدەبی، کە ناونیشــانی جۆرێکە لە هونەرو لە مێژووی هونەری هەموو گەلانی سەر زەمیندا جێیەکی تایبەتی هەیە» (کەریم، ١٩٨٩، ١).

دراما، وەک یەکێک لەو ڕێگایانە دادەنرێت مرۆڤ بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی ڕەوشتی باش و دورکەوتنەوە لە ناتەواوی و خراپەکارییەکان پەنای بۆ بردووە، پەیوەندی بە ژیانەوە هەیە«گێڕانەوەی لایەنێکی ژیانی مرۆڤایەتییە، کە ئەکتەرەکان پێشکەشی دەکەن و لاسایی کەسایەتییە ڕاستەقینەییەکان دەکەنەوە لە جل و بەرگ، و گوفتارو کرداریان، و گێڕانەوەیەکیش کە ئامادە دەکرێت بۆ نمایشکردن لەسەر سەکۆی شانۆ»(أنيس، وأخرون، ٢٠٠٤، ٢٨٢). شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) پێی وایە: «جیهان سەرانسەر درامایەکە، مرۆڤیش بە ژن و پیاوەوە ئەکتەرن و جێگەی هاتنە دەرەوەو چوونە ژوورەوەیان هەیە، ئەو دەورانەش زۆرن کە مرۆڤ لە ژیانیدا دەیانبینێت» (ئەمین، ٢٠٠٢، ١٧).

هونەری دراما «هونەرێکی ڕاستەقینەیە لە پێش چاودا تەمسیل دەکرێت و ڕاستەوخۆ کاری ئەکتەرەکان پێشچاو دەخرێت» (سمۆ، ٢٠٠١، ٧٢) وێنەی درامی (درامایی) کار لەسەر چۆنییەتی سازاندنی ململانێ و پێکهێنانی کەسایەتی و پێدانی ڕۆڵ و کاریگەری لەدەقدا بە بەرجەستەکردنی ڕووداوەکانەوە وابەستە دەکات و مەزراندنێکی هونەری بەرزیان بۆ دەکات هەر لە ناو ئەو ڕووداوانەدا ئەرکی شوێن و کات دەستنیشاندەکات و سەرەتا و ناوەند و کۆتایی لەخزمەتی پرۆسەی سازاندنی دراماکەدا دەبن.

## - دووەم: جۆرەکانی دراما

لە بارەی پێکهاتەی دراماوە بەتایبەت لە قاڵبی هونەریدا، ئەرستۆ لە خستنەڕووی جۆرەکانیدا جەخت لە بوونی تراژیدیاو کۆمیدیا دەکاتەوەو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش «بنەمای خاسییەتە "هونەری و ڕووخسارییەکان" تیۆرێکی لەبارەی هونەرەکانی ئەدەب داناوە و شانۆ لای ئەو دوو جۆرە: (مەرگەسات)، کە بە تراژیدیا ناودەبرێت و (پێکەنینئامێز)، کە بە کۆمیدیا ناودەبرێت» (خۆشناو، ٢٠١٤، ٢٣٠)، بەڵام لە شێوەکانی درامای یۆنانی کۆن، کە بۆ بۆنەی جەژن و ئاهەنگەکانی "دیونیسوس"ەوە پێشکەش دەکران چەند جۆر دراما بوونی هەبووە کە بریتیبوون لە:

١- **خۆ پیشاندانی دیسرامبی**: بریتی بوو لەو جۆرە خۆپیشاندانەی کە «کۆرسەکانی دیسرامبی بەشدارییان تێدا دەکرد، هەر کۆرسەی لە پەنجا کەس پێکهاتبوو، کە بە یارمەتی دەنگی شمشاڵ و ساز، سەمایان دەکرد و گۆرانیان دەگوت» (السكر، ١٩٨٠، ٧٦)

٢- **مەرگەسات (تراژیدیا):** باسی نەهامەتی و ئازارچەشتنە و بە ناخۆشی کۆتایی دێت و بە مەرگەسات ناودەبرێت، «نواندنی کردەوەی گرنگ و جدییە، کە لەکۆدا بە خەساری پاڵەوانی سەرەکی کۆتایی دێت، واتە چنینێکی (plot) جدییەو بە کارەسات (Catastrophc)

دەبڕێتەوە» (شـــمیســـا، ١٣٨٧، ١٤٤) بەنموونە وەکو دەقی (ئۆدیب پاشـــا) کە ســـۆفۆکلیس نوسیوویەتی، هەروەها تراژیدیا «لاسایکردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە، تەواو پێگەیشتووە، کە درێژییەکی دیاری هەیە و بە زمانێکی پاراو نووسراوە، کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە، کە لەگەڵ بەشـــەکانی شـــانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بە شێوەی درامی، نەک بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە بەزەیی و ترس دەوروژێنێ و بەوەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆزە دێتە دی» (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٧).

دکتۆر (إبراهيم حمادە) پێی وایە «تراژیدیا یاخود شانۆی مەرگەساتاوی، یەکێکە لە ڕەگەزە ســـەرەکییەکانی هونەری درامی و ڕاقیترین جۆرو قورســـترینە لە نوســـین و پێناسەدا» (ارسطو، ١٩٩٩، ١١١)، تراژیدیا دەبێتە هۆی پێکدادان و ململانێکان و لە کۆتا جاردا بۆ مەرگ و تێکشـکانی پاڵەوانی درامی دەشـکێتەوەو لەگەڵ ئەوەشـدا پەیوەسـت دەبێت بە بینەرانەوە کە تا چەندە کاریگەریی لەســـەر پاکبوونەوەیان هەیە، کەواتە «بریتییە لە لاساییکردنەوەی کارێکی جدی و تەواو لە خودی خۆیدا کە درێژییەکی دیاریکراوی هەیە لە زمـانێکی چێژبەخشـــدا، چونکە بەشـــێوەیەکی جوانی هونەری ڕازێنراوەتەوە، ئەم لاســاییکردنەوە بەشــێوەی دراما کۆتایی دێت و تەواو دەبێت... بەڕوداوگەلێکی بەبەزەیی و ترس بەمەش پاکبوونەوە ڕوودەدات» (ارســطو، ١٩٩٩، ١١١) ئەرســـتۆ ئەوەندەی لەبارەی تراژیدیاوە دواوە و بایەخی خستۆتەسەر، بایەخی بە کۆمیدیا نەداوە بۆیە زۆرترین لێکدانەو ڕاڤەکانی بۆ تراژیدیا بووە، گەرچی دەگوترێ کە ئەو بەشـــەی «تایبەت بووە بە کۆمیدیا لە کتێبی"شــیعر"دا ون بووە، هەروەها کاتێک باســی داســتانیش دەکات، وا پێدەچێت تەنها لە پێناوی بەراوردکردنی لەگەڵ تراجیدیادا ئەوەشـــی کردبێت»(بەرزنجی، ٢٠١٦، ٢٥) ئەرســـتۆ لە پێناســـەکردنی زمانی تراژیدیادا دەڵێت: «زمانێکی جوانی هەیە و هەریەکێک لە ئەکتەرەکان بەشـێکی دەنوێنن و پشـت بە گێڕانەوە نابەسـتێت، لە ڕێگەی بەزەیی و پەیداکردنی ترسـەوە دەبێتە هۆی پاککردنەوەی هەســـت و ســـۆز»(ئەریســـتۆ، ٢٠١٠، ٢٢)، هەروەها لە پێناســـەی کارەکتەری تراژیادا، دەوترێت« کارەکتەری ســـەرەکی یاخود پاڵەوان بەهۆی هەڵەکانییەوە تووشـــی ناخۆشـــی دەبێت. بکوژ، مردن، شـــێتی و ئازار لە گرنگترین ئایدیاکانی تراژیدیان. کاراکتەری ســـەرەکی هەندێک لاوازی هەیە و ئەمانەیش هۆکاری ئەوەن کە بکەوێتە ناو ناخۆشییەوە. هەروەها ئەم جۆرە دراما، بە دیمەنێکی کارەساتاوی کۆتایی دێت و کاریگەری هەیە لەسەر بینەر»(Quinn، ٢٠٠٦، ٤٣٢).

٣- **کۆمیدیا یان بەزمەســـات،** بەشـــێوەیەکی ســـەرەتایی و بنچینەیی، ئەوەی پەیوەندیی بە ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی کۆمیدییاوە هەیە، لەســـەردەمی گریکی کۆن (ئەریســـتۆفانس)

بەرابەری کۆمیدیا دادەنرێ، کە کارەکانی لە دواییدا «کاریگەرییەکی بەرزی هونەری کردە سەر ئەدەبیاتی تری دوای خۆی. وەک لە ئەدەبیاتی رۆمانی (لاتینی) ی کۆن دیارە. کە لە دواییدا ئەدەبی رۆمانی سەری هەڵدا...بەڵام زۆربەی کارەکان لەژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەدەبی گریکی یۆنانیدا بووە، چونکە ئەدەبی گریکی خۆی سەرچاوەی داهێنان و خوڵقێنەر بووەو رۆمانەکان لاساییان کردۆتەوە» (حاجی، ٢٠١٨، ٩٥). ئەرستۆفانیسی نوسەر، خاوەنی دەقی شانۆیی "بۆقەکان"ە «بەمجۆرە شانۆییە ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی بەرزەماڵان (خانەدانەکان) و (ئۆرستوکراتەکان) گرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز» (عەبدولا، ٢٠١٦، ٢٥). لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیدیا کۆنترین جۆری درامایە کە «ئامانجی ئەوەیە کە بینەر پێبکەنێت، تۆنەکەی ئاسانە و زۆرینەی جار بە دیمەنێکی دڵخۆشییە و بە پێکەنین کۆتایی دێت»(Quinn، ٢٠٠٦، ٨٥) سەبارەت بە سەرچاوەی کۆمیدیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاهەنگە ئاینییانەی کە گریکەکان بە ناوی (کۆمۆس) ەوە لەبۆ (دیۆنیزیۆس) ی خواوەندی فەڕ و شادی سازیان دەدان، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ «نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی (پ.ز) گەرچی لە سەرەتادا کۆمیدیا لە ئاستێکی نزمدا بووە وەلی لەسەر دەستی هونەرمەندی گریک (ئەریستۆفانیس ٤٤٨پ.ز – ٣٨٨پ.ز) گەیشتە ترۆپک و بوو بە هونەرێکی سەربەخۆی فرە مەزن، هەر بۆیە (ئەریستۆفانیس) ش بە پێشەوای ئەم هونەرە دادەنرێت»(کاردۆ، ٢٠٠٦، ٣٦).

٤- **ساتیر:** بریتیی بوو لەو شانۆیانەی تێکەڵاوییەک بوو لە نێوان تراژیدیاو کۆمیدیا، «کە لە دوو بەش پێکهاتبوون، یەکێکیان سروشتێکی تراژیدی هەبوو، ئەوەی تریان سروشتێکی گاڵتەجاڕی هەبوو، پاشان (فرینیکوس) دەرکەوت کە دەمامکە ژنانەییەکان (الأقنعة النسوية) دانا، کە لە ڕۆژگاری خۆیدا ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، بەڵام کەمتر بەختەوەر بوو لە (ئەسخیلوس)، چونکە لە ئێستادا هیچ شوێنەوارێکی نەماوە» (العشرى، ١٩٩١، ١٦). لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز، (باتیناس) ی شاعیر کە پسپۆڕی شانۆی (ساتیر) بوو،«وەک نووسەرێکی شانۆیی ساتوری (ساتیر) پێینایە کۆڕی هونەری شانۆوە» (السكر، ١٩٨٠، ٨١).

٥- **میلۆدراما:** ئەوجۆرەی درامایە کە لەگەڵ «دیالۆگەکانیدا مۆسیقا بەکار دەهێنرێت» (کاردۆ، ٢٠٠٦، ٩٦)، هەرچەندە شێوەو توخمەکانی میلۆدراما «لە کۆنەوە هەبووە، بەڵام ئەو بارودۆخەی لە سەدەی هەژدە هاتە پێش لە بواری هونەرو ئەدەبدا هاوکاربوو بۆ سەرهەڵدانی میلۆدراما وەک جۆر و فۆرمێکی نوێی دراما، لە سەدەی نۆزدەدا»(رشدی، ٢٠٠٠، ١٠٩)، میلۆدراما بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم لە درامادا ڕۆڵی هەبووەو هەمیشە

کۆتایی میلۆدراما بە شـــــادی تەواودەبێت، کەواتە میلۆدراما «نوێترین جۆری دارامایە... هەمیشـە بابەتەکان کە وێنای دەکرێت ئاسانە، هیچ هەڵبەزودابەزێکی پێشبینی نەکراوی تێدا نییە»(Fowler،Childs ، ٢٠٠٦، ٦٥) تا ئێســـــتاش ئەم جۆرە درامایە بینەری خۆی هەیە، لە تـایبەتمەنـدییەکـانی میلۆدرامـا: «دۆخی وروژاو، ڕووداوی دڵتەزێن، کـارەکتەری نـامۆو سەیر، گۆڕانی ناکاو لەو ڕووداوانەی کە پشت بە زێدەڕۆیی دەبەستن، کۆتایی خۆشنوود» (کاردۆ، ٢٠٠٦، ٩٦). ئەو ژینگەیەی میلۆدراما وێنـای دەکات تـایبەت بە ڕەگـەزی ڕووداو، « بەشـــــێوەیەکی باو لە کۆمەڵە ڕووداوێکی دەرکەوتوو لە پاڵەواندا، کە بە دەســـــت کرداری کەسـێک، یان زیاتر لە کەسـێک دەناڵێنێت، کە خاوەن هەڵوێسـتێکی ئەخلاقی نین و توانجی بینەر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە میلۆ درامادا، بەڵام وەرچەرخان لە کۆتایی دراماکەدا لادەرە لە مەرگێکی ڕاستەقینە بۆ ڕزگاربوون، یا لە خراپی بەرەو بێ تاوانی»(حوسێن، مەولود، ٢٠١٨، ٤٣٠).

٦- **مۆنۆدراما (درامای تاکە کەس) درامای تاک ئەکتەر:** مۆنۆدراما هونەرێکە لە هونەرەکانی دراما، هەروەها لە شـێوەکانی درامای ئەزمونییە، کە لە سـەدەی بیسـت پانتاییەکی زۆری داگیرکرد و بەرەوپێشـــــچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، تەنها یەک ئەکتەر لەم جۆرە درامـایەدا ڕۆڵ دەبینێت، لەڕێی دیـالۆگەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە. مۆنۆدرامـا«کـارێکی دراماییی تەواوە بۆ یەک ئەکتەر دەنوسرێت بۆ ئەوەی بە تەنها خۆی لەسەر تەختەی شانۆ نمایشـــــی بکات، بەم جۆرە دەوترێت (مۆنۆ دراما). ئەم جۆرە ئەکرێت قاڵبێکی تەواوی سەربەخۆ بێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە (ئیبراهیم حەمادە) پێناسەی کردوە بەوەی کە (مۆنۆ دراما درامایەکی تەواوە لە خودی خۆیدا، پێویسـتی بە یەک ئەکتەری پیاو یان ئافرەتە بۆ ئەوە بەتەنها خۆی لەسەر تەختەی شانۆ نمایشی بکات، ڕەنگە درامای (زیانی باینجان) لە نوسینی ئەنتۆن شـێخۆفە لە سـاڵی ١٧٦٠ بۆ ١٩٠٤ جوانترین نموونە بێت بۆ ئەم بوارە» (عجور، ٢٠١٠، ٧١) کەواتە وتارێک یان دیمەنێکی درێژە یەک ئەکتەر دەیگێڕێتەوە، بریتییە لە دەقێکی درامی یان سینمایی کە یەک ئەکتەر تیایدا ڕۆڵ دەبینێت، کە ئەو ئەکتەرە بەرپرسە لە گەیاندنی پەیامی دراما و ئاماژەکانی شان بە شانی ڕەگەزەکانی تری دراما.

٧- **تراجیکۆمیـدی،** تراژیـدیکۆمیـدیـا :(Tragicomedy) جۆرێکی تـایبەتی درامــایە کە تایبەتمەندییەکانی درامای کۆمیدیا و تراژیدیای کۆکردۆتەوە. ئەم جۆرە لە دراما «ڕەنگە بە خەمگینی دەســـــت پێ بکات و بە دیمەنێکی دڵخۆشـــــی کۆتایی بێت. یاخود دەشـــێت دراماکە جدی بێت و هەندێک ڕەگەزی گاڵتەو گەپ لە تەواوی شـــــانۆکەدا دەرکەوێت»

(Cuddon، ٢٠١٣، ١٣٥) ئەرستۆ هیچ باس و خواسێکی لە بارەی فۆرمی تراژیکۆمیدییەوە لە هونەری شـــیعردا نەکردووە، بەڵام وردە وردە درامانووســـــان لە شــــوێنکەوتەی پێوەرەکانی ئەرستۆ لادانیان کرد.

ئەرســتۆ ئەم یاســاو ڕێســایانەی لە بۆچوونی خۆیەوە نەهێنایە بوون تا ســەردەســتەو ســـــەرمەشـــــقی بۆ تراژیـدیـا نووســـــانی دوای خۆی بێـت، «بەڵکو هەموو ئەوانەی لە دراماگەرییەکانی ســـەردەمی خۆی و پێش خۆی هەڵهێنجاوە، ئاســـاییە بۆ تێپەڕبوونی کات، زەوق و سەلیقەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، لە هەندێک لەو بنچینە ئەرستۆییانە گۆڕانکاری سەرهەڵبدات، لەم بارەیەوە تێبینی دەکرێت بەشێکی زۆر لە تراژیدیاکانی شکسپیر بەتایبەت ســـــەردەمی ئەلیزابیت لەگەڵ بۆچوون و دەربڕینەکانی ئەرســـــتۆ وەکیەک (مطابق) نین، بۆ نموونە لە تراژیدیاکانی شکسپیردا گاڵتەو شۆخی هەیە» (شمیسا، ١٣٨٧، ١٤٧).

## - سێیەم: ڕەگەزەکانی دراما

ڕەگەز لە دەقی ئەدەبی و هونەریدا ئەرک و ڕۆڵی خۆی هەیەو لە درامادا بەشێکی گرنگ لە ئەرکی نواندنی کارەکە لەئەســـــتۆی ئەو ڕەگەزانەدایە و بەشــــداری لە گەیاندنی پەیامدا دەکەن، یان دەکرێت بگوترێت ڕەگەز ئەو قاڵبە هونەرییەیە، کە دەقی ئەدەبی جیاواز لە ژێر ڕۆشـــــنایی پێداویســـــتییەکانیدا بەرهەمدێت، بۆ نموونە شـــــیعر لەســـــەر بنەمای ڕەگەزە پێکهـاتەییەکـانی خۆی بنیـاتنراوە، کە لە ژانرەکـانی دیکەی جیـادەکـاتەوە، لەوانە: کێش و سەرواو (مۆسیقای شیعری)، وێنە و زمان، کە لە فۆرمی شیعریدا جیاوازن و شیعرییەتی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، هەمان شت لە دراماشدا هەیە، کە تایبەتمەندی ئەوەیە دراما بە دیالۆگ، ڕووداو، شـــوێن، کات، کەســـــایەتی و توخمەکانی دیکە دەناســـــرێنەوە و لە ژێر ڕۆشـــنایی ئەمەشـــدا دەقە ئەدەبییەکان پۆلێن دەکرێن، بۆ ژانرەکانی تریش بە هەمان پێوەر ڕەگەزی جیاو هاوبەشـــــیان لەگەڵ ژانری تر هەیە، کە دەکرێت لەمەوە بۆ هاوبەشـــــی و جیاوازی دراماو ژانرەکانی تر بڕۆین، لەگەڵ ئەوەشـــدا دانان و نەخشـــاندنی پێکهاتەی ئەو ڕەگەزانە لە هەر ژانرێکدا بەپێی زەرورەتی دەقەکەیەو هیچ مەرجێکی پێشـــــوەختە نییە تا دەســـــتنیشـــــانی ئەوە بکات، دەقێک چەند کارەکتەری دەوێت، یان ڕووداوەکان چەند کاتیان پێویستەو دەبێت زەمینەو شوێنی ڕووداو کوێ و چەند بێت.

## ١) ڕووداو

**ڕووداو**: ڕەگەزەکانی درامای شـیعری لای ئەرسـتۆ، پێکدێت لە «چنین، کەسـێتی، دارشـتن، هزر، دیمەن، گۆرانی»(ئەرسـتۆ، ٢٠١١، ٢٨)، کە هەموو ئەو ڕەگەزانە بە دەوری ڕەگەزێکی سـەرەکی و پێکهاتەیەکی بنچینەییدا دەسـوورێنەوە، کە ئەویش ڕووداوە، بە نموونە گرنگترین ڕەگەز لای ئەرستۆ چنینە، کە بەواتای «ڕێکخستنی ڕووداوەکانە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٩) وە هەروەها ڕۆڵی کەسـێتیش بەگەڕخسـتنی ڕەفتارو کردەوەیە، کردەوەش بەرهەمهێنی ڕووداوە، ڕەفتار بەواتای جووڵە و هەڵسـوکەوتی کەسـایەتییەکان دێت لە نێو ڕووداوەکاندا. کەواتە لەلای ئەرستۆ. ڕووداو لە هەموو ڕەگەزەکانی تر گرنگترە.

لە ناو هەر بابەتێکی ئەدەبیدا ڕەگەزی ڕووداوی تێدابێت بە سـەرەکی و لاوەکییەوە بەشێوەیەکی زنجیرەی گرنگ پێکەوە بەستراون و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا دروست دەبێت، زۆر جـار بە لابردنی ڕووداوێک چنینی دەقەکە تێکدەچێت، چونکە لە پێکهـاتەی دەقێکدا ئەو تەکنیکەی ڕەگەزەکان بە تایبەتی ڕووداوەکان پێکەوە دەبەسـتێت، ڕووداو لای ئەرستۆ جووڵەو زیندوویەتی درامایەو «ڕووداو بەگیانی دراما لە قەڵەم ئەدات...»(دبليودوسن، ١٩٨١، ١٤١)، ڕووداو بریتییە لە بەریەککەوتن، بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ، لەگەڵ مێژوو، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ سـروشـت، «کۆمەڵە بەسـەرهاتێکی بەش بەشـی پێکەوە بەسـتراوە، کە بەشـێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، پێویسـتە لە هەموو چیرۆکێکدا بەگوێرەی سـیسـتمێکی دیاریکراو شـتەکان ڕوودەن و بەگوێرەی ئەو سـیسـتەمەش چوارچێوەیەک لەوی دیکە جیـا دەبێتەوە»(خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٦)، ئەگەر ڕووداو بەهێز و سـەرنج ڕاکێش نەبێت، نـاتوانێت درامـا بخولقێنێ، کەواتە ئەوە ڕوونە، کە هیچ درامـایەک بە بێ ڕووداو بەرهەم نایەت، ڕووداوەکانیش بە سـەرەکی و لاوەکییانەوە «یەکەیەکی پێکەوە گرێدراون، ئەگەر بەشـێکی لێ لاببرێت سـەرجەمی دەشـێوێ، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ ڕووداو یەکەیەکی ئۆرگانی بەهێزی پێکەوە بەستنی درامایە»(رشدی، ٢٠٠٠، ٢٠).

کـەواتـە ڕووداو ئەو هێزەیە گیـان بە بەری دەقی ئەدەبی و هونەریـدا دەکـات و هەمیشـە بەزیندوویی دەیهێڵێتەوەو جووڵەیەکی بەردەوامی پێدەبەخشـێت، «زنجیرەیەک گۆڕانە، کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە هەنگاو دەنێن، تا لە کۆتایدا دەگەنە ترۆپک و گۆڕانی کۆتـایی بەئەنجـام دەگـات»(عەولا، ٢٠١١، ٣٢١). لـەگـەڵ ئـەوەی ڕووداو ڕەگەزێکی درامایە، لە زۆر چەشـنی تری ئەدەبیدا بەشـداری کارای هەیە، لەوانەش شـیعر، هەندێک بەرهەمی ئەدەبی هەیە بەبێ بوونی ئەم ڕەگەزە پێکنایەت لەوانە (داستان، ڕۆمان، چیرۆک...).

گرنگی ئامادەبوونی ڕەگەزو توخمی ڕووداو لە دەقدا کەمەندکێشکردنی ڕەگەزو توخمەکانی تری وەک (کەســـایەتی، دیالۆگ، ململانێ، کات و شـــوێن...)ە، داینەمۆی فراوانبوونی دەقی ئەدەبیە.

هـاوبـەشـــیپێکردنی ئەم ڕەگەزە لە ژانرێک بۆ ژانرێکی تر دەگۆڕێت و ســـیماو خەســـڵەتی تایبەت بە جۆری ژانرەکە هەڵدەگرێت، بەڵام لە شـــێوە گشـــتییەکەیدا ڕووداو زنجیرە کردارو هەڵســـوکەوت و بەســـەرهـاتێکی پێکەوە گرێـدراوی مـانـادارە، کە لە بەریەککەوتن و پێکەوەبوون و ڕەفتـار و ژیـانی مرۆڤەکـان و ژینگەو دەوروبەری ســـەرهەڵدەدات. ڕەگەزی ڕووداو لە شـــیعریشـــدا گرنگی و بایەخی هەیەو کاتێک شـــاعیر ڕووداوێـک دەکـاتە هەوێنی بنیـاتنـانی دەقێـک، چیرۆک و بەســـەرهـاتەکـان دەخـاتەڕوو، مەبەســـتییەتی هەســـت و ســـۆزی تایبەتی و بۆچوونی لەمەڕ ئەو ڕووداوە بخاتەڕوو، نەک تۆمـارکردن و گێڕانەوەیەکی مێژوویی. بۆیە ڕووداو دەرەنجـامی کـارلێکی هەڵوێســـتی کەسەکانە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، بەڵام لە گوێزانەوەی ڕووداوەکان بۆ ناو دەقێکی ئەدەبی، دەبێت ڕەچاوی پتەوی و پێکەوە بەستراوی ئەو هەڵوێستانە بکرێت، چونکە «ئەگەر یەکێک لەو ڕووداوانە لە شـوێنی دروسـتی خۆیەوە دانەنرێ، یان ئەگەر فڕێ بدرێ، کردەوە تەواو و پێگەشتووەکە تووشی شێوان و لێکترازان دەبێ» (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٣٦).

ڕووداو گرنگترین بزوێنەری درامایە، بەڵام لە شـــیعردا ئەرکی شـــاعیر ئەوە نییە ڕووداوەکان کتومت وەک خۆی بگوازێتەوە نێو دەقێک، ئەم جۆرەیان کاری مێژوونووســـە، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە شـــاعیر بۆی نییە ڕووداوی ڕاســـتەقینە بگوازێتەوە نێو دەق، بەڵکو دەبێت لە چنینی دەقەکەیدا ڕەچاوی بنەماو پێکهاتەو ئیســـتاتیکای دەقی ئەدەبی بکات، "لە نێوان حەقیقەتی شـــیعر و حەقیقەتی مێژوودا ئەرک و گرنگی شـــاعیر لەوەدا نییە کە لە واقیعدا چی ڕویداوە بیگێڕێتەوە بەڵکو ئەوەیە چۆن بتوانێت ڕوداوێک دروســـــت بکات . بەمەرجێک بتوانێت ملکەچی یاســـــایەکی گریمانە بکات یان یاســـــایەکی ناچاری، بۆیە بە نووسـینی هۆنراوەیەک یان پەخشـانێک شـاعیر لە مێژوو نووس جیاناکرێتەوە وە کارەکانی (هیرودوت) دەکرێت لەســـــەر شـــێوازی شـــیعر دانرابن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا دەکرێت نمونەیەکی مێژوویی بن ئەگەرچی کێش و ســـــەروای هەیە یان وەک پەخشـــــان بێ کێش و ســـــەروایین، بێگومان جیاوازی ڕاســـــتەقینە خۆی حەشـــــار داوە کە یەکێکیان دەبینێت چی ڕودەدات و ئەویتریان دەکرێت ڕووبدات .لەسـەر ئەم بنەمایە شـیعر فەلسـەفەی زۆر ترە لە مێژوو هەروەها لە بەرزترین ترۆپکدایە .لەبەر ئەوە لەوکاتەدا شـــیعر گوزارشـــت بوو لە حەقیقەتێکی گشـــتی و هەمەکی، بەڵام مێژوو گوزارشـــت بوو لە حەقیقەتێکی تایبەت و تاک لایەنە و گرنگی بە حەقیقەتی گشـــــتی و هەمەلایەنەش دەدات"(ارســـطو، ١٩٩٩، ١٣٧). ئەمەش مانای وایە شاعیر «یەکەمجار دروستکەری چنینە، ئینجا هۆنەرەوەی شیعر»(ئەرستۆ، ٢٠١١،

٣٨) هۆنینەوەی شـیعریش جۆرە سـنعەتکارییەکە، کە وەک کەرەسـتەی دیوار پێویسـتی بە بابەتی بەهێزو سـەرنجڕاکێش هەیە تا بنیاتی دەقەکەی لەسـەر بنێت، شـیعری نوێی کوردی لەم بوارەدا بەئاگاییەوە پەلی هاوێشـتووە، تا بتوانێت ڕۆڵی لە پێکهاتەی دەقدا فراوان بکات و جیا لەلایەنی ئیستاتیکاو جوانی شـیعرو زمانی پاراو و ڕەوانی وشـەو ڕەسـەنیەتی کێش لابەلای ئەرکی (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی، نیشتمانی، ئاینی...)شیعردا بکاتەوە.

**جۆرەکانی بنیاتی ڕووداو:**

- زنجیرەیی (ئاسـایی): ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداو لە خاڵێکی ڕابردووەوە دەسـتپێدەکات بەرەو هێڵی گێڕانەوەکە هەڵدەکشـێت، « واتە ڕیزکردن و بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان پاش و پێشـی تێدا ناکرێت، ئەوەی هەیە لە شـێوازی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان لە زنجیرەیەکی ڕێکخراوی مێژوویدا»(محمد، ٢٠٠٩، ٦٧)، لەم شێوەیدا ڕووداو بە پێی زنجیرە ئاسـاییەکەی خۆی لە "سـەرەتاوە تا کۆتایی "دەڕوات. لەلای ئەرسـتۆ ڕیزکردنی ڕووداوەکانی تراژیدیا بەشـێوەی زنجیرەیی بریتییە لە «سـەرەتاو ناوەڕاسـت و کۆتایی»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٣٣).
- بازنەیی: نووسـەری دراما یان نووسـەری هەر بابەتێکی تری ئەدەبی لە خسـتنەڕووی ڕووداوەکاندا، هەندێک جار وەک تەکنیکێکی نوێی دارشـتنی بەرهەمی ئەدەبی، شـێوازی زنجیرەی بەدوایەکدا هاتنی ڕووداوەکان پەرت دەکات"ڕووداوەکان لە خاڵێکی دیاریکراو دەسـتپێدەکات، ئینجا لە کۆتایدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی دەسـتپێکردن"(نوری، ٢٠٢٠، ١٤٦) واتە «ڕووداوەکـان لە خـاڵی کۆتـاییەوە دەخرێتەڕوو دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی سـەرەتا، بەواتایەکی تر ڕووداوێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی زنجیرەی ڕووداوەکاندا پێویسـتە کە لەکۆتایی چیرۆکەکەبێت، کەچی دەبینین لە سـەرەتاوە باسکراوە»(محمد، ٢٠٠٩، ١٢٤) .
- هـاوتەریب: ئەوەیە کە لەیەک کاتدا چەندین ڕووداو لـە چەندین شـوێنی جیاواز ڕوودەدەن، و بەشـێوەی هـاوتەریبی لە دەقەکەدا دەخرێنەڕوو واتە «گێڕانەوەی دوو چیرۆک یان زیاترە، کە ڕووداوەکانیان لەهەمان کاتدا ڕوودەدەن... بەشێوەیەکی نۆرەیی لە خاڵی سەرەتاوە ڕووداوەکان دەگەیەنێت بە خاڵی کۆتایی»(محمد، ٢٠٠٩، ١٠٨).
- تێهەڵکێش: لە "ڕەخنەی ئەدەبیدا بنیاتی (تێکچڕژاو)یشـی پێدەگوترێت"(نوری، ٢٠٢٠، ١٣٩) ئـەوەیـە کـە لـەگـەڵ ڕووداوی سـەرەکیدا ڕووداوی تر تێهـەڵکێش بکـەیـت، یـان «تێهەڵکێشـکردنی چەند ڕووداوێکی لە هەمان دەقدا، واتە چەند ڕووداوێک تێهەڵکێش دەکرێن بەبێ گرنگی دان بە زنجیرەی کاتی ڕوودانیان »(محمد، ٢٠٠٩، ٨٦).

## ٢) کارەکتەر

کارەکتەر: کەسـێک، گیانلەبەرێک، یان بێ گیانێکە لە دراما‌دا، کە تایبەتمەندیی کەسی(شخصی) کەسایەتییەک، یان ڕۆڵێک بەرجەستە دەکات. دەتوانین بڵێین کەسێک یان تاکێکە لە نواندن و ڕۆڵگێڕاندا، تایبەتمەندیی کەسـی یان مێژوویی دەخاتەڕوو؛ هەر کارەکتەرێک هەڵگری ناو و تایبەتمەندیی خۆیەتی و بەڕۆڵەکەیدا دەناسرێتەوە.

کارەکتەر«ئەو ڕەگەزە چالاکەیە، کە هەڵدەسـتێت بە ئەنجامدانی کـارو کردەوەیەک»(سـتار، ٢٠٠٣، ١٧٨) ئەوەی ئەکتەر پێی هەڵدەسـتێت، پێی دەڵێن ڕۆڵ یان ڕۆڵگێڕان، واتە ئەکتەر لەبەرگی کەسـایەتییەکی تردا، کە دراماکە پێویسـتی پێیەتی، کارێک یان نمایشـێک ئەنجامدەدات؛ کەواتە ڕۆڵ بریتییە لە نواندن و ئەنجامدانی کارێک، کە ئەکتەر پێی هەڵدەسـتێت، کە بەو کارە خودی خۆی نمایش ناکات، بەڵکو ئەو بریتییە لەو کارەکتەرەی لەناو کۆی ڕووداوەکاندا دێت و دەچێت و ئەرک و بەرپرسـیارییەتییەکی لە ئەسـتۆدایە و «لە نێو ڕووداوەکاندا خاوەنی کۆمەڵێک ڕەهەندی(سـیاسـی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، جەستەیی)ە»(ڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٥٤ ) بەمەش دەبێتە خاوەنی ڕۆڵێکی دیاریکراو.

کەواتە ڕۆڵ ئەو واقیعەی ژیانە، کە لە نێو دەقێکدا بوونی هەیەو کەسـێک یان ئەکتەرێک لە بەرگی کەسـایەتییەکدا«لە تانوپۆی دەقەکەدا دەیگێڕێت»(ڕەحمان، ٢٠١٤، ٤٥) ئەمەش بۆ ئەوەیە قۆناغ بە قۆناغ ئەم کارەکتەرە لەڕێگەی ڕۆڵەکەیەوە هەنگاوەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوون هەڵگرێت و جووڵەو ژیان بە دەقەکە ببەخشێت.

سەرکەوتنی ئەکتەر لە ڕۆڵگێڕانەکەیدا، واتە بەدەستهێنانی ئامانج و پەیامی سەرەکی دەقە دراماییەکە، کە ڕۆڵی کەسییەتییەکی چەسپاو نیشاندەدات، ئەرستۆ بایەخ بەم هەڵوێستە دەدات و پێی وایە ئەو کەسەی ڕۆڵێک دەگێڕێت، دەبێت «کەسێتی چەسپاو بێت و بەدرێژایی شانۆکە لەگەڵ خۆیدا کۆک بێت» (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٥٥)، هەڵبژاردنی ئەکتەرێک بۆ بینینی ڕۆڵێک لە دەقێکی ئەدەبیدا، کارێکی ئاسـان نییەو سـەرنجی ورد و شـارەزاییەکی باشـی دەروونی دەوێت، تا ئەکتەرێک دەسـتنیشـانبکرێت بۆ گێڕانی ڕۆڵەکەو بتوانێت ئەدای ئەو ڕۆڵە بکات، کە دەرخەری کەسـایەتی ناو دەقەکە بێت، با بەڕێژەیەکی زۆریش سـیفەت و ڕەوشـتی پێچەوانەی سیفەتی جێگیرو چەسپاوی خۆی بێت، بەمەش زۆرجار ئەرکی دەرهێنەر قورس و گران دەکات لە دۆزینەوەی ئەکتەردا.

سـەرنجدان لەسـەر تایبەتمەندی و ئاکاری بنچینەیی کارەکتەرەکان ورد و دیاریکراون. بەواتای ئەوەی ئەگەر ئەو کەسـەی لاسـایی دەکرێتەوە ناکۆک بێت لەگەڵ سیفەتی خودی ئەکتەرەکەدا «دەبێ تا کۆتایی هەر بەناکۆکی بمێنێتەوە» (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٥٥)

کەواتە ئەکتەر لەســــەر تەختەی شـــانۆ خۆی نییە، ئەوە، ئەو نییە کە دەجولێ، کە دەدوێ، بەڵکو کارەکتەری ڕاستەقینەی ناو ڕووداوەکانە، چونکە کارلێککردنەکان لەنێوان کارەکتەری درامادا و پەیوەندی نێوانیان دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدانی کرداری درامایی، لەگەڵ ئەوەشـــدا بارودۆخی نێوان کەســەکان و ڕووداوی ناو دراما ڕۆڵی هەیە لە ســەرهەڵدانی مەترســی و زیـادبوون و کەڵەکەبوونی گرێی و هەڵچوون و داچوونی بـاری دەروونی کـارەکتەرو بەرەوپێشـــچوونی دۆخی ڕووداوەکان، بەمەش بونیاتی درامی بەبەهێزی دەردەکەوێت کە «بێگومـان کـارەکتەرەکـان ڕۆڵێکی چـالاکییـان هەیە لە دروســـتکردنی بنیـاتی درامیدا»(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، ٧٤).

کارەکتەر لەدرامادا ئەرکی گەورەی لە ئەســتۆیە، هەروەک چۆن ڕەگەزی ڕووداو، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت، هاوپەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو ڕەگەزی کارەکتەرو ڕووداودا بوونی هەیە «چونکە بەشـێکی زۆری کەســێتیەکان ســەرچاوەی دروســتبوونی ڕووداون، هەر کەسێتیشـە کار دەکات بۆ دروستکردنی گرێ و ئاڵۆزی و دواتر کردنەوەی گرێ و ئاڵۆزییەکە، کەچیرۆکنووس ئەو ئەرکە دەداتە کەســێتییەکانی چیرۆکەکە»(عوسـمان، ٢٠٠٩، ١٧).

هەندێک لە کارەکتەرەکان بە درێژایی چیرۆکەکە ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن(کارەکتەری ســـەرەکی)، هەندێکیان تەنیا مەبەســـتیان ئەوەیە، کە چیرۆکەکە بەرەو پێشـــەوە ببەن و هەندێکی تریش تەنیا لە هەندێک بەشـــی دیاریکراوی چیرۆکەکەدا دەردەکەون (کارەکتەری لاوەکی) و ڕەنگە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان تێدا نەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی دەقەکە دەخوازێت هەبن، دەبێت بوونییان هەبێت، کەواتە ڕۆڵی هەموو ئەو کارەکتەرانی دەقەکە دەیخوازێت بایەخی تایبەت و گرنگیان هەیە بۆ ســـەرکەوتنی دراماکە، دەتوانین بڵێین کارەکتەر: «ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕووداوی درامادا» (الزامل، ٢٠١٤، ٨٧).

کارەکتەر ئەو کەســە زیندووەیە کە لەنێو ڕووداوەکاندا دێت و دەچێت بەشـێوەیەکی ســـەرەکی یان لاوەکی بەشـــداری لە ڕووداوەکانی «نێو دراماگەرییەکە دەکات و ئەکتەر دەچێتە پێســـتییەوە»(کاردۆ، ٢٠٠٦، ٢٩)، ئەکتەر لەناو درامادا ڕۆڵێک بەرجەســـتە دەکات، تایبەتمەندییەکی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی درامادا،«لە ڕێگەی گفتوگۆوە پەنا بۆ گێڕانەوەو خســـتنەڕووی ڕووداوەکان دەبات و ئەو کەموکورتی و ناتەواوییانەی لە واقیع دا هەن ئاشـــکرایان دەکات، لە درامادا گەشـــەکردنی دیالۆگ و گفتوگۆکان پەیوەندی بە گەشـــەی کەسایەتییەکانەوە هەیە» (جابر، ٢٠١٢، ٣٢)، بێگومان نیشـانەی ناسینی ئەکتەری سـەرکەوتوو ئەوەیە خاوەنی ئامرازی خۆی بێت، ئەگەرچی ئەو ئامرازانەش گەیاندنی وشـــەکان یان

جووڵەی سـەر سـەکۆی شـانۆ یان دەنگی بێت، هەموو ئەم ڕەگەزانەش بۆ ئەوە پێکدێن کە خسـتنەڕوویەکی دروسـت لە کاتی گفتوگۆو دەربڕینەکان دەسـتەبەربکەن، کە کتومت ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە بگێڕێت، کە درامانووس و واقیعی ڕووداوەکان دەیانەوێت، لەگەڵ ئەوەشـدا «کەسـایەتییەکان لە ناو درامادا هەموو لەیەک ئاسـتی گرنگی پێداندا نین»(الزامل، ٢٠١٤، ٨٩)، چونکە کەسایەتی دراماش وەک مرۆڤەکانی نێو ژیانی ڕۆژانە، لە نێوان کەسایەتی نیشتمانی و خەباتکارو خیانەتکار یان کەسـایەتی ئاسـایی و تایبەت، یان کەسـایەتی شـەڕەنگێز و خۆفرۆش... هتد. دێت و دەچێت، واتە دەگونجێت لە درامادا هەموو جۆرە کەسـایەتییەک هەبێت، دراما بەشـێکە لە ژیان. هیچ چیرۆکێک لە جیهاندا بەبێ کەسـایەتی بوونی نییە، یان بە لانی کەمەوە چەند کارەکتەرێک دەبێ هەبن. بۆ زیاتر ئاشـنایی بە سـروشـتی کارەکتەر لەنێو دەقی ئەدەبیدا، دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە، دابەشی بکەین:

یەکەم: جۆری کارەکتەر بەپێی ئەرک وکاریگەرییان، یان بەپێی ئەو ڕۆڵەی کارەکتەر دەیگێڕێ یان پێی هەڵدەستێ و لەبەرەوپێشبردنی ڕووداوەکاندا بەشداریدەکات، لە پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا ئاستی بەشداریکردنی دەردەکەوێت و بەپێی جۆری ئەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆی دوو جۆر دەستنیشان بکەین.

١- کارەکتەری سـەرەکی: ئەو کارەکتەرەیە کە ڕۆڵێکی سـەرەکی و بنچینەیی هەیە لەئەنجامدانی زۆربەی ڕووداوەکانی دراما، "تا ئەو ڕادەیەیی کە لەشـێوەی داوێک دەچێت لە زنجیرەی بەرەوپێشـچوونی دراما و تەقانەوەی ڕووداوەکان، لە دەقێکدا ئەمەش بەهۆی ئەو کێشـەو ململانێیانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە" (خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٧٢)، ئەم کەسـایەتییە زۆرجار لەلایەن درامانوسـەوە "ئەرکی گێڕەرەوەی پێ دەسپێردرێت، واتە هەم گێڕەرەوەیەو هەمیش کەسایەتی سەرەکییە" (حوسێن، ٢٠١٠، ٢٣١)، ئەگونجێ پاڵەوان لە چیرۆک یان درامادا، جگە لە مرۆڤ، کات، شوێن، سرووشت، یاخوود گیاندارانی تر بێت.

٢- کـارەکتەری لاوەکی: ئەو ڕۆڵەی کـارەکتەری لاوەکی لـە دەقی گێڕانـەوە بـەندیـدا دەیگێڕێت کەم نییەو بایەخی خۆی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی گێڕانەوە و ڕووداوەکانی ناو دەقەکە، «زۆرجار وەک کەسـایەتی سـەرەکی بەشـداری لە ڕووداوەکاندا دەکات و شـتە شاراوەکانی کەسایەتی سەرەکی دەخاتەڕوو»(ڕەحمان، ٢٠١٤، ٤٧) چونکە کارەکتەری لاوەکی لەدەوری ئەو تەوەرەو بابەتە دەسوڕێتەوە کە کارەکتەری سەرەکی پێکیدەهێنێت.

دووەم: کارەکتەر بە پێی سروشتی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ و ڕۆڵی لە بنیاتی کەسایەتیدا لە چوارچێوەی گێڕانەوەی دەقدا دەکرێتە دووجۆر.

١- کارەکتەری بگۆڕ: کارەکتەری پەرەسێنیشی پێدەگوترێ «خولقێنراوێکی ئاڵۆزو خاوەن پێکهاتەیەکی شاراوەیە لە چۆنییەتی بیرکردنەوەو لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە»(خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٧٠). حاڵەتێکی دیاریکراو و چەسپاوی نییە، «بەردەوام پێشکەوتوو گۆڕاو دەبێت» (حوسێن، ٢٠١٠، ٢٢٨)، بەهۆی ئەو گۆڕانە بەردەوامەی دەورووبەری لە ئەنجامی ململانێ و ڕووبەڕووبونەوە. بە کاریگەری تێگەشتن و هەست و سۆز و هەڵوێستەکانی لەیەک باردا نامێنێتەوە.

٢- کارەکتەری نەگۆڕ(سادە): هەندێجار ڕووکەش و جێگیرشی پێدەگوترێ «ئەو کارەکتەرەیە خاوەنی چەمکی جۆراوجۆر نییە لە ڕووی هەست و سۆز وبیرو بۆچوونییەوە، بەڵکو بەدرێژایی پرۆسەی گێڕانەوە لەیەک ئاستدا دەمێنێتەوەو گەشە ناکات»(خاڵە دێوە، ٢٠١٠، ١٧٠)، هەمیشە لە ناو چیرۆک و درامادا خاوەنی یەک ڕووکاری دیاری کراوەو گەشەناکات و ناگۆڕێت.

سێیەم: کارەکتەر لە ڕووی هەبوون بەپێی ئەو کارەکتەرانەی نوسەر لە دەقدا دەیخولقێنێ دەشێت کارەکتەری ڕاستەقینە یان ئەندێشەیی بن:

١- کارەکتەری واقیعی :

بریتییە لەو کەسایەتییەی لە واقعدا هەیە و ڕووداوێکی ڕاستەقینەی بەسەردا هاتووە و چیرۆکنووسیش بە شێوەیەکی هونەری دەریدەخات.

کارەکتەری ڕاستەقینە کە ڕووداوی واقیعی بەسەردادێت، بۆ مرۆڤ یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا زیاتر چێژ بەخشین و سوود وەرگرتنە لە کارەساتەکان و ڕووداوەکان، پتر ئامۆژگاری وپەندو عیبرەت وەرگرتنە. زۆر جار ڕووداوێکی واقیعی کە چیرۆکنووس یان درامانووس دەیخاتەڕوو یان کێشەی نێوان دووکەس دەکاتە ئامانجی نووسینەکەی ، ئەو ڕووداوە یان ئەو کێشەیە، کێشەی کۆمەڵگایە بەگشتی، یان کێشەی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایە...واقیعی دەبێت بە پێی ئاراستەو واقیعییەکە دەقەکە(فۆتۆگرافی یان ڕەخنەگرانە)بێت هەروەها کەسەکانیش لەو ڕوانگانەوە وێنە دەکێشرێن"(سەعید، ٢٠٠٨، ٧٧)

٢- کارەکتەری ئەندێشەیی(خەیاڵی)

زۆرجار لە دراما وچیرۆکدا نوســـەر بە خەیاڵ پاڵەوانێک دروســـت دەکات و دایدەمەزرێنێت و ڕۆڵ دەبینێت لە ڕووداودا تاکۆتایی چیرۆکەکە، چیرۆکنووس کە پاڵەوانی خەیاڵی دروستدەکات بەمەبەست نایەوێت کتومت ئەو کەسایەتییەی کەخۆی مەبەستییەتی بیخاتەڕوو بۆیە دێت لە بەرگی کەسایەتییەکی خەیاڵیدا پەردەپۆشی دەکات.

## ٣) شوێن

شـوێن لە فۆرمە گشـتییەکەیدا کە وێنەیەکی دیاریکراوی بەشـێک لە زەویمان لە زیهنیدا گەڵاڵە دەکات (شوێنی لەدایکبوون، شوێنی نیشتەجێبوون، شوێنی مانەوە، شوێنی ڕوودانی کارەســاتێک، شــوێنی تەقینەوەی بورکانێک، شــوێن... هتد)، دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن پەیوەندییەکی بەتینەو هەموو جووڵەیەکی مرۆڤ پێویستی بە شوێنێک هەیە بۆ سەرهەڵدانی، هەربۆیە «شوێنەکان پێکهاتەیەکن لەسیستمی سروشتی و پێکهاتەی مرۆیی» (پرتوی، ١٣٩٢، ٧٥) شــوێن خاوەن قەبارەیەکی دیاریکراو لە پارچەیەکی زەوی دەستنیشاندەکات، شوێن ئەو پێکهاتە بەرجەستەییەیە، کە قەبارەیەکی هەیەو پێگەی حەوانەوەو جووڵەو ژیانکردنە، پەیوەندییەکی هەســتی و ڕۆحی لە نێوان گیانلەبەران و شوێندا هەیە، واتە«هەموو بوونێک لە سنوورێکی دیاریکراوی شوێندایە، بەو پێیەش مرۆڤ وەکو بوونێک لە چوارچێوەیەکی سنووربەندی شوێندا دەژیت»(عەولا، ٢٠١١، ٣٦٦).

ئەو ڕووداو و کردارانەی هەن پێویســتیان بە شــوێنێک هەیە تا تیایدا ڕووبدەن، بۆ دیاریکردنی شــوێنی ڕوودانی کردارێک، ئەو فەزا هەســتپێکراوە بەکاردەهێنێرێت کە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مادی هەیە، چونکە هەر خودی«شــوێن فۆرمێکی فیزیکییەو خاوەنی پانتاییەکە لەگەردووندا، بۆیە ناتوانێت تەنها یەک لایەنە بێت»(پرتوی، ١٣٩٢، ٧٣)، یەکێک لە دەلالەتە گرنگەکانی شــوێن بۆ بەرجەســتەکردنی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە«بەجۆرێک بەردەوامی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەچەندین شوێنەوە، بەڵام هۆگری مرۆڤ بەشوێنەکانەوە سنووردارە، بەپێی کات و سەردەم و پێویستی دەگۆڕێت»(عوسمان، ٢٠٠٩، ٢٦)، شوێن ڕۆڵی هەیە لە ناسینەوەو بەخشینی ڕەفتارو ڕەوشتی تایبەت بە کۆمەڵێک مرۆڤ، بۆنموونە ژیانی گوندنشــینێک جیایە لە ژیانی کەســێک لە شــارێکی گەورە بژی، بەواتایەکی تر شــوێن تا ئەو ڕادەیە گرنگە کە ڕۆڵی هەیە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و باری دەروونی و جەســتەیی مرۆڤەکان، هەروەها دەتوانرێت لەڕێگەیەوە ژینگە جیاوازەکان و هەندێکجار ڕەفتارە جیاوازەکانیش دەستنیشــان بکرێت، کەواتە کەسایەتی مرۆڤ«پابەندی

شـــوێنەو پێکهاتەو جۆری شـــوێن کاریگەریی لە خوورەوشـــت و پێکهاتەی دەروونی کەسایەتییەکان دەکات»(عەولا، ٢٠١١، ٣٦٧).

شـوێن جۆرێک هۆگری و خۆشـەویسـتی بەمرۆڤ دەبەخشـێت و جۆرێک لە دڵنیایی و ئارامیان دەداتێ، کاتێک دەمانەوێت مەزراندن بۆ شـوێنێک لە دەقێکی ئەدەبیدا بکەین، هەمان ئەو هەسـت و تێڕوانینە گشـتییەی شـوێن ڕەنگدانەوەی لە دەقەکەدا دەبێت، بەڵام شـوێن لە ئەدەبدا«ئەو جێگەیە نییە کە قەبارەیەکی دیاریکراو داگیربکات و پێویســـتی بەدیاریکردنی ســـنوورو دوورییەکانی هەبێت، یان وەک شـــوێنێکی جوگرافی بکەوێتە ژێر پێوانەیەکی وردەوە ، بۆیە لەناو خودی ئەم شوێنەدا، شوێن مەنزڵگەیەکی واتاییەو لەناو ئەم فەزایەشدا، پێگەیەکی ئەدەبی و داهێنان لەخۆدەگرێت»(عەلی، ٢٠١٠، ٢٠).

هەریەکە لە ڕەگەزەکانی ڕووداو کارەکتەرو کات وابەسـتەییەکی گەورەو بنەڕەتییان بە شـوێنەوە هەیەو دەقی ئەدەبی ناتوانرێت بەجۆرێک بنووسـرێت شـوێنی تێدا ون بکرێت، بەو واتایەی دەرنەخســتنی شــوێن و ئاماژە پێنەدانی واتە کەموکورتی گەورە لە ســەرهەڵدانی ڕووداوەکان و ڕۆڵی کارەکتەرەکان، ئەمە دەلالەتی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە بەتینەیە کە لە نێوان ڕەگەزەکانی دراماداهەیە. تا ئەو ڕادەیەی بونیاتی هیچ دەقێکی درامی بەبێ شــــوێن پێکنایـەت، کـەواتـە «شــــوێن گرنگییەکی زۆری لەســــەر بنیادنانی دەقێکی ئەدەبی هەیە، بەتـایبەتی لە تەکنیکی گێڕانەوەو ڕووداودا، چونکە بنەمـایەکی بنچینەی دەقی ئەدەبین، بۆیە ناتوانرێت وێنای ڕووداوەکانی ناو دەقی ئەدەبی بەبێ شوێن بکرێت»(عەلی، ٢٠١٠، ٢٤).

ئەوەی شــــوێن دەخاتەڕوو قەبارەو فەزاکەیەتی، واتە شــــوێن ئەوەیە قەبارەیەکی هەبێت(شــوێنی کراوە، شــوێنی داخراو)و لە فەزایەکدا بوونی دەرکەوێت(شــوێنی گشــتی، شوێنی تایبەتی، شوێنی ناسراو، شوێنی نەناسراو)، شوێن لە بونیاتی دەقی ئەدەبیدا زۆر لە واقیع نزیک دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی وێنەیەکی زیهنی بۆ بینەرو خوێنەر دروست دەکات و بە واقیعی هەسـت بە بوونی شـوێنێک دەکات، هەرچەندە شـوێن لە دەقدا زۆر جیاوازترە لە شوێنی ئاسایی، بەڵام نووسـەری دەقی سـەرکەوتوو ئەوەیە بەجۆرێک مەزراندنی بۆ شـوێن بکات لێک نزیکییەک و هاوجۆری و هاوچەشـنییەکی وا دروسـتبکات بینەر بباتە ناو واقیعی هەستپێکراوی شـوێنەکە، با ئەگەر شـوێنێکی خەیاڵیش بێت،«شـوێن پێگەیەکی بەهێز لەدەقدا داگیر دەکات، نەک لەبەرئەوەی ڕەگەزێکی هونەرییە، یان لەبەرئەوەی شـوێن، ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات و کەســــایەتییەکانی تێدا دەجوڵێن، بەڵکو لەهەندێ کاردا دەگۆڕێت بۆ

فەزایەک، کە هەموو پێکهاتەکانی بەســـــەرهاتێکی تێدایە، زۆرجار شــــوێن ئامانجی بوونی کردارەکەیە» (عەلی، ٢٠١٠، ٢٥).

**بنیاتی شوێن لە دەقدا:**

**شوێن لەڕووی تایبەتمەندییەوە**

١- شـــــوێنی کراوە: ئەوشـــــوێنەیە«کە ڕووبەرێکی فراوان و تاڕادەیەک بێ ســــنوورو دیارینەکراوی هەیە» (ســــەعید، ٢٠١٣، ٣١٦) تایبەت نییە بە کەســــێکی دیاریکراو، واتە هەموو کەس توانای بەکارهێنانی هەیە لە هەمانکاتدا گشـــتین، وەک (باخچە، قوتابخانە، شەقام، کۆڵان .. هتد.)

٢- شـــــوێنی داخراو : شـــــوێنێکی دیاری کراو و تایبەت و "ســــنورداره، ڕووبەرەکەی بەرتەسکەو فراوان نییە"(سەعید، ٢٠١٣، ٣٢١) تایبەتە بەکەسێک، خێزانێک، دەستەیەک یان بەچەند کەســـێکی دیاریکراو، تایبەتمەندی خۆی هەیەو ســــنووری بەکارهێنانی دیاریکراوە، وەک (خانوو، نووسینگە، ، ژوور٠٠٠ هتد )، کە لەهەمانکاتدا تایبەتیشن.

**شوێن لەڕووی بوونەوە**

١- شـوێنی واقیعی: ئەوەیە بوونێکی ڕاستەقینەیی هەیەو لەگەڵ ناوهێنانی سـەرنجی خوێنەر دەباتەوە بۆ شوێنەکە(سلێمانی، ئەشکەوتی شانەدەر، مزگەوتی گەورە)

٢- شوێنی خەیاڵی: ئەو شوێنەیە لە ئەندێشەو خەیاڵی دەقنووسەوە لەدایک دەبێت و بوونێکی حەقیقی نییەو نووســـەری دەق لەبەر پێویســـتی دەقەکەی ئەو شــوێنە بنیاتی دەنێت و زۆرجار پێویستە وەسفێکی شوێنەکە بکات تا خوێنەر بەرچاوڕن بێت. چەند شـوێنی خەیاڵی لەم دوو دێڕە شـیعرەی (هەردی) دەبینین کە شـاعیر لە ئەندێشەی خۆیدا وێنەی ئەو شوێنانەی کێشاوە

**بناغە و چینی دیواری**
**<u>تەلاری بەرزی دڵداری</u>**

**بە سەر <u>لانەی دڵا</u> ڕووخا، تەپوتۆزی خەمی هێنا**
**بەدووی باڵداری ئاواتی، فڕیوی بێ سەر و شوێنا**

**شوێن لەڕووی هەستەوە**

١- شـــوێنی هۆگر: پەیوەندیی بە هەســـتی مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ تێیدا هەســـت بە خۆشـــی و ئارامی و ئاســـوودەی دەکات هەم لە ڕووی دەروونییەوە هەم لە ڕووی ئارامی و متمانەوە"لەگەڵ ئەوەشـدا پەیوەســتە بە جۆرو ئاسـتی ژیان و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە"(ســـەعید،٢٠١٣، ٣٠٨) (ماڵی خۆت، شـــوێنی حەوانەوە، شوێنی کار ....هتد)

٢- شوێنی ناهۆگر شوێنێکە مرۆڤ هەست بە ناخۆشی و نا ئارامی و دڵتەنگی و بێ متمانەیی و ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، زۆرجار «مرۆڤ بەناچاری و بێ ویستی خۆی ژیانی تێدا بەســـەردەبات»(ســـەعید، ٢٠١٣، ٣١٣) (بەندیخانە وگۆڕ و سەربازگە، شوێنی شەڕو پێکدادان...هتد)

هەســـتی "هۆگری و ناهۆگری بەرامبەر شـــوێن چ لە ڕابردوو، یان لە ئێســـتادا، پەیوەستە بە جۆرو ئاستی ژیان و جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە شوێنێکی دیاریکراودا"(سەعید، ٢٠١٣، ٣٠٨)

## ٤) کات

دراما بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە پێکهاتەو جەســـتەیەکی تەواوە و بونیاتێکی دامەزراوی دەبێت، کاتیش ڕەگەزێکی گرنگە لە دراماداا، لەگەڵ ئەوەشـدا کات دەبێت لەگەڵ سـەرهەڵدانی ڕووداوەکاندا بگونجێت، چونکە کات «لە دۆخێکی چەســـپاو و جێگیردا نییەو هەمیشـــە لەجووڵاندایە»(عەولا، ٢٠١١، ٣٥٦) بەو پێیە تێگەیشتن لە کات بابەتێکی ئاسان نییە، هەستکردن بە جووڵەی کات، تەنها هەستێکی ژیرییە، کات نە بە دەست دەگیرێت و نە بەچاو دەبینرێت، ئەوەی دەیبینین تەنها جووڵەی چرکەو میلی کاتژمێرو گۆڕانی شـــەو و ڕۆژو وەرزەکانی ســاڵە. واتە هەســتکردن بەکات لە ڕێگەی کۆمەڵێک شــتی ترەوە دەبێت، پەیوەندیی نێوان کات و شـــوێن پەیوەندییەکی بەتیینەو دەتوانین لە ناو هەریەکەیاندا جۆرە هەســـتێکمان بەرامبەر ئەو ڕەگەزەکەی تر بۆ دروســـت ببێت، کات پەیوەندیی بە شـــوێن لە ڕێگەی جووڵەوە هەســـت بە کات دەکەین، جووڵەی مانگ جووڵەی ئەســـتێرە و جووڵەی خۆر و جووڵەی تاریکی و ڕۆشنایی...هتد.

کات لەناو دەقدا جیاوازە لە کات لە ژیاندا، کات لەڕابردووەو دەهێنرێت و لە ئێســـتادا نمایشـــدەکرێت و پەیوەندییەکانی بەداهاتووەوە دەبەســـترێتەوە، لە حاڵەتی بێئاگاییەوە

دەهێنرێتەوە بارێکی ئاگایی، لەتێپەڕبوونی زەمەنێکی ون و بەسەرچووەوە دەخرێتەوە چوارچێوەی زیندووبوونەوە، هەندێکجار لە بارێکی نهێنی نێو هەناوی ڕووداوەکانەوە دەهێنرێتە نێو جیهانی ئاشکرابوون، لە شێوە گشتییەکەیدا دوو بەشی دیاری کات هەستپێدەکرێت ئەوانیش ڕۆژو شەون، «کات وەک تێگەشتنی هەستی (perceptual time) ئەو کاتەیە کە پەیوەستە بەساتەکان و پەیوەستە بە تێگەیشتنی کەسێکی دیاریکراوەو ئەم کاتەش ڕەهەندێکی هەیە، چونکە ئەزموون ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕووداوەکان لەئایندەدا ڕوودەدەن و دەکەونە سەر هێڵێکی ڕاست و سیاقێکی کاتی هەیە، یاخود هێڵی بەدوایەکداهاتنی (زنجیرەیی) کاتییە و ڕووداوەکان بەدوای یەکدا ڕوودەدەن»(عەلی، ٢٠١٠، ٧٠)، بەڵام کات لە دەقدا ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە ناو دیمەنێک یان ڕووداوێکدا، لە ناو درامادا ڕووداوێک پەیوەستییەکی گەورە بە کاتەوە هەیە، هەربۆیە کاتی دەرەوەی دەق و کاتی ناوەوەی دەق لەیەک جیان و دوو کاتن بە تایبەتمەندی و سروشتی خۆیانەوە، کەواتە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک لە دەرەوەی دەق، زەمەنی جیاوازو مەودای جیاوازی هەیە لەو کاتەی لەدەقێکدا ئامادەیە، هیچ ڕووداوێک بەبێ بوونی کاتێک ناخولقێت، لە ناو ڕووداودا کاتی ڕووداوەکە گرنگە، هێزێکی زۆر بە خستنەڕووی ڕاستی ڕووداو دەبەخشێت.

کاتەکانی نێو دەق چڕو کورت دەکرێنەوە، ماوەی کاتی شەو و ڕۆژێک لە دەقێکی درامیدا، هاوتای کاتە فیزیکییەی نییە، کات لە ناو دەقدا بەژمارەی لاپەڕەو دێرەکان دەپێورێت، واتە چەندین شەو و ڕۆژو مانگ و ساڵ دەکرێت لە ڕێگەی تەکنیکی کورتکردنەوەو بازدانەوە بۆ چەند دێرو پەرەگرافێک کورتبکرێتەوەو باسبکرێت، چونکە ئەوەی خێرایی ئەو ماوە درێژەی ژیانمان لەنێو دەقێکدا بۆ دەخاتەڕوو، وە هیچ جۆرە هەستێکی دابڕانمان لە کاتەکە بۆ دروستناکات، تەکنیکی کورتکردنەوەی کاتە بۆ جووڵە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەجۆرێک کە هەستی کات نزیکە بوەستێت، ئەگەر جەستە بە خێرایی تێپەڕێنی کاتەکە، خۆی ڕانەهێنێت لەگەڵ ئەوەی بەباشی و بەوشێوەیەی هێڵی بۆ کێشراوە لە دەقەکەدا نەجولێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر بونیاتی ئەم ڕەگەزە گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەمە بۆ ئەوەمان دەبات بڵێین کات «لە ڕووی هەبوون و هەستپێکردنەوە دووجۆرە، یەکێکیان دەرەکییەو ئەوی دیکەیان ناوەکییە»(سابیر، ٢٠٠٠، ٢٨٠)، کات لە ڕووی هەستپێکردنەوە ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە هەمیشە بەرەو پێش دەڕوات و ناوەستێت، هەر بۆیە کات لە ڕووی زەمەنەوە دابەشی ڕابردوو ئێستا و داهاتوو دەبێت، بەڵام لە

بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا نووســەری دەق لەســەردەمی نوێدا، هەندێکجار بۆ بەخشــینی جوانی ئەم جۆرە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کات بەشێوەی زنجیرەیی و ڕیزبەندییە تێکدەشکێنێ و جۆرێک لەســـەربەســتی هەیە، کە گوێ بەڕیزکردنی کات بەشــێوە کلاســیکییەکەی نەدا، لەگەڵ ئەوەشـدا«دیاریکردنی کات لە ڕوانگە واقیعیەکەوە بێت، یاخود دەرەکییەکەی، خاوەن بوویەکی تایبەتی خۆیەتی و لەئەنجامی ئەم ڕۆڵگێڕانەی کاتیش، ڕوانینی جیاواز لەســـــەر واتای کات لای فەیلەســـوفەکان بەدیدەکرێت. لەگەڵ گەشــــەی ژیاندا چەمکی کات قوڵترو مەدلولتر بووەتەوەو مرۆڤ لەروانگەی بوونەوە ســەیریکردوە، بۆیە بوون بەبێ کات نابێت، چونکە لەڕوانگەی فەلســـــەفییەوە " بوون بریتییە لە ژیــان و ژیـانیش گۆڕانە، گۆڕانیش جووڵەیەو جووڵەش کاتە، بۆیە بوون بەبێ کات بوونی نییە»(عەلی، ٢٠١٠، ٦٩).

هەســتکردن بەکات لەئەنجامی کاریگەرییەوە بووەتە هەســتێکی هەمەلایەنە لای خەڵکی، ئەمە بۆ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری وانییە، کات لە هونەرەکانی نیگارکێشـــــی و پەیکەرتاشـــیدا بەجۆرێکی ترە، کات لای نیگارکێشـــێک ئەو کاتەیە کە خەیاڵی بۆ کێشـــانی وێنەیەک دەچێت، ڕەنگە لە پایزدا وێنەی بەهـار بکێشـــێ، ئەم جۆرە لە کـات لاوەکی و وەستاوە. بۆ پەیکەرتاشێک هەروایە، بەڵام لەناو هونەری درامادا کات بەجۆرێک جوڵاوە کە ئەکتەرو بینەرانیش دەخاتە جۆرێک لە خرۆشان و پەیوەستبوون.

ئەوەی جێگای باسکردنە پەیوەندییەکی تندوتۆڵتر لە نێوان ڕەگەزی شوێن و کاتدا هەیە کـە لـە ئـەنجـامـدا چـەمکی شـــــوێنکات وەک چـەمکێکی نوێ ســـــەریهـەڵداوە کە بریتییە «لەئاوێتەبوونی کات و شـــوێن لەفۆرمێکی نوێدا، بۆیە دروســـــتکردنی وێنەو واتایەکی هاوبەشـە لە نێوان هەردوو چەمکی کات و شـوێندا، بەمەش بوونێکی نوێ و واتایەکی نوێی هاوبەش لەم گونجاندنە واتاییەدا دروسـتدەکەن... لەروانگەی (میخائیل باختین)ەوە شـوێن و کات نەک لە یەکتری جیاناکرێنەوە، بەڵکو تەواوکەری یەکتریشـــــن، بۆیە زاراوەی لێکدراوی (Chronotop)ی بۆ بەکارهێناون، کە واتای شـــوێنکات دەگەیەنن، ئەم زاراوەیە پێکهاتووە لە (chro) یان (chrono) کە مانای کاتەو (top) کە بەشــێکە لە وشـــەی (topography) بەمانای وێنەکێشــانی وردی شــوێن، یان تایبەتمەندییە ڕووە گەشــەکانی دەگەیەنێت»(عەلی، ٢٠١٠، ٦-٧).

## ٥) دیالۆگ

دیالۆگ بریتییە لە گفتوگۆیەکی زارەکی، لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، هەروەهـا دیـالۆگ ئـامـاژەیە بۆ گفتوگۆیەک، کە لە درامـایەک یـان گێڕانەوەیەکدا هـەیـە. دیالۆگ«بەرهەمی زمانە، زمانیش دوای ئاماژەی جەســـــتەیی یەکەمین ئامرازی پەیوەندیی

نێوان مرۆڤ و فاکتەری ســــەرەکی لەیەکتر تێگەیشـــتنیانە»(بەرزنجی، ٢٠٠٩، ١٨). ژیانکردنی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، پێویســــتی بە جۆرێک لە دەربڕین و ئەتەکێت هەیە بە پێی بارودۆخ و ئاستەکانی پێکەوە گفتوگۆکردن، لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێت، هەرچەندە دیالۆگی نمایش و دراما جیاوازی هەیە لە دیالۆگی نێو تێکســـت و دیالۆگی ژیانی ڕۆژانە، لەڕاســـتیدا گفتوگۆی ناو دراما پێویســـتی بە بەهرەو شـــارەزایی و لێهاتوویی هەیە، دیالۆگی ناو دراما، تەکنیک و پرۆســــەیەکی هونەرییە، چونکە ئەوەی ڕۆڵدەگێڕێت گوزارشـــت لە خۆی ناکات، بەڵکو بەپێی ڕووداوەکانی ناو دراما، ململانێکان بەڕێوە دەبات و لە ناخ و دەروون و بیرکردنەوەو ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و کۆمەڵایەتی کارەکتەرێکدا دێتە دواندن و قسەکردن،.

دەتوانین ســـنوور لە نێوان گفتوگۆی ئاســـایی ناو خەڵک و دیالۆگی ناو دراما هەتا دیالۆگی نێو تێکســتێکی ئەدەبی دابنێین و لەیەکتریان جیابکەینەوە، ئەوەی قســەو گفتوگۆی ڕۆژانەو دیالۆگ وەک پرۆســەیەکی هونەری لەیەکتر جیادەکاتەوە تواناو لێهاتوویی ئەکتەرە لەبەردەم جەماوەرو بینەردا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی کەســـایەتییەک بگێڕێت کە خۆی نییە، نەک ئەوەی جۆرێک بەندو پێوەند هەبێت کە نابێت کارەکتەر قسەی ئاسایی بکات، بەڵکو پێویستە دیالۆگ «لەڕوی زمانی داڕشـــتنەوە "زۆر ئەدەبی نەبێت، ئەگەر دیالۆگ لەئاخافتنێکی حەقیقی نەچێت کە ئەکتەر بتوانێت بێ هیچ ئاســـتەنگییەک بیانڵێت، ئەوا ســـەرکەوتوونییە" لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی بەخشینی زانیارییەوە دیالۆگی باش ئەوەیە تاڕادەیەک لەئاخافتنی ڕۆژانە جیاوازە و دەتوانێ زانیاری زۆر پێشـــکەش بکات، "دیالۆگی دراما لەبنچینەدا گفتوگۆیەکی تۆمارکراو نییە لەســـەر ڕێکوردەرێک ، پێویســـتە زۆر ســـروشـــتی دیاربێت»(حەســـەن، ٢٠٠٤، ١٠٨)، ئەوەی جۆری دواندن و گفتوگۆکان بەرهەم دەهێنێت، ژینگەی نێو دەقەکەو ڕووداوەکانە، نەک باق و بریقی وشـــەو دەربڕینی ســـۆزی بەردەوام، واتە ئەکتەر لە درامادا بە پێی سیفەت و ڕەفتارو هەڵوێست و ئاستی کارەکتەرەکە دەدوێت، لەگەڵ ئەوەدا دیالۆگی درامایی«پێویســتی بە ئامانجێکی گشــتی، یان کاریگەرییەکی گشــتی هەیە، چونکە یەکەی ســـۆز یان بیری تێدا نییە، کە دیالۆگەکە لە ســـەرەتاوە تا کۆتایی گوزارشتی لێبکات و ململانێکە بەڕێوەببات»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٤٥).

دیالۆگ هەمیشە وەک شوناسێکی دیاری دراماو پێناسەی ژانری دراما دیاریدەکرێت، واتە (دیالۆگ) خاڵی سەرەکی ناسینەوەی درامایە کە هونەرێکی ئەدابییە لەچاو ڕەگەزەکانی تر، وەک چۆن گێڕانەوە تایبەتمەندیی چیرۆک و ڕۆمانە، ئەرســـتۆ، دیالۆگ«وەک یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان دراماو هونەرەکانی تر دادەنێ»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٣٤)، ئەمەش

بەمانای ئەوە  نایەت کە ژانرەکانی تری ئەدەب خاڵی بن لە دیالۆگ یان دراما خاڵی بێت لە ڕەگەزەکانیتر، ڕووداو کە ڕەگەزی سـەرەکی و گرنگی درامایە بەبێ دیالۆگ ناتوانێت بەردەوامی و گەشـەو بەرەوپێشـچوونی هەبێت، هەروەها دیالۆگ ڕۆڵی هەیە  لە گەشـەسـەندنی ململانێ و یارمەتی چنینی دەقەکە دەدات، کارەکتەرەکان هەسـت و سـۆزەکانیان لە ڕێگەی دیالۆگەوە دەخەنەڕوو، بایەخی زۆری هەیە لە گوزارشـتی ناخ و دەروونی کەسـایەتییەکاندا، وەزیفەیەکی تری دیالۆگ ئەوەیە هەردوو ڕەگەزی (کات و شوێن) زیاتر ڕووندەکاتەوە.

دیالۆگ جیا لەوەی ڕەگەزو توخمێکی گرنگ و بنچینەیی پێکهاتەی درامایە، یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی گەیاندن لە ڕێگەی ئەکتەرەوە، دیالۆگ پەیوەندیی نێوان ئەکتەری نێو درامایەک ڕێکدەخات، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت هەموو ئەکتەرەکانی نێو درامایەک گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن، دراما بەشـێکە لە ژیان و ژیانیش ڕێکخسـتنی کارو پەیوەندییەکانی ئەوانەیە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرژەوەندی یان کاری هاوبەش پێکەوە کۆیاندەکاتەوە، لە دراماشـدا بەریەککەوتن و گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بەپێی پێویسـتی دەقەکەو ئەو پەیوەندییەیە لە نێو ڕووداوەکانی درامادا دێتەبوون.

دیالۆگ ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هزری کارەکتەرەکان دەخاتەڕوو و زمان و کەلتووریان دەناسـێنێت، یارمەتی فراوانکردنی بیرۆکەی سـەرەکی دراماکە دەدات، زیندوویەتی بە دەقی دراماکە دەبەخشـێت، دیالۆگ وەک ڕەگەزێکی سـەرەکی لە نێوان کارەکتەرەکاندا ئەنجامدەدرێت، کەواتە«دەتوانێ گوزارشـتی ڕاسـتەقینە بێت لەناخی ئەو کارەکتەرەو لەڕێی ئەوەوە لە نهێنییەکانی ناوەوەی تێبگەین، جگە لەوەی لەسـاناترین ئەرکەکانی دیالۆگ گوزارشـت کردنە لەمەوداکانی کارەکتەر بە لایەنی سـروشـتی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایدۆلۆجییەوە»(حەسـەن، ٢٠٠٤، ١٠٦)،  لەبەر ئەوە لاوازی ئەدای هەر کارەکتەرێک دەبێتە هۆی لاوازی ئەوی تریان و لەئەنجامیشـدا لاوازی لە پێکهاتەی درامادا سـەرهەڵدەدات، بۆیە بەرجەسـتەکردنی ڕۆڵی ڕاسـتەقینەی کەسـایەتییەکان، جیا لە تواناو لێهاتوویی ئەکتەر پەیوەندیی بە بەهێزی دیالۆگ و حیوارو دەربڕینەکانەوە هەیە.

گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکان و ئاماژەو جووڵەکانی جەستە جۆرێک هاوبەشییان هەیە لە بەهێزی دیالۆگی ناو درامادا، ئەوەی هەیە لە بارەی چیرۆکی دراماکەوە لە ڕێگەی کارەکتەرەوە بەشـێوەی دیالۆگ بۆ بینەران دەگێڕردێتەوە، ئەگەر دیالۆگ لە درامادا مافی تەواوی پێنەدرێت، ئەوا هۆکارێک دەبێت بۆ لاوازبوونی تێکسـتی دراماکەو دواتریش

درامایەکی کەموکورت لەدایک دەبێت، « دیالۆگ لە درامادا شـــتێک نییە لە پێناوی خۆیدا، ڕێکەوتنی دوو کارەکتەر نییە، کە لەسەر شانۆ دیالۆگ ئاڵوگۆڕ بکەن، واتە هەموو دیالۆگێک بۆ ئەوە ناگونجێت کە ببێتە دیالۆگی درامایی»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٤٠).

گرنگ نییە ئەو زمانەی لە دەقەکەدا بەکارهاتووە زمانی گشتییە یان زمانێکی تایبەت بە چین وتوێژێکی دیاریکراو، گرنگ ئەوەیە ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵەکەی پێســـپێردراوە توانا گفتوگۆکردنەکەی بەهێزبێت، چونکە دیالۆگ پەیامی دراما و مەبەســـت و ئامانجەکانی لە ڕێگەی گفتوگۆی ئەکتەرەوە دەگەیەنێتە بینەر، هەر لەو ڕێگەیەوە کێشـــەو ململانێکان دەخرێتەڕوو، هەروەها هەندێکجار هەر لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەســـەر بۆ ئەو کێشـــانە دەدۆزرێتەوە، کەواتە دیالۆگ لە ڕەگەزە گرنگ و بنچینەییەکانی درامایە «هاوســـەنگ ڕاگرتنی شانۆگەری لەسەر دیالۆگ دەوەستێت. بە تایبەت لەو شانۆگەرییانەی کە پشت بە تێکســـت دەبەســـتن. زێتر لەوانەی جەســـتەو ئەدای ئەکتەر دەکەنە ئەلتەرناتیڤی دیالۆگ و ئامرازی گەیاندن»(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣، ١٣٣). ئەوەی ڕوونە ئەوەیە دیالۆگی درامایی جیاوازی هەیە لە دیالۆگی ئاسایی و ڕۆژانە، چونکە هەموو دیالۆگێک بۆ ئەوە ناشێت ناوی لێبنرێت دیالۆگی درامایی.

## ٦) مۆنۆلۆگ

پێکهاتەی مرۆڤ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، چەندە دیوە ئاشـــکراکەی دیارە زۆرتر لەوە دیوە نهێنیی و پەنهانەکەی پڕە لە چیرۆک و سەرگوزشتەو بەسەرهات و خەیاڵاتی سەیرو ڕازو نیازی زۆر، کاتێک«دیالۆگ نەتوانێت گوزارشـــت لە زمان و باری دەروونی ناخە پەنگخواردووەکەی کارەکتەرو نووســـەر بکات»(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٨١)، مۆنۆلۆگ ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت، واتە ئەم هەموو پەنهانییە لەڕێگەی خۆدواندن و ئەنجامدانی ڕەفتارو کردەوەیەکەوە نەبێت ناگوازرێنەوە بۆ جیهانی ئاشکرا.

مۆنۆلۆگ "یەکێکە لە نوێترین ئەو هونەرانەی لە دەقە چیرۆک ئامێزەکاندا بەکاردێت"(محەمەد، ٢٠٠٩، ١٨٠) پێکهاتەیەکی گرنگی ڕەگەزەکانی درامایەو پەیوەستە«بە ناخی مرۆڤ و لەســـەر شـــانۆدا بە دەنگێکی دەرەکی ئاوێتەی بزووتنەوەی ئەکتەر دەکرێت»(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣، ١٣٣) ئەدەب بەگشـــتی و دراما بەتایبەتی وەک بەشـــێک لە سەرگوزشتەی ژیانی تاک و کۆمەڵ، هەم وەک دیوە زیندووەکەی ئەدەب کە پڕە لە جووڵەو خستنەڕووی ڕازو نیازی کارەکتەرەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی ئاشکراو ئاسایی، خۆدواندنی

ناوەوەی کارەکتەرەکان بۆ دەرخســـــتنی ئەوەی دراماکە پێویســــتی پێیەتی، «چونکە لە مۆنۆلۆگدا ڕووداوەکان بەرەو ناخ و دەروونی کەســـێتییەکان قوڵ دەبنەوە» (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٨١) بۆ ئەوەی هیچ دابڕانێک لە چنینی دەقەکەدا نەبێت و بۆشـــاییەک دروســـت نەبێت، کە لاســەنگی لە خســتنەڕووی ڕووداوەکاندا بهێنێتە ئاراوە، بۆ ئەم مەبەســتە ڕێگایەکی هەیە بۆ دواندنی ئەم جیهانە پەنهانەی کارەکتەر، کە ئەویش مۆنۆلۆگە.

مۆنۆلۆگ دواندنێکی ناوەکییە کارەکتەر ئازادە کە لە ناخی خۆیەوە بەبێدەنگی قســـە بکات و ئەوەی هەیە بیخاتەڕوو، واتە "هێنانە قســـەکردنی خود" کەواتە ئەمە بریتییە لە یەک گوتار لەلایەن کەســـێکەوە لەدرامایەکدا، یان لە دەقێکی شـــیعریدا دەردەبڕدرێت، «شـاعیر لەگەڵ خودی خۆی دەکەوێتە دووان»(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٣٣٩) وەک ئەوەی بیەوێت ڕازونیازێکی دڵی ئاشـکرا بکات، یان پەیامێک بگەیەنێت، یان بیری لێدەکاتەوە و هەندێک بابەت دەردەبڕێت، یان بیرەوەرییەک دەهێنێتەوە بیرو قســـەی لەبارەوە دەکات، لە دواندنی ناوەکی (مۆنۆلۆگ)دا مرۆڤەکان قســـە لەگەڵ خۆیان دەکەن و هەڵوێســـت یان بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن. مرۆڤەکان ئەمجۆرە لە گفتوگۆی ناوەکی بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی ڕەوتی هۆشـیاری و تێگەشـتنیان لەبارەی بابەتێکەوە، یان گوزارشـتکردن لە تەنیایی خۆیان، یان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیی لە دیالۆگدا هەیەو کەسێک ناتوانێت لەگەڵ بەرامبەرەکانی گوزارشت لە دەروون و باری شڵەژاوی خۆی بکات، یان ناتوانێت ڕازو نهێنییەکانی بۆ کەس باســبکات « ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنرێت بۆئەوەی کەســێتی کارەکتەر بە جەماوەر بناســـێنرێت» (هەورامی، ٢٠٠١، ٢٨). کەواتە مۆنۆلۆگ بریتییە لە خود دواندنی تاک.

هـەنـدێکجـار بۆ بـەشـــــداریپێکردنی خۆدوانـدنی نـاوەوە، بۆ تێکنـەچوونی چنینی ڕووداوەکان و بەردەوامیدان بە شـــوێن و ســـات و کاتی ســــەرهەڵدانی ململانێکان، مۆنۆلۆگ ئەو ئەرکە دەگێڕێت و بەشـــێک لەنهێنی و دیوە شــــاراوەکانی ڕووداوەکان دەخـاتـەڕوو، ئـەمـەش بـەشـــێکی بـەرنـامـە بۆ داڕێژراوە، لـە درامـادا بـەبێ ویســــت دەرنابڕدرێت، تا لە خســتنەڕووی چیرۆکێکدا پێشـکەشـی دەکات. «کە بەهەمان شـێوەی دیـالۆگ، کـات، شــــوێن و ڕووداو دیـاریـدەکـات و گـەشــــە بـە ڕووداوە درامییـەکـە دەدات»(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٨٥) .

مرۆڤەکان بەگشـتی دیوە شـاراوەکانی ژیانیان بە نهێنی دەهێڵنەوە، تا ئەو کاتەی بە ئاگاییەوە بێت یان لە نائاگاییەوە جووڵەو دەربڕین و خســــتنەڕووی هەندێ بابەت بۆ

ئەوەیان دەبات ئەوەی لە ناخیاندایە بیخەنەڕوو، لە دەقی ئەدەبیشـــدا زۆرجار پێویســـتە دیوە شـــــاراوەکەی کارەکتەرێک بخرێتـەڕوو، کـە گرنگی هـەیـە لـە ڕەوتی جووڵـەی ڕووداوەکان و وەک بەشـــێک لە پێکهاتەی دەقەکە ئەژمار دەکرێت، درکاندنی نهێنی و باری دەروونی و زنجیرەی پێشـــهاتـەیـەکی ئـەرێنی یـان نـەرێنی دەخرێتـەڕوو، لـەو ڕێگەیەوە دەســـت بۆ هەندێک بابەتی گرنگ دەبرێت، کە بەشـــداری وێنەی درامی و کردەی درامی چیرۆکەکە دەکات، بۆیە ئەمە شـــتێکی لەخۆوە نییەو بەشـــێکی گفتوگۆی ناو دراماکە پێکدەهێنێت. ئەم پرۆسـەیە هەوڵی دەرخسـتنی بیرکردنەوەکانی کەسـێکە لە بارودۆخێکدا، کە پێویســـتە بە دەنگی بەرز قســـەی ناوەوەی دەرببڕێت. بەشـــداری لە بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکانی نێو دراما بکات، بیرکردنەوە تایبەتییەکانی، هەڵوێستەکانی لـەمـەڕ ڕووداوێـک بە دەنگی بەرز دەخـاتـەڕوو، لە کـاتێکـدا بە تەنیـایـە یـان ڕۆڵی ئەکتەرەکانی دیکە ڕادەگیرێت و بێدەنگدەبن.

دەتوانین بڵێین مۆنۆلۆگ بە زارەکیکردنی دەنگی ناوەوەی مرۆڤێکە، هاتنەگۆی ناخە بۆ بەشـــدارییپێکردنی لە ڕەوتی بەرەوپێشـــچوونی زنجیرەی ململانێکان و ڕووداوەکانی ناو درامایەک، بەمەش دەرخسـتنی بەشـێک لە چیرۆکە دەگرێتە ئەسـتۆ، کارابوونی ئەم ڕەگەزە بۆ ئەوەیە پچڕان و جۆرێک لە دابڕان لـەڕەوتی بـەرەوپێشـــچوونی دراماکە ســـــەرهەڵنەدات، کە ئەم دواندنە «جۆرێک لە ڕەخنەگرتنەو چارەســـــەریش لە خۆ دەگرێت»(عـەبدوڵا ، ٢٠١٦، ٢٧٤)، ئـەمـەش بـەواتـای ئـەوە دێت کـە مۆنۆلۆگ تـەکنیکێکی پێویســـــت و ڕەگەزێکی بنەڕەتی درامایە و لە ناو چەشـــــنەکانی تری ئەدەبدا(ڕۆمان و چیرۆک و شیعر) ئەم تەکنیکە بەکاردەهێنرێت بۆ گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەربڕین و وتارێکە لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش دەکرێت و ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە بەرەوپێشـچوونی هونەری دراما، لە ئێسـتادا، بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە فراوانتر بووەو لە درامای تەلەفزیۆنی و فلیمەکانیشدا بەکاردەهێنرێت.

بـە کورتی«ئـەم گفتوگۆکردنـە لـەتـەک خۆدا، جۆرە ڕۆچوونێکـە بـەرەو دەروون»(هـەورامی، ٢٠٠١، ٢٨)، و پرســـــیارێکی هـەموانـە لـە ئـەوی تر، تـا لـەبـارەی نهێنیەکانی ناخییەوە لە شـــتەکانی تر تێبگەین و درێژە بە گفتوگۆکان بدەین تا ئەنجامی بەدەسـتهاتوو بەپێی چنینی ڕووداوەکان هیچ کەموکورتییەکی تێدا نەبینرێت، یان هەندێ شتی شاراوەی ناو ڕووداوەکانمان بۆ ئاشکرا ببێت.

## ٧) ململانێ

ململانێی دراماییی، (الصـــراع الدرامی): ئەوەی جۆرێک لە بەردەوامی بە ژیان و ڕووداوەکانی دەبەخشـــێت، ململانێیی نێوان دژەکانە، «بنچینـەی ڕووداوی درامی ململانێیـە»(محـەمـەد، ٢٠١١، ١٣٨). ئەم ململانێیە هەندێکجار لە نێوان (مرۆڤ و مرۆڤ، مرۆڤ و ســـروشـــت، تاک دژ بەرامبەر کۆمەڵ، مرۆڤ و نەریت و باوی کۆمەڵایەتی، ڕاستی و چەوتی، خراپەو باشـە، کلتوور.. هتد.) ســەرهەڵدەدات، یان لە نێوان ئاراسـتە پێچەوانەکان لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوت و دابونەریت و... هتد.

سەرکەوتن و بەردەوامی لە ژیاندا پێویستی بە ململانێی نێوان کارەکتەرەکانی هەیە، ژیانی مرۆڤەکان پڕیەتی لە نموونەی ئەو گرژی و ململانێیانە، ململانێی ناوخۆیی، یان دەرەکی لە نێوان هێزە گەورەکاندا، یان ئەو بەرژەوەندییانەی کە گرژی دروســـتدەکەن، لە دراماشدا ململانێ یەکێکە لە ڕەگەزە «گرنگەکانی بنیاتی دەقی درامیی، کە زیندوویێتی بە دەقە شــــانۆییەکە دەدات، جۆرێک لە جووڵـەو گڕوتین بە ڕەوتی ڕووداوەکانی نێو دەقی شـانۆیی دەدات و بەردەوامی پێدەبەخشێت»(حسێن، حەسـەن، ٢٠٢١، ١٤)، گرژییەکی دراماییی، بەرپرسە لە ئاراستەو جووڵەی ڕووداوەکان، لە ناو درامادا، پێویستە کێشەو هەڵوێســـتەکان بخرێنەڕوو، جا چارەســـەر بکرێن، یان نا، کەواتە ململانێی درامی «ململانێی نێوان دوو هێزە، کە لە دەرئەنجـامـدا ڕووداوی شـــــانۆیی دروســـــت دەکـات»(قەرەداغی، ٢٠١٢، ٤٨) یـان دەوترێت ململانێ «لە نێوان دوو هێزی هـاودژدا، لە ئەنجـامی بەیەکـدادانیـان کردەی درامـایی گەشـــەدەکـات»(کـاردۆ، ٢٠٠٦، ٣٩) بەمەدا دەردەکەوێت، بوونی دوو هێزی دژبەیەک لە درامادا ، (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری ڕۆشـــنبیری، یان ئایدۆلۆژی... هتد)بێت، ڕەوتی ململانێی ناو ڕووداوەکان پەرەپێدەدات، ئەگەر ململانێ نەبێت ئەوا ئەو دەقە زیندویەتی لەدەســـت دەدات، چونکە«دەقی بێ ململانێ وەک جەستەی بێ گیان وایە»(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٨٧).

کەواتە بەریەککەوتنی ئەو ناکۆکییانە لە نێوان چەند جەمســـەرێکی دژدا، زیندویەتی بەدەقەکە دەبەخشـــێت، بەمەش دراما قاڵبێکی گرنگی خۆی بنیات دەنێت کە ئەویش ململانێیە، بەواتایەکی تر دراما بەبێ ڕەگەزی ململانێ گەشەناکات و پەرەناسێنێت، «ئەو دەقـە درامییـەی ڕووداوەکـانی پڕ لـە ململانێ بێت، زیـاتر زینـدوویـەتی لـەلای وەرگر دەمێنێتـەوە»(محـەمـەد، ٢٠١١، ١٣٨) ململانێش لـە ئـەنجـامی بـە دیهێنـانی ئـامـانجێک یـان ئارەزوو خواســـتێکەوە ســـەرهـەڵدەدات، کە دژ و ڕێگری لـەبـەردەمیدا هـەبێت، یان بەرهەڵستی بۆ پێشبێت، کەواتە بوونی خواست و ئامانج و ویستێکی دیاریکراو لە لایەن

کارەکتەرێکەوە«مەرجێکی بنەڕەتییە، بۆ دەستەبەرکردنی ململانێی درامی»(رشدی، ٢٠٠، ٢٠٠). دراما بە جۆرێک ڕەنگدانەی ئەو واقیعەیە کە پەیوەستە بە ژیان و ڕووداوەکانی ناویەوە، ژیانیش نەوەستاوە، دراماش ناوەستێت. ململانێش هێز بەو جوڵانە دەدات، بوونی ململانێ، هەڵچوون و هێوربوونەوەی ڕووداوەکان برەو پێدەدات.

چالاکبوونی ڕەگەزی ململانێ کاریگەریی لەسەر تەواوی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دەقەکە هەیە، تا دەگاتە لوتکە، جا لە درامادا بێت، یان لە ژانرێکی تر وەک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەگەزی ڕووداودا«ململانێ خاڵێکی سەرەکییە»(محەمەد ،٢٠١١ ، ١٣٨).

ئەم ڕەگەزە ڕۆڵی تەواوی هەیە لە چڕبوونەوەی دەقەکەداو ئەمەیە وادەکات بینەر هەست بە دابڕان و بێزاری نەکات و بەردەوام بە ئاگاییەوە بۆ ئەنجامی ململانێکە بڕوانێت، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕەگەزانەی دراما پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، بەنموونە کاتێک ململانێ سەرهەڵدەدات کە کارەکتەر هەبێت، کارەکتەریش کاتێک جووڵەی هەیە، کە ڕووداو هەبێت، ڕووداویش لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، لەمەوە بۆ ئەوە دەچین بڵێین هەموو جووڵەو هەڵوێستێک لە ناو درامادا بەئاگاییەوە دەکرێت و پێکهێنانی ململانێش شتێکی لە خۆوە نییە. د. نهاد صلیحە دەڵێت: «دراما چالاکییەکی مەعریفی هۆشمەندانەیە، جووڵەئامێزو گروپییە، نواندنە بەو مانایەی ئەزمونێکی ڕابردوو بە ئاگاییەوە زیندوو دەکاتەوەو... چالاکییەکە ململانێیەک دەخولقێنێ، کە لە ڕێگەیەوە سروشتی هێزە تێکەڵاوەکان دیاری دەکات»(صلیحە، ١٩٨٥، ١٩). کەواتە هەردەقێکی درامایی ململانێیەکی بەهێزی تیادا بەرجەستەبێت، داهێنانێک بەرهەمدەهێنێت کە هێزو پێز بە دراماکە دەبەخشێت، لە شیعریشدا ئەم حاڵەتی ململانێیە هەر لەو ساتەوە دەست پێدەکات، کە شاعیر شیعر دەنووسێت، چونکە «نووسینی شیعر، جەنگێکە شاعیر لەگەڵ خودی خۆی دەیکات، ئەو جەنگە دەبێتە مایەیی ململانێ، ئەو ململانێیە لە ناخ و خودی شاعیردا دەبێتە هێزو گوڕێکی بەتین وەک گڕکان دەتەقێتەوە، لە ئەنجامدا داهێنانێک دەخولقێنێ»(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١١٤).

## ٨) پلۆت :(plot) –چنین

پلۆت نەخشەی گشتی زنجیرە ڕووداوەکانی ناو کارێکی درامایە، ئەو دۆخەیە کە لە سەر هۆکاری ڕووداوەکانی چیرۆکێکی دراماییی دەوەستێتەوە و ئەنجامەکانیشی بەڕێکخراوەیی دەخاتەڕوو، ئەرستۆ لەبارەی چنینی دراماوە دەڵێت: «لاسایی یەک تاکە

کردەوە دەکاتەوە، کە دەبێ وەکو شـــتێکی تەواوو یەکگرتوو پێشـــکەشـــی بکاو دەبێ ڕووداوە جیاجیاکانی بە جۆرێکی وا پتەو بەیەکەوە ببەسـترێنەوە، کە ئەگەر فڕێ بدرێ، کردەوە تەواو و پێگەشـتووەکە تووشـــی شـــێوان و لێکترازان دەبێ، چونکە هەرشـــتێ ئەگەر هەبوون و نەبوونی وەکو یەک وابێ و هیچ جیاوازییەک دروست نەکا، دیارە لەو (کردەوە تەواوو پێگەشتووە) دا، شتێکی ئۆرگانی ڕاستەقینە نییە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٣٦).

یان خســـتنەڕووی ڕێکخســـتنی ڕووداوەکانە بە جۆرێک لە واقیع و لۆژیکەوە نزیک بێت و عەقڵی بینەر و خوێنەر دەرکی بکات، واتە پلۆت ڕووداوەکان «"بەشـــێوەیەک ڕێکدەخات، کە لە دیدی خۆێنەردا لۆژیکی بکەوێتەوە"»(کەســـنەزانی، ٢٠١٢، ٢٣) پلۆت ئەو باسانە دەخاتەڕوو، واقیعیانە کارەکتەری سەرەکی نێو دراماکەو کارەکتەرەکانی تر پێی هەڵدەســـتن، هەنگاو بەهەنگاوی ڕووداو و ململانێی نێو ڕووداوەکان پیشـــاندەدات، تا گەشـتنە خاڵی کۆتایی؛ پلۆت ڕۆڵی هەیە لە ســـەرخســـتنی ئاســـتەکانی چیرۆکی درامیدا، واتە بۆ هەر ئاستێکی نەخشاندنی چیرۆکێک لە درامادا پێویستمان بە پلۆت(چنینی ورد) هەیە، کە بریتییە لە ڕیزبەندی ڕووداوە بەیەکەوە گرێدراوەکانی ناو چیرۆکی درامایەک، ڕۆمانێک، فیلمێک، داســـتانێک، یان بەرهەمێکی ئەدەبی، هەموو پلۆتێک لە زنجیرەیەک ڕووداو پێکهاتووە کە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، پەیوەندییەکانیان لەســـەر پێوەری ئەنجامی بەهێزی دەقەکە دەکەوێتەوە، کە جۆرێک شـــپرزەیی و دابڕانی پێوەدیار نەبێت؛ بەواتایەکی تر تۆڕی بەستنەوەی زنجیرەی ململانێ و قەیرانە لە چیرۆکەکەدا، کە بەرەو خاڵی وەرچەرخانی دەبات، هەر بۆیە پلۆت توخمێکی گرنگە لە ڕۆمان و شـــیعر و چیرۆک و درامادا و لە هەموویاندا ڕۆڵی دیاری هەیە لە چنینی وردی بابەتیانەی دەقەکاندا.

حەمەکەریم هەورامی، دەڵێت: چنین « گیانێکی هونەرییە بەبەری پەیکەری درامادا دەکرێت و هێز و تین دەخاتە ناو دەمار و لەشی دراماوە و دەیکات بە پارچە هونەرێکی جوان و زیندوو»(هەورامی، ٢٠٠١، ٢٢). لە بنیاتتی درامیدا چنین کۆمەڵێک بنەمای هەیە، کە کاری لەســـەردەکات، لەبابەتی شـــیعریشـــدا چنین ڕۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە، بەتایبەت لە پێکەوە چنینی یەکیەتی بابەت و یەکیەتی بەیتداو بەخشینی سیمایەکی پتەو بە دەقەکە.

## ٩) گرێچن

گرێچن(الحبكة): واتە ڕیزكردنی ڕووداوەكان یان ئەو بابەتانەی لە چیرۆكەكەدا دێن لە بە دووای یەكدا ناسـینی كەسـایەتییەكان(ارسـطو، ١٩٩٩، ١١٢)، گرێچن پەیوەندییەكی بەتینی هەیە بە كردەی درامی و گرژی دراميیەوە، چونكە كردەی درامی (الفعل الدرامی) «ڕووەو پێشـچوونی ڕووداوی نێو گرێچنەكەیە» (كـاردۆ، ٢٠٠٦، ١١). كە بریتییـە لە«زنجیرە دیمەنێكی یەک لە دوایەک، كە بەیەكەوە بەسـراون و دەبن بەهۆی گرژی درامی»(ارسـطو،١٩٩٩، ١١٣)، لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا ئەم زاراوەیە هاتووە و لێكدراوەتەوە بە«جۆرێ تەنین بە گرێ گرێ»(هەژار، ١٣٩١، ٦٩٤). گرێچنی درامایی دەبێت بەشـێوەی یەككگرتوویی ڕێكبخرێت، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوەنییە «بابەتەكە لە دەوری یەک كەس بسـوڕێتەوە یان تەنها باسـی یەک كەس بكات، شـتگەلێكی زۆر هەن كە دەكەونە سـەر یەک كەس مەحاڵە بچوک بكرێتەوە لە یەكەیەكدا یان لە بەشـێكدا و دەسـتپێكی لە هەمان خاڵەوەبێت بۆیە لەوێدا كردارانێكی زۆر هەن كە یەک كەس ئەنجامیان دەدات و ناكرێت هەموو ئەو كارانە لە یەک شێوەدا دابڕێژرێتەوە»(ارسطو،١٩٩٩، ١٣٣).

لەبارەی زاراوەی گرێچن و جۆرە نزیكییەكی لە پلۆت ئەو تێكەڵاویەی دروستبووە لە نێوانیاندا كە لە كاتی وەرگێڕانی ئەم چەمک و زاراوانەدا سـەریهەڵداوە، ئەوەیە كە بنەچەی وشـەكە ئینگلیزییەو لە تێگەشـتنە ڕۆژهەڵاتییەكەیدا لەهەندێک وەرگێڕاندا پلۆت بە گرێچن دانراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، وەک كەسـنەزانی دەڵێت«بەڕای ئێمە ئەمە لەگەڵ پلۆتدا یەک نایەتەوە بە تایبەت لە مانا بنیاتگەراكەیدا، بۆنموونە لە كتێبی وەرگێڕاوی (ڕۆمان و پیشـەی ڕۆمان نوسـیندا) پلۆت بە گرێچن دانراوە"گرێچن لە وێنەكێشانی شەخسییەتەكان و ململانێدا پێدەگات" . عەبدوڵا سەراج بە تانوپۆ لە چەند كورتە پەرەگرافێكدا ناوی دەهێنێت"ئەوكردارو ڕووداو و هۆكارانە دەگرێتەوە، كە ڕۆمانـنوس بە ویسـتی خۆی سـفت و سـۆڵ پێكەوە دەیانگونجێنێ"»(كەسنەزانی، ٢٠١٢، ٢٣).

لە فەرهەنگی ڕاگەیاندندا جەمال عەبدول (گرێچنین و پلۆت و چنین)ی بەبێ جیاوازی پێناسـەی كردون كە دەڵێت: «گرێ، چنین، چنین و دارشـتنی چیرۆک و ڕێكخسـتنی لە دارشـتنێكی تۆكمەو بە دواهاتنێكی قەشـەنگدا، تا كۆتایی نەخشـە بۆ كێشـراوی هێما

ســـەرەکییەکانی گرێ دروســـتکردن، بوونی پاڵەوان و ئامانجە، بوونی ئەو گرفتانەیە کە دێنە ڕێی ئەو پاڵەوانەو کە پێویســـتە بەســـەریاندا زاڵ بێت، تا دەگاتە ئامانج»(عەبدول، ٢٠٠٤، ٤٩٩) دەتوانین ئاماژەیەکی ورد لەم پێناســەیەدا بدۆزینەوە بەوەی پلۆت و گرێچن دوو چەمکی لێکجیاوازن و هەســت بە تێکەڵی نێوانیان بکەین لە هەمان پێناســەدا کاتێک دەڵێت: "چنین و داڕشتنی چیرۆک و بەدوایەکدا هاتنێکی قەشەنگە"، ئەوە ئەو بەشەیە کە خودی پلۆت دەگرێتەوە، وە ئەوەی نەخشـــەی ئەو گرفتانەیە کە دێنە ڕێگەی پاڵەوان و گرێ دروست دەکەن، گرێچن دەگرێتەوە، بۆیە پاڵپشتی ڕاکەی کەسنەزانی دەکەین و بەلامانەوە پەسەندە "گرێچن و پلۆت" دوو چەمک و ڕەگەزی لێکجودابن.

ئەرکی ڕەگەزی گرێچن، بریتییە لەوەی هەموو ئەو ئـامـاژەو جووڵـەو دیـالۆگ و پرۆســـانەی لە دراماکەدا دەبینرێن، بەشـــێوەیەکی هونەری و بەدوایەکدا هاتوو ڕیزیان دەکات و بەمەش بنیاتێکی پتەو و بەهێز بۆ دراماکە دەخولقێنێت؛ ئەرســـتۆ ئەوەی بە مەرج گرتووە کە هەموو کردەو دارشتنێکی درامی ئەبێت«سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەبێت»( ئەرەســتۆ، ٢٠١١، ٢٠٠)، بەمەش کردەی درامی کە داینەمۆی جووڵەی دراماکەیە ســـەرهەڵدەدات، جووڵەش بە ئاراســـتەی زۆربوونی ململانێیەو ململانێش ســـەرهەڵدانی گرێ زیاد دەکات.

### دەمامک:

دەمامک بریتییە لەو کەرەستەیەی ڕووخساری کەسێک دادەپۆشێت، جا بەمەبەستی نەناسینەوە بێت، یان بۆ خۆپاراستن بێت لە دەرکەوتن یان خۆحەشاردان بێت لە بەرگی کەســـــایەتییەکی تردا بۆ ڕۆڵبینین وەک کارەکتەرێکی تایبەت، وەک ئەوەی لە درامادا هەیە، یان بۆ گەیاندنی پەیامێکی چێژ بەخشـــین، وەک ئەوەی لە یاری ســـێرکدا بەدیدەکرێت، یان بۆ لاســـاییکردنەوەی کەســـایەتییەک وەک ئەوەی لە هونەری نواندنی منداڵان زۆر دەبینرێت، یان بۆ نیشـاندانی کەسـایەتییەکی مێژوویی، هەروەها دەتوانین بڵێین دەمامک بریتییە لەو پارچە قوماشـە کە دەموچاوی پێدادەپۆشـرێت، سـەبارەت بە دەمـامـک لە بـابەتی تـاوانـدا زۆربەی جـار تـاوانبـاران دەیپۆشـــن بۆ ئەوەی کەس نەیانناســـێتەوە. بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەمامک لە لایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێت بۆ کۆمەڵێک مەبەستی جیاواز.

"دەمامک وەک کەرەستەیەک بۆ دراما بۆ یەکەمجار لە شارستانییەتی ڕۆژئاوادا لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی یۆنانی کۆنەوە سەریهەڵدا. لە پەرستنی دیۆنیسۆس، خودای بەرهەمهێنان و دروێنە، ئەم بارە بە لەبەرکردنی پێستی بزن و بە وەرگرتنی شەراب لە کۆتاییدا گەشەی کرد و بوو بە دەمامککردن. لە نواندنەکاندا دەستەیەک سرودبێژ لە پشتەوەبوون، کە چەند دێرە شعرێکی خەمناک و پڕ لە ئازاریان بە شێوەی کۆرس دەوتەوە، تاکەکانیش پێستی بزنیان دەکرد بەریاندا بۆئەوەی بە دیمەن و شێوەی شوێنکەوتووانی خواوەند (دیۆنوسیۆس) دەربکەون" (العشری ١٩٩١، ١٦).

دەتوانرێت دەمامک بەڕەگەزێکی شوێنکەوتە یان لاوەکی دراما ئەژماربکرێت، کە زیاتر لەگەڵ ڕەگەزی کارەکتەردا دەخرێتەڕوو، «دەمامک لە کرۆکیدا بریتییە لە ڕووخسار، مێژووی ئەم ڕووخسارە بە درێژایی شارستانییەتی مرۆڤایەتی درێژە»(حسێن، ٢٠٠٧، ٩٧) لەو کاتانەی کە پێویست بکات بۆ نیشاندانی کەسایەتییەکی مێژوویی یان شاردنەوەی بابەتێک لە دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکاندا، بۆ قسەکردن لەبارەی کەسایەتییەکی شەڕەنگێزی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان گەمەو یاریی...هتد، بەکاردەهێنرێت، بە هۆکاری دەمامک و داپۆشینی ڕووخسار، گوزارشت لە بابەتێک دەکرێت کە لە ناوەوەی کارەکتەرێکدا شاردراوەیە، واتە دەمامک ڕۆڵی هەیە لە خستەڕووی کەسایەتییەکی تردا، ئەمەش لە ڕۆڵی دەمامک کەم ناکاتەوە.

لەم سەردەمەشدا لەلایەن شاعیران و درامانووسانەوە، هەتا لەناو جیهانە بەرفراوانەکەی تەکنەلۆژیاو سۆشیالمیدیادا بە جۆرێکی بەربڵاو ئەم ڕەگەزە بەکاردەهێنرێت و ژانەرەکانی تریش لێی سودمەندبوون، شاعیران بەکۆمەڵێک هۆکار پەنایان بۆ بەکارهێنانی دەمامک و شاردنەوەی ڕووخساری کەسایەتییەک، ڕووداوێک و کارەساتێکیش بردووەو بە ڕەمزو ئاماژەی نادیار بابەتەکەیان خستوتەڕوو، جا بەمەبەستی دژایەتی و تانەدانبێت یان ستایش...هتد، سودیان لە دەمامک بینیوە، پۆشینی دەمامک لە درامادا جیاوازە لە بەکارهێنانی لە شیعردا. ئەوەی گرنگە دەمامک بۆ گەیاندنی مەبەستێکی ترە لە ڕۆڵبینینی کارەکتەردا، هەربۆیە بەدرێژایی مێژوو دەمامک ئەرکی خۆی هەبووەو زۆرجار لە درامادا بایەخی گرنگی هەبووە، یۆنانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە دراماکانیاندا دەمامکیان بەکارهێناوە، دەستبەرداری بەکارهێنانی نەبوون، هەمیشە بۆ ڕۆڵگێڕانی کەسایەتییەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی دراماکانیان بووە و«دەمامکیان زۆر بەکارهێناوە»( عەبدوڵا ، ٢٠١٦، ١٠٩).

**گرنگترین ئەرکەکانی دەمامک لای گریکەکان ئەمانەبوون:**

- "بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەزی نێرو مێ،
- بۆ خستنەڕووی باری دەروونی کەسایەتییە شانۆییەکە، تا نیشانبدرێت کە خەمبارو دڵتەنگە، یان ئاسوودەو دڵخۆشە.
- بۆ گەورەکردنی کەللەی سەری ڕۆڵگێڕ، تا بینەر بە ئاسانی ببینێت.
- گەورەکردنی دەنگ لە ڕێگەی کوونی دەمەوە، کە هاوشێوەی زووڕنابوو.
- بۆ جیاکردنەوەی کەسایەتییە دراممییەکە، چونکە هەر کەسایەتییەک دەمامکی تایبەت بەخۆی هەبوو" (عەبدولا ، ۲۰۱٦، ۱۱۰)
- بۆ گوزارشت لە کەسایەتییەکی ئەفسانەیی یان مێژوویی یان بابەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کە ڕاستەوخۆ ناتوانرێت ئەو کەسایەتییە لە ڕۆڵگێڕانەکەدا بوونی هەبێت و دەمامک ئەم بۆشاییە پڕدەکاتەوە، هەروەک چۆن لە شیعریشدا شاعیران لە سەردەمی ترس و تۆقاندنی دەسەڵاتداراندا یان خۆدوورگرتن لە کێشەو ئاژاوە، لە پشت دەنگ و ڕەنگی ئەو کەسایەتییانەوە پەیامەکەی خۆیان گەیاندووە.

## ۱۰) زمان

زمان بە پێکهاتەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان دادەنرێت، لەهەمان کاتدا کەرەستەیەکی هونەرییە، کە بەهۆیەوە کەسایەتییەکان دەتوانن هەستەکانی خۆیانی پێدەرببڕن، بۆ گەیاندنی پەیام و گۆڕینەوەی بیروڕاو لێکتێگەشتنی نێوانیان، زمان لە ئەدەب و هونەردا بە چەندین جۆر گوزارشتی لێکراوە، سەرچاوەیەکی بنەڕەتی و بەهێزی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرەکانی ئەدەب و هونەرە، هەڵبژاردنی دەربڕینی زمانەوانی و بیرۆکەکان لە ئەدەبدا سەرچاوەی دروستبوونی تەواوی ژانرو شێوەکانییەتی، لە درامادا سەرەڕای ئەوەی لە دەربڕین و دیالۆگدا پێگەی پتەوی هەیە، بەکاردێت بۆ دروستکردنی کرداری دراماییی؛ ئەو کەرەستە خاوەیە، کە نووسەری دراما یان شاعیر کاری لەسەردەکات«بۆ پێکهاتەیەکی بنچینەیی هەنگاوەکان دەگرێتەبەر، هەر وەک چۆن پەیکەرتاشێک بەردێک دەگۆڕێت بە پەیکەرێکی زۆر جوان، لەم ڕێگە هونەرییەوە، ئەو شێوەی کە خۆی دەیەوێت دەریدەبڕێت»(سعاد، ۲۰۱۱، ۸۸).

لە کاری ئەدەبیشدا نووسەری دەق هەمانکار لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا دەکات، لە درامادا، شێوازی تایبەتی دەربڕینی زارەکی، فەرهەنگی، شێوازی نووسین، یان ئەو

گوتارە، یان ئەو هەڵچوونەی کە پێشـنیازی پۆلێک، پیشـەیەک، یان جۆری کارەکتەرێک دەکات. دەتوانن لە ڕێگەی زمانەوە بەرز بکرێنەوەو بخرێنەڕوو.

لە هەر کارێکی درامادا ئەوەی کە دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی ئاسـایی جیادەکاتەوە بەکارهێنانی زمانە « زمانی درامی پێش هەموو شتێک دەبێ ڕوون و ئاشکرابێ»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ١٥١)، هەروەها زمان توخمێکی سـەرەکی درامایە، چونکە دەتوانێت بە شـێوازی ناوازە پەیوەندیی لەگەڵ خەڵکدا بکات، ئەوەی خاڵی جیاکەرەوەی درامایە لە دەقەکانی تری گێڕانەوە، دیالۆگە، دیالۆگیش پشـت بە زمان دەبەسـتێت، «زمانیش دوای ئاماژەی جەسـتەیی، یەکەمین ئامرازی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و فاکتەری سـەرەکی لەیەکتر گەیشـتنیانە»(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٨)، ئەرسـتۆ بایەخی گرنگی بە ڕۆڵی زمانداوەو لە باسـی تراژیدیادا، باسـی زمانێکی جوان دەهێنێتە ئاراوەو دەڵێت: «مەبەسـتم لە جوانی زمان هۆنینەوەو هاوئاهەنگییە»(ئەریسـتۆ، ٢٠١٠، ٢٢)، ئەوەی هۆکاری تێگەشـتنی مرۆڤە لە مرۆڤی تر و لە داخوازی و گرفت و کێشـەو پێویسـتییەکانی، زمانە، زمانی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، لە دەربڕین و خستنەڕووی خواستەکانی مرۆڤ.

## ١١) هێماو ئاماژە

جیا لە ڕەگەزی زمان کە لە دیالۆگ و مۆنۆلۆگ بەرجەستە دەبێت، دەکرێت بەشێک لە دەربڕین و دواندنەکان پشـت بە زمانی هێماو ئاماژەو جووڵەی جەسـتە ببەسـتن، وەزیفەی ئەمەش تەواوکردنی پێکهاتەی دیالۆگە بۆ گەیاندنی بیرو مەبەسـتی دراماو خسـتنە ڕووی پەیامێکە بە شـێوەیەکی تر، واتە ئەو پەیوەندیانەی کاتێک ڕوودەدەن کە هەڵوێسـتێک یان شـتێک بەکاردێت بۆ ئەوەی شـتێکی تر بخاتەڕوو، بۆ دووپاتکردنەوە یان درێژکردنەوەی مانا دراماییەکان، هێماو ئاماژە بەشـێوەیەکی تر ئەرک و وەزیفەی دیالۆگ تەواو دەکەن، یان ئەو ئەرکەی دیالۆگ و مۆنۆلۆگ تەواویان نەکردووە و دەقەکە پێویستی پێیەتی بۆ گەیاندنی پەیامێک، واتە هێما جەستە بەشێوەیکی تر دەخاتە حاڵەتی دەربڕین، ئەم ڕەگەزە دەبێت «پشـت ببەسـتێت بە زمانی گوزارشـت لە دواندنی ئەکتەردا لەڕێی ئاماژەوە»(حسـێن، ٢٠٠٧، ٢٦) بەمەش هەندێک کەلێن و شـوێنی ونی دیالۆگ دەگرێتەوە، ئەمە وەک تەکنیک لە دیالۆگدا، هەروەها وەک بەشـێ لە پیشـاندانی دیمەنی درامی ناو دراماکە، ئەمەش کەموکورتیی نییە بەڵکو«جووڵەو ئاماژە بەشێکن لە نمایشی شانۆیی»(حسێن، ٢٠٠٧، ٦٨).

## پاری سێیەم:

### یەکەم: شێوە بنەڕەتییەکانی ژانرە ئەدەبییەکان(چەمک و جۆرەکانی)

ژانر، پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەبە. دەتوانرێت ژانرەکان بە تەکنیکی ئەدەبی، یان شێوەی هونەری هەریەکەیان پێناسە بکرێت، کە خاڵی جیاکەرەوەو لەیەکچوونی نێوانیانن، جیاوازی نێوان جۆر و شێوەکانی لەسەر بنەمای ئەرک و تەکنیک و ڕەگەزی هەریەک لەو ژانرانەیە.

لە بنەڕەتدا «ژانری ئەدەبی وەرگێڕدراوی زاراوەی"Literary Genres " یە، لە زمانی ڕۆژئاوادا، جارێک لە بری (Types ،Kinds ،Genres) بەکارهاتووە و هەتا (Forms)یشی پێوتراوە، زاراوەی (ژانر) بەکارهێنانی فەرەنسییە، هەروەها لەلای ئینگلیزیش هەمان زاراوە بەکاردەهێنرێت. مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لای ئینگلیز بۆ پێش سەدەی بیستەم زیاتر ناگەڕێتەوە... ڕیشەو ڕەچەڵەکی ئەو زاراوەیە (Genes) یا (Genos) بۆ یۆنانی دەگەڕێتەوە» (شمیسا، ١٣٨٧، ٣١)، پۆلێنی شێوە بنەڕەتییەکانی ئەو ژانرانە، کە لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە دەرکەوتوون و دواتر لەلایەن ئەرستۆوە باسکراون، لە " هونەری شیعر"دا، ئەدەبی دابەشکردووە بۆ سێ جۆر، ئەوانیش «تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان»(الماضي، ٢٠١٠، ٩٤)، لە سەرەتاوە پێوانەی جیاکاری بۆ ئەو ژانرانە، وابەستەی مێژووی شیعر، یان درێژکردنەوەی گەشەی ئۆرگانی شیعر بوو، ئەم چەمکە لە سوقراتەوە دێت تا ئەو کاتەی ئەدەب چەمکێکی گشتگیرتر وەردەگرێت و شیعر دەکاتە یەکێک لە چەشنە بنەڕەتییەکانی خۆی، کەواتە «پێشینەی دابەشکاری لە ئاستێکی باڵادا بۆ شێوەکانی ئەدەبی، سەرەتاکەی بۆ ئەرستۆی یۆنانی و هۆراسی ڕۆمانی دەگەڕێتەوە» (شمیسا، ١٣٨٧، ٣١).. ئەم دابەشکردنە تا سەدەی هەژدەیەم لە چوار چێوەی دابەشکردنی شیعردا مایەوە بەو ئاراستەیەیی (ئەدەب) تا ئەو دەمە بە شیعر دەناسرا، «هەر ئەمەش وا دەکات کە پۆلێنکردنی چەشنە ئەدەبییەکان لە ئەرستۆوە تا دەگاتە هێگڵ و ئیلیۆت پۆلێنکردنی شیعرە نەک شیعر و پەخشان پێکەوە»(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٤). لە کاتێکدا چەشنە ئەدەبییەکان جگە لە شیعر پەخشانیش دەگرێتەوە.

گۆتە لەبارەی جۆرەکانی شیعرەوە «ئیپیک، لیریک و دراما) بە جۆری هەرەبەرزی شێوەی بنەڕەتی، یان سروشتی لەقەڵەم دەدا» (هاڵبێرگ و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٤)، گۆتە پێی وایە هەر چەشنە ئەدەبێک ڕوخساری خۆی هەیە و خاوەنی دەربڕین و ناوەڕۆکی پێشکەوتووی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێڕەوی مێژووییدا چەند بابەت و ژانری ئەدەبی سەرهەڵدەدەن و هەندێکیان ون دەبن، کە پێشتر بوونیان هەبووە و

گرنگییان پێدراوە، وە هەندێکجار گۆڕاون بە چەشنێکی تری ئەدەبی. وەک ئاماژەی پێدرا ئەم دابەشـــکارییەی ئەرســـتۆ بۆ ژانرەکانی ئەدەب تا کۆتایی ســـەدەی حەڤدەهەم و ســـەرەتاکانی ســـەدەی هەژدە کاری پێدەکرا، دواتر هەندێک لە تیۆرزان و ڕەخنەگرو شـــاعیران بە پێویســـتیان زانی کە «لە دانانی تراژیدیاو کۆمیدیادا پشـــت بەکارەکانی شکسپیر ببەستریێت» (الماضی، ٢٠١٠، ٩٥)، ئەمە بەمانای ئەوە نییە، کە ئەو پۆلێنکارییەی ئەرســـتۆ بایەخی لەدەســـتدابێت، بەڵکو هەمیشـــە تیۆری ئەدەبی پشـــتی بە تێڕوانینە تیۆرییەکانی ئەرستۆ بەستووەو تا ئەمڕۆکەش کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو چەندین ڕەخەگر بۆ لێکدانەوەکانیان دەگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی.

یەکێک لەو ژانرانەی لێی دەدوێین درامایە، گفتوگۆ ســـەرەتاییەکان لە بارەی دراماوە وەک ژانرێکی شـــیعری لای یۆنانی کۆن بۆ ســـێ جۆر دابەشـــدەبێت «تراژیدیا (المأساة)، کۆمیدیا (ألملهاة)، درامای ساتیر» (ابراهیم، ١٩٩٤، ص١٢-١٩) ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شـــیعردا «چەندە باســـی تراجیدیا دەکات، هێندەش خۆی لە فۆرمەکانی تری دراما، بۆ نموونە کۆمیدیا و ســـاتیر لادەدات، بەڵام باســـی فۆرمە داســـتان ئامێزەکان دەکات، بەتایبەتی بۆ ئەوەی جیاوازییەکانی داســـتان و تراجیدیا بخاتەڕوو، ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە ساکارەی. کە دراما بە شـێوەیەکی گشـتی و فۆرمی تراجیدیا بەشـێوەیەکی تایبەتی پێگەیەکی گەورەی لە ئەسـینادا هەبووە»(ڕەئووف، ٢٠١٦، ١٤).

لەم بوارەدا ئەرســـتۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ.ز) بە یەکەم تیۆرزان و ڕێکخەری ڕێبازی کلاســـیک لە درامادا دادەنرێت، کە یاســـاو ڕێســـا نووســـراوەکانی لە کتێبی "هونەری شـیعر"دا نووسـییەوەو بوو بە بنەمایەک بۆ هەڵسـەنگاندن و پۆلێنکردن و ناسـینەوەی دەقە دراماییەکان، ئەرستۆ ئەو یاساو ڕێسایانەی لەسـەر بنەماو بنچینە هونەرییەکانی دراما تراژیدییەکانی هەرســـێ شـــاعیرو درامانامەنووســـی یۆنانی (ئەســـخیلۆس و ســـۆفۆکلیس و یۆرپیدس) و کۆمیدیانووســـی بەناوبانگ (ئەرســـتۆڤانیس) بەرهەمهێنا. ئەرستۆ لەم کتێبەدا شـیعری تراژیدی بە گرنگترین فۆرمی دراما ناودەبات و پایەیەکی گرنگ بە شیعری درامی دەدات، هەروەها باس لەپەرەسەندنی و پێشکەوتنیان دەکات، لە شـێوەی سـادەو سـاکارەوە بۆ زیادکردنی توخمەکان و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی وەک ئەکتەر و کاڵبوونەوەی ڕۆڵی کۆرس، هەروەها بۆچوونی وایە «تراجیدی و کۆمیدی هەردووکیان لەسەرەتاوە بەسەرپێی دەستیان پێکردووە» (ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٣).

جەختکردنەوەیە لەسەر گەشەسەندن و پەرەسەندنی ئەم دوو ژانرەی شیعر، ئەوەی ئەرستۆ باسی لێوە نەکردووە بابەتی کزبوونی ژانرێکی ئەدەبی و لەناوچوونی و شوێنگرتنەوەی بە ژانرێکی تری ئەدەبی، ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە ئەو باوەڕی بە لەناوچوونی ژانری ئەدەبی نەبووە، جەختی لەوەش کردۆتەوە «تراژیدیا بە هەنگاوی شێنەیی بەرەوپێش چووە»(ئەرستۆ، ٢٠١١، ٢٣) لەئەنجامی ئەو پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونانە، ڕەگەزی تازە لەم شێوەیەیی شیعردا سەریهەڵداوە. لەگەڵ ئەوەشدا دراما و داستان دوو ژانری دیاری نێو دابەشکارییەکەی ئەرستۆن، جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە دراما وەک داستان «گێڕانەوە نییە، بەڵکو گفتوگۆو قسەی پاڵەوانەکان و هەڵسوکەوتیانە... ئەگەر لە ئیپیکدا ڕووداوەکان هی ڕابردووبن، ئەوا دیالۆگ و مۆنۆلۆگی دراما هی کاتی ئێستان، لێرەدا ژیان خۆی قسە دەکا، بینەر ڕاستەوخۆ دراماکە دەبینێ»(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٤٦-٤٩)، هەرچی سەبارەت بە داستانیش لای ئەرستۆ «بریتییە لە ژانرێکی شیعری کە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەخرێتەڕوو» (بەرزنجی، ٢٠١٦، ٨٢)، ئەرستۆ نموونەی زۆر دیار بۆ داستان یان داستانە شیعر «لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا بینیوەو دیاریکردووە... چەمکی ڕاستەقینەی بنیاتی داستان، بریتییە لەوەی کە بەشە سەربەخۆکانی، چ بچوک، چ گەورە، بە شێوەیەکی ئاسایی دەخرێنە پاڵ یەک، ئەم زیادکردنەش هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕواو پەرەدەسێنێ» (هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٤٣-٤٤).

هێگڵ، ئەدەب دابەشی سێ جۆری سەرەکی دەکات «داستان (ملحمة)، شیعری لیریکی (غنائی)، شیعری درامایی (درامی)» (عومەر، ٢٠١٢، ١٠٠) بەهەمان شێوەش ت.س. ئەلیۆت دابەشکاریی بۆ ئەدەب دەکات « ناوی لێناون "سێ دەنگەکەی شیعر"»(الیوت، ١٩٩١، ١١٤) وە هەرسێ دەنگەکە (گۆرانی، داستانی و درامی) دەبەستێتەوە بە شاعیرەوە، کاتێک لەگەڵ خۆی و بەتەنیا بۆ دەروونی خۆی قسە دەکات شیعری گۆرانی (لیریک) پێکدێت، یان دەنگی دووەم ئەوەیە کاتێک گوتاری ئاراستەی گوێگرەکانی دەکات، دەنگی سێیەم کە دەیەوێت کەسایەتییەکی درامی لێبەرهەم بهێنێت، هیگڵ لە دەستنیشانکردنی ژانرەکانی ئەدەبدا دەڵێت «داستان بابەتییە و شیعری لیریک خودییە و دراما تێکەڵەی هەردووکیانە» (هاڵبێرگ و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٦). هەر ئەو دەنگە کاتێ ڕوو لە جەماوەر دەکات دەبێتە داستانی و کاتێک شاعیر پەنا بۆ دەمەتەقێی و دیالۆگ دەبات لە نێوان چەند کەسایەتییەکدا، دراما لەدایک دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا «زۆربەی جارەکان دەبینین

هەرسـی دەنگەکە چوونەتە ناویەک لە کارێکی شـیعریدا جا ئەو کارە لیریک بێت، یان داستانی، یا درامی» (الماضی، ٢٠١٠، ٩٨)

پەیوەندیی بەهێزو پتەو لە نێوان ژانرەکاندا هەیە، بەهێزی کاریگەریی ڕەگەز و توخمەکانیان لەسەر یەکتر وا دەکات ژانری تر لەدایکببێت، هەر بۆیە ئەو پۆلێنکارییانەی سەردەمی پێشووی گۆڕانی بەسەردا هاتووە «برۆنتییر، پێی وایە چەشنی ئەدەبی (ژانر) وەک چەشـنی بایۆلۆژیی وایە، دێت و گەشـەدەکات و لەناو دەچێت، بەڵام ئەم لە ناوچوونە لە ناوچوونی تەواو نییە، بەڵکو ڕەگەزەکانی لەگەڵ چەشـنی تردا بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوەو گەشە دەکات» (حسەین، ٢٠٠٧، ٣٤).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشـدا "تێڕوانینی تیۆری ڕەنگدانەوە بۆ چەشـنە ئەدەبییەکان بەوجۆرەیە کە دەرکەوتن، یان لەناوچوونی چەشـنە ئەدەبییەکان وابەسـتەی پێداویسـتی ئیسـتاتیکی و کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە ڕۆمان لە ژینگەی کۆچەریدا سـەهەڵنادات، بەڵکو پێویسـتی بە پەیوەنـدیگەلێکی کۆمەڵایەتی چڕو فراوان هەیە، کە خۆی لە شـاردا دەبینێتەوە"(الماضی، ٢٠١٠، ٨٣-٨٩). دیارە ئێستا زۆرێک لە ژانری ئەدەبی و ژانری شیعری سـەریـانهەڵـداوەو توێژینەوەیـان لەبـارەوە دەکرێـت و بوونەتە بـابەتێکی زینـدوو، بەبۆچوونی دکتۆر سـیروس شـمیسـا «کـاتێک ژانرێکی ئەدەبی لاواز دەبێت و کەناردەخرێت، ئەرکی ئەو ژانرە لە ژانرێکی تری نوێدا سـەرهەڵدەدات» (شـمیسـا، ١٣٨٧، ٣٢) هەر خۆی پێیوایە «گۆڕان لە چەشنە ئەدەبیەکاندا پەیوەستە بە گۆڕان و گۆڕانکاری باری کۆمەڵایەتی» (شمیسا، ١٣٨٧، ٣٦) جا ئەو ژانرانە وەک چۆن لە پێشتریش لە گۆڕاندا بوون، ئێستاش هەر لە گەشەسەندن و گۆڕانی تایبەتی خۆیاندان «ئیمڕۆ هەر تێکستێک دەیگری، هەتا ئەگەر پەیامێکیش بێ، ناتوانێ لە ئاخاوتنی جۆرەکانی ئەدەب دەربازبێ، ئەمەش وەک ئاسۆیەک وایە لە هەموو تێکستێک هەڵدێ»(عومەر، ٢٠١٢، ٩٩). بەمەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە گرنگترین ئەرکی ژانری ئەدەبی پلەبەندکردنی شوێنەواری ئەدەبە بەپێی قۆناغەکانی گەشـەو سـەرهەڵدانیان، ئەم گرنگیدانەش بە ژانرەکان لەیەک ئاسـتدا نین. دەشێت لێدوان لە بەرهەمێکی ئەدەبی ئاسان بێت، بەڵام کاتێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین کە ئەو شـتـانە چین ئەدەب لە بوارەکـانی تر جیـادەکـاتەوە؟ یـان ئەو پێوانـانە چین بەرهەمێکی ئەدەبی پەسەند بکات و لە چوارچێوەی چەشنێکی ئەدەبیدا پۆلێنی بکات، ئەو کات دووچاری هەندێک ئاستەنگ و گرفت دێینەوە.

ئەگەر بمانەوێت لە گرفتی چەشـنە ئەدەبییەکان بدوێین، دەتوانرێت، نەبوونی بۆچوونی یەکگرتوو و چەمکی لێکۆڵینەوە و ڕوانینی جیـاواز وەک خـاڵێکی دیـار

دەستنیشـان بکرێت، هەرچەندە زۆر جار بەهۆی فراوانی بواری ئەدەبی و چەشـنەکانی ئەدەبەوەیە، کە فرەیی لە بۆچوون و پێناسەی جیاوازدا سەرهەڵدەدات. لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەوەی ڕۆڵی گرنگ و دیاری هەیە؛ جیاوازی زمانە لە نێوان جۆرو ژانرەکانی ئەدەبدا (شـیعر، چیرۆک، دراما، وتاری ئەدەبی و ڕۆمان) لەگەڵ ئەوەشـدا دەتوانین هەندێک لایەنی ئەو جیاوازییانە بەشێوەیەکی فراوان لەم خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١. زمانی شـیعری زیاتر دەسـتووری زمان دەبەزێنێت، لە پێناوی دانانی گوێگر، یان خوێنەر لە بارێکدا، هەروەها زمانی شـیعری گرنگییەکی زۆر بە چینین دەدات، بە جۆرێک، کە ئەسـتەمە وشـەیەک بگۆڕین، یاخود وشـەیەک زیادبکەین بەبێ ئەوەی کاریگەرییەکەی نەبێتە مایەیی تێکدان لە گشـتیدا. (الرحمانی، ٢٠٢١، ٣٩و٤٠) لەگەڵ ئەوەدا ئەم بارە بە گۆڕینی وشـەیەک و هەندێکجار زیاتریش کاریگەریی ئەوتۆی نابێت لە چیرۆک و ڕۆمان و درامادا.

٢. لەشـیعردا، خودییەتی شـاعیر بەسـەر تاپۆی دەقەکەوە دەبینرێتەوە، واتە شـیعر دەقێکی خودییە، هەرچەندە ئەم حاڵەتە بەسـەر شـیعری درامی و درامای شـیعریدا ناچەسـپێت، بەڵام دراماو چیرۆک و ڕۆمان زیاتر بابەتین و نووسـەر لەدەقەکەدا دەبێت خۆی بێلایەن نیشـانبدات و نابێت بە هیچ شـێوەیەک خودییەتی نووسـەر بەسەر دەقەکەدا زاڵبێت.

٣. تایبەت بە ئەو ڕسـتانەی لە درامادا هەن دەبێت کورت و گونجاوبن، چونکە ئەو ڕستانە لە درامادا بۆ دەربڕینن پێش خوێندنەوە، «بۆیە پێویستە دیالۆگ لە درامادا لەگەڵ کەسـایەتییەکەدا جووت بێت و سـووک و ئاسـان بێت» (الرحمانی، ٢٠٢١، ٨١) بەڵام ئەمە لە چیرۆک و ڕۆماندا جیاوازەو باری کورتبڕی لە ڕستەدا ڕەچاوناکرێت مەگەر دەقەکە وابخوازێت.

٤. ئەندێشـە، خاڵێکی تری ئەو جیاکارییەیە کە لە هەندێک ژانردا ئەندێشـە ڕۆڵی زۆری پێدراوەو لە هەندێک ژانری تر مەودای ئەندێشە سنووردارە.

٥. سـەرباری داڕشـتن و شـێوازی دەربڕین، کە خاڵێکی گرنگی جیاوازی نێوان ژانرەکانەو ئەویش زمان ڕۆڵی هەیە تیایاندا، هەندێکجار باری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی و داب و کلتووریش ڕۆڵی هەیە، بەو پێیەی ئەرکی کۆمەڵایەتی شـیعر سنووردارترە لە ئەرکی کۆمەڵایەتی دراماو دراماش لە چیرۆک و ڕۆمان...هتد.

**دووەم: ڕاو بۆچوونەکان لەبارەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە (جیاوازی و لێکچوونیان) و پەیوەندی نێوان شیعر و دراما**

ژانرە ئەدەبییەکان بەهەموویانەوە دنیا فراوانەکەی ئەدەب پێکدێنن « (ڕێنیە وێلیک) و (ئۆســتن وارین) ژانرە ئەدەبییەکان بە (دامەزراوە) ناودەبەن، هەروەک چۆن کڵێســە، زانکۆ، دەوڵەت بۆخۆیان دامەزراوەن... مەبەســـت لەو دامەزراوانە ئەوە نییە بینایەک، ماڵێکی پەرســتن، کتێبخانەیەک، یان دادگایەک، بەڵکو وەک چوارچێوەی دامەزراوەیەکی پتەو کە مرۆڤ دەتوانێت کاریان تێدابکات» (ولیک و أوســتن وأرن، ١٩٩٢، ٣١٣-٣١٤)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشـدا هەندێک لە ڕەخنەگران دابەشـکردنی ئەدەبی بۆ جۆرو ژانری جیا جیا ڕەتدەکەنەوە، بۆ نموونە (کرۆچی)یە لەگەڵ دابەشــکردن و پۆلێنکردنی ئەدەبدا نییە، لەو بارەیەوە دەڵێت «ئەدەب پێکدێت لە کۆمەڵە قەســـیدە و دراماگەری و ڕۆمانێک کە هەموویان لەژێر ناوێکدا کۆدەبنەوە کە ئەدەبە»(حسەین، ٢٠٠٧، ٣٣).

ڕایەکی تر هەیە کە وا دەڕوانێتە ژانرەکانی ئەدەب کە کەمتر بوونیان هەیە (ستایگەر) زیاتر خۆی بە دیاردەکانی دەرەوە خەریک کردووە، ئەویش لە کتێبە بەناوبانگەکەی بە نــاوی «"چەمکی بنەڕەتی شـــیعر، ١٩٤٦" نــایەوێ زاراوەی "لیریکی، ئیپکی، درامی" بەکـاربهێنێ، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی بیروڕای ئەم، ئەو بۆچوونـە دێنێتە نـاو کە دەبێ هەمیشە بەرهەمی شیعری بدرێتە پاڵ یەکێ لەو سیانە... چونکە شیعر بریتییە لەو سێ ڕەگەزە بنەڕەتییە» (هــاڵبێرگ و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ٣٤) بەم پێیە چەشـــنەکـانی ئەدەب ڕەتدەکاتەوە وەک چەمکێکی ڕووت و وشـک و سـورە لەســەر نەبوونیان، یان نەبوونی کاری لیریکی پوخت، یاخود باڵکێشانی یەکێک لەوانە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێت ئەدەب دابەشـبکرێت بەســەر فۆرمە چەشـنەییەکاندا. هەر لەو بارەیەوە، (ڕێنیە وێلیک و ئۆســـتن وارین) پێیـانوایە «ژانرە ئەدەبییەکـان هەر بە تەنها نـاوێک نیین، چونکە ئەو نەریتە ئیســـتەتیکییەی پشــکاریی تێدا دەکات، لە داڕشـــتنی دەقی ئەدەبیدا، تەواوی کەسـایەتی دەق پێک دەهێنێت»(ولیک و أوستن وأرن، ١٩٩٢، ٣١٣). ئەوەی ئەمڕۆ گفتووگۆی شـــێلگیرانەی لەســـەر دەکرێت ئەو تایبەتمەندییانەن، کە ژانرێکی ئەدەبی لە یەکێکی تر جیـادەکـاتەوە، ئەم جیـاکـارییە لەگەڵ ئەوەی ســـەختە بەهۆی گۆڕانی بەردەوام و تێکەڵاوبوونی لەناکاوی چەشنەکان خۆیانەوە بەڵام دواجار قاڵب دەگرن و لە چەشنێکی نوێدا خۆیان دەبیننەوە.

لەمەوە بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەنـدییە مێژوویی و بنەڕەتییە دەچین کە لەنێوان دراماو شیعردا هەبووەو سەریهەڵداوە.

١- گەورەترین و بەهێزترین پەیوەندی نێوان شـــیعرو دراما بۆ ســـەرهەڵدانە مێژووییەکەی دراما دەگەڕێتەوە، «لەسەرهەڵدانەکەی درامادا، شیعر گەورەترین دەوری مێژوویی دیوە» (سالار، ١٩٨٠، ٧٠) کە بەجۆرێک ئاوێتەو هاوپەیوەندبوون لەگەڵ شیعرو شاعیراندا، هەموو دراما نووسەکانی سەرەتا، شاعیران بوون و دراماکانیشیان بە شیعر نووسیوە، ئەگەر لەگۆشەنیگای مێژووی دراماوە سەرنج بدەین، هەســـت بەوە دەکەین «بەدرێژایی چواردە ســـەدە شـــیعر نەک هەر دەســـتەملانی درامابووە بەڵکوخودی خۆی دراما بووە» (عەبدوڵڵا، ٢٠١٥، ٤٥)، ئەمەش بەشـێوەیەکی قوڵ پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کەرەسـتەو بابەتی خامی دراماکان، ئەو داســـتانانە بوون کە لە شـــارســـتانییەتە کۆنەکاندا هەبوون و هەموویان بە هۆنراوە نووسرابوون.

٢- لەســـەرەتاوە«شـــیعرو دراما دوو شـــتی ســـەربەیەک و تێکەڵی یەکتربوون و هەردوو لە بۆتەیەکدا توێنراونەتەوە، شـــیعر زمانی ســـەراپای دراماکان بووە، شـــیعر وەک مۆرکێکی تایبەت بە دراما هاتووەو وەک پێویســـتییەکی گرنگی تەواوکەر خۆی ســـەپاندووە» (ســـالار، ١٩٨٠، ٧٠). هەرچەندە لە ڕوویەکەوە ئەم ئاوێتە بوونە قوڵەی ژانری شـــیعر و دراما تا ســـەدەی هەژدە و ســـەرهەڵدانی درامای پەخشـــانی خایاند، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە دوای ئەو مێژووە ئەم پەیوەندییە کۆتایی پێهاتووە، بەڵکو ئەمە تەنها لەو سۆنگەوەیە، کە دەرگایەکی تر بە ڕووی درامادا کرایەوە، کە ئەویش نووسینی دراما بوو بە پەخشان، وەگەرنا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت شیعر ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بوونیادی هەندێک دەقی درامایداو «گەلێک نووسەری درامایی لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامن و بڕوایان بەو بەکارهێنانەی هەیە»(سالار، ١٩٨٠، ٧٠) بەڵام ئەو پەیوەندییە لە نێوان شیعرو درامادا هەیە بە پێیی هەندێک قۆناغ دەرکەوتنی زیاتری دەبێت، یان تووشـــی هەندێک سستی دەبێت.

٣- دەکرێت لە خاڵێکی ترەوە، پەیوەندی نێوان شـــیعر و دراما بە خســـتنەڕووی لێکچوون و جیاوازییەکانیان بدۆزینەوە، یان بڵێین چ کاتێک شیعر دەتوانێت ببێتە بەشـــێک لە نواندن و دراما، دیارە کە دراما وا پێناســـە کراوە، کە بریتییە لە جووڵەو کردارێک ڕووبەڕووی بینەران و کارێکی نمایشـــییە لەســـەر تەختەی شـــانۆ پێشـــکەشـــدەکرێت، لەم پێناســـەوە دەتوانین لێکچوونێک بەدیبکەین، کە ڕووکارە ســـەرەتاکانی لیکبدەینەوە و دواتر بۆ کاریگەربوونە دیارەکەی نێوان

شـــيعرو دراما بچين، بۆنموونه خوێندنەوەی دەقێکی شـــيعری، ئاماژەو جووڵەی جەســـتەی شـاعیر هاوبەشــە لە ســـەرنجی ڕاکێشـانی بینەران و گوێگران بۆلای خۆی و بینەران و گوێگران دەکاتە بەشــــێک لە ئەو فەزایەیی دەیخولقێنێ، لە بەشێک لە هەڵچوونەکانیاندا بەشداریان دەکات، لەم بارەدا دەقەکە دەبێتە بەشێک لە دەقێکی نووســــراو بۆ نواندن و شـــــاعیریش ڕۆڵی تاک ئەکتەر دەبینێت، لەو حاڵەتە کەمێک لە نمایش و نواندن نزیک دەبێتەوە، بە وتەی لارنس پرین «تەنها تایبەتمەندیی دراما ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەداکردنە نەک بۆ خوێندنەوە، بە گشتی کردارییەو لە لایەن ئەکتەرەوە لەسەر تەختەی شانۆ ڕووبەڕووی بینەران پێشکەشدەکرێت» (أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٥).

کەواتە ڕۆلبینینی شـاعیریش لە دەربڕین و پێشــکەشــکردندا کاریگەریی هەیە و بەمەش تواناو لێهاتووی شــــــاعیرەکە هۆکاری کۆکردنەوەی زیاتری جەماوەرە بۆ گوێگرتن کە دەبێتە جۆرێک لە نمایشـــــی درامی وەک دەوترێت «کاتێک ئەدەبیات بەدەنگی بەرزو حەماســــەتەوە هاوڕێ لەگەڵ جووڵەو ئاماژە بەرامبەر گوێگران ئەدا ئەکرێت، تا ڕادەیەکی زۆر دەگۆڕدرێت بۆ نمایش، لە نێو کلتورو فەرهەنگی ئێمەدا شیعری زیکرو کۆڕی سۆفی و دەروێشـان و ئاپۆڕایی شین و ماتەمگێڕان بەشێوەیی تەواوەتی دەگۆڕێت بۆ نواندن»(أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٥)، بە بارێکی تردا ئەو شـــيعرانەی وەک دروشـــمی شـــۆڕش و خۆپیشـــاندانەکان دەنووســــرێن ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە کۆکردنەوەی جەماوەرو گەرمووگوڕی بـابەتەکەداو بەهێزی کـارەکتەری نـاو خۆپیشـــــاندانەکـان لە خوێندنەوەی ئەو دەقانەداو توانای نواندنی باشتر، جوانی زیاتر بە دەقەکە دەبەخشێت.

٤- خاڵێکی تر تایبەتە بە ئەرک و وەزیفەی شـــيعر و دراما، ئەرکی شـــيعر تەنها لە چوارچێوەی ســــۆزدا کورت نـابێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێـک ئەرکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشــتی و ســياســی و مێژوویی... هتد لە خۆ دەگرێت کە دراماش هەمان ئەو ئەرک و ڕۆڵانە دەبینێت.

ســــەردەمێک مشـــتومڕ هەبووە لەســــەر ئەوەی دراما بە هونەر و شــيعر بە ئەدەبیات لە قەڵەمدراوەو بە دوو ژانری جیاوازو دوو دنیای جیاواز لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاســـــتیدا خاڵی هاوبەش و لێکچوونی نێوان ئەم دوو ژانرە زۆرترە لە جیاوازییەکانیان لەم ڕووەوە (کریستۆفر نیو) لە پێشـەکی کتێبەکەی کە دەربارەی فەلسـەفەی ئەدەبە لە بارەی جیاوازی و لێکچوونی ئەدەبیات و هونەری دراما لە

بەشـــی درامادا دەنووســـێت،«بۆچی ئەبێت ئێمە گومانمان هەبێ کە دراما ئەدەب نییە؟ لە کاتێکدا یەک وەڵام هەیە بۆ ئەوە کە جیاوازی هەبێ لە نێوان دراما و ئەدەبیات ئەویش ئەوەیە کە دراما بەشـــێکە لە هونەرەکانی نواندن... بەڵام بەم ئەنجامەی دێتە بوون زۆر دەســـــتەوســـــان دەبین کە بۆچی نابێت دراما وەک بەشـــێـک لە ئەدەبیـات وەربگرین» (أمینی، ١٣٨٤، ٢٠٦) بەپێی بۆچوونەکەی، کریســــتۆفر پێی وایە دەتوانرێـت جیـاوازی گەورە لەنێوان هونەرەکـانی وەک وێنەکێشـان و پەیکەرتاشیی و... لەگەڵ شیعرو ئەدەبیاتدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین زمان وەک یەکەمین خاڵی هاوبەشـــی نێوان ئەدەبیات و هونەری دراما پیشانبدەین.

٥- خاڵێکی تر لە دراميبوونی دەقەکەدایە، (ت. س. ئیلیوت، ١٨٨٨-١٩٦٥) دەڵێت: «شـــیعر لە کاتێکدا پێیدەوترێت شـــیعر، کە لە هەڵوێســـتەیەکی درامیدا ببینرێت بەشێوەیەک مرۆڤ بباتە قوڵایی دەقەکە و سەرنجی ڕاکێشێت»(سعاد، ٢٠١١، ٨٨). وەک ئەوەی ئاماژەی پێکرا لەچەندین ڕووەوە، هونەری نواندن و دراما لەگەڵ شیعر جۆرێک لە لێکنزیکی و هاوبەشی لەنێوانیاندا هەیە.

# بەشی دووەم

- پاری یەکەم: شیعری نوێی کوردی و سەرهەڵدانی چەند فۆرمێکی شیعری

پاری دووەم/
شیعری درامی، درامای شیعری، (چەمک - پەیوەندیی - لێکچوون و جیاوازییەکانی هەردوو ژانرەکە)

پاری سـێیەم: فۆرمەکانی شـیعری درامی لە ئەدەبی کوردیدا (ئۆپەرێت و ئۆپێرا)

## - پاری یەکەم: شیعری نوێی کوردی و سەرهەڵدانی چەند فۆرمێکی شیعری

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێچکەو پرۆسەی شیعری کوردی قۆناغێکی نوێی بڕی و شاعیران بە جیهانێکی تری شیعری ئاشنابوون، بەجۆرێک لای بەشێک لەشاعیران گۆڕان و گواستنەوە بوو لە قۆناغێکی کۆن بۆ قۆناغێکی نوێ، ئەم گۆڕان و نوێبوونەوەیە لە ڕووی زەمەنەوە، شیعری سالانی (١٩٢٠-١٩٧٠) دەگرێتەوە، کە دەقی شیعری بەشێک لە شاعیران نوێنەرایەتی نوێبوونەوەکەیان دەکرد، ئەویش بەکاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی هەنگاوی گەورەیان هاوێشت « لەم میکانیزمی گۆڕان و گواستنەوەدا، شیعری کوردی و شاعیرانی کورد بە دوو چەشن سودیان لە سەرچاوەی سەرەکی کاریگەرییەکانی نوێگەری لە ڕێگەی شیعری تورکییەوە بینیوە، هەندێکیشیان لە دوورەوە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤاری تورکییەوە»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣). لەوانەیان کە "ڕاستەوخۆ هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ شاعیرە نوێخوازەکانی تورکدا هەبوو وەک (پیرەمێرد و عەبدولڕەحیم هەکاری)، کە بەڕوونی کاریگەری ئەدەبی تورکییان لەسەربوو"(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣).

دەستەی دووەم کە وەک دەنگی نوێی شیعری کوردی دەرکەوتن، بریتی بوون لە « عبدالرحمن بەگی نفووس و شێخ نووری شێخ سالح و گۆران و ڕەشید نەجیب و عبدالواحید نووری»(حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٢) ئەمانە لەڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری جیهانی بە گشتی، کە ڕەنگدانەوەیەکی گەورە و ڕوونی هەبوو لە گۆرینی چەمکی شیعر لە شێوە کلاسیکییەکەی بۆ حاڵەتی نوێبوونەوە، کەواتە«ئەدەبی تورکی هەڵقەی گەیاندنی پرۆسەی نوێگەری بوو، لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان» (سەعدون، ٢٠١٥، ١٣٨).

عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی ڕای وایە قۆناغی شیعری نوێی کوردی کە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکرد بە سێ شێوە بووە «شیعرێک کە کۆکردنەوەی سێبەری قاڵبی کۆن و باو و خستنەڕووی چەند بابەتێکی هاوچەرخە، شێوەی دووەم شیعرێکی نوێ کە تێیدا لەسەر دوو ئاست یاخیبوون بۆ لابردنی ناوەڕۆکی کۆن و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شێوەی هونەری نوێ و شێوەی سێیەمیش شیعرێکی نوێ کەتێیدا چەند چەشنێکی هاوماڵی نوێ (مجاور) سەریان هەڵداوە، سەرەتای شیعری سەربەست، شیعری تەفعیلە، شیعری مەنسور، شیعری پەخشانی و پەخشانی شیعریش وەک ڕێخۆشکەرێک»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣). لەگەڵ ئەمانەشدا بە بۆچوونی ئێمە، شێوەی

چوارەم بریتی بوو لە مەزراندنی ڕەگەزەکانی دراما لە شـیعری نوێی کوردیدا، کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە پرۆسەی نوێکردنەوەکەدا.

ئەوەی وەک سەرچاوەی ئەم نوێکردنەوەیە ڕۆڵی هەبوو لای هەریەکە لە پیرەمێردو گۆران و ئەوانی تر، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی میللی و زمانی ئاسـایی قسـەکردنی خەڵک بوو، ئەمانە هەوێنی تێپەڕاندنی قۆناغی زمانی شیعری کلاسیک بوون دەرگایەکی گـەورەی بـەڕووی ئـەم نوێبوونـەوەدا کردەوە، تـا ئـەو ڕادەیـەیی لە سـایەی ئەم نوێبوونەوەیەدا هاوشان لە گەڵ گۆڕانی ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعری «چەندین چەشنی شـیعری سـەریانهەڵدا»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣)، بەشـێوەیەکی گشـتی گۆڕینی ڕووخسـارو ناوەڕۆکی شـیعری کوردی لای شـاعیرانی نوێخوازی ئەو قۆناغە بریتی بوو شـکاندنی ڕێچکەی کلاسیکی کۆن ئەویش لە (بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی و دورکەوتنەوە لە کێشـی عەروز، بەکارهێنانی وشـەی کوردی پەتی و پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشـەی بێگانە، بایەخ خسـتنەسـەر جوانی سـروشـت، وێنەی درامی و وێنەی شـیعری، پاراوی و سادەیی زمان و ڕوونی واتا...)

بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بە تایبەت تەکنیکی ژانرەکانی هونەرو ئەدەب لە شیعردا، یەکێکیترە لە حاڵەتە دیارەکانی نوێبوونەوەی شیعری لەو قۆناغەدا، ئەویش جیا لە بەکارهێنانی وێنەی شیعری و وێنەی دراماتیکی، بریتی بوو لە مەزراندنی ڕەگەزو توخمە هونەرییەکانی دراما لە نێو دەقی شیعری و نووسینی شیعری درامی و تێکستی شیعری بۆ دراما، جا لە ناوەرۆکە خودی و هەستی و بیریەکەی، یاخود لە بنچینە هونەرییەکەی، واتە بە تێکەڵبوونی ڕەگەزەکانی دراما بەشیعر، یان بەسەرهەڵدانی فۆرمی نوێ درامای گۆرانی ئامێز (شانۆی گۆرانی)، کە زیاتر جەخت لەسەر جوڵەو سەماو گۆرانی دەکاتەوە، ئەمەش دەچێتە خانەی شیعری درامایی (ئۆپێرا و ئۆپەرێت)، هەموو ئەمانە لە دەرئەنجامی سروشتی ڕوانینی شیعری لە شیعری نوێ لە لایەک و لە جۆراوجۆرییەتی ئەو توخمە هونەریانەی کە شاعیر بەکاریان دەهێنی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ڕوانینە و لە شیوازی بەکارهێنانەکەشی لە لایەکی ترەوە، بۆ ئارەزووی شیعری نوێگەری بۆ ئەوەی کە ببێتە کیانیکی بەتەنها و تایبەت.

جۆرە بنەڕەتییەکانی شـــیعر لە ڕووی قاڵبەوە چوارجۆرن " لیریک، داســـتانی، فێرکاری، درامی". هەر بەم ناوەڕۆکەش جۆرێکیان لەوانی تر جیا دەکرێنەوە:

**١- شیعری گۆرانی (لیریک)**

لیریک جۆرە شــیعرێکی بەربڵاوە، شــیعرێکی خودییە و لەســەر ڕیتم و ئاوازی تایبەت و بە مۆسیقا و گۆرانی و دەربڕینی هەست و سۆزی پاک؛ دەخرێتەڕوو، دەربڕی خۆشـەویستی و خەم و خۆشی و ناخی مرۆڤە. شیعری لیریک بەو شیعرانە دەوترێت، کە«لە" نێوان هەرسێ ڕەگەزی(هزر، خەیاڵ، هەست)...شـاعیر بە چاوێکی سۆزدارییەوە لە جیهات دەڕوانێت"»(عوســمان، ٢٠١٨، ٥٦)، هەســـتیش پەیوەندی قووڵی بەدەروونی مرۆڤەوە هەیە، کەواتە ئەو شیعرەیە کە شاعیران بە گشتی پەنای بۆ دەبەن تا ئەوەی لە دەرونیاندا پەنگی خواردوە لە هەست و سۆزە دیارو نادیارەکان بەیانی بکەن، مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەســـتەکانی بەرامبەر بە ســـروشـــت و دیمەنی جوانی ژیان و ڕووداوەکان، پێویستی بەوە بووە بە جۆرێکی تر گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکات، ئاسانترین ڕێگاش بۆ گەیاندنی ئەو هەســـتانە (شـــیعری گۆرانی) لیریک بووە، بۆیە «بەهەموو پێوانەیەک دەبێ لیریک پێش جۆرەکانی تر دەرکەوتبێت، چونکە هونەر لەســـەرەتادا بە شــێوەیەکی ســـاکار دەربڕی هەســـت و نەســـتی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بووە»(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٢٧).

پرســـە تاکەکەســـی و ســـۆزدارییەکانی وەک خۆشـــەویســـتی، مردن، دابڕان" لە شــیعرە لیریکەکاندا زاڵن. شــیعری لیریکی هەســت و دڵی خوێنەر ڕادەکێشــێت. جیهانی نـاوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە، بۆیە شـــیعری لیریکی کردار و ڕووداو و چـالاکی و پەیوەندی بەیەکەوە نیشـان نادات. تەنها ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوە نییە، بەڵکو هەست و بیرکردنەوەکانیش لەخۆدەگرێت، کە لە جیهانی بابەتییەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم شیعرانە کاریگەرییان لەســـەر خوێنەر هەیە و وایان لێدەکات ســـۆزدار بێت. هونەریترین و چڕترینی ئاست ناسکی لە شیعردا، لە شیعری لیریکدا دەبینرێت. شیعری لیریک چێژێکی تایبەت بە خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت. دەکرێت هەستی خۆشی یان ناخۆشی تێدابێت، هەڵچوون و ســـۆز ڕۆڵی هەیە لە پێکهـاتەی دەقەکەدا، (دەقی ڕازی تەنیـایی) ئەحمەد هەردی شاعیر وەک خۆی دەڵێت: ئەم دەقە لە ساڵی (١٩٥١) وتراوە بەڵام شیوەنێکە یان ئاوڕدانەوەیەکە(<u>فلاش باک</u>) بۆ تەمەنی ڕابردوو(لاویەتی). <u>کارەکتەری ســـەرەکی</u> خودی شـــاعیرە، <u>کات</u> لە دەقەکەدا لە ئێســـتاوە بۆ ڕابردووگەڕاوەتەوەو ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە. کۆمەڵێک دەســـتەواژەو <u>وێنەی تراژیدی</u> لە چنینی دەقەکەدا ڕۆڵیان هەیە

لەوانە( کوشــتن، خنکان، تاســان،....هتد)، دەقەکەش جۆرێک لە خۆدواندن(مۆنۆلۆگ)، کە شاعیر لەڕێیەوە هەستی دەروونی دەردەبڕێت.

**ڕازی تەنیایی**
**ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم**
**شەرابی جامی دڵداری، لە تافی لاوییا ڕشتم**
**تەمی ڕۆژانی پڕمەینەت، وەها تاریک و چڵکن بوو**
**نیگاری خۆشەویستی دڵ، پەری ئاسایی، تیا ون بوو**
**شەوی تەنیایی، ڕووناکیی چرای ئاواتی، خنکانم**
**دەسی ناکامی، ئاوازەی دەروونی کەیلی تاسانم**
**ئەوا ئێستا لەگەڵ زامی**
**دەروونی پڕ لە ناکامی**
**ئەپێوم چۆڵی سەرسامی...** (ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤، ٧٩ )

ســــەراپای دەقەکە دەربڕینی هەســــت دەروون و گەڕانەوەیە بۆ یادگاری و تاڵییەکانی ژیانی سەردەمی لاوی و گێڕانەوەی ئازارەکانی لە دەقێکدا بۆ گوزارشتکردنی لەو بارودۆخەی شاعیری تێدابووە.

**٢- شیعری داستانی**

ئەم فۆرمە زۆرجار وەک شیعرێکی درێژ پێناسە دەکرێت بریتییە «لە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی مەزن لەبەرەبەیانی مێژووەوە کە لە پێناوی پاراســـتنی غیرەت و شــەرەفی نەتەوەییدا بە هۆنراوە وتراون»(حســەین، ٢٠٠٧، ٥٠) کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی ســروشــتێکی قارەمانانە یان گرنگ بۆ کەلتووری ئەو ســەردەمە کە بەگشــتی باس لە ڕووداوگەلێکی مێژوویی و لە بابەتێکی قارەمانانە دەکات، دێرەکانی بە قاڵبی شـــیعری دادەڕێژرێت، زۆرترینی ئەم شیعرانە لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی نەتەوەیی دامەزراوە و شــیعری داســـتانی زۆرجار گێڕانەوەی شـــەڕو کارەســـات و ڕووداوەکانی جەنگ و ململانێی نێوان پاڵەوانەکان لە خۆ دەگرێت، ژیان و بەرهەمەکانی کەســێکی قارەمان یان ئەفسانەیی یان کۆمەڵێک کەس دەگێڕێتەوە، کەرەستەو بابەتەکانی بریتین لە بەرگریکردن لە نیشـــتمان و شـــکۆمەندکردنی و ســـەربەزری پاڵەوانەکانی جەنگ، باس لە بابەتێکی گەورە و جدی دەکـات. کەواتە شـــیعرێکی گێڕانەوەی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. کە بە شــیعری داســـتانی ناســـراوە، شــیعری داســـتانیش یەکێکە لەو جۆرانە، کە زۆرتر لە

ئەدەبیاتی یۆنانیدا دەبینرێت و «کۆنترین جۆری شـــیعری تۆمارکراویش، بریتییە لە داســتان» (حسـەین، ٥٠، ٢٠٠٧). داسـتانی "ئیلیاد و ئۆدیسـیٚ" کە هۆمەر کۆی کردووەتەوە وەک یەکەم نموونەی شیعری داستانی قبوڵکراوە.

ئەحمەدی خانی شاعیری کورد(١٠٦١-١١١٩)کۆچی کە دەکاتە(١٦٥٠-١٧٠٧)زاینی ســـاڵی ژیان و مردنی (ئەحمەدی خانی)ە(ڕەســـوول، ٢٠٠٨، ٢٣-٢٩) مەم و زین، چیرۆکی خۆشـــەویســـتی نێوان کوڕو کچێکی کوردە، داســـتانێکی ڕەســـەنی کوردە، بەشـــیعر نووسـراوە، ڕووداوی دڵتەزێنی تێدایە لە سـاڵی ١٠٩٥ کۆچی (ڕەسوول، ٢٠٠٨، ٤١) لەسـەر بنەمای چیرۆکێکی واقیعی بە شێوەزاری کرمانجی لە شێوەی داستانێکی ناوازەو و درێژ نووسـیویەتی. خانی ڕوداوەکانی ناو داسـتانەکەی سـەر لەنوێ بەزیاتر لە (٢٥٥٠) دێر هۆنراوە دارشـتووە، یەکەم جار لە ١٩١٩ لە ئەسـتەمبوڵ چاپ کراوە. هەژار شـاعیر و نووسەری کورد، هەر بە هۆنراوە وەریگێڕاوەتەوە بۆ موکریانی(هەژار، ٢٠١٠، ٢٩).

خـانی هەســـتی نەتەوایەتی دەکـاتە دەروازەیەک و هـانی کورد دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان و بەرگری لە نەتەوەی کورد، کە لەو سەردەمەدا سەدەی حەڤدە سەدەیەکی پڕ کێشە بووە لە نێوان میرنشینەکوردەکان و هەردوو ئیمپراتۆرییەتی فارس و ڕۆم(ڕەسوول، ٢٠٠٨، ٧٣) ئەم بەرهەمەی خانی بە یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی ئەدەبی کلاسـیکی کوردیی دادەنرێت. خانی لە (مەم و زین)دا لەسـەرەتادا بە سـتایشـی خودا و پێغەمبەر دەســـتی پێکردوو، دواتر دەچێتە ســـەر باســـی بەدبەختی کوردان و پاشـان لەژێر کۆمەڵێک ناونیشـاندا چیرۆکەدە دەگێڕێتەوە کە کۆمەڵێک ڕووداوی لە خۆ گرتووە. هەروەها لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا کۆمەڵێک کارەکتەر ڕۆڵدەگێڕن.

بەشێک لەو داستانە

**هەردووک دەگەڕان بە بەرگی گۆڕاو**

**ڕامان لە شتێکی سەیر و ناکاو**

**دیتیان لەپڕێ لە هەر دەرێکا**
**هەر کووچە و کۆشک و پەنجەرێکا**

**چەند تازەجوان لە چەشنی سەروان**
**پارچەی هەموو جۆر و ڕەنگ لەبەردان**

**پۆلپۆل کچ و لاو بە دەستەدەستە**

**هێندەش ئەوە پیری داربەدەستە**

**هێند زگزل و هێندی لات و لووتن**
**هێند پۆشتە و هێندی ڕووت و قووتن**

**هێندێکی گران و هێندێ سووکن**
**هێندێکی زەلام و هێندی چووکن**

**یەک کاڵە لەپێ، یەکێکە پێخواس**
**یەک قیژە دەکا، یەکێ وڕ و کاس...** (هەژار، ٢٠١٠، ٢٤)

داســـتانەکە بە ڕووداوی تراژیدی کۆتایی دێت، ئەویش کوژرانی مەم و مردنی زینە، کە زین لەدوای کوژرانی (مەم) وەک لە ناونیشانی ئەو بەشەی داستانەکەدا هاتووە(زینیش لەسوێی مەم دڵی دەتۆقێ)

**دڵگەستەیی ئەژدەهای ئەوینێ**

**کوژراوی دوو چاوی مەستی زینێ**

**گیراوی گوناهی بێگوناهی**

**سووتاوی گڕ و دوومانی ئاهی**

**ئەو تازە نەمامی وا لەبەر دڵ**

**بەژنی بە نەکامی کەوتە بن گڵ....** (هەژار، ٢٠١٠، ١١٣).

**٣- شیعری درامی**

شـیعری درامی یەکێکە لە ژانرە سـەرەتاییەکانی ئەدەب و بەشـێوەیەکی هونەری ڕێکخراوەو یەکەم شـێوەی شیعرە کە «بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەسـەر گشـت ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا زاڵبووە» (حوسـێن و نازم، ٢٠٢٠، ١٩٩). دادپەروەرانەیە بڵێین شـیعری درامی کە پێی دەوترێـت بەیتی درامی، فۆرمێکی هونەری دێرینە. شـــیعری درامی مەبەسـت لێی خوێندنەوە یان نمایشـکردنە؛ ناوی "درامی" بە دروسـتی، واتای ئەو دەقە دەدات کە لەسەر تەختەی شانۆ نیشاندەدرێت.

شـــیعری درامی زۆرجار بە درامایەکی خاوەن کێش و ســـەرواو ئاوازی شـــیعری دادەنرێت، دەقێکی نوســـراوە، کە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە و بەمەش لە ڕێگەی هەســـت و

هەڵســـوكەوتەوە خوێنەر بە بینەرەوە دەبەســـتێتەوە، جۆرێکە لە خســـتنـەڕووی ڕووداوەکانی نێو دەقێک، کە پەیوەندی بە نواندنەوە هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین؛ شـیعری درامی «بریتییە لە شـــیعرێک کە لەســـەر بنەمای توخمە درامییەکانی وەکو ڕووداو و دیالۆگ و کەسـایەتی و کات و شـوێن داڕێژرابێت، بەمەرجێک کەسـایەتی شـاعیرەکەی تێدا دەرنەکەوێت و لەزاری کەسـایەتییەکانەوە هەڵویسـت و بۆچوونەکانی خۆی دیاری بکات» (حوسێن و نازم، ٢٠٢٠، ١٩٩).

شـیعری درامی، باس و بابەتێکی چیرۆکێک ئامێز، زۆرجار چیرۆکێکی مێژوویی یان بابەتێکی ڕابردووی نەتەوەکەی دەکاتە بابەتی شـیعرەکەی، بۆیە پێویسـتە نوسـەر هاوسـەنگی بپارێزێت لە نێوان شـێوازی مێژوویی بۆ کەسـایەتییەکان و شـێوازی نوێی سەردەمیانە، بۆ ئەوەی لە ئاستی تێگەشتن و دەرککردن و ویژدانی وەرگر نزیک بێتەوە.

لەمجۆرە دەقانەدا ئەوەی پارێزگاری لە ئاسـتی بیرکردنەوەو تێگەشـتنی بەرامبەر بکات خۆی دوور دەگرێت لە زمانی ئاڵۆزو وشەی قورس و گران، ئەمەش بۆ ئەوەیە لە درامای شـیعری یان شـیعری درامیدا، سـنووری خۆی بپارێزێت. بێگومان لێرەدا هۆکار گەلێک هەن کە وا لە نوســـەر دەکات زۆربەی ئەزموونەکانی لە مێژوەوە وەرگرێت، ڕەنگە گرینگترینیان ئەوە بێت کە ئەم مێژووە بابەتێکی ئامادەکراو بێت و لەبەر دەسـتیدا ئامادەبێت، یان وێنەیەک بێت لە ژیانی ئاســـایی مرۆڤەکان و لە چوارچێوەو قاڵبێکی هونەریـدا و بەزمـانێکی دوور لە ئـاڵۆزی پەیوەنـدی نێوان مرۆڤەکـان بیخـاتەڕوو، بەشێوەیەکی بەربڵاو دوو فۆرمی (ئۆپێراو ئۆپەرێت) لە خۆی دەگرێت.

یـەکێک لـە فۆرمـەکانی شـــیعری درامی (ئۆپـەرێت)ە، ئۆپـەرێتی(شـــــەفی و شــیرین)بەرهەمێکی شـیعری درامی عبدالرزاق بیمارە، کە لە سـاڵی ١٩٦١دا لە دوتوێی کتێبی(شـانۆی کوردسـتان)دا نووسـیویەتی، (کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکی ئەم شـیعرە درامییە) پێکهاتوون لە(شـەفی، کۆرس، شـیرین، باوک، کەژی، سـالار، کۆرسـی کوڕان، کۆرسی کچان، ئەمە بەشێکە لەو شیعرە:

**شیرین:**

**تەواو سەرۆک و سەربازی**

**بە ئازایەتی ئەنازی**

**ئێمەش لە لەو ژێر فەرمانین**

**هیچیش لە دنیا نازانین.**

**سالار:**

خۆ ئەزانم کچانی کورد
لە گەڵ جوانی و نازدارییان
ئارامگرو مەردن، ئازان
بیستومانە زۆر شازادەو چەند دلێر
لە کچانمان هەڵکەوتون هەروەک شێر... (محمد، ١٩٦١، ٧٦)

چیرۆکی ئەم ئۆپەرێتە چیرۆکێکی دڵدارییە، شــەفی پیاوێکی شــاعیری دەنگخۆش بووە، شــیرین ئافرەتێکی جوان بووە، لە دوورەوە دڵی لە شــەفی چووە، کە لە نزیکەوە چاوی پێدەکەوێت زۆر ناشــیرین بووە، گەڕاوەتەوە، شــیرین شــیعر بۆ دەنگخۆشــی شــەفی دەهۆنێتەوەو شەفی بۆ جوانییەکەی شیرین، ڕووداوەکانی نێو ئەم دەقە گێڕانەوەی ژیان بەسەرهاتی دڵداری نێوان ئەو دوو کارەکتەرەیە.

٤- **شیعری فێرکردن**

ئەو شـــیعرانەی کە ئامۆژگاری و زانیاری لەســـەر بابەتێکی دیاریکراو دەدەن، زۆرجار بنەمایەکی زانستیان هەیە، شاعیر پەنا بۆ ئەم جۆرە شیعرە دەبات بەمەبەستی زوو فێرکردنی بەرامبەرو گەیاندنی پەیامە زانســـتی و مرۆییەکەی، هەرچەندە زمانی شــیعری ئەم ژانرەی شــیعر زمانێکی زۆر ســادەو ڕەوانە، بەڵام ئامانجدارو پەیامدارە، زیاتر وانەی ڕەوشتی و زانستی و کەلتووری لەخۆدەگرێت.

مەبەســـتی ســـەرەکی شـــاعیر گەیاندنی بیرکردنەوەیەک، زانیارییەک و پێدانی ئامۆژگارییە. ئەمانە ســەرنجی خوێنەر ڕادەکێشــن. بۆیە شــیعرە فێرکارییەکان لە ڕووی سۆزدارییەوە لاوازن. دەربڕینێکی سادەیان هەیە بەهۆی کەمی لایەنی سۆزدارییەوە. لە ڕووی زمان و دەربڕینەوە بەهایەکی کەمیان هەیە. مەعریفە و لایەنی فەلســـەفی ئەم شیعرانە زاڵن. شاعیران پێیان باشە بەم شێوەیە زانیاری بدەن، چونکە بە هۆی قافیە و پێوانەکەیانەوە ئاسانە لەبەربکرێن.

**(رأس) سەرە، (عین) چاوە**
**(بدن) قالیب (اسم) ناوە**
**(انف) لوتە (حاجب) برۆ**
**(فخذە) ڕانە (روکبە) ئەژنۆ...** (نۆدێ، ١٣٦٥هـ ش، ١١)

**جیا لەو چوار جۆرەی لەسەرەوە باسکران، لە قۆناغی شیعری نوێدا و لە فۆرم و شێوەی شیعریدا چەند جۆرێکی تری شیعر دەرکەوتن، کە ئەمانەبوون:**

**١- شیعری سەربەست**

بابەتی نوێبوونەوەی شیعری کوردی "پێشینەیەکی مێژوویی هەیە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، گومانی تیدا نییە ئەم نوێگەرییە لەلای کوردیش بەکاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوەو ئەدەبی تورکی هەڵقەی گەیاندنی پرۆسەی نوێگەری بوو لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان" (سەعدون، ٢٠١٥، ١٣٨). کەواتە دەرکەوتنی نوێگەری لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا بۆ دوو کەناڵ دەگەڕێتەوە "کەناڵی یەکەم بەشێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانێکی ئەوروپییەوە و کەناڵی دووەم بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە"(پیربال، ٢٠٠١، ١٢٧). ئەوروپا لە بواری نوێگەری شیعردا، "شیعری پەخشانی و شیعری سەربەست و شیعری سپییان وەک جێگرەوەی قاڵبی شیعری کۆن داهێنا، کە لە دیارترین سیماکانی نوێگەری قۆناغەکەبوون، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سەرنج ڕاکێش بوو ئەوەیە کە جۆرە شیعرێک هاتە ئاراوە کە داماڵرابوو لە کێش و سەروای تەقلیدی و بایەخی بە ڕیتم دەدا، کە مەبەست(Free Verse) واتا شیعری سەربەست"(سەعدون، ٢٠١٥، ١٣٨) کەواتە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەم فۆرمە لە پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، پەیوەندی بەو کاریگەرییەی ئەدەبی ڕۆژئاواوە هەیە لەسەر شیعری نوێی کوردی.

شیعری سەربەست یەکێکە لە جۆرەکانی شیعری نوێ، لەئەدەبی کوردیدا بە دوو تێگەشتن و لە دوو پێناسەی جیاوازدا کاری لەسەرکراوە واتە "ڕێڕەوی شیعری سەربەست بە (چەمکی ڕۆژئاوایی و چەمکی نازک مەلائیکە)" لە پرۆسەی نوێکردنەوەکەدا دەرکەوتووە(سەعدون، ٢٠١٥، ١٣٨-١٥٢)، بە چەمکە ڕۆژئاواییەکە«شیعری سەربەست کێش و سەروا فەرامۆش دەکات »(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣٩٨) هەروەها تایبەتمەندیی ڕیتم و ئەو میلۆدییە مۆسیقییەی کە هاوڕێی بەیتە شیعرییەکانە، ئازادی زیاتر بە شاعیر دەبەخشێت لە ڕێکخستنی بەیتەکاندا پابەند نییە بە کێش و سەرواوە، ئەمجۆرە تایبەتمەندە بە ئازادی لە هەڵبژاردنی کێشدا؛ شاعیر پابەند نابێت بە چالاککردنێک یان کێشێکی دیاریکراو، یان درێژییەکی دیاریکراوی دێڕەکانەوە.

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە وتارێکیدا بەناونیشانی(شیعری کوردی و سەدەیەک بەهەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری) کە لە ساڵی (٢٠١٤)ز لە ڕەخنەی چاودێر

بڵاویکردۆتەوە، ڕای وایە ئەو پێناسەیەی نازک مەلائیکەو هاوڕێکانی لە بارەی شیعری سەربەستەوە چەسپاندیان کە «شیعری ئازاد یان سەربەست بەو شیعرە دەڵێن کە کێشدارەو سەرواشی هەیە، بەڵام کێش و قافیەکە گۆڕانکارییان تێداکراوەو یەکێتی بەیت دەشکێت لە جیاتی ئەو دێڕ یا ڕستە یا وێنە دێتە کایەوە؛ دەنوسێت دەتوانرێت بەم جۆرە شیعرە بگوترێت شیعری بڕگەی پێشکەوتوو یا کێشی بڕگەی کراوە، ئەو پێی وایە کێشەکە هەر باوە و ئازادییەکە تەنها کەم و زیادی هیجایە»(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣٩٨)، ئەوەی لەم بۆچوونەوە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە کە ئەو پێناسەیە بۆ شیعری سەربەست لەلایەن نازک ئەلمەلائیکەوە کراوە ورد(دقیق) نییە، بەڕای ئێمەش ڕاوبۆچوونێکی دروستەو (شیعری سەربەست ئەو شیعرەیە خۆی ئازاد بکات لە کێش و سەروا).

بە پێی ئەو پێناسەیەی کردمان، شیعری سەربەست لەسەردەمی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا تا ساڵی (١٩٧٠) لە چەند دەقێک تێپەڕناکات، کە سەرەتاکەی بۆ شیعرێکی پیرەمێرد دەگەڕێتەوە، لە (٣٠)ی نیسانی ساڵی (١٩٣٣) لە ژمارە (٣٦١)ی ڕۆژنامەی ژیاندا بڵاوکراوەتەوە بەناوی (پەخشان یان وانەی سەربەست)لەم بارەیەوە فەرهاد پیربال دەڵێت: پیرەمێرد «جگە لە هەوڵدانەکانی بۆ تازەکردنەوەی شیعر، یەکەمین نووسەرێکیشە کە زاراوەی(شیعری سەربەست)ی داهێناوەو یەکێکیشە لەو یەکەمین ئەو شاعیرانەش کە شیعری سەربەستیان نووسیوە»(پیرباڵ، ٢٠٠٥، ١٨٩).

**بروسکەێک کە لە پڕ دێت لە چاوتەوە تیشکی**

**ئەداتە چاوم و ئەو بینایی دەیدەمە، دیدەم**

**گیانە! نەغمەی نەشیدەکەی نازت**

**بەندی لایلاییکە بۆ ڕۆحم...**

**تەلی چرایەک لە عەشقی تۆوە**

**بۆ بەندی دڵم ڕاکێشراوە**

**ئەو دەمەی کە تۆ شەوقت کز ئەبێ**

**چرای دڵی من کوژاوەتەوە...** (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٩٠، ٣٤٣).

## ٢- شیعری چیرۆکی

ئەم جۆرە شـــیعرە بابەتییەو یەکێکە لەو جۆرە شـــیعرەی خســـتنەڕووی ڕووداوگەلێکی چیرۆک ئامێز لەخۆدەگرێت، «شـــیعرێکی بابەتی کێشـــدارە، خەیاڵی تێدایە»(الرحمانی، ٢٠٢١، ٦٨)، گرنگی و بایەخی ئەمجۆرەی شـــیعر لە گێڕانەوەبەندییەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە ڕەگەزی گێڕانەوە کە ڕەگەزێکی بنچینەیی چیرۆکە، لە شیعری چیرۆکیدا ڕۆڵی گەورەی لە بنیاتی دەقەکەدا هەیە، هەروەها هەموو ئەو ڕەگەزە بنەڕەتیانەی چیرۆک لەخۆدەگرێت، کە لە گێڕانەوەدا ئاماژەی پێدەکات، هەربۆیە شێوەو قاڵبی جیاوازی لە جۆرەکانی تری شـــیعر هەیەو ســـیمای جیاکردنەوەی، بریتییە لە خســـتنەڕووی ڕووداوەکانی چیرۆکێک بە شـــیعر، کە ڕووداوێکی گشـــتی و چەند ڕووداوێکی لاوەکی لە خۆدەگرێت، هەروەها وەســـفکردنی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەکان. لەگەڵ ئەوەشدا شیعری چیرۆکی توانای ئەوەی هەیە لە نێوان مەوداکانی کات(زەمەن)دا هاتووچۆ بکات، تا ســـیمای گشـــتی ڕووداوەکان پێکەوە گرێبدرێت، خوێنەر هەســـت بە دابڕان لە نێوان کۆی گێڕانەوەی ســـەرەتاو ناوەڕاســـت و کۆتایی ڕووداوەکاندا نەکات، ئەمەش لەپێناوی تۆکمەیی دەق و  ئاستی تێگەشتن لە دەقە چیرۆکییەکە، کەواتە شیعری چیرۆکی لە بنەڕەتدا شیعری گێڕانەوەیە، یان ئەو جۆرەی شیعرە کە«شاعیر لە فۆرمی جیادا ڕووداو و بەســـەرهاتێک دەگێڕێتەوە، کە بەخوێندنەوەی ســـەرگوزشـــتەیەک یان چیرۆکێک بە گوێی بیسەر دەگات و لە یادیدا دەمێنێتەوە »(منصوری، روحانی، ١٣٨٦، ١١٧)، زاراوەی "شیعری چیرۆکی" زۆرجار بۆ بەرهەمە بچووکەکانە کە چیرۆک و بەسەرهاتی کورتر لە داستانەکان لە خۆدەگرن.

شـــیعری "کامیل"ی کامەران موکری کە لە ســـاڵی (١٩٥٧) نووســـیویەتی و گوزارشـــت لە چیرۆکێکی واقیعی، مێژوویی دەکات، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی کارەســاتبار، لە گۆشـەیەکی تایبەتی ئەو ڕووداوەوە، باســی لافاوی شــاری ســلێمانی دەکات، شـێوازی تراژیدی مەرگی کامل و دایکی دەگێڕێتەوەو دەریدەخات، کە کامل تەمای ئەوەی گرتبوو دوای هیواو ئاواتی بکەوێت، کەچی قەدەر وێنای ڕووداوێکی تری بۆ ژیانی کێشـابوو، بەمەرگی کامل و دایکی و چەندین هاوڕێی تریان کارەسـاتەکە کۆتایی هاتووە. بەشـێک لەو شـیعرەو دیمەنە تراژیدییەکانی کە شـاعیر زۆر بەئاگایی و وردبینییەوە وێنەی کێشـــاوە، بەجۆرێکە ناخ دەهەژێنێت: ســـەراپای دەقەکە گێڕانەوەی ڕووداوێکی تراژیـدییە کە مردنی (کـامـل) ئەویش لە ئەنجـامی ڕووداو کـارەســـــاتێکی

ســـــروشـــــتی کە (لافاوە) لە چیرۆکەکەدا چەندین ڕووداوی لاوەکی هەن، ڕۆڵیان هەیە گێرانەوەی ڕووداوە سەرەکییەکەدا.

**دەخیلت بم پێنووسەکەم**
**تێر بۆم بنووسە بۆ ماتەم**
**بنووسە لە هەڵبەستی ورد**
**بۆ ئەو یادەی دڵی سست کرد**
لەبەشێکی تردا ئاوا ئەو بەسەرهاتەمان بۆ دەگێڕێتەوە:
**بۆ کۆچی کاملی ئازیز**
**ئەگرین گوڵاڵەش و پایز**
**لە سیروان جلی ڕەنگاوڕەنگ**
**ئەگەڕێ بۆ کاملی شەنگ**
**پارچەی کراسە سپییەکەی**
**لەگەڵ دوگمە و چمک و یەخەی**
**ئەگەڕێن بن دارە و بن دار**
**بۆ کاملی شۆخی نازدار**
**نازانن لە ژێرخانا بوو**
**مرد و،....، گڕ لە دڵمان بەر بوو...**
لەکۆتایدا دەڵێت:
**ئەی یادی لافاوی خوێنڕێژ**
**بووم بە شاعری شیوەن بێژ.** ( کامەران موکری، ٢٠١١، ١٧٢-١٧٣).

**٣- شیعری پەخشان(شیعری مەنسور)**

بریتییە لە فۆرمێکی شـــــیعری و لە تێکەڵی هەردوو ژانری شـــــیعرو پەخشـــــان بە تۆبۆگرافیای جیاواز لە جۆرەکانی تری شیعر، پێکدەهێنرێت، یان بەرهەمهێنانی شیعرێکە بە پەخشـان، هەروەها جیاوازە لە پەخشـان، چونکە پەخشـان درێژەو دوورە لە چڕی، بەڵام شیعری پەخشان«شیعرێکی چڕە، داڕێژراوەو بەکەمترین بەکاربردنی ئامرازەکان نووسـراوەتەوە، کە بە زۆری لیریکە، چونکە بە گشـتی بەڕاناوی کەسـی یەکەمی لکاو نووسـراوە»(بەکر، ٢٠٠٤، ٣١)، پەخشـان دەکرێت، بە پێی زمانی نووسـینی جیابکرێتەوە لە نێوان پەخشـانی سـادەو هونەری و زانسـتیدا، بەڵام لە پەخشـانە شـیعر و شـیعردا هاوتەریبییەک هەیە، کە ئەویش لایەنی ئیستاتیکی دەقەکە دەخاتەڕوو.

**ئاخ! خۆزگە فەن ئەوەندە سەرکەوتایە کە بە میناتوز وێنەیەکی بچکۆلەی تۆم لە سەر سینەی خۆم بکێشایە و ببوایە بە نەخشی سەر دیدەم، ئەوسا دیدە، کلی کۆی توور... تاقە تووریکی نەدەهێنا لە لام.** (پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٧٨) .

لەبەشێکی تردا دەڵێت:

**خۆزگە تەیارەیەکم ئەبوو، خۆشم ئەمزانی لێیخۆڕم، سواری تەیارەم ئەکردیت و ئەمبردیتە سەر کێوی قاف، کە ئەوسایە بە تەنها چووبووم، بەبێ تۆ ئەو کچە گورجیە پەریانەم لەلا هیچ بوو، ئەموسـتم بۆ ڕائەهێشـتن و هەڕەشـەم لێ ئەکردن و ئەموت: ڕامەوەسـتن... ئەچمەوە، ئەفسەرتان بۆ ئەهێنم، ئەوانیشم ئەکرد بە کارەکەرت...** (پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٧٨) .

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی لە بارەی ئەم پارچە هەڵبەسـتە(شـیعری پەخشـانی) پیرەمێردەوە دەڵێت: لـەو چـەند دێڕەی سـەرەوەی پیرەمێردا سـێ شـتمان بۆ ڕووندەبێتەوە،

١- بە ئاگابوونی پیرەمێرد لە شیعری مەنسوور وەک چەشنێکی شیعری سەربەخۆ.

٢- ئاماژەدان بە مێژووی کۆنی لە کوردستان و ئەدەبی کوردیدا(کەریم خانی بانە)

٣- پیرەمێرد ئـەزموونی نووسـینی لـە شـیعری مـەنسـووردا بـەکوردی و تورکی هەبووە(بەرزنجی، ٢٠١٤، ٣) لەپاڵ شیعری پەخشاندا چەشنێکی تری نووسین هەبووە و ڕۆڵی هەبووە لە نزیککردنەوەی شـیعرو پەخشـاندا، ئەویش پەخشـانە شـیعرە، جیاوازییان ئەوەیە شـیعری پەخشـان، لە شـیعرەوە بۆ پەخشـان دەچێت واتە سـەربە ژانری شیعرە، بەڵام پەخشانە شیعر، پەخشانەو بە شیعر نووسراوەو سەر بە ژانری پەخشانە.

**پاری دووەم:**

## درامای شیعری، شیعری درامی (چەمک - پەیوەندی - لێکچوون و جیاوازییەکانی هەردوو ژانرەکە)

### ١- درامای شیعریی

دراما بە یەکەم و تۆکمەترین هونەری ئەدەبی دادەنرێت، کە پەیوەندی بە شیعرەوە هەیە، چونکە درامای شیعری لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، یەکێک بووە لە جۆرەکانی شیعر واتە دراما بە شیعر دەستی پێکردووە، بۆ درامای شیعری: «کۆنترین نموونەو جوانترین دراما، درامای یۆنانییە، کە کۆڵەکەیەکی گرنگە لە کۆڵەکەکانی شارستانییەتی نەمری مرۆڤایەتی، ئەویش درامای شیعرییە، بەڵام درامای پەخشانی تا سەدە درەنگەکانی زاینی ئینجا سەریهەڵدا» (خۆشناو، ٢٠١٤، ٢٢٩)

وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ئەو درامایانەی بەشیعر دەنووسرێن سیفەتی درێژییان هەیە، تا بتوانێت ڕەگەزە سەرەکییەکان لە ڕووداو، کەسایەتی و ململانێ بە ئاستی پێویست بەرجەستە بکرێت، ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت هەموو شیعرێکی درێژ بە درامای شیعری یان شیعری درامی لەقەڵەم بدرێت، لە هەمان کاتدا «لە شیعری درێژدا هەڵوێستەیەکی درامیی تیایدا دەستنیشان دەکرێ، بەڵام وەک چۆن مەرج نییە هەموو شیعرێکی درێژ، شیعری درامی بێ، بەو جۆرەش مەرج نییە هەموو شیعرێکی کورت شیعری لیریکی بێ، یان بەجۆرێکی تر: مەرج نییە شیعری کورتیش هەندێ خاسییەتی شیعری درامیی تیادا نەبێ» (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ١٢٨).

ئەوەی لێرەدا خاڵی گرنگە باسی گرنگی پێگەی شیعرە لەسەرهەڵدانی ئەو ژانرانەدا، چونکە هەر لەسەردەمی یۆنان و ڕۆمانەوە شیعر بوو بوویە کەرەستەیەکی گرنگی پێکهاتەی دراما و هەموو دراماگەرییە کلاسیکییەکان بە شیعر نوسراون و «گرنگترین کەلەپوور، کە ڕێبازی کلاسیکی جێهێشتبێت بریتییە لە کەلەپووری شیعری، لە دراماگەرییە شیعرییەکاندا، ئەوەش چونکە هونەری داستانی شیعری سەدەو سەردەمی بەسەرچووبوو... بۆیەش کلاسیکییەکان هەرگیز هەوڵیان نەدا داستان بنووسن، بەڵکوو هەموو کۆششیان تەرخانکرد بۆ نوسینی درامای شیعری» (مندور، ١٩٩٩، ٤٩).

لەئەدەبی کوردی و بەتایبەت لە قۆناغی شیعری نوێی کوردیدا دەتوانین چەند دەقێک وەک نموونە دەستنیشان بکەین کە لە بنچینەدا بۆ نمایشکردن نووسراون و

زمانی نوسـینەکەیان شـیعرە، بۆیە دەچنە خانەی درامای شـیعرییەوە، لەوانە دەقێکی شـیعری سـەلامی شـاعیرە بەناونیشـانی(ئافاتی تاعون لە ناو حەیوانا(لاسـایی تەمسـیل) هەرچەندە ناوەڕۆکەکەی لە چیرۆکێکی کتێبی عەرەبی قۆناغی چوارەمی سـەرەتاییەوە وەرگیراوە، بەڵام بە دەسـتکارییەکی زۆرەوە وەریگێڕاوەتە سـەر زمانی کوردی و لە ساڵی (١٩٣٧-١٩٣٨) لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابیانی قوتابخانەی فەیصەلییەوە نمایش کراوە(دیوانی سـەلام، ١٩٩١، ٢٤٧): سـەرەتای تەمسـیلەکە کارەکتەرێک بەمجۆرە دەست بە دیالۆگ دەکات.

**تەمسیل دەرسێکە ڕاست بۆ هۆشیاری**

**وریابوونەوە بە ئامۆژگاری**

**سەرگوزەشتەی شێر لەگەڵ حەیوانات**

**لە ترسی تاعون پیسترین ئافات...** (دیوانی سەلام، ١٩٩١، ٢٤٧)

دواتر دێتە سـەر دیمەنی دراماکە، کە باسـکردنە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشـی تاعوون لە ناو گیانلەبەران(ئاژەڵان)دا، هەریەکە لە کارەکتەرەکانی(شـێر- پڵنگ- ڕێوی- گورگ- ورچ- کەر)ڕۆڵدەگێڕن، کە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە باس لە ناعەدالەتی خاوەن هێز دەکات بەرامبەر بێ هێزو بێ دەسەڵاتەکان.

**شێر:**

**نابینن هەموو مات و داماوین**

**بۆچ لەم بێشەدا وا تێکخزاوین**

**خۆمان شاردەوە لەدەستی تاعوون**

**نەجاتمان نادا سێ سەد ئەفلاتون...** (دیوانی سەلام، ١٩٩١، ٢٤٧)

هەروەها نموونەیەکی تر لە درامای شـیعری، دەقی (ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات)ە، کە ناونیشـانی درامایەکی شـیعری عبدالرزاق محمدە(١٩٦١) باس لە ژیان و بەسەرهاتی گوندنشینێکی کورد دەکات، شوێنی ڕووداوەکان گوندێکی جوان و دڵگیری کوردستان چیرۆکی ژیانی نێوان (هۆمەرو ئەسمەر)ە، کات: ساڵی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی یەکەم، ڕووداوەکان ترسناکن. هەڵگیرساندنی ئەم جەنگە بەشێوەیەکی ترسناک کەوتە وێزەی گیانی میللەتانی ڕۆژهەڵات و برسـیەتی و ڕاوەدونان و گرتن و قاتی و گرانییەکی زۆر ناوچەکانی گرتۆتەوە.

**ئۆمەر: ئای لە شادی!**

**هەر دوێنێ بوو، مناڵێک بووم**

**له ئاوایی**
**له دەشت و سەر ئەم گردانە، لە قەد چیا**
**هەڵ ئەبەزیم، بازم ئەدا،**
**چەند کەروێشکم ڕائەپەڕان**
**بەسەر دار مازوو دار قەزوان**
**هەڵئەگەڕام، بێچووە مەلم دەر ئەهێنا**
**له هێلانه.......** (محمد، ١٩٦١، ٩)

(ماستاو ١٩٥٣- جۆقی یونسکۆ١٩٥٣- موحاکەمەی مام چەوەندەر ١٩٥٣- نق و جق١٩٥٣)ی بەرهەمی درامای شیعری، گۆرانی شاعیرن، لە هەر چوار دەقەکەدا شاعیر دیمەنی شانۆییەکەی کێشاوەو شوێنەکەی خستۆتەڕوو، وەک دیارە دەقەکان لە بنچینەدا بۆ نمایش و پێشکەشکردن نووسراون، هەرچەندە زمانەکەیان زمانی شیعرە، بەڵام درامای شیعریین، واتە سەربە ژانری (دراما)ن

## ٢- شیعری درامی

بۆ چەندین سەدە، شیعری درامی پانتاییەکی گەورەو فراوانی لەئەدەبیاتی گەلانی دنیا پێکدەهێنا، ئەرستۆ کاتێک باسی شیعرو درامای دەکرد، «هەر ئەرستۆش ناو و تایبەتمەندی درامای دیاریکردووە»(هالبێرگ، ٢٠١٨، ٤٦)، کە مەبەستی لە شێوە بنەڕەتییەکانی شیعر بووە، واتە ئەوەی لەسەردەمی ئەرستۆ تا سەدەکانی هەژدەو نۆزدە باسی لێوەدەکرا، ژانرەکانی شیعربوو، (تراژیدیا، کۆمیدیا و داستانیش) هەر بەشیعر نووسراون «شیعری فێرکردن، لە تیۆری ئەدەبی ڕۆژگارێکی دواتردا وەک بەشی چوارەمی بنەڕەتی شیعر دەستنیشان دەکرێت»(هالبێرگ، ٢٠١٨، ٥٠).

ئەم شێوە بنەڕەتییانەی شیعرو ئاوێتەبوونی ڕەگەزەکانی دراما بەشیعر وایهێنایە پێشەوە، کە شیعر گۆڕانی بەسەردا هات، ئەو شێوە پۆلێنکردنەی ئەرستۆ بوویە بنەمای بۆلێنکردنی نوێ بۆ ژانرەکانی ئەدەب، بە واتایەکی تر ئەم دابەشکردنە، تا سەدەی هەژدەیەم وابەستەی دابەشکردنی شیعر بووە، بەو ئاراستەیەی (ئەدەب) تا ئەو دەمە بە شیعر دەناسرا، دواتر شیعرو پەخشان و جۆرەکانی ئەدەب و پۆلێن کردنیان فراوانتربوو، ئەمەش دەرگای بەڕووی سەرهەڵدانی ڕێبازی تازەی ئەدەب و نوێکردنەوەی جۆرەکانی ئەدەبدا کردەوە، شیعر و دراما پشکی گەورەیان لەو نوێبوونەوەدا بەرکەوت و گەشەی بەرچاویان بە خۆیانەوە بینی، لە جۆرەکانی شیعردا،

شـــیعری درامیش بەر ئەو تەوژمەی نوێبوونەوەیە کەوت، بۆیە ســـەرهەڵدانی نوێگەری شیعری، پەیوەندی بەتینی بە دەرکەوتنی نوێکردنەوەی ئەوجۆرەی شیعرەوە هەبوو، کە پێی دەوترا شیعری درامی.

شـــیعری درامی پێگەیەکی ناوازەی گرت لە نێو فۆرمە شـــیعرییەکانی تردا، ئەم جۆرە شـــیعرە، دیالۆگ و هەڵســـوکەوت و کرداری لانی کەم (کەســـێک)کارەکتەر بەکاردێنێت بۆ خســـتنەڕوو و وێناکردنی دیمەنێک یان ڕووداوێک، ئەوەی کە تیایدا جیاوازترە لە چیرۆکێکی سـادە ئەو وێناکردنەیی دیمەن و ڕووداوە بەشـێوەی شـیعری، چونکە زۆربەی کات ســـەرنج لەســـەر ئەوەیە، کە چۆن تاک لە باری ســـۆزداری، یان جەســـتەییەوە کۆنترۆڵی دەکات، یان وەڵامی ئەوە دەداتەوە کە دەگوزەرێت؛ زۆرجار لەڕوانگەی کارەکتەرەوە بیرۆکەی کەسایەتی و ڕەوشت و مێژوو و خەونەکانی بە بینەر دەدات، هێگڵ لە بـارەی شـــیعری درامییەوە دەڵێت: «شـــیعری درامی جۆرێکە، کە بابەتیبوونی (ئامانج) ی داسـتان بە خەسڵەتی لیریک ئاوێتە دەکات» (حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٩١). شـیعر لەم جۆرەیدا گەشـتۆتە کامڵترین فۆرم و ناوەڕۆک، دەبووایە بەشـێوەیەکی گشتی وەکو باڵاترین قۆناغی شیعر ئەژماربکرایە

هەروەها دیارترین پێکهاتەکانی دەربڕینی درامی لە شـــیعری نوێدا بریتییە لە: «شـــێوازی گفتوگۆ (دیالۆگ)، و گفتوگۆی ناوەکی (مۆنۆلۆگ)، پشـــت دەبەســـتی بە دیارکەوتنی دەنگەکان، یاخود دوو دەنگ بەلایەنی کەمەوە، بۆ دوو کەس یان بۆ چەند کەسێک لە یەک دیمەندا کە لایەنی هەڵوێستەکە لە میانەی قسەکانیان ڕوون دەبێتەوە و ڕەنگە جار جارە شـــاعیر خۆی بخاتە ناوی، بۆ ئەوەی ڕۆڵی هاوشـــێوەی تیبینییەکانی نووســـەری دراما لە شـانۆگەریدا وەرگرێت، ســـەبارەت بە گفتوگۆی ناوخۆیی»(المرایات، ٢٠١٢، ٣٦-٣٧).

یەکێکی تر لەو ڕەگەزانەی ڕۆڵی هەیە لەســـەرهەڵدانی شـــیعری درامیدا ئەو "دەمامکەیە کە شاعیر بۆ (گوزارشتکردن لە خود) بە ناو سیفەتی کەسایەتییەکی ترەوە، بە شیعر بەرجەستەی دەکات، واتە شاردنەوەی بەمەبەستی دەنگی شاعیر بە هۆکاری دەمامک و ڕۆڵگێڕانی لە نێو دەقە شـــیعرییەکەدا وەک کەســـایەتییەکی مێژوویی یان خەیاڵی، ڕێگایەکە بۆ بونیاتنانی شیعری درامی، بۆیە لەنوسـینی شـیعری درامی و هەتا ئەو جۆرە شـــیعرەی هەڵگری ڕەگەزی درامییە، جا شـــیعری درێژ بێت، یان شـــیعری لیریک، بابەتی خودی و درامی تێکەڵ دەکرا، ئەمەش جۆرێک بوو لە هاوســـەنگیکردنی ڕێگا پێدراو، ئەم بابەتەش دەوەســـتێتەوە ســـەر جۆری ڕووداوەکان و ســـەر توناو

بەهرەو لێهاتوویی شـــاعر"(المرايات، ٢٠١٢، ٣٨)، کە بتوانێت دەقێک بەرهەم بهێنێت، دابڕاو نەبێت لە ڕووداوەکان و باری گران و ئاڵۆزی ژیان، شـــاعیر بەم ڕێگایە توانی پێگەی شیعری لیریک فراونتر بکات و بیگەیەنێت بە ڕووداو، یاخود کێشـە یان ڕەنگپێدەرەوەی ژیان بۆ ئەوەی بگات بە شـــیعرێک، کە بنچینەیەکی درامی هەبێت، ئیتر شـــاعیر هەموو هۆکـارە دەربڕینە دراميیەکـانی بە هەڵـدەقۆزتەوە لە دیـالۆگ و گفتوگۆی نـاوەکی و گێڕانەوە و ئەو بابەتانەدا، بۆ ئەوەی ئەزمونی خۆی تەواو بەرجەستە بکات.

**بڵێن بە یار، بڵێن بە یار، یاری نازدار،**
**سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار!**
**خۆزگەم بە پار!خۆزگەم بە ساڵی ڕابوردوو،**
**عومری کورتی دڵداریم بوو،**
**لە پڕ هات و لە ناکاو چوو...**
**یەک: پڕ لە دنیا ئارەزوو،**
**دەریایەک تاسە... ئەمە دوو،**
**جێ مابووم لە پاری مردوو!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٥٠)

دەقێکی لیریکی گۆرانە لە سەراپای دەقەکەدا، کۆمەڵێک وێنەو هەڵوێستەی درامی تێدایە، هەردوو ڕەگەزی خۆدواندن(مۆنۆلۆگ) و (گێڕانەوە)ی سـەرگوزشـتەی ڕووداوی نێو ئەو پەیوەندییە کە شـاعیر گوزارشـتی(پاری مردوو)ی بۆ بەکاردەهێنێت، دەرخەری ئەو ڕاســتییەی ســـەرەوەن کە ئەم قۆناغەی تێکەڵبوونی شـــیعری لیریک بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیان، دەرگای فراوانبوونی چوارچێوەکەی لێکەوتووەتەوە.

## ٣-(پەیوەندیی و لێکچوون)و جیاوازی هەردوو ژانری (درامای شـــیعریی و شیعری درامی)

لەسـەر دەسـتی شـاعیرانی قۆناغی شیعری نوێی کوردی بابەتی درامای شیعری و شیعری درامی بە جۆرێکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی کوردیدا سـەریهەڵدا، ئەمەش لەلایەک پەیوەسـت بوو بە تواناو شـارەزایی شـاعیران و ئاسـتی تێگەشـتنی شـاعیرانی کورد بە ئەدەبی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ژانری دراماو لەلایەکی تر شـــیعری نوێی کوردی نزیکی زۆری لەگەڵ ســادەیی و ڕەوانی بەکارهێنانی زمانی خەڵکییەوە هەبوو، کێشــی پەنجەی خۆماڵیش، کە شــاعیران بەکاریان دەهێنا ڕۆڵی کاریگەریی هەبوو لەم بوارەدا، هەروەها بواری نوێکردنەوەکەش پێویســتی بە گۆڕانی هەمە لایەنە هەبوو بەتایبەت لەو بوارانەی

سیمای گۆڕان و پێشکەوتنی بە پرۆسەی نوێکردنەکە دەبەخشی، لەم ڕووەوە بە هاتنە ناوەوەی ژانری دراما بۆ نێو ئەدەبی کوردی وای لە شاعیران کرد بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان پەنا بۆ نووسینی ژانرو فۆرمە نوێکانی ئەدەب و هونەر(شیعری درامی و درامایی شیعری) بەرن، کە لەگەڵ ئەم ژانرانەدا، گوڕێکی تریان بە گۆڕانکارییەکانی پرۆسەی شیعری نوێی کوردی دا، ئەم دوو ژانرە پەیوەندییەکی قووڵیان لەگەڵ شیعرو چەمکی شیعردا هەبوو.

دیارە ئەم دوو ژانرەی ئەدەب، لە زۆر ڕووەوە لێکچوون لە نێوانیان هەیە.

١- شیعرییەتی دەق و سنعەتکاری لە چنینی دەقەکان لەلای هەردوو ژانرەکە بە مەرج دەگیرێت، هەر لە کۆنەوە لەدراماکاندا تا دەگاتە سەردەمی شکسپیرو تا ئێستاش شیعر و زمانی شیعر ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە بنیاتنانی شیعری درامی و دراماى شیعریدا، کەواتە خاڵێکی بەهێزی هاوبەش لە نێوانیاندا، شیعر، بووە «ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کاتێک دراما بەدوای کەرەستەی گوزارشتی زماندا گەڕاوە، هیچ ئامرازێکی باشتر لە شیعر نەبینیوەتەوە»(حسێن، حەسەن، ٢٠٢١، ١٤).

٢- ڕەگەزی ڕووداو، کەسایەتی، مۆنۆلۆگ و دیالۆگ، توخمە گرنگ و هاوبەشەکانی لێکچوونی نێوان ئەم دوو ژانرەی ئەدەبن، هەروەک دەبینین ئەو دیالۆگ و مۆنۆلۆگەی هەردوو فۆرمەکە لە دەقدا «هی کاتی ئێستان، لێرەدا ژیان خۆی قسە دەکات»(هاڵبێرگ، ٢٠١٨، ٤٨).

٣- زمانی هەردوو دەقەکە زمانێکی بەهێزە، ڕووداو ڕەگەزی بنەڕەتییە لە پێکهاتەو بنیاتی هەردوو جۆرەکەدا، درێژی شیعرو بوونی دەمامک بۆ شاردنەوەی یان ونکردنی کەسایەتی شاعیر لەنێو دەقەکاندا، لە مەرجە دیارەکانی ئەم دوو فۆرمەن، هەرچەندە هەندێکجار «دەنگی شاعیر لە نێو دەنگی یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکاندا گوزارشت لە حاڵەتە خودییەکانی خۆی دەکا»(ئەسوەد، ٢٠٦، ١٢٤) لەم بارەیەوە (ت.س. ئیلیۆت) دەڵێت: لە «دراماى شیعریدا بنیاتی درامی کارەکتەرەکان ئەوە لەسەر شاعیر فەرز دەکات، کە بۆ هەر کارەکتەرێکیان بەشێک لە دیالۆگی شیعریی ئامادە بکات، ئەمەش وا لە شاعیر دەکات هەوڵبدات هەموو ئەو کارەکتەرانە بەو شیعرەی، کە پێی دەردەبڕێت، بهێنێتە قسە، بەوەش دەنگی شاعیر لە نێو هەموو ئەو

دەنگانەدا قورس و زەحمەت دەبێت، چونکە هەر کارەکتەرێک خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی»(حســـێن، حەســـەن، ٢٠٢١، ١٣) بەڵام لە شـــیعری درامایدا «دەتوانین دەنگی شاعیر بناسینەوە، ئەگەر چی لە پشت کەسایەتییە خەیاڵی و مێژوویەکانیشدا حەشاردراوە»(عەولا، ٢٠١١، ٣٦).

وەک ئاماژەمان پێدا، ئەو دوو فۆرمە چۆن خاڵی لێکچوونیان هەیە بەهەمان شـــێوە جیاوازیشـــیان هەیە، هەر یەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگێکی ئەدەبی و هونەری جیاواز لە ئەوی تر.

١- شیعری درامی دەگەڕێتەوە بۆ ژانری شیعری و شیعرە پێش دراما، درامای شیعریی دەگەڕێتەوە بۆ ژانری درامایی.

٢- درامای شـــیعری دەقێکی دراماییەو بۆ ســـەر تەختەی شـــانۆ و بۆ نواندن لەبەردەم بینەردا دەنووسرێت، بەڵام لە شیعری درامیدا ئەو مەرجە بە خاڵی بنچینەیی و جەوهەری نازانرێت، زیاتر لە مەبەستی نواندن بۆ خوێندنەوەش دەنووسرێت، واتە دەقێکی شیعری درامی ئەگەر لەسەر تەختەی شانۆش نمایش نەکرێت هیچ لە بایەخە ئەدەبییەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵام «پێوانەی ڕاســـتەقینە بۆ هەر دەقێکی درامـــایی تەنهـــاو تەنهـــا ســـەر تەختەی شانۆیە»(حەموودە، ٢٠١٦، ١١) سەرەڕای ئەوەی کە پێکهاتەکەیشی شیعرە.

٣- پیشـەی شـاعر بە تەواوی جیاوازە لە پیشـەی نووسـەری دراما، هەرچەند هەردووکیان پرۆسـەی نووسـینن، بەڵام دوو شـێوە سـنعەتی جیاواز، مەرج نییە شـــاعیر نووســـەری درامـاش بێت، یاخود بەپێچەوانەوە، بەڵام هیچ ڕێگرییەکیش نییە لەوەی کەسـێک شـاعیربێت و درامانووسـیش، وەک چۆن لای گریکی کۆن سـێ کەڵە شـاعیری گەورە (ئەسـخیلۆس و سـۆفۆکلیس و یۆرپیدس) تراژیدی نووســـی بەناوبانگ بوون و دراماکانیشـــیان بە شـــیعر دەنووسی، پێویستە مەرج دانەنێین لە گەشەسەندنی شیعر بۆ دراماو کاری درامـایی، چونکە هەموو هونەرێـک ســـەربەخۆیە لە ئەوەی تر، هەروەهـا «دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان هەردوو زاراوەی"شیعری درامی و درامای شـــیعری"»(حوســـێن و نازم، ٢٠٢٠، ١٩٩)، لەگەڵ ئەوەشـــدا دراماش بریتییە لە جۆریک لە جۆرەکانی ئەدەبی، شیعرش بەهەمان شێوە.

٤- شـيعری درامی «بریتییە لە شـیعرێک کە لەسـەر بنەمای توخمە دراميیەکانی وەکو ڕووداو دیالۆگ و کەسـایەتی و کات و شـوێن دارێژرابێت، بەمەرجێک کەســـایەتی شـــاعیرەکەی تێدا دەرنەکەوێت و لە زاری کەســـایەتییەکانەوە هەڵوێســـــت و بۆچوونەکانی خۆی دیاری بکات» (عەوڵا، ٢٠١١، ٣٥)، بەڵام درامای شـــیعری هەر خۆی هەڵگری توخم و ڕەگەزە ســـەرەکییەکانییەتی و بەبێ ئەو ڕەگەزانە، یـان بوونی کەموکورتییەک لەیەکێـک لەو ڕەگەزانەدا، دەبێتە هۆی لاســـــەنگی و کەموو کورتی بەرهەمە دراماییەکەو زۆرجار لە دیدی ڕەخەگرانی بواری دراماوە بە درامایەکی ناکامڵ وەسف دەکرێت «ئەو دەقە دراماییانەی، کە لەسـەر تەختەی شانۆ و لەبەردەم بینەردا سەرکەوتوو نابن، دەقی درامایی نین، بەڵکو دەقی ئەدەبین، ئەمەش بەو مانایەیە، کە ئەو دەقـانەی زیـاتر چێژ لە خوێنـدنەوەیـان وەردەگرین وەک لەوەی لەســـــەر تەختەی شانۆ دەیانبینین»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٢).

٥- خاڵێکی تر ئەوەیە کە شیعری درامی لە بنەڕەتدا سەربە شێوە بنەڕەتییەکانی شیعرەو هەڵگری توخمی دراميیە، درامای شیعری سەربە هونەرەو کەڵک لە زمانی شیعری و وێنەی شیعری و ئاوازی شیعری وەردەگرێت و بە شیعر دەنووســرێت، کەواتە درامای شــیعری «دراما نامەیەکە گشــت ڕەگەزەکانی درامایی تیادا بەکاردەهێنرێ، بەڵام بە زمانی شــیعر دەنووســرێت، شــیعری درامیش، شـــیعرە بەڵام هەندێ خاســـیەت و ڕەگەزی درامای تێدەئاخنرێ، هەردووکیشـــیان بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان لە چەند ڕەگەزێکی درامیدا پەیوەستن بە کاری دراماییەوە»(ئەسوەد، ٢٠٠٦، ١٢٣و١٢٤).

٦- شـــــیعری درامی هەڵگری ئـاوازی تـایبەتییە و دوو لە فۆرمەکـانی (ئۆپێراو ئۆپەرێت) لەگەڵ مۆسـیقا و جووڵە و گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکان بەشـێوەی گۆرانی ئـامێز پێشـــکەش دەکرێن، بەڵام بـابەتی کۆرس و ئـاوازی گۆرانی بوونی لەنێو هەموو درامایەکی شــیعری و هەتا درامای پەخشــانیدا مەرجی سەرەکی نییە.

٧- شـــیعری درامی مەرج نییە بۆ نواندن بێت، بەڵام درامای شـــیعری مەرجە لەســـەر ســـەکۆی شـــانۆ پێشـکەش بکرێت و هەڵســـەنگاندنی لایەنی باشـــە و کەموکورتییەکانی لە کاتی نمایشـــکردندا دەردەکەوێت نەک بە خوێندنەوە، چونکە هونەرێکی خستنەڕووی کردارییە.

٨- درامای شیعری درامایەو بە شیعر نووسراوەو دەشگونجێت هەمان ڕووداو گێڕانەوەو دیالۆگی نێوان کەسایەتییەکانی ئەو درامایە بە پەخشان بنووسرێتەوە، بەڵام شیعری درامی شیعرەو هەڵگری توخمە دراميیەکانە، دەگونجێت شیعر هەڵگری تاکە توخمێکی درامی یان وێنەیەکی درامی بێت و وەک ڕەگەزێکی درامی لە بونیات و پێکهاتەی دەقە شیعرييەکەدا ڕۆڵبگێڕێت.

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ گەلانی ناوچەکەو بەتایبەت بۆ کورد لە بواری ئەدەب و هونەردا سەردەمی گۆڕانکاری و سەرهەڵدان و گەشەسەندن و نوێبوونەوە بوو، گەشەسەندنی ژیان و زۆربوونی ئاڵۆزییەکان بە شێوەیەکی سروشتی هۆکارێک بوو بۆ شیعر، کە تێکەڵ بە ڕەگەزەکانی دراما ببێت و ڕووداو و کارەکتەر و کات و ململانێی و شوێن... هتد، ئەمەش سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شیعری درامی و ئەوجۆرەی تری شیعربوو، کە هەڵگری خەسڵەتەکانی درامی بن، ئەو دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی لە ناوچەکە سەریان هەڵدابوو، کاریگەریی هەبوو لە سەرهەڵدانی دراما لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەر بۆیە مێژووی دەرکەوتنی دراما وەک دەق و نمایشی درامایی هاوتەریبە لەگەڵ مێژووی نوێبوونەوەی شیعری کوردی، بەمەش شاعیران هەوڵیاندا ئاشنایەتییەکانی نێوان ئەم دوو ژانرە درک پێبکەن و بتوانن لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزەکانی ئەم دوو شێوەیەی ئەدەب گوڕێکی تر بدەن بە ئاستەکانی ئەم پێشکەوتنەو وەک ئەدەبی گەلانی تر کەڵک لە هەردوو فۆرمی درامایی شیعری و شیعری درامی وەربگرن.

## پاری سـێیەم: فۆرمەکانی شـیعری درامی لە ئەدەبی کوردیدا (ئۆپەرێت و ئۆپێرا)

### ١- ئۆپەرێت:

ئۆپەرێت: بریتییە لە دەقێکی شـیعری بە ئاوازو گۆرانی تێکەڵ بە هەندێکی کەم دیالۆگ و گفتوگۆی ئاسایی، کە لەسەر تەختەی شانۆ نمایشدەکرێت، زۆرتر هونەرێکی ئاوازداری مۆسـیقییە، جەخت لەسـەر جووڵەو سـەما دەکاتەوە. هەرچەندە دەگونجێت ئۆپەرێت گوزارشـتبکات لە گرفتەکانی ژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی و ڕەوشـتییەوە، هەروەها بۆ گەورانیش بنووسـرێت. کەواتە «هونەری ئۆپەرێت هەر لە سـەرەتاوە لەلایەن گەورەکانەوە نمایش دەکرا، بەڵام لەگەل زیاتر سـەقامگیربوونی ئەم هونەرە وایلێهات لەلایەن منداڵانیشـەوە نمایش بکرێت و لەو چوارچێوەیەشـدا ڕۆڵی کارا بگێڕیت لە پەروەردەکردنی توێژی مناڵاندا، جا چ لە قۆناغی باخچەی سـاوایان بێت یان لە قۆناغی قوتابخانەکان، بۆ ئەو مەبەسـتەش سـود لە لایەنی کەلەپوورو کەلتووری ڕەسەنی نەتەوایەتیش وەردەگیرێت و فەرامۆشی ناکات»(حسێن، حسن، ٢٠١٧، ٢٠٧)

لەم تێڕوانینەوە ئۆپەرێت درامایەکە کەڵکی زۆری لێدەبینرێت بۆ مەبەسـتی وروژاندنی هەسـتی منالان و دروسـتکردنی کەشـێکی ئارام و خۆشـی، لە سـەر ئاسـتی تەمەنی پاخچەی سـاوایان و مناڵانی قوتابخانەکانی سـەرەتایی و مەبەسـت لێی پەروەردەکردن و فێرکردن و ئاشـناکردنی مناڵانە بە جوانییەکانی ژیان و خسـتنەڕووی ڕووداو و ململانێ و کەموکورتییەکانی ژیان بە گشـتی، بەڕەچاوکردنی ئاسـتی تەمەن، واتە ئەو ئۆپەرێتانەی بۆ زارۆک و مناڵانی باخچەی سـاوایان دەنووسـرێت بە زمانێکی سـادەو سـاکارو بابەتی زۆر سـادەو یاریکردنن، جیاوازە لەو ئۆپەرێتانەی بۆ مناڵانی ئاستی قوتابخانە سەرەتاییەکان و هەتا بۆ گەورەکانیش دەنووسرێت. هەر لەسـەرەتاوە ئامێرە مۆسـیقییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، لە بەشـداریکردن و پێکهێنانی دیمەنەکانی درامادا، ئاوازو گۆرانییەکان بەشـێکی سـەرەکی بوون لە خستنەڕووی ڕووداوەکانی نێو دراما،

لە ئەدەبی کوردی و لە ڕۆژهەڵاتیشـدا «ئۆپەرێت هونەرێکی نوێیەو خزمایەتی لەگەڵ شـانۆدا بەتینە، گێڕانەوەی بەسـەرهاتی لیریکیکی دڵدارییە، یان داسـتانێکی تراژیـدیانەی پڕ لە غەم و کەسـەرە» (هەورامی، ٢٠٠٧، ٢٨٢) هەروەهـا ئۆپەرێت بەوە پێناسـەدەکرێت، کە جۆرێکە لە فۆرمەکانی شـیعری درامی و «یەکێکە لە هونەرەکانی شانۆیی، کە گەلێک ڕەگەزی وەکو مۆسیقاو سەماو شیعر... تاد لە خۆدەگرێت» (ڕەحمان،

٢٠١٧، ١٢٤)، یان دەوترێت ئۆپەرێت «نمایشـیکی شـانۆییە، کە لە دارشـتنیدا مۆسـیقا و گـۆرانـی وەک دوو ڕەگەزی بـنـیـاتـنەر پـانـتـاتـیـیەکـی فـراوان لە بەرهەمەکەدا داگیردەکەن»(فەرەج، ٢٠٠٥، ١٢٥). هەروەها هەندێک لە نووسـەران بە جۆرە شـانۆیەکی گۆرانیی ئامێزی ئاسـان باسـیان کردووە و دەڵێن «ئۆپەرێت ئەو جۆرە شـانۆگەرییەیە، کە بەهۆی جۆرێک لە گۆرانی ئاسـان و سـەماکردن و نمایشـکردن لەخۆدەگرێت، جگە لەوەش هەندێک لە دیالۆگەکانی بە شێوەی گۆرانی دەگوترێتەوە، ئەوانی تریشیان وەکو شـانۆگەرییەکی ئاسـایی بە کاردەهێنرێت»(حسـێن، حسـن، ٢٠١٧، ٢٠٩)، واتە دەگونجێت «هەندێ دیالۆگی بێ گۆرانی و مۆسـیقا پیشـکەش بکات»(حسـێن، حسـن، ٢٠١٧، ٢٠٦)، حەمەکەریم هەورامی لەبارەی بابەتی گێڕانەوەی چیرۆکـەکـانی دەڵێت: «ڕووداوێکی مێژوویی، یان داسـتانێکی دڵداری بە گۆرانی و سـەماو مۆسـیقا دەگێڕێتەوە» (هەورامی، ٢٠٠٧، ٢٨٢).

لە پرۆسـەی نوێکردنەوەی شـیعری کوردیدا، لە ئەنجامی ئاشـنایەتی شـاعیری نوێخواز بە ئەدەبی بێگانە، بەهۆی زانینی چەندین زمـان و شـــارەزابوون بە کلتورو ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر، دەرگا بەڕووی چەندین فۆرم و شێوەی ئەدەبی نوێدا کرایەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە شـیعرەوە هەبوو، یەکێک لەو بابەتانەش (ئۆپەرێت) بوو، کە شـاعیران لە پرۆسـەی گواسـتنەوەدا تێکەڵ بە شـیعرو ئەدەبیاتی کوردیان کردووە، بەجۆرێک کە لەگەڵ واقیع و بارودۆخ و ئاستی پێگەشتنی هونەری و ئەدەبی قۆناغەکەدا بگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دراماو شیعر، وەک دوو ژانری دیار هەنگاوی باشـیان هاوێشـت. لەم سـۆنگەیەوە «باسـکردنی سـەرهەڵدانی هونەری ئۆپەرێت لە ئەدەبی کوردیدا پێویست بەچاوخشاندنێک دەکات بە سەرەتای سەرهەڵدانی شـانۆ، چونکە ئۆپەرێت جگە لەوەی دەچێتە خانەی شـانۆی گۆرانییەوە، هاوشـان لەگەڵ سەرەتاکانی هاتنی شانۆ وەکو چەشنێک بۆ ناو ئەدەبی کوردی هاتۆتە ئاراوە» (ڕەحمان، ٢٠١٧، ١٢٨).

**هەندێک لە ئۆپەرێتی کوردی**

١- ئینتباه ١٩٢٥- شێخ نووری شێخ ساڵح.
٢- گوڵی خوێناوی ١٩٣٤ - گۆرانی شاعیر.
٣- ئاهەنگێک لە ناو ڕان ١٩٤٢- گۆرانی شاعیر.
٤- نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە، ١٩٤٤، بێکەس.

٥- ئۆپەریتی دڵداری کوڕە شوان ١٩٥٥- کامەران موکری.

٦- سێ ئوپەریتی عبدالرزاق بیمار(گەنجۆ- شەفی و شیرین- سەرکەوتنی بەهار)١٩٦١.

وەک دیارە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەوە(١٩٢٥) تا ساڵی (١٩٦١)ز ئۆپەریت وەک فۆرم و شێوەیەکی ئەو ژانرە لەسەر دەستی شاعیرانی دەرکەوت.

## چەند دەقێکی ئۆپەریت لای کورد:

یەکەم دەقی ئۆپەریت لە هەگبەی ڕۆشنبیری و مەعریفەی شێخ نووری شێخ ساڵح لە ساڵی ١٩٢٥ز، بە ناونیشانی (ئینتباە) لە دایکبوو:

**دلاوەران:**

**ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین**

**بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین**

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**

**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕا بووین...**

یەکەمین هەوڵی بزوتنەوەی شیعری نوێی کوردی، گوزارشتکردنبوو لە ژیان و واقیعی ژیانکردن، شێخ نووریش ئەزموونی ژیانی خۆی و سەردەمەکەی وێنادەکرد و لە قاڵبی شیعریدا بە بیرسازییەکی فراوانەوە گوزارشتی لێدەکرد، وەک لە ڕۆڵی ئەم کارەکتەرانەدا بۆمان دیار دەخات:

**باوک:**

**لەم وەزعە گەر ئەی دوشمنی کورد ئێوە ئەپرسن**

**ئەم هەمهەمەیە میللەتە هەڵساوە بترسن**

**کفن بۆ خۆتان ببڕن، هەر لە ئێستاوە بمرن**

**لازمە لەبەر غەم و حەسرەت، ببن ئەشک ڕێژی مەزەللەت...** (شێخ نووری، ١٩٨٩، ٦١)

لەم دەقەدا ڕۆڵی چەندین کارەکتەری تر دەبینرێت کە هەندێکان بەشێوەی کۆرس ڕۆڵەکەی خۆیان دەگێڕن، ئەوەی خاڵی گرنگە لەم باسەدا ئەوەیە، کە سەرهەڵدانی ئەم فۆرمەی شیعر، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە نوێکردنەوەی شیعری کوردییەوە هەیەو بەرهەمی شاعیران لەو قۆناغە بەڵگەی ڕاستین، گۆرانی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانە لەم بوارەدا بەرهەمی بەرچاوی نووسیوە، لەوانە (گوڵی خوێناوی- ئاهەنگی نێو ڕان- ئەنجامی یاران)

**گوڵی خوێناوی**

**کوڕ:**

**بڕوانە! شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە**

**گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!**

**زەرد و سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو، هەرایە**

**لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!...**

**کچ:**

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ**

**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!...** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٣٧)

## ٢- ئۆپێرا

بریتییە لە دەقێکی شیعری ئاوازداری مۆسیقی، کە بەشێوەی گۆرانی لەسەر تەختەی شانۆ پیشان دەدرێت و بابەتەکانیشی ڕووداوی هەڵقوڵاون لە داستان و ئەفسانە و بابەتی نیشتمانی و دڵداری و زۆرجار بابەتەکانی باسی جدی و تراژیدین و کەمتر خۆ لە قەرەی کۆمیدیا دەدات، بە واتایەکی تر ئەو ڕووداوانە دەکاتە کەرەستەی شیعر و دراما کە لە واقیعی ژیانەوە نزیکن. «ئەم هونەرە لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەو سەرەتاکانی سەدەی شانزە لە شاری فلۆرەنسای ئیتالیا، وەک تەقەلایەک بۆ بوژاندنەوەی درامای یۆنانی سەریهەڵداوە»(ڕەئوف، ٢٠٠٣، ١٨٨)، (مۆسیقاو گۆرانی) ڕەگەزی بنەڕەتیی ئۆپێران و کاریکی دراماییە، واتە ئۆپێرا هونەری جوڵانەوەو سەماکردنە، ئۆپێرا (شانۆگەری بە مووزیک و شیعر) یەکێکە لە فۆرم و شێوەکانی شیعری درامی، هەرچەندە زیاتر ژانرێکی مۆسیقییە، گۆرانی و مۆسیقا سیمای گشتی دەقەکە داگیردەکەن، لەهەمان کاتادا دراماییە و جیا لە ئاوازو جووڵەکانی دەربڕین و گۆرانییەکانی بە شیعرە. هەر بۆیە ئۆپێرا «بە یەکێک لە هونەرە سەختەکانی شانۆی مۆسیقاو گۆرانی دادەنرێت، چونکە پێویستی بە توانای بەرز هەیە بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقا و سەما، کە هەموو ئەمانەش پێویستییان بە مەشق و ڕاهێنانێکی زۆر هەیە»(ڕەحمان، ٢٠١٧، ١١٩) لە پێناسەیەکی تردا دەتوانین بڵێین: درامایەکی مۆسیقییە «گۆرانی بەسەریدا زاڵەو گۆرانیبێژ زیاتر خۆی تێدا دەبینێتەوە»(ڕەحمان، ٢٠١٧، ١٢٣)، یان دەتوانین بڵێین دەقێکە کە لە بنەڕەتدا؛ درامایەکە بە مۆسیقا دانراوەو بەشیعر ڕووداوەکانی چنراون. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت لە بنچینەدا ئۆپێراو دراما دوو

هونەری تارپایەک لێک جیاوازن «دوو جۆری هونەرین خاڵی جیاواز و بەریەککەوتنیان هەیە، هەتا لە کاتی نمایشی درامی و چۆنییەتی کارکردن و لە جۆری بینەرو جەماوەردا، بەڵام ئۆپێرا و دراما (دراما) لەم ڕۆژگارەدا لە هەموو کات و ســـەردەمێکی تر زیاتر پەیوەنـدی و لێکنزیکیـان هەیە، هەمیشـــە کـاریگەریی گەورەیـان بەســـەر یەکەوە دەبینرێت»(بافی، ٢٠١٥، ٣٦٩) جیاوازییە دیارەکەش لەوەدایە کە ئوپێرا فۆرمێکی شـــیعری درامییەو سەربە ژانری شیعر نەک ژانری دراما.

لە بابەت ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی ئەم هونەرە «ســـەرەتا ئۆپێرا لە ئەوروپادا لەســـەدەی (١٥)دا دەرکەوت و لەســـەردەســـتی پیاوانی ئایینی کڵێســـاوە هاتەکایەوە، کە مەبەســـتیان دانانی تیپێکی ئایینی بوو بۆ هەموو جەژنێک، ... بەڵام لە ئینســـکلۆبیدیای عەرەبیدا، واهاتووە و کە" ســـاڵی ١٥٤٠ز لە ئیتالیا مژدەی لەدایکبوونی هونەری ئۆپێرا درا، ... بەڵام لەهەندێک ســـەرچاوە و بەلای هەندێک لە ڕەخنەگرانی بواری شـــانۆوە واباس دەکرێت، کە هونەری ئۆپێرا لە" دوای هەوڵ وکۆشـــشـــێکی زۆر لەلایەن گەلێک لەشارەزایانی ئیتالییەوە، وەکو (گالیلی)، (جۆلیۆ کاچینی) ی مۆزیسیانی بەتوانا و (جاکو بیری) ی ئاوازدانەر و (ئۆتافیۆ بینوشینی) ی شاعیرەوە توانرا یەکەم وێنەی ئۆپێرایەکی ڕاســتەقینە لەســاڵی ١٥٩٤ ز بەناوی (دافنDafne -) ەوە بنیات بنێن»(حســێن، حەســەن، ٢٠١٧، ١٩٨).

ســـەبارەت بە یەکەمین ئۆپێرای تۆمار کراو، « لەســـاڵی(١٦٠٠) ز لە مێژوودا بۆیەکەمجار ئۆپێرا لەشــاری (فلۆرەنســە) لە ئیتالیا ســەری هەڵدا و لەهەمان ســاڵیشــدا (کاچین) توانی مۆزیک بۆ دەقەکەی دابنێت، ئاوازی مۆزیکەکەش لەســـەر شـــێوازی تراجیدیای یۆنانییەکان بووە» (حســێن، حەســەن، ٢٠١٧، ١٩٨) کەواتە لە ســـاڵی (١٦٠٠)دا لەفلۆرەنســـەی ئیتالیادا ئەم هونەرە ســـەریهەڵداو «کۆمەڵێک هاوڕێ لە شـــاعیر و نووســـەران کۆبوونەوە، بەمەبەســـتی زیندووکردنەوەو بوژاندنەوەی شـــانۆگەرییە کۆنەکانی یۆنانی و زانینی چۆنییەتی بەکارهێنانی مۆسـیقا لەگەڵ تەمسـیلکردندا لەلایەن یۆنانییەکانەوە، بۆیە مۆسـیقای ئیتالی (بیری) یەکەم ئۆپێرای لە جیهاندا پێشـکەشـکرد» (ڕەحمان، ٢٠١٧، ١٢٠)، شـــیعرەکەی بەشـــێک بوو لەکۆمیدیـای یەزدانیی دانتی، دواتر ئۆپێرایەک بە ناونیشـانی «یۆریدیتش" لە ئاهەنگی ژن گواستنەوەی شای فەرەنسا"هنری حەوتەم" لەگەڵ ئەمیرە"ماریا دی میدتشـــی" نمایشـــکردو ســـەداو ناوبانگێکی خێرای لێکەوتەوە»(ڕەحمان، ٢٠١٧، ١٢١).

## ئۆپێرا لای کورد

گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) لەبارەی دەقی ئۆپێراکەیەوە(ئەنجامی ئەژدەهاک) ئاوا دەڵێت «یەک دوو هەفتە پێش جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ (١٩٥٩) لەگەڵ هونەرمەندی بەهرەدار کاک قادر دیلان بڕیارمان دا کە پێکەوە تەقەلا بدەین بۆ بەرهەمهێنانی پارچەیەکی هونەری بۆ ئەوەی لە جەژنی باسکراوا پێشکەشی گەلی شارە خۆشەویستەکەمانی بکەین. بەری تەقەلای من لەم پێناوەدا بیرکردنەوە بوو لە دانانی ئۆپێرایەک کە ئەمەی لای خوارەوە یەکەم پەردەیەتی. لەبەر کەم و کوورِیی ئەو کاتەی بە دەستمانەوە بوو، بڕیارمان دابوو کە ئەو بۆ ئەم پەردەیە دەست بکات بە دانانی ئاوازە و پراوە کردن لەگەڵ تیپی ئاوازە و تیپی تەمسیل تا من لە دانانی پەردەی دووەم ئەبمەوە، وە بەم جۆرە بڕۆین تا ئۆپێراکە ئەگاتە ئەنجام. بەڵام داخەکەم کاک قادر بۆی نەکرا بەڵێنەکەی بێنێتەجێ. ئەمە بوو بە هۆی ساردبوونەوەی منیش، وە بەم ڕەنگە دەستم لە پرۆژە هەڵگرت. ئێستاکە پەردەی یەکەم لە ئۆپێرای ناتەواو ئەخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی»(دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٣)

بەشێک لە دەقی ئۆپێرا تەواونەکراوەکەی گۆران

**پەردەی یەک**

**بازاڕی ئاسنگەران**

**جارچی [بەدەم زەنگ لێدانەوە]:**

**بە فەرمانی شای بێباک،**

**خاوەن شکۆ: ئەژدەهاک،**

**ورتەتان لە دەم دەرێ،**

**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!**

**یاساوڵان: [شیر هەڵئەکێشن]:**

**ورتەتان لە دەم دەرێ،**

**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!...** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٣)

# بەشی سێیەم:

- **ڕەگەزەکانی دراما لە (**شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠–١٩٧٠)

- **پاری یەکەم / ڕەگەزە بنەڕەتییەکان** (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن)

- **پاری دووەم / ڕەگەزە گێڕانەوەبەندییەکان** (دیالۆگ- مۆنۆلۆگ – زمان- فلاشباک)

- **پاری سێیەم/ (ململانێ، وێنەی دراماییی و تراژیدی)** لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠–١٩٧٠)

- **پاری یەکەم / ڕەگەزە بنەڕەتییەکان** (ڕووداو، کارەکتەر، کات، شوێن)

**یەکەم: ڕووداو**

شیعری نوێی کوردی هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمەکە، سیماو شەقڵێکی نوێی وەرگرت، ئەویش بە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون لەگەڵ ڕووداوەکان، ئەمەش وای هێنایە پێش کە شیعر ببێتە دەنگی ئازارو نەهامەتییەکان و خستنەڕووی کێشەو گرفتەکان، ڕەشبینی و نائومێدییەکانی شاعیر لە سەردەمەکە وایکرد شیعر تێکەڵببێت بە ڕووداوەکانی ژیان، واتە سەردەمی تێکەڵبوونی دەردیسەری(موعاناتی)خەڵکی بوو لەگەڵ گرفتارییە خودییەکانی شاعیر، بەتایبەتی لەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەی بەهۆی هەردوو جەنگەکەوە دووچاری خەڵک بوو، ئەم بارە ڕۆڵی هەبوو لە هەنگاوەکانی گۆڕانکاری لە شێوەو ناوەڕۆکی شیعری کوردی و ئەو نوێبوونەوەیەی ڕووی لە شیعری کوردی کرد، شاعیران لەو سەردەمە بۆ ئەو ڕووداوانەی دووچاری خەڵکی دەهاتن شیعریان دەنووسی، گرانی و قات و قڕی سەردەمی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، زۆرێک لە شاعیرانی هێنایە دەنگ و شیعریان بۆ ئەو ڕووداوانە نووسی.

## یەکەم: ڕووداو لە ڕووی هەبوونەوە

١- **ڕووداوی واقیعی:** ئەوەی هەیە هەر بەو جۆرە باسبکرێت و ببینرێت و بخرێتەڕوو، ڕووداوەکان وەک خۆی پێشکەشبکرێت بەڵام بە دارشتنێکی ئەدەبی، لە قوتابخانەی هونەری و ئەدەبیدا واتە «سروشت و واقیع وەک خۆی پێشکەش دەکات، بەبێ ئەوەی بیکاتە نمونەیی»(پیربال، ٢٠٠٩، ٨٤) ، هەڵبژاردنی بابەت و ڕووداو لە چوارچێوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و بەریەککەوتنی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان بەو شێوەی کە هەیەو دەگونجێت بێ، دەبێتە کەرەستەی نووسینی دەقێکی ئەدەبی، سەرباری ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەوانەی ڕووداوی واقیعین لە چنینی دەقەکەدا ناتوانرێت بەدەربن لە ئەندێشەی شاعیر و نووسەری دەقی ئەدەبی.

بۆ نموونە وەک ڕووداو و کارەساتی (٦ ی ئەیلولی١٩٣٠) و شەڕی بەردەرکی سەرا کە بەڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلول بەناوبانگە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورددا ڕووداوێکی واقیعییە، نموونەیەکی زیندووی بەرخودان و گیانفیدایی و قوربانی دانی خەڵکی شاری سلێمانییە لەپێناو داکۆکیکردنی مافی ڕەوای میللەتەکەمان،

بەرامبەر ستەمکاران نەبەردییەکی گەورەیان ئەنجامدا، بۆ ئەم کارەساتە ناهەموارەی یەخەی بە گەلی کورد گرتبوو، زۆربەی شاعیران لەو بۆنەیەدا شیعریان نووسیوە، هەریەکەیان بە جۆرێ هەست و سۆز و هەڵچوون و ڕق و تووڕەییان بەرامبەر دوژمنانی کورد نیشانداوە ، (ئەخۆل بەکوڵ فرمێسکی هەڵدەڕشت و پیرەمێرد زیللەتی وەفدی کوردستانی پیشان دەدا کە پاش ئەو هەموو کوشتارەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە وەفدێک دەچنە بەغداد بۆ میللەت فرۆشتن و حەمدی ئەو کارەساتەی دەچواند بە گێژەڵوکەی نەگبەتی و شێخ نوری گڕ لە دڵ و هەناوی بەربووبوو، بەختیار زێوەرو ئەحمەد موختاریش شیوەنی بەکوڵیان بۆ ئەو ڕۆژە دەکرد و گۆرانی شاعیریش دوای دووساڵ بۆ یادی ئەو ڕووداوە دەیەوێ لەڕێگەی پارچە شیعرێکەوە بڵێ گڕی شەشی ئەیلول بە ئاسانی دانامرکێتەوە).

**<u>هەزارو نۆسەد و سی بوو</u>، <u>شەشی ئەیلوول</u> کە <u>ڕۆژ هەڵهات</u>**

**غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلێمانی،**

**"هەڵۆ بەگ" ئەو جوانەی پڕ دڵی بوو بۆ وەتەن ئاوات**

**لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی.**

**لەگەڵ یارانی ئەیوت:"ئەی حوکوومەت" تانەکەی تەسبیت**

**حوقووقی کوردەواری، نایەوێ کورد ئینتیخابات....**

(دیوانی گۆران، ١٩٩).

دەقەکە بە سێ ئاماژەیی کاتی دەستپێدەکات تا زۆر بە وردی زەمەنی ڕووداوەکە بخاتەڕوو،

دواتر دێتە سەر باسی شوێنی ڕووداوەکە(بەردەرکی سەرا، سلێمانی)،

پاشان کارەکتەری سەرەکی(هەڵۆ بەگ) دەکاتە پاڵەوانی نێو ڕووداوەکان،

ململانێی دەقەکە لە دەستەواژەی(هەڵمەتهێنان)دا دەخاتە ڕوو(ململانیی دەسەڵات و میللەت).

ڕووداو سادەبێت یان ئاڵۆز ئەو ململانێیەی تێیدایە دەبێت ڕۆڵی هەبێت لە سازاندنی بارە درامییەکەدا، وەگەر نا ئەگەر دەقنووس بە شێوەی سادەو بێ پلان ڕووداوەکان بە دوای یەکدا بهێنێت و مەبەستی نەبێت بارێکی هەڵچوون و ململانێ دروستبکات، وەک چوون گۆرانی شاعیر دەستپێکی گێڕانەوەی ڕووداوەکە بە هەڵوێستێکی هەڵۆبەگ وێنە جوڵاوە درامییەکان دەخاتەڕوو(**لە پێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هانی...**)

**ئەمە جوملەی قسە و ئامالی یارانی هەڵۆبەگ بوو،**

**نە نامەشرووعیی تیا بوو، نە تەجاوز بوو بە ئەمنییەت...**

**کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو؛**

**درایە بەر شەقەی شەستیر ڕچا و ئامالی میللییەت!** (دیوانی گۆران، ١٩٩).

وەک لەم دێڕە شیعرییانەدا ئاماژەی پێدەکات(**کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو؛**) دیمەنی کارەساتەکە لە چەند بارێکی درامیدا دەخاتەڕوو

**شەقەی شەستیر و قرچەی دەستڕێژ و هەڵمەتی سونگی**

**بە خوێنی کوردی بێ تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە:**

**نەما جوانێ کە سونگی نەیسمیبێ سەد کەڕەت سنگی،**

**نەما پیرێ لە ڕیزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە!**

***

**هەڵۆبەگ گوللەیی ئەووەڵ لە ڕانی دا، دووەم دەستی:**

**کە خۆی و قەومەکەی وا دی، بە چەشنی شێر نرکانی،**

**پەلاماری کە دا بۆ زابتێ: یەک زللە خپ خستی،**

**دەمانچەی سەنگ لە دەستی و ئاگری دا تا وەکوو توانی...** (دیوانی گۆران، ١٩٩).

خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم دەقەدا تووشی جۆرێک لە هەڵچوونی دەروونی دەبێت و بەجۆرێک وێنە درامییەکانی دێتەوە پێشچاو وەک ئەوەی بەچاوی سەر بیانبینێت، ئەمە ئەرکی شاعیرە کە بتوانێ ئەو بارە درامییە لە گواستنەوەی ڕووداوەکاندا بۆ ناو شیعر بگوازێتەوە وەک لە بارەی کۆتا ساتەکانی ژیانی هەڵۆبەگەوە بەو شێوەیە چیرۆکەکەمان بۆ دەخاتەڕوو:

**بەڵام فیشەک نەما، هەر زابت و یەک دوو نەفەر کەوتن...**

**لەپاشا عەسکەریش دەستڕێژی لێ کرد و بە لادا هات؛**

**لەسەر دەریایی خوێن بوو کەشتیی عومری بەرەو مردن**

**ئەچوو، ئەیوت: خواحافیز، ئەوا ئەمرم وەتەن، هەیهات!** (دیوانی گۆران، ١٩٩).

**ڕەگەزەکانی دراما لەم دەقەدا**

**<u>ڕووداو</u>(کارەساتی شەشی ئەیلول، لە نێوان دەسەڵات و خەڵکی سلێمانی)**

**<u>کارەکتەر</u>( هەڵۆبەگ وەک (کارەکتەری سەرەکی)، (میللەت، عەسکەر) کارەکتەری لاوەکی)**

**<u>کات</u>(دوو ساڵ پاش ڕووداوی شەشی ئەیلوولی هەزارو نۆسەد و سی، ڕۆژ هەڵهاتن...)**

**بەپێی جۆری کات لە نووسینی دەقدا دووجۆرە(کاتی نووسینی دەق (ئێستا ١٩٣٢)، کاتی ناودەق (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو(فلاش باک) دوو ساڵ پێش نووسینی دەق).**

**<u>شوێن</u>(بەردەرکی سەرا، سلێمانی، سەرجادە)**

**کۆمەڵێک <u>وێنەی درامی</u>(هەڵمەت بردن، قەتڵ و عام، دەستڕێژی گوللە، مردن.....) بەر ئەنجامی ململانێی توندی نێوان دەسەڵاتی ئەو کاتەی شاری سلێمانی و خەڵکی ڕاپەڕیوی سلێمانی، بووە هۆی کوژران و برینداربوونی دەیان کەس.**

ئەخۆل بەبۆنەی شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨)ەوە، لە سۆنگەی خۆشحاڵییەوە بۆ ئەو ئازادییەی بەدەستهاتووە، بۆ ڕزگاربوونی میللەت لە ژێر دەستەیی ئەم شیعرەی نووسیوەو گەڕاوەتەوە بۆ یادەوەری منالی و باسی نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، کە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دا چەندین ڕۆڵەی کورد کراون بەداراو زیندانی کراون:

**منالْ بووم بیرمە مێژووی کوردستان**

**وەک سەرگوزشتە وەکوو داستان**

لێرەدا بە هۆی ڕەگەزی درامی (فلاشباک)ەوە گەڕاوەتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

**لە بیرمە چلۆن بوو بە وێرانە**

**بە گوللە و تۆپ و بۆمبای بێگانە**

**لە بیرمە چەن لاو، چەن قارەمانان**

**کران بە دارا و خرانە زیندان...** (ئەخۆل، ٢٠١٩، ١٠٩)

**لەم دەقە شیعرییەدا چەندین ڕەگەزی درامای تێدایە کە درامی بوونی دەقەکە نیشاندەدەن لەوانە:**

**<u>ڕووداو</u>(وێران بوون ، کوژران، بوونە خۆراکی برسی بۆمبا...)**

**<u>کات</u>(گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سەردەمی منداڵی)**

**<u>کارەکتەر</u>(منداڵ، ژن ، پیاو، پیر جوان...)**

**<u>وێنەی درامی</u>(کران بە دارا و خرانە زیندان.....) <u>ململانێی</u> توندی نێوان دەسەڵاتی داگیرکاری کوردستان و میللەتی کورد ئەو داگیرکارییەی بەسەر خاکی کوردستاندا هاتووە، بۆتە هەوێنی دابەشبوونی خاکەکەی.**

ئەوڕەحمان بەگی بابان لەبارەی دابەشکاری خاکی کوردستان و نەبەردی و ئازایەتی گەلی کوردەوە ، لە شیعرێکدا بە ناونیشانی(قارەمانانی کورد و خاکی کوردستان) کۆمەڵێک ڕووداو باس دەکات کە ڕووداوەکان هەمووی واقعین دووچاری میللەتی کورد هاتوون:

**ئەم خاکە کە مێژووی گەلی کوردی لە دڵایە**

**تەقسیمە بە بەش هەر بەشێکی کەوتۆتە لایە**

**هێند زاڵمە تورک ئەو بەشە لە کوردەی لە گەڵایە**

**ئەیکا بە نیشانەی هەموو ئەنواعی بەڵایە؟!**

**بۆ خاتری ئەم تۆوە لەجیدا بڕزێنێ**

**تۆوی لە نوێی خۆی لە زەوی و زاری بچێنێ** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ٢٠١٧، ١٥٥).

شاعیر شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو ڕووداوەکانی مێژوو، باس لە تێکشکانی سوپاکەی یۆنان و زەینەفۆن دەکات کاتێک "زەینەفۆن نووسەری بەناوبانگی یۆنانی پاش شکستی سوپاکەی لەشەڕێکی ناوخۆی هەخامەنیشەکاندا لەگەڵ (١٠) هەزار سەربازی دیکەی یۆنانی بەزێدی کاردۆخیەکاندا تێپەڕیوەو لەساڵی (٤٠١)پ.ز زۆر زانیاری شایستەی لەبارەیانەوە تۆمارکردووە، باس لە ئازایەتی میللەتی کورد دەکات، کە چۆن بۆ ماوەیەک ڕێگریان لە سوپاکەی کردووە کە بەو ناوچانەدا تێپەڕن"(ئەنوەر، ٢٠١٣، ٣٤).

**کورد هەڵمەتی ڕۆما و شەڕی قەیسەری دیوە**

**ڕێگای لە سوپای زەینەفونی یۆنانی بڕیوە**

**تاج و عەلەمی شاهی ئاشووری دڕیوە**

**چل عەسرە بە خوێن ئەم وەتەنی خۆیە کڕیوە...** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ٢٠١٧، ١٥٥).

**ڕەگەزەکانی دراما لەم دەقەدا**

**<u>ڕووداو</u>(تەقســـیم بوونی کوردســـتان، ئەم تۆوە لەجیدا برزێنێ، کورد هەڵمەتی ڕۆماو شـــەڕی قەیسەر... بڕیوە، دڕیوە، بەخوێن ئەم وەتەنەی خۆی کڕیوە.....)**

**<u>کارەکتەر</u>(کورد، تورک، زەینەفۆن، شاهی ئاشور....)**

**<u>کات</u>(هاتنی سوپای یۆنانی لە ٤٠١ پ.ز، چل عەسر...)**

**<u>کات</u>(کاتی نووسینی دەق (ئێستا)، کاتی ناودەق (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو) سەردەمی پێشوو)**

**<u>شوێن</u>(لایە، بەش ، زەوی....)**

**<u>وێنە دراماییەکان</u>( کڕینی وەتەن بەخوێن، شەڕی قەیسەر، هەڵمەتی ڕۆما...)**

٢- **ڕووداوی خەیاڵی:** ئەوەی لەپێکهاتەی دەقێکی ئەدەبیدا ڕۆڵدەگێڕێ بریتییە لە واقیع و دەوروبەر و جیهانبینی نووسەری دەق و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری ...هتد، خەیاڵ وەزیفەی ڕازاندنەوەی دەق و بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بەدەقی لە ئەستۆیە، هیچ دەقێکی ئەدەبی نییە خاڵی بێت لە خەیاڵ، چونکە واقیع سنووردارە بەوەی کە هەیە، بەڵام خەیاڵ دەرگایەکی هێندە گەورەی لەسەرە، دەتباتە هەر شوێنێک کە دەیەوێت، خەیاڵ جیهانێک پێکدەهێنێت کە مرۆڤ دەباتە قۆناغێکی تر لە بیرکردنەوە، مرۆڤ خاوەنی هەست و سۆزە، هەست و سۆز سنووری عەقڵ دەبەزێنێت و مەیلێکی زۆر بە مرۆڤ دەدات تا بەرهەمێک وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت وێنایی بکات و بیڕازێنێتەوە،

پیرەمێردی شاعیر لە دەقی شیعری (شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا)، لەساڵی (١٩٢٥) لە پاش گەڕانەوەی لە تورکیا، لە قەراغ ڕووباری دیجلە دانیشـــتووەو بەراوردی دواکەوتووی کوردســـتانی کردووە لە چاو وڵاتانی تردا، وەک خۆی دەڵێ: (خەیاڵی کوردم ئەکرد)، ئاواتی دوارۆژێکی زۆر ســـەیری بۆ کوردســـتان دەکرد و بە خەیاڵ وڵاتێکی ئاوەدان و پێشـکەوتووی هێناوەتە بەرچاوی خۆی و وێنای هەندێ داهێنانی بۆ کورد کێشـاوە وەک دەڵێ: «بە باڵی شـیعر و خەیاڵ کەوتمە پەلە و فڕین» بەشـێک لەو خەیاڵانەی لەو ســەردەمە کردوویەتی ئێســتا بوونەتە واقیع، وەک لەم بەشـــەی دەقەدا هاتووە.

پیرەمێرد ســـەرەتـای دەقەکەی <u>بە ڕەگەزی</u> (کـات) دەســـتپێـدەکـات و لەوێوە ڕایدەگەیەنێت کە کەوتۆتە خەیاڵی داهاتووی کورد وەک دەڵێت:

**شەوێ لە گوێ شەتی بەغدا، خەیاڵی کوردم ئەکرد**
**گەلێ لە گەل بەجێ مابووم، دەستوبردم ئەکرد**
**بە باڵی شیعر و خەیاڵ کەوتمە پەلە و تەک و تاز**
**لە ئاسمانی سەرەفرازی، بە جارێک کەوتمە پەرواز** (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ٨٨)

لەگەڵ ئەوەی پیرەمێرد کۆمەڵێک ڕەگەزی بەکارهێناوە لەوانە(شـــوێن، کات، وێنەی درامی، کارەکتەری گێڕەرەوە کە خودی شـــاعیرە) دواتر دێتە ســـەر ئەو خەیاڵانەی کردویەتی، ئەڵبەتە شـاعیر لە ژیانی ئاوارەیدا لە وڵاتی تورک ئاشـنابووە بەهەموو ئەو کەرەستەو بابەتانەی خۆزگەی بۆ کورد پێدەخوازێت:

**ئەلکتریک لە بەرانانەوە هەتا گۆیژە**
**تەلی بە سەر شارا ڕاکێشرابوو بەبێ پەیژە**

**لە ڕاستی تەختی سلێمانی، چوار پێنج ئەوەندەی مانگ**
**گڵۆپی نوور دەروژوور ڕووناک ئەکاتەوە تا بانگ** (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ٨٨)

دواتر دەڵێت:

**تونێل بە ناو گۆیژە و تاریدەرا وەکوو تورووس**
**خەتی شەمەندەفەری پێ گەییە ناو خاکی ڕووس** (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ٨٨)

لە دونیا بەرفراوانەکەی ئـــــەدەبدا خودی ئەدەب وێناکردنێکی خەیاڵییە بۆ ژیان و ڕووداوەکانی، بەدەربڕینی هەست و ســـۆز، لە بۆتەیەکی زمانەوانییدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ســـنووری خەیاڵ لە ئەدەبدا، بەرفراوان و کاریگەرە و ڕەنگە ببێتە واقیع. وەک لەم چەندێڕە شیعرییەی پیرەمێرددا هەستی پێدەکەین:

**لە گۆیژەوە سەرکەوە بۆ ئەزمڕ هەتا قەیوان**
**بەڕیزە ئوتێل و ئەیوانی گەیوەتە کەیوان**

**ئەمانە من بە خەیاڵ، یا بە خەو کەوا ئەمدی**
**هیوام بەخوایە بۆ کورد بەڕاستی بێنێتە دی...** (دیوانی پیرەمێرد، ١٩٧٠، ٨٨)

دیلانی شاعیر بە سۆزو گوزارشتێکی ئەدەبی و ئەندێشەیەکی قوڵ، بە زمانێکی سادەو ڕەوان، کۆمەڵێک وێنەی سازاندووە، گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ مانگ دەکات

و هۆکاری لێڵی تریفەی شەو، سیس و ژاکاوی چاوی کەژاڵی مانگ و زەردی ڕوخساری لێدەپرسێ، کە لەڕاستیدا و لە دونیایی واقیعدا مانگ هیچ یەکێک لەو حاڵەت و بارودۆخانەی تێدا بەدیناکرێت، تەنها دیلان بەخەیاڵی خۆی دەیەوێ هەموو ئەو وێنە درامییە ژاکاوانەی مانگ ببەستێتەوە بە مەرگی (بێخۆدی شاعیر)ەوە، ئەم دەقەی بەوبۆنەیەوە ساڵی (١٩٥٦) نووسیوە، لەگەڵ مانگ کەوتۆتە گفتوگۆو پرسیاری ماتەمی و هەڵبڕزکاوی لێدەکات، کە ڕەنگە ئەویش بۆ کۆچی بێخود توشی هەمان دڵتەنگیو غەمباری شاعیربووبێت کە دەڵێت:

**خۆ منیش وەک تۆ گێژی ماتەمم؛ ڕەشە ئاسمانم**

**وەکوو تۆ وێڵی دەشتەکەی خەمم؛ خوڕە گریانم**

**نەک من و نەک تۆ بارەگا و تەختی؛ شیعر و سەلیقە**

**ڕەش پۆش و زیزە وا شکا بەختی؛ کەوت لە تریقە**

**فریشتە تک تک دڵۆپی چاوی؛ وەکوو مرواری**

**ئەبارێتە سەر جۆگەی زووخاوی؛ بۆ کوردەواری**

**ئەزانێ (مەلی) نوکتەر و گوفتوگۆ؛ کۆچی کردووە**

**دەزگا و تەرازووی (ئەدەب) ئەڵێ ڕۆ؛ بێخود مردووە...** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ١٨٧)

**هەندێک لەو تەکنیکانەی لەم دەقەدا هاتوون، پایەیەکی هونەری جوانیان بە دەقەکە داوە، دەقەکە جۆرێکە لە شـیوەنگێران و دەچێتە چوارچێوەی شـیعری بۆنەوە، ڕووداوی سـەرەکی بریتییە لە مەرگی بێخود، کۆمەڵێک سیفەتی بەخشیوەتە(مانگ)دیالۆگی لەگەل دەکات، کە هیچیان تایبەتمەندی مانگ نین، هەمووی تایبەتمەندی مرۆڤ و ڕووەکن لەوانە( لێڵە تریفەی شـەو؛ هەڵبزڕکان؟! چاوی کەژاڵت، چوونە خەو؛ سـیس و ژاکاوە... )تا دێتە سـەر ئەو بەشـەی دەقە شـیعرییەکە، بە مانگ دەڵیت: خۆمنیش وەک تۆ گێژی ماتەمم، لەڕاسـتیدا مانگ تووشـی ماتەم نابێت، بەڵکو ئەو حاڵەتە درامییە واتە ماتەم و شـینگێران تایبەتمەندی مرۆڤە، دواتر هەموو ئەو خەیاڵەی دەقەکەی لەسـەر بونیات ناوە دەبەسـتێتەوە بە کۆچی دوایی بێخودەوە، تا ئەو ڕادەیەیی (دەزگاو ترازووی ئەدەب) شین بۆ ئەو کۆچە دەگێڕێت. ئەم شینگێڕانەی ئەدەب ئەو هەست و سۆزەیە کە لە ڕێگەی وشەوە دەخرێتەڕوو.**

## دووەم: ڕووداو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە.

### ١- ڕووداوی سروشتی

ڕووداوی سروشتی زۆرجار لە دەرەوەی توانای دەسەڵاتەکانی مرۆڤن و پەیوەندیی فراوانیان بە بارودۆخی ژینگەیی، گۆڕانی سروشت و ئاو هەواو وەرزەکانی ساڵ و گەرماو سەرمایی چینەکانی زەوی (لافاو، بورکان، ئاگرکەوتنەوە، بارانی لێزەمەو سەهۆڵبەندان و سەرماو سۆڵە زۆری کارەساتاوی...)هەیە. شاعیر وەک هەرمرۆڤێکی تر لەگەڵ سروشت پەیوەندییەکی بەتینی هەیە، بەڵام هەستناسکی شاعیر و هەڵچوونەکانی ئەم پەیوەندییە بەهێزو بە پێزتر دەکات.

(لافاو)ی ساڵی (١٩٥٧) ی شاری سلێمانی، یەکێکە لە کارەساتە سروشتییەکان، کە شاعیران شیعریان بۆ نووسیوە، کامەران موکری(١٩٢٩ – ١٩٨٦)بەهۆی ئەو ڕووداوەوە، قەسیدەیەکی درێژی نووسیوە و چەندین دیمەنی درامی و وێنەی ڕووداوەکەی باسکردووەو لایەنی تراژیدیایی کارەساتەکەی بە وردی خستۆتە ڕوو«کە بەپێی ڕشتەی مرواری عەلائەددین سەجادی زیانەکانی لافاوەکە، ئەوانەی کە خنکان‌و بوون بەژێر دارو پەردووی خانووی ڕووخاوەوە (٣٥) کەس بوون، ئەمانە زۆرتری منداڵی ساوا و پاشان ژن بوون، ئەو خانووانەی کە لافاو ڕووخاندی (٤٧) خانوو بوو. هەروەها زەرەرێکی مادی زۆر بە خەڵکی شارەکە گەیشت»(سەجادی، ٢٠١٠، ٣١٥).

**لافاو**

**ئەی فرمێسکی لێڵ بلەرزە**
**لە عەزرەت باران و تەرزە**
**دیسان هەستی هۆنراوەی دڵ**
**وەکوو مەنجەڵ هاتۆتە کوڵ**
**ئەمجارە دڵۆپی ئەسرین**
**ئەکەوێتە هەڵبەست چنین**
**ئێوارە بوو پرشنگی خۆر**
**دوور کەوتەوە لە شار بە زۆر**

**هەوری پاییزیی ڕەش و زەرد**

**چین چین ئەنیشتە سەر ڕووی هەرد...** (کامەران موکری، ٢٠١١، ١٠٩)

کامەران لەم دەقە شـــیعرییەدا وەســـفێکی فۆتۆگرافییانە و هونەرییانەی زۆر ورد دەکات و دیمەنی ململانێی سـروشـت و خەڵکی بێ ماڵ و حاڵ بە وشـەی سـادەو ڕەوان دەخاتەڕوو، دیمەنە تراژیدییەکان هەنگاو بە هەنگاو نیشاندەدات.

**<u>ئاسمان بەرگێکی پۆشی ڕەش</u>**

**<u>مەرگ ناوشاری گرتە باوەش</u>**

**<u>خوێناوی شاخی مات، تەزیو</u>**

**<u>خانووی ڕائەدا بۆ ناو شیو</u>**

**<u>بێشکەی منالی ئێسک سووک</u>**

**بوو بوو بە گۆڕێکی پچووک** (کامەران موکری، ٢٠١١، ١٠٩)

کۆمەڵێك وێنەی درامی و تراژیدی لە ئەنجامی بەریەککەوتنی سروشت و مرۆڤ لەڕێگەی خواستنی چەند تایبەتمەندی مرۆڤەوە وەك(پۆشینی بەرگی ڕەش، گرتنە باوەش، مات...) بۆ هەریەکە لە ئاسمان و مەرگ و شاخ)سەریهەڵداوە. سەرباری بەهێزی لایەنی ڕەوانبێژی، وێنەکان هەست و سۆزی مرۆڤ دەوروژێنن

کۆتایی شیعرەکە بە هەڵوێستەیەکی درامی بەهێز دێنێت.

**نیوەشەو بوو دەنگێ هەڵسا**

**بانگی بە ناو شارا ئەدا**

**ئەیوت ئەوەی ماڵ وێرانە**

**ڕوو بکاتە خەستەخانە!**

(کامەران موکری، ٢٠١١، ١١٥).

ڕووودای لافاوێکی کاولکەری تراژیدی، ڕووداوی سەرەکی دەقەکەیە، لە ئەنجامدا ٣٥ کەس مردوون و کۆمەڵێک خانووی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی ڕووخاوە

کات(ئێوارە، نیوەشەو، پایز)ە،

شوێن (ماڵ، شار، شاخ، خەستەخانە....).

ململانێی نێوان سروشت و مرۆڤ، وێنە دراميیەکان(بێشکە بووبوویە گۆڕ بۆ منالی ساوا، داڕوخانی خاووو ماڵوێرانی....

## ٢- ڕووداوی مێژوویی و سیاسی

هەموو ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە، کە ڕەهەنـدێکی ســـیاســـییـان هەیەو دەچنە چوارچێوەی مێژووەوە.

ئەوڕەحمان بەگی بابان (١٨٨٠- ١٩٦٧) یەکێکە لەو شـــاعیرانەی هاوســـۆزبووە بۆ بابەتە نیشـــتمانی و نەتەوەییەکان، ڕووداوە ســـیاســـی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان

ڕەنگدانەوەی تەواویان لە شیعرەکانیدا هەیە «سەردەمی ژیانی ئەو لە ڕووی سیاسییەوە گەرمبوو، ڕووداو زۆربوو» (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١٠٧)، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوابووە، کوردپەروەرێکی دڵسۆزبووە، ئەو ڕووداوانەی دووچاری کورد هاتوون کاریگەربووە پێیانەوەو هەمیشە سەرنجی تایبەتی هەبووە لەبارەیانەوەو بۆ هەندێکیان شیعری نووسیوە «لە ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٨ دا، مێجەر نوئیل بە سەرۆکایەتی چل سوار عەسکەری هیندۆکەوە هاتە سلێمانی، شێخ مەحموود نامەی تایبەتی بۆ نووسیبوو، کە بە هۆی عەبدوڵڵا ئاغای حاجی سەعید و فایەق توفیقەوە بۆی ناردبوون، هاتن » (خەزنەدار، ٢٠١٠، ١١٧). ئەم هۆنراوەیەی لەو ڕۆژەدا نووسیوە.

باس لە دیلی و ژێردەستەیی کورد دەکات، کە لە ئەنجامی بارودۆخێکی سیاسی کورد دووچاری ئەو بارو حاڵەتە هاتووە:

**سەد درێغ دەوری ئەسیریی قەومی کورد نەبڕایەوە**

**تاکوو ئێستا ئەم گرێیە هەر بە کەس نەکرایەوە**

**میللەتی گەورە و بچووک گشتی بە سەربەستی ئەژی**

**میللەتی کورد هەر لەژێر بارا بە دیلی مایەوە**

**تاکوو ئێستا هەر دراوسێ بوون عەدوی خاکی وەتەن**

**سەیری نەگبەت کەن کە ئینگلیز، هاتە کۆڕ و کایەوە...** (ئەوڕەحمان بەگی بابان،٢٠١٧، ٥٦)

بەردەوام دەبێت لە باسی خراپی و دووڕوویی ئینگلیز، تا دەگاتە خستنەڕووی وێنەی تراژیدی، کە تووشی میللەتی کورد هاتووە بەهۆی دوژمنەکانییەوە، لەم دەقەدا ئینگلیزی بە پیلانگێڕە سەرەکییەکە دادەنێت، کە هەمیشە لەبەردەم دۆزی کورددا پاشقوڵ لێدەربووە.

**مادە چواردەی مەنهەجی ویلسۆنی پێش خۆی خست و هات**

**ماددەکە بۆ قەومی کورد دیلی ئەبەد خوێنرایەوە**

**هەرچی قەومێ کەوتە ڕێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوێ**

**سیاسەتی ئینگلیزبە دوو پاشقول لە ڕێ گیرایەوە**

**بابە! ئینگلیز هاتە ناو، ئوممێدی سەربەستی نەما**

**ڕەحمی یەزدانی نەبێ ئەمرین هەموو بەم غایەوە** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ٢٠١٧، ٥٧)

**(دیارە بابەتەکە لە دابەشکاری خاکی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەهۆیەوە میللەتی کوردی دووچاری ئەسیری و ژێردەستەیی بووە).**

**ئەو ڕەگەزانەی لەم دەقەدا هەن**

**<u>کارەکتەر</u>(کورد، ئینگلیز، مێجەر نوئیل، قەومی گەورەو بچوک....)**

**<u>کات</u>(زەمەنی ئێستای نووسینی دەق، زەمەنی هاتنی ئینگلیز...)**

لەبارەی ڕووداوی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی کە ڕەهەندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە ئەحۆلی شـــاعیر (١٩١١ - ١٩٨٨) شـــیعرێکی بە ناونیشـــانی (ئەیلولی خوێناوی) نووســـیوە، کە هەر لە ناونیشـــانەکەیەوە بیری خوێنەر بۆ مەرگەســـات و ڕووداوی ترســـناک دەبات، لەم دەقەدا ڕەگەزی ڕووداو، کە ڕووداوێکی واقیعییە، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پێکهاتەی دەقەکە و گێڕانەوەی کارەساتەکەدا، ململانێی نێوان خەڵک و دەسەڵات چەندین وێنەی درامایی کارەساتباریان بەرهەم هێناوە.

جگە لە ئەحۆل چەندین شـــاعیر شـــیعریان بۆ ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشـــاندانە نووســـیوە، ڕووداوەکان و کارەســـاتەکە بریتی بووە لە (ڕاپەڕینی بەردەرکی ســـەرای ســـلێمانییە کە لە (ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ســـاڵی ١٩٣٠) ڕوویداوە، لەو دەمەدا جەماوەری سلێمانی دژی داگیرکەران و بۆ بەگژداچوونەوەی ڕژێمی ئەو سەردەمە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینیان کرد، ئەویش لەپێناو پووچەڵکردنەوەی ئەو پەیماننامەیەی لەنێوان حکوومەتی عێراق و ئینگلیز بەســـترابوو. ئەو ڕووداوە کوژران و برینداربوون و دەســـتگیرکردنی خەڵکی لێکەوتەوە. ئەو ڕۆژە بە ئەیلولی خوێناوی یا (ڕۆژی ڕەشـــی ئەیلول) یا (ڕۆژی ٦ی ئەیلول) و (شەڕی بەردەرکی سەرا) لە مێژووی سلێمانی و کوردستاندا تۆمارکراوە.

**ئەیلولی خوێناوی**

**بە جارێماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە**

**بەسەر هیچ کەس نەیەت خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە** (دیوانی ئەحۆل، ٢٠١٩، ١٠٥)

هەر لەگەڵ خوێندنەوەی دێڕی یەکەمی دەقەکە، هەســـت بە بوونی نائومێدی و ڕووداوێکی گەورەی تراژیدی دەکرێت، کە خوێنەر کەمەندکێشی ناو دیمەنەکان دەکات. ئەیلوولی خوێناوی، دەلالەتێکی قوڵی درامی هەیە، واتە <u>ڕووداوێکی گەورەی تراژیدی لە خۆ دەگرێت،</u> (ماڵ وێرانی و خرۆشـــانی ســـلێمانی) دوو وێنەی درامین، ســـەرنجمان بۆ

بوونی ململانێیەکی قوڵ ڕادەکێشـێت، هەسـتی دەروون تووشـی جۆرێک لە هەڵچوون دەکات، کە چاوەڕوانی کارەساتێکی گەورەبین.

**واتە سەرەتای دەقەکە بە خستنەڕووی ململانێیەک دەستی پێکردووە لە ئەنجامی __ڕووداوێکی سیاسی__(بەریەک کەوتنی خەڵکی راپەڕیو و دەسەڵاتی داگیرکەر(عیراق و ئینگلیز)، لە شەشی ئەیلول)و __شـوێنی ڕووداوەکە__(بەردەرکی سـەرای شـاری سـلێمانی)، دواتر دێتە سـەر دیاریکردنی __کاتی ڕووداوەکە__(بەیانی، شەشی ئەیلول).**

**بەیانی بوو شەشی ئەیلوول لەناکاو گوللەی وەک باران**

**ئەباری بۆ قڕی میللەت، ئەوەی پیرە و ئەوەی لاوە**

**بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵاڕێزان**

**لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە**

**لەبەر دەرکی سەرا دیارە لە هەر لایەک تەماشا کەی**

**سەراسەر پڕ لە لاشەی مردووە شێلراوە کوژراوە** (دیوانی ئەخۆل، ٢٠١٩، ١٠٥)

**__دیمەنە تراژیدییەکان__(بارینی گوللە بۆ قڕی میللەت، گەڵاڕێزانی لاشـە، لاشـەی مردوو، شـێلان و کوژران....)**

ڕووداوەکان ڕەهەندێکی سیاسـی و مێژوییان هەیە، شـاعیران نەیان توانیووە بێدەنگ بن، هەریەکە لای خۆیەوە بەجۆرێک گوزارشتی لەم ڕووداوە کردووە.
شـێخ نووری شـاعیرێکی تر، ئەو ڕووداو و دیمەنە خوێناوییە، دەیبەسـتێتەوە بە ڕووداوێکی مێژوویی (ماهی موحەڕڕەم، شینی حوسەین) کە مانگی ماتەمگێڕانی شیعە بۆ مەرگی حوسـەین." گەورەیی ڕووداوەکە بەراورد دەکات لەگەڵ مانگی موحەڕەم و شینی حوسەین.

**ماهی موحەڕڕەمە ئەمە، شینی حوسەینە یا**

**ئەیلوولە ڕۆژی شیوەنە، ماهی فەلاکەتە؟** (دیوانی شیخ نووری،١٩٨٩، ٣٨٦)

گێڕانەوەی ڕووداو لای مێژوونووسـێک، جیاوازە لەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، جیاوازییەکە لەو ڕاسـتییەدایە کە مۆرکی گشـتییەتی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەدات، هەر بەمەدا دەتوانین دەقێکی شـیعری لە نووسـینێکی مێژووی جیابکەینەوە، کە شـیعر مامەڵە لەگەڵ ڕاسـتەقینەیەکی گشـتیدا دەکات، مێژوو تایبەتمەندییەکانی

دەنووســـێتەوە، ئەگەر ســـەیرێکی هەریەکە لەو دوو دەقە شـــیعرییەی ئەخۆل و شـــێخ نووری بکەین، بۆ کارەساتی شەشی ئەیلولیان نووسیوە، تێدەگەین کە شاعیران لەسەر دیمەنە گشـــتییەکانی ڕووداوەکەیان نووســـیوە، چوارچێوەی گشـــتی دەقەکەیان، گواستنەوەی دیمەنی تراژیدی کارەساتەکەیە، نەک مامەڵە کردن لەگەڵ داتای تایبەتی و ژمارەی کوژراوان و.... هتد. بۆ نموونە ئەخۆل گوزارشـــت لە زۆری کوژراوان بە گەڵاڕێزانی پایز دەکات، کە بۆ مێژوونووسێک ئەمە ڕێگە پێدراونییە.

**بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکوو زوربەی گەڵاڕێزان**

**لە ڕێدا عەینی ئەتوت بەردەبازی جۆگەلەی ئاوە...** (دیوانی ئەخۆل، ٢٠١٩، ١٠٥)

دوژمنانی کورد زۆرترین کارەســـاتیان دووچاری میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردســـتان کردووە، یەکێک لەو ڕووداوە مێژووییانە بریتی بووە لەوە حکوومەتی ئێران بە بەهانەی چەک لێســـەندنەوە لە (١ی کانوونی ســـاڵی ١٩٥٠)دا بە هێزی هـــەوایی و زەمینییەوە پەلامـــاری عەشـــیرەتی جوانڕۆی داوە. بەو هۆیەوە ئەوڕەحمان بەگی بابان ئەم شـــیعرەی بۆ ئەو ڕووداوە مێژوییە وتووە(ســـەرچاوە دیوانی شاعیر،١٠٤).

**گەلێ <u>دوژمن</u> لە گشت لاوە، خەریکی کوشتنی تۆیە**

**لە هەر گۆشەی، <u>وەتەن</u>، گوێ بگرە دەنگی شین و ڕۆڕۆیە**

**ئەسیری و کوشتنی کوردان دەمێکە تەوقی ئەستۆیە**

**لە پاش کوشتاری <u>موکری</u> ئێستە کە نۆرەی <u>جوانڕۆیە</u>..** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ١٠٤)

پرســـیارێک دەوروژێنی کە بۆچی خوێنی میللەتی کورد لای هەموو میللەتانی تر حەڵاڵە، ئەوە بە ستەمێکی هێندە گەورە دەزانێت، ئەڵێ: بۆچی لەسەر ئەوەی بەم کوردە ئەکرێ قیامەت هەڵناسێ؟

**لە بەر چی؟ خوێنی ئەم <u>قەومە</u> موباحە لای هەموو قەومێ**

**لەسەر ئەم قەومە مەزڵوومە قیامەت بۆ چی ناقەومێ**

**لە قانوونی ژیان، هەر قەومی <u>کورد</u> مەئیوس و مەحرورمە**

**جەزای دارە، ئەوی ژینی بوێ، لەم قەومە مەزڵوومە**

**بەری ئەم دارە ئەستۆ و گەردنی <u>لاوانی</u> مەحکوومە**

**لە دونیادا ژیان بۆ قەومی کورد نایاب و مەعدوومە....** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ١٠٤)

کارەکتەرەکان(گەلی دوژمن، کورد، قەوم، لاوان....)

لێرەدا شاعیر چەند شوێنێک دەخاتەڕوو تا شوێنی ڕووداوەکەمان بۆ باس بکات(وەتەن، موکری، جوانڕۆ)

جەنگی جیهانی یەکەم، چەرمەسەری زۆری توشی خەڵکی کردو لە کۆنگرەی ڤیەننا، کە بۆ ئاشتی بەسترابوو، باسی نەهامەتی و قات و قڕی جەنگەکەی تێداکرا، دیلانی شاعیر دەقێکی شیعری بەناونیشانی(شەڕ و ئاشتی) لە ساڵی (١٩٥٤)نووسی، لەسەر زمانی مامەپیرە "مامە پیرە لە ئەدەبدا نیشانەی مێژووی دێرینی ئەو باسەیە کە لێی ئەدوێ، لێرەدا چیرۆک لەسەر زمانی پیرێکی دنیا دیدە ئەگێڕێتەوە، کە خودی خۆی شایەت حاڵە و جەنگی جیهانی یەکەمی بینیوە" چیرۆک و بەسەرهاتەکانی ئەو جەنگ و کوشتارە وەک شایەتحاڵی ڕووداوەکان بۆ نەوەکانی دەگێڕێتەوە، بەمجۆرە:

**<u>مامە پیرەی</u> ڕیش پان دەستی کرد بە باسی جاران**

**گێڕایەوە دایکی غەمبار**

**دایکی بێکەس و هەتیوبار**

**کەوتە پارێزگاری منداڵ**

**نە وەک بێتە خۆراکی چاڵ**

**ڕۆژ هەر هەڵپەی ئەم و ئەو بوو**

**بۆ خۆراکی ڕۆژ و شەو بوو**

**گرانیش پێی لێ هەڵبڕی** ← **وێنە دراماییەکان**

**پەردەی لێکدانەوەی دڕی**

**منداڵ زاق و زووق لە برسا**

**دایکی بێکەسیش لە ترسا**

**ئەیوت: ڕۆڵە درشت و ورد**

**دێتەوە باوکتان دەس و برد**

**بۆتان دێنێ خواردنی خۆش**

**بە یەکەوە تێر ئەیکەین نۆش** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ١٢٩)

شـــــاعیرانی کورد جیا لەو ڕووداوانەی دووچاری خەڵکی خۆیان دەبوو، لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە فرمێسـکیان بۆ ئازاری گەلانی تر ڕشـتووە، هاوسـۆزیان بۆ خەمەکانیان نیشانداوە، لەم بارەیەوە.

دیلان، بە زمانێکی پاراو و گوزارشتی پڕ سۆزو هەستێکی مرۆڤدۆستانە، شیعرێکی بۆ جەزائیر نووســـیوە، دەقەکە پڕە لە وێنەی دراماییی ناخ هەژێن و لە کۆتایی چامەکەدا بارو ژیانی جەزائیر دەچوێنێت بەو حاڵەی کوردی تێدایە.

**جەزائر**

**با ڕەهێڵەی دەسرێژی تیژ ١**

**گوللەباران ٢**

**بیوەرێنێ**

**گەلای تەمەنی لاو و کیژ ٣**

**دوای بۆردومان**

**کە سووتا درەخت و گیا ٤**

**دەشت و چیا!**

**کە بوو بە کۆمەڵێ ئاگر ٥**

**یا بوو بە کۆمەڵێ پشکۆ ٦** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٢٢٦)

هەر یەکە لەو نیوە دێڕە شیعریانەی بە ژمارە ئاماژەمان پێداون گوزارشـــتێکی تراژیدی دەخەنە ڕوو، وێنەکان گەورەیی ڕووداوەکە نیشـــان دەدەن، (کوشـــتن و مردنی لاو کیژ، سوتانی دارو درەخت و گژو گیا.....) شـــاعیر لە کۆتایی دەقەکەدا لێکچوانـدنێـک لە نێوان کـارەســـــاتی جەزائیرو کوردستاندا دەکات، کە هەمان چارەنووسیان هەیە.

لە کۆتای دەقەکەدا، مرۆڤانە هاوســـۆزی ئازارەکانەو دڵدانەوەیەک بۆ جەزائیر دەکات و ڕووداوەکانی جەزائیر دەچووێنێت بەو کارەســـــات و تراژیدیایانەی بەســــەر کورددا هاتووە بە ناوهێنانی کۆمەڵێک شوێن (شارو گوندی کوردستان) چارەنووسی(سەلماس، وان، بۆتان.......) بەراوردی دەکات بە چارەنووسی ناوچەکانی جەزائیر

**ئەی گەلی جەزائری جیڕ**

**منیش وەک تۆ**

**لە (سەلماس) و (چهریە) و (خۆ)**

**یا خۆ لە (وان)**

**لە (باشقڵە) و دەشتی (بۆتان)**

**لە (ئاگری داغ) یا لە (دەرسیم)**

**دوژمن، تێر خوێناوی مژیم** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٢٢٦)

(ئاواتی ئۆمەر یان مردنی ئاوات) ناونیشـانی شـیعرێکی درامی عبدالرزاق بیمارە (تێکسـتێکی شـیعرییەو بۆ نمایشـی شـانۆیی نووسـراوە) و باس لە ژیان و بەسـەرهاتی گوندنشینێکی کورد دەکات، دەقەکە ڕەهەندێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی هەیە،

شوێنی ڕووداوەکان گوندێکی جوان و دڵگیری کوردستان، چیرۆکی ژیانی نێوان (هۆمەرو ئەسمەر) ە،

<u>ڕەگـەزی کـات تێیـدا</u>: زەمەنی نووسـینی دەقەکە(١٩٦١) و زەمەنی سـاڵی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم(١٩١٤)

ڕووداوەکان تراژیدین، پڕ چەرمەسەرین. برسیەتی و ڕاوەدونان و گرتن و قاتی و گرانی وێنەیەکی ئەو ڕووداوانەن، کە زۆر لە نـاوچەکـانی گرتۆتەوە. سـەرەتـای دیمەنەکان بە ڕووداوەکانی ژیانی منالّی ئۆمەر دەستپێدەکات:

**ئۆمەر: ئای لە شادی!**

**هەر دوێنێ بوو، منالێک بووم**

**لە ئاوایی**

**لە دەشت و سەر ئەم گردانە، لە قەد چیا**

**هەڵ ئەبەزیم، بازم ئەدا،**

**چەند کەروێشکم ڕائەپەڕان**

**بەسەر دار مازوو دار قەزوان**

**هەڵئەگەڕام، بێچووە مەلم دەر ئەهێنا**

**لە هێلانە.....** (محمد، ١٩٦١، ٩)

ئەم چیرۆکە بەشـــێوەی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی نێو دەقەکە (هۆمەر، ئەســـمەر، دایک، ژن، منداڵ...) و چنینێکی وردی پڕ ململانێ داڕێژراوە تا گرێکان دەگەنە لوتکەو لەنێوان مان و مردنی هۆمەردا ڕووداوەکان گەشـەدەکەن و دەگەنە لوتکەو وێنە دراماییەکان کۆتاییان دێت.

## ٣- ڕووداوی کۆمەڵایەتی

لەناو کورددا، ئەوەی ڕەنگدانەوەی هەیە لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەرتاکێکدا و بۆتە بەشـێک لە کەلتوور، پەیوەندیی بەهێزی کۆمەڵایەتی و شـێوەی ژیان و بارو گوزەرانی خەڵکییە، لەگەڵ ئەوەشـدا ژیانی خەڵکی لە تەبایی و ئاشـتی یان شـەڕو هەرای نێوانیان لەســەر زەویوزارو کەوتنەوەی دووبەرەکی و ماڵوێرانی، خیانەت و ملشـکاندنی یەکتر... ئەمانە هەموو بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕووداوی کۆمەڵایەتین، بەشـــێک لەو ڕووداوانەی هەن بە خۆش و ناخۆشەوە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، شاعیران لە مەیدانی کاری خۆیاندا بە شیعر هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی میللەتەکەی خۆیان کردووە، بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان شیعریان هۆنیوەتەوەو ماتەمیان گێڕاوە، بۆ ڕووداوە خۆشەکانیش هەست و سۆزی پڕ خۆشیان دەربڕیوە.

(بەردەنووســـێک) یەکێکە لە دەقە بەرزەکانی گۆرانی شـــاعیرە کە باس لە نەریتێکی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەنجامە خراپەکانی هەمیشە بەسەر کچاندا دەشکێتەوە، کە ئەم بارە هەم لەڕووی ئینســـانی و ئاینیشـــەوە ســـنووری بۆ دانراوەو نابێت هەموو تاوانەکە لە ئەســتۆی مێینە بێت، بەڵام لە عورفی کۆمەڵگاکاندا ئەمە بە پێچەوانەی تێڕوانینی ئاینی و ئینسانییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

**لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێک هەڵکەنراوە**
**لە خاکی گڵکۆما ئەی گۆڕستان گەڕ**
**ئاخێک بنێژە؛**
**بە کێلی مەڕمەڕما فرمێسکێکی تەڕ**
**لە چاو بڕێژە!**

**له دنیای ڕووناکتا منیش گیانێ بووم**
**له لەشی جوانا؛**
**وێنەی پەپوولەیەک ئەهاتم، ئەچووم**
**بە ناو گوڵانا!** (دیوانی گۆران، ۱۳۹۳، ۱٦٥)

ڕووداوی نێو ئەم دەقە شیعرییەی گۆران بە شێوەیی زنجیری بەدوای یەکدا هاتووەو لەسەرەتای چیرۆکەکەوە بۆ کۆتاییەکی کارەساتبار، ململانێ و وێنە دراماتکییەکان دەخاتەڕوو:

**کۆشی گەرمی دایک جێگای نازم بوو،**
**گیان بووم لای باوک؛**
**ناوبانگی چاوڕەشی ڕشتەی ڕازم بوو،**
**بووبوو بە لاوک؛**

**بەڵام ئاخ کە ناڵەی لاوکی لاوان** ← ململانێ نێوان (پاکی و ناپاکی)
**زوو مەستی کردم،**
**بە ڕێی عەشقی پاکا نام مل و تاوان**
**بۆ لاڕێی بردم!**

**لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما،**
**بە سوێن و پەیمان،**
**وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نوست لە ناو جێما؛**
**ئابڕوومی تکان!...**

لە دیڕەکانی کۆتایی دەقەکەدا شاعیر وێنە تراژیدییەکانی ئەو کارەساتەمان بۆ دەکێشێت بەم جۆرە:

**بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین!** ← وێنە تراژیدی و دراماتییکەکان
**پرچی پەخشانم،**
**تلا لە خوێنەوە و کەوتە سەر چاوم،**
**ئیتر نەمبینی:**
**لە جەرگی باوکما سەری براوم**
**چۆن بوو برینی؟** (دیوانی گوران، ۱۳۹۳، ۱٦٥)

**ڕووداوی سـەرەکی بریتییە لە کۆتاییەکی تراژیدی، مەرگ و سـەربرینی کچێک بە دەسـتی باوکی(بە دەسـتی باوکی خۆم چووم بە سـەربڕین!)کارەکتەری سـەرەکی(گەورە کچێک) کارەکتەری لاوەکی(لاوێکی نامەرد، باوک، دایک، ...) چیرۆک و سـەرگوزشـتەی ناپاکی، ململانێی نێوان کلتوورو کۆمەڵگا، وێنە دراماییەکان( تلان لەناو خوێندا، ئابڕوو تکان، سەربڕین،...)**

**ڕەگەزی شوێن(خاک، گڵکۆ، گۆڕستان، کۆشی گەرمی دایک، کون...)**

**کات( هات و چوون) لە زەمەنی ڕابردوودا، لەگەڵ کاتی ئێستای ناوەوەی دەقەکە.**

**خود دواندن(مۆنۆلۆگ) تەکنیکی بەکارهاتووە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو دەقەکە.**

لەسـەرووبەری جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) تورکەکان فەرمانیان دەرکرد کە هەر پیاوێک لە سنووری دەوڵەتە پێویستە بەشداری ئەو جەنگە بکات، ئەم هەڵمەتە(سـەفەربەرلک) ڕەشبگیری زۆرەملی بوو وەک دێوێکی ترسناک کەوتە وێزەی میللەتانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی سلێمانی (سەفەربەر)یان پێوتووە(محەمەد. ١٩٦١، ٧).

شـەوانی سـلێمانی (ئەوانەی سـەفەربەریان لە یادە ئەو کارەسـاتەیان دیوە) ناونیشانی دەقێکی شیعری کامەران موکرییە، ئەم دەقە ڕەهەندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە، بەڵام لە گۆشـەیەکی کۆمەڵایەتییەوە باسـی ڕووداوێکی نامۆ بە کەلتوورو دابونەریتی کوردەواری دەکات، کە ئەنجامەکەی بە (مردنی کچێک) کۆتایی هاتووە، لەو هەڵمەتی (ڕەشـبگیری و زۆرە ملێی کردن بەسـەرباز)دا، جەندرمەیەک لە سـلێمانی، بەشـێوەیەکی نامرۆڤانە ناپاکی بەرامبەر کچە کوردێک دەکات، ناونیشـانی دەقەکە بە ڕەگەزی کات (شـەوانی سلێمانی) و سـەرەتای دەقەکە بە ڕەگەزی شـوێن(شـەقامەکان) دەسـت پێدەکات، دیارە وەرزی پایز بووە(گەڵای زەرد)ی وەک ئاماژەی (پایز)ی بەکارهێناوە، بەشێک لە دەقەکە:

**شەقامەکان و گەڵای زەرد**
**کووچە و هەزاران دڵی بەرد**

**لە کۆشی شەوێکا بوون مات**
**شادی ورتەی لێ نەئەهات**

**لە ژێر پۆستاڵا واڵای بووک** ← وێنە دراماییەکان
**میزراحی کوڕی ئێسک سووک**

**پێشێل بوون لەگەڵ چاوی جوان** ←
**خونچەی ڕوومەتی منداڵان** (کامەران موکری، ٢٠١١، ٢٧٢).

دواتر لە بەشێکی تری دەقەکەدا دێتە سەر باسی ڕووداوەکەو دەڵێت:

**دوژمنی ڕسوا و ترسنۆک**
**بۆ دیلی شەنگ هاتە سەر چۆک**
**دەمی گوشی شیری ئەتک**
**خۆی سوو لە ڕوومەتی ناسک**

**ململانێی زۆردارو بێ دەسەڵات و**
**کۆمەڵێک وێنەی درامی ناخ هەژێن**

**ژنە کوردی دیل بانگی کرد**
**«ئابڕووی دڕندەشتان برد»**
**ئێوە و گەورەکەشتان سووکن**
**پەروەردەی باوەشی ئەتکن**
**ئەمەی وت و خۆی ڕاتەکان**
**مێشکی خۆی بە بەردێک پژان**

**ململانێی توندی نێوان ڕەوشت و ئارەزووە خراپەکان**

(کامەران موکری، ٢٠١١، ٢٧٢)

ڕووداوەکانی ئەم دەقە بە سەرەکی و لاوەکییەوە، لە لایەک دەرخەری ژێردەستەیی میللەتی کورد و لەلایەکی تر دەرخەری جوامێری و ئازایەتی کوران و فیداکاری کچانی کوردن.

**دوای تاوێک کوڕانی گەڕەک**
**تێکیان شکان دوژمن و چەک**

(کامەران موکری، ٢٠١١، ٢٧٢)

**ڕەگەزە دراماییەکان لەم دەقەدا**

**<u>شوێن</u>(شەقام، کوچە، کۆشی شەو، لە ژێر پۆستاڵ، ئاسمان، گەڕەک..)**

**<u>ڕەگەزی کات</u> کاتی ڕووداوەکە ئابی ١٩١٤، کاتی نووسینی دەقەکە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم + (شەو، دوای تاوێک...)**

**<u>کارەکتەر</u>(بووک. کوڕ، مناڵان، دوژمن، ژنە کورد، ئێوە...)**

### ٤- ڕووداوی کەسی

وەک دەزانین هەموو ئەو ڕووداوانەی تایبەتن بە کەسایەتییەکان، یان بەکەسایەتی خودی شاعیر دەچنە چوارچێوەی ڕووداوە خودیی و کەسییەکانەوەو بەشێکیان ڕەهەندێکی دەروونیان هەیەو لە چوارچێوەی هەڵچوونە کەسییەکاندا

دەردەکەون، جا خۆشی بێت یان ناخۆشی، ئەوەی ئێمە تیشکدەخەینە سەری ئەوەیە کە ئەم بار و ڕووداوە کەسییانە لە گوزارشتێکی ئەدەبیدا سەرهەڵدەدەن و هەندێکجار ئەو گوزارشتە بە شیعر نیشاندەدرێت، وێنایەکی درامی لە خۆیاندا دەنوێنن، تاڵی و شیرینیەکانی ژیان دەخەنەڕوو، یان ئەو ڕووداوانەی لە بیرەوەری کەسەکەدا دەمێننەوەو شوێنەوارێک، یادگارییەک لە پاش خۆیان جێدەهێڵن، نموونەی ئەمجۆرە ڕووداوانە، بریتین (ڕووداوە تایبەتەکانی نێو خێزان و مردنی ئازیزان، شیوەنگێڕان، بابەتە تایبەتییەکانی تر وەک ڕووداو و یادگارییەکانی قۆناغی خوێندن و سەفەری تایبەت، یادەوەری .....

یەکێک لەو بابەتانەی شاعیران خۆیان لێداوە نووسینی شیعر بووە بۆ کۆچی کەسایەتی ناودارو هاوڕێ و هاوخەبات و ئازیزانیان. سەلامی شاعیر (١٨٩٢- ١٩٥٩) لەو شاعیرانەیە لەم بوارەدا چەندین دەقی شیعری نووسیوە، یەکێک لەو دەقە شیعرییە ماتەمنامەیەکە(دەچێتە خانەی شیعری بۆنەوە) بۆ مردنی کوڕە تاقانەکەی بەناوی نەوشیروانی نووسیوە لە ساڵی (١٩٣٩ز).

**جەرگ هەڵئەقرچێ دڵ پڕ لەناڵین جەرگم بڕاوە**

**چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەر لەسەر سەرین مێشکم پڕاوە**

**بۆ دوایی نەهات فرمێسکی چاوم هەتا بو بە خوێن**

**پەترۆکەی نەبەست جەرگی بڕاوم تۆ بێ سەروشوێن ...** (دیوانی سەلام، ١٩٩١، ٢١٩)

<u>ڕووداو</u>(مردنی منداڵێک)

<u>کات</u>(ساڵی ١٩٣٩)

<u>شوێنی ڕووداوەکە</u>(سلێمانی)

<u>گێڕەرەوەی ڕووداوەکە</u>(شاعیر)

<u>کارەکتەری سەرەکی</u>(کوڕی شاعیر)

وێنە درامییەکان(هەڵقرچانی جەرگ، مێشک پڕان، ...)

گۆرانی شاعیر دوو دەقی شیعری زۆر بەرزی هونەری پڕ لە ناسۆری بۆ مەرگی (هیوای کوڕی و گوڵاڵەی کچی) نووسیووە، هەردوو دەقەکە دوو ڕووداوی کەسی و کۆمەڵایەتی تایبەتن، دوو شیوەنی بەکوڵی شاعیرن، شاعیر هەستێکی زۆر

ناخۆشـیی هەیە، هەسـتەکەشـی بۆ هەردوو ڕووداوەکە نەشـاردۆتەوەو بە دوو دەقی مەزن ئەم ڕووداوانەی خستۆتەڕوو:

لەسەرەمەرگی هیوادا بەمجۆرە شین بۆ مەرگی دەگێڕێت،

**هیوا! ئەو لێوەی بە زەردەخەنە،**

**گزنگی ڕۆژی گوڵانی منە،**

**بۆ زەردەخەنەی ئێستا تێ نازێ؟**

**بۆ لە ژێر هەوری مەرگا ئەلەرزێ؟** ← **شوێنی خەیاڵی**

**هەی هاوار، هەی داد هیوای شیرینم**

**گیان ئەدەی، ئەمریی، ئیتر ناتبینم!**

**ئیتر... ئاخ ئیتر... ناتبینم هەرگیز،**

**لە خەوا نەبێ، شەو شەوی پاییز** ← **کات**

**جار جار وەک بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو**

**دێیت و ناشکێنی تاسە و ئارەزوو!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٩٧)

دیـارە ڕووداوی سـەرەکی بریتییە لە (مردنی هیوا) بە ئـازارەوە دوای نەخۆشییەکی زۆر کە شاعیر لە دەقی (بۆ هیوای کوڕم) ئەو ساتانەی ئازارو گریەو ناڵە هیوامان بۆ دەخاتەڕوو.

گێڕەرەوەی ڕووداو(شاعیر)

وێنەی درامی(لەژێر هەوری مەرگا لەرزین، گیان ئەدەی، ئەمریی...)

کات(ئێستا، شەو، پایز... )

گۆرانی شـاعیر بە هاوارو ناڵینەوە شـیوەنی گوڵاڵەی کچی دەکات لەو بۆنەیەدا دەڵێت:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**

**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**

**غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم!**

**دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم!**

**جگەرگۆشەی عەزیزم، نووری چاوم!**

**سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم**

**چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،**

**<u>چ زوو</u> مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟**
**<u>چ زوو</u> کەوتیتە بن گۆمی عەدەم؟ خۆ**
**بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم وتم ڕۆ!**
**دەمێ پشکووتی تێر بۆنم نەکردی،**
**<u>گوڵاڵە</u>ی خۆشەویست دەرلەحزە مردی!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٩٩)

**<u>رووداوی سەرەکی</u> بریتییە لە (مردنی گوڵاڵە) لە تەمەنێکی کەمدا وەك شاعیر گوزارشتی لێدەکات و دەڵێت(چ زوو مردی)**

**<u>گێرەرەوەی رووداو</u>(شاعیر)**

**<u>وێنەی درامی</u>(کەوتنە بن گۆم، دەمێ دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم ، پشکووتی تێر بۆنم نەکردی...)**

**<u>کات</u>(زوو، دەرلەحزە... )**

## دووەم: کارەکتەر

کارەکتەر: ڕەگەزێکی گرنگ و بنچینەیی درامایەو کەسێک یان تاکێکە لە دراما‌دا، کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کەسایەتییەک، یان ڕۆڵێکی ئەو کەسایەتییە بەرجەستە دەکات. ڕووداوەکان بریتین لە ململانێی نێوان (مرۆڤ و خود- مرۆڤ و مرۆڤ_ مرۆڤ و کۆمەڵگا و دەوروبەر، مرۆڤ و سروشت...) کە ئەمانە هەموو ڕۆڵی کارەکتەر دەگێڕن، کەواتە کەسێک یان تاکێکە لە نواندن و ڕۆڵگێڕاندا، تایبەتمەندی کەسی یان مێژوویی دەخاتەڕوو «ڕووداوەکان باسی ژیانی ئەو دەکەن و هەڵوێستەکانی پیشان دەدەن و بیروباوەری ئەو دەردەبڕن وباسی چارەنووسی دەکەن»(ئەلوەنی، ٢٠١٤، ٣٢٥).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەکرێت کارەکتەر لە چەند ڕوویەکەوە پۆلێن بکرێت، کە زیاتر لە دەقی گێڕانەوە بەندیدا هەست بە بوونیان بکەین، بەتایبەت لەو کاتانەی مەودای دەقەکە لەڕووی زەمەن و کاتەوە فراوانبێت لەوانە(کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، کارەکتەری واقیعی و خەیاڵی یان کارەکتەری چەسپاو و گۆڕاو) لەڕاستیدا لە بواری پراکتیکیدا بۆ نموونەی شیعری پێویستمان بە چوونە نێو ئەم باسە بەو فراوانییە نییە ئەوەندەی مەبەستمانە چەند نموونەیەک لەسەر کارەکتەر بخەینەڕوو:

شیعر هەڵوێستی شاعیر یان کەسێکە کە شاعیر نوێنەرایەتی دەکات و ڕووداوەکانی دەخاتەڕوو، ئەم نوێنەرایەتییە پەنابردنە بۆ دروستکردنی کەسیەتییەکی واقیعی، خەیاڵی، کۆمەڵایەتی، ئەفسانەیی یا مێژوویی، بەشێوەیەک کە هەڵگری ناسنامەو سیفاتی

کەســـــــایەتییەکی واقیعی بێــت«ئەویش زیــاتر لەبەر نەورووژانــدنی کەســـــــایتییە ڕاستەقینەکەیە»(سەعید، ٢٠٠٨، ٧٧). هەروەها دەکرێت کارەکتەری سەرەکی خودی شاعیر بێت و هەڵوێست و ڕووداوەکانی ژیانی خۆی و دەوروبەر بگێڕێتەوە.

دڵداری شـــاعیر(١٩١٨-١٩٤٨) واقیعی ژیانی جوتیارێکمان بۆ باســـدەکات، چیرۆکی ئەم شیعرە چیرۆکێکی درامییە، لێرەدا شاعیر وەک ئەوەی کامێرایەکی بەدەستەوە بێت و وێنەی فۆتۆگرافی ژیانی کارەکتەرێکمان بۆ بگرێت کە (لالە باس)ە واتە کارەکتەری ســـــەرەکی (لالە باس)ە کارەکتەرێکی لاوەکیمان هەیە کە(ڕەســـــولی کوڕی لالەباس)ە، گۆشـــەنیگای بینین لای شـــاعیر خۆیەوەیە و قســـەکەری یەکەم خودی شـــاعیرە کە (لالەباس) دەدوێنێ، ئەم شـــیعرە یەکێکە لە شـــیعرە ڕیالیزمییەکانی دڵدار، مەینەتییەکانی ژیانی جوتیارێکی کورد وێنا دەکات و بە کاتێکی دیاریکراو دەستپێدەکات:

**ڕۆژێکی پایز لە پێش نیوەڕۆ**
**لالە باسم دی زەوی ئەداتۆ**
**ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو**
**پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ**
**گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو**
**دەنگی نووسابوو بە هێ هێ و هۆ هۆ**
**هەی ماندو نەبی لالۆی جووتیارە**
**وتی: هەر بژی ڕۆڵەی لەسەرخۆ**
**وتم: کاری جووت، ڕەنجی لاوێتی**
**زۆر دوورن لەگەڵ پیرێکی وەک تۆ**
**ڕەسووڵەیی کوڕت ڕەنجبەری چاکە**
**زەلامی ملهۆڕ، لاوی چوست و جۆ**
**کوا بۆ چی جووتت لەباتی ناکا**
**بۆ چی تۆ نادا، بۆ چی نابڕێ شۆ...**

(دڵدار ، ١٩٨٥، ٢١١)

ڕەگەزی کات بۆتە سەرەتای دەستپێکی دەقەکە(ڕۆژێکی پایز، پێش نیوەڕۆ) دواتر دێتە سەر حاڵ و گوزەرانی کارەکتەری سەرەکی(لالە باس) کارەکتەری لاوەکی(ڕەسول)

ڕەگەزی شوێن (زەوی)

وێنەکان(ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو، پشتی چەماوە، لووت لەسەر ئەژنۆ، زەلامی ملهۆڕ، لاوی چوست و جۆ....)

دیالۆگ(نیوان شاعیر و لالەباس)

لەم دەقەدا جگە لە کارەکتەر چەند ڕەگەزی تر ڕۆڵیان هەیە لە بونیاتی شیعرەکەدا لەوانە(کات، شوێن، دیالۆگ، ململانێ).

یەکەمین هەوڵی گۆرانی شاعیر بۆ نووسینی ئۆپێرای(ئەنجامی ئەژدهاک) کە یەکێکە لە فۆرمەکانی شـــیعری درامی، کۆمەڵێک کارەکتەر ڕۆڵی تێدادەگێڕن لەوانە(چارچی – یاساولان – سەرکردەی یاساولان – سەرکردە- کاوە - یاساولی یەکەم- یاساولی دووەم، لاوی یەکەم و دووەم و کچان....) وەک دەبینین هەریەکە لەو کارەکتەرانە، ڕۆڵی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی و مێژوویان لە ئەستۆ گرتووە، کە لەپێشینەکانەوە بە ئێمە گەشتووە.

**جارچی**

**بە فەرمانی شای بێباک،**

**خاوەن شکۆ: ئەژدەهاک،**

**ورتەتان لە دەم دەرێ،**

**بە شیر لە سەرتان ئەدرێ!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٣)

ئەژدهاک مەبەست پێی زوحاکە کە کارەکتەرێکی مێژووییە و بەکارەکتەری سەرەکی نێو ڕووداوەکان دەژمێردرێت، بەپێی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان گوزارشت لە چەوسانەوە دەکات، گۆرانی شاعیر وەک گێڕەرەوەی دەقەکە هەمان ڕۆڵی بە زوحاک داوە، چارچی کارەکتەرێکی لاوەکییە و فەرمانبەرداری پاشای ستەمکارە، ڕووداوەکان لە ئەفسانەوە هاتوون، بەشێوەیەکی زنجیرەیی ڕێکخراون:

**سەرکردەی یاساولان:**

**سەر هیی شایە، ماڵ هیی شایە،**

**هەر ماڵە کوڕێک... چیی تیایە؟!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٣)

سـەرکردەی یاسـاولان کارەکتەرێکی تری لاوەکی، ئەفسـانەییە، هەرچەندە ناو و ناونیشانێکی دیاری نییە وەک ناوێکی ناسراو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و گرنگ ڕۆڵگێڕانەکەیەتی، کە فەرمانبەرداری فەرمانەکانی پاشاکەیەتی.

ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی تەواونەکراوە، وەک گۆران خۆی دەڵێت«ئێستا پەردەی یەکەم لە ئۆپێرای ناتەواو دەخەمە پێشچاوی خوێندەوارانی بەیان» (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٦٢) کە مەبەست لە ناتەواو، واتە بواری تەواوکردنی نەبووە وەک خۆی دەڵی ئەگەر بواری بۆ ڕەخسا تەواوی دەکات.

مەرج نییە هەمیشـــــە کارەکتەری نێو ڕووداوەکان مرۆڤ بن دەشـــێت ئەوەی چیرۆکەکە بەڕێوەدەبات و ڕووداوەکان بەرهەمدێنێت، گیانلەبەران بن، وەک لەم دەقەی دڵداری شــــاعیردا، چیرۆکی نێوان قەل و ڕێوی دەگێڕێتەوەو کارەکتەرەکان بریتین لەو دوو گیانلەبەرە، چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا بۆ پەندو ئامۆژگارییە، واتە چیرۆکێکی واقیعی نییەو کارەکتەرەکانی دوو کارەکتەری واقین، بەڵام بۆ مەبەســـتێکی تر خوازراون، واتە لە بنەڕەتدا ئەو دوو کارەکتەرە دیالۆگی لەو جۆرە لە نێوانیاندا نییە، چیرۆکەکە چیرۆکێکی ئەفسانەییەو لە دەمی شاعیرەوە دەگێڕدرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستپێکی چیرۆکەکەی بەستۆتەوە بە کاتێکەوە:

**ڕۆژێ لە ڕۆژانا قەلێ**
**ڕاوەستابوو لەسەر چڵێ**

**سەلکێ پەنیری لە دەنووک**
**ویستی کە بیخوا لە هەلێ**

**ڕێوی بەلایا تێپەڕی**
**چاوی بە قەل کەوت و مەلێ**

**ویستی بە فێڵێ لێی سەنێ**
**دەسی پێکرد پێی هەڵبڵێ....** (دڵدار، ١٩٨٥، ١٩٠).

لێرەدا ئەوەی لەم چیرۆکە وەردەگیرێت، حەقیقەتی گفتوگۆی نێوان ڕێویی و قەل نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەبوونی سیفەتی فێڵبازی ڕێوی و ڕێوی ڕەفتارەکان و سادەیی و خۆشباوەڕی قەل و قەل شێوەکانەوە هەیە، کە بەهەموو شتێکی بەرامبەرەکانیان باوەڕدەکەن و هەموو پیاهەڵدانێک دەیانخاتە مەلەکردن، بەمەش بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ کارەکتەرە فێڵبازەکانی نێو ژیان دەخەنە مەترسییەوە. چیرۆکی ڕووداوەکان و ململانێی نێوانیان بە دیالۆگێک دەستپێدەکات بەم شێوەیە.

**وتی ئەی بولبولی زەمان**
**ئەی نەغمەخوانی سەر تەلێ**

**بیستوومە من ناوبانگی تۆ**

**توخوا گۆرانیم بۆ بڵێ!**

**قەل وەختێ زاری داپچڕان**
**پەنیری کەوتە بن تەلێ**

**ڕێوی پەنیری قۆزتەوە**
**بەڵام لە پێش ئەوەی هەلێ**

**وتی ئەوجا: بەسە نەفام!**
**گوێت لێ بێ ڕێوی بۆت بڵێ!...** (دڵدار، ١٩٨٥، ١٩٠)

**ڕەگەزی کات بۆتە سەرەتای دەستپێکی دەقەکە(ڕۆژێک لە ڕۆژان)**
**کارەکتەر(ڕێوی، قەل، بولبول...)**
**ڕەگەزی شوێن (سەرچڵ، بەلایا، سەر تەل، بن تەل... )**
**دیالۆگ(قەل و ڕێوی)**

دەقی ئۆپەرێتی (ئینتیباه) کە لە سالی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە، شێخ نووری، ڕۆڵی بە چەند کەسایەتییەک داوە، بابەت و ڕووداوی شیعرە درامییەکە بەرخودانی میللەتی کورد دەخاتەڕوو، باس لە ڕووداوێک دەکات لە نێوان هێزی گەل و دوژمنانی کوردا، هەموو ئەوانەی بەشداری ڕۆڵگێرانەکە دەکەن، ئەوانەن کە زەرورەتی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە دەیخوازێت، دەقی دراماو شیعر کارەکتەری سەربارو زیادە لەخۆ ناگرێت، هەموو کارەکتەرێک سەرەکی یان لاوەکی دەبێت خاوەنی ئەرک و ڕۆڵێک بێت:

**دلاوەران:**

**ئەولادی وەتەن ئێمە کەوا میللەتی کوردین**

**بۆ غایەیی ئاسایشی میللەت هەموو گوردین**

**شێرانە ئەوا مەعرەکە ئارایی وەغا بووین**

**بۆ ڕشتنی خوێناوی عەدوو حازری ڕا بووین....** (دیوانی شێخ نووری، ١٩٨٩، ٦١).

شانبەشانی مرۆڤ، دەشێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی، یا خراپی ژینگە و کارەساتی سروشتیش ڕۆڵی کارەکتەر ببینن، یان گیانلەبەرانی تر و دارو بەرد و چیاو دۆڵ ئەو ڕۆڵەی پێبداریێت. وەک چۆن لە ژیاندا هەرگیانلەبەرێک ئەرک و وەزیفەیەکی هەیە و بۆ مەبەستێک هاتووەتە بوونەوە، ئەمە بۆ شیعریش تەواوە، کە ئەو کارەکتەرەی ڕۆڵەکەی پێدەدرێت دەشێ گیانلەبەرێک یان بی گیانێک بێت، جا (سەرەکی بێت یان لاوەکی) (واقیعی بێت یان ئەندێشەیی).

ئەحمەد هەردی لە دەقی (شۆڕشی نائومێدی) هەرچەندە چیرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی <u>خۆیەتی، کارەکتەری سەرەکی خودی شاعیرە</u>، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کارەکتەری لاوەکی شانبەشانی کارەکتەری سەرەکی ڕووداوی نێو دەقەکە تەواو دەکەن و ململانێکان بەرەو لوتکە دەبەن و بەشێوەیەکی ورد مەزراندنی بۆکردوون و کۆمەڵێک ئەرکی پێسپاردوون کە یارمەتی دەری کارەکتەری سەرەکین بۆ تەواوکردن و کۆتایی هێنان بە نائومێدییەکانی کارەکتەری سەرەکی:

<u>کارەکتەرە لاوەکییەکان</u> بریتین (لە پایز و ڕەشەبا، بای وەشت و هەوری ڕەش)کە هەریەکەیان ئەرکێکی خستۆتە سەرشان، کە لە سروشتی خۆیانەوە نزیکە، بەڵام شاعیر دەیەوێت بە ویستی ئەو بجوڵێن و ڕۆڵی فەرمانبەردارێک ببینن

**دەسا ئەی پاییزی ماتەم، ئەوەندەم تاسە پێ ماوە**
**هەموو ئەو یادگارەی لەو ژیانی عەشقە جێ ماوە**
**بەجارێ وەک گەڵا سروەی خەزانت گشتی ڕامالێ**
**بەوردی هەر گەڵایێکی، ببا بۆ قوژبن و چاڵێ**
**دەبا بارەش لە دواییدا**
**لە بیابانی.. لماویدا**
**تەپوتۆزێکی وا بێنێ، هەوا یەکجاری بخرۆشێ**
**سەری ئەو قوژبن و چاڵە، وەکوو گۆڕیچکە داپۆشێ**
**لەپاشانا بە بای وەشتا، لەسەردا هەوری ڕەش بێنێ**
**بە گۆڕی یادگارا، با بەخوڕ تاوێ ببارێنێ**
**دە با بمرێ بەیەکجاری لە گۆڕی تەنگ و تەنیادا**
**نیشانە و ناوی هەڵگیرێ لەناو بازاڕی دنیادا** (ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤، ٥٥)

ئەشـــکەوتی ســـەردێمان لە "دەڤەری باڵەکایەتی ئەشـــکەوتێکە ســـەر بە ناحییەی قەســـرێ یە، لە ســـاڵی (١٩٦٥)ز تاوەکو کۆتایی ســـاڵی (١٩٦٦) بارەگای رادیۆی دەنگی کوردســـتانی عێراق بووە. لەم ئەشـــکەوتەدا دەنگی کوردســـتان چالاکی پێشـــمەرگەی بڵاوکردووەتەوە هەربۆیە چەندین جار لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بۆردوومانکراوە"(قادر، ٢٠١٩، ؟) ، لە شـــیعرێکی شـــێرکۆ بێکەســـدا کە ســـاڵی (١٩٦٧)ز نووســـیویەتی، ڕۆڵی کارەکتەری ســـەرەکی داوەتە ئەشـــکەوتەکەو لەو ڕێگەیەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەچێت و وەک واقیعی حاڵ ئەرکێکی خراوەتە ئەستۆ.

**پار ئەم وەختە ئەشکەوتەکەی (سەردێمان)**

**گرتبووینیە باوەشی گەرمی هیوا**

**هەریەکەمان وەکوو مۆمێ بۆ ژیان**

**ئەتواینەوە لەناو تاریکیی شەوا.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٤٩)

ئەشکەوتی سەردێمان شوێنێکی (تایبەتی، کراوە، هۆگرە) کە شوێنی حەوانەوەو ئارامی شـــاعیرو هاوڕێکانی بووە، لەهەمان کاتدا وەک کارەکتەرێک ســـیفەتی مرۆڤی داوەتێ کە باوەشی بۆ ئەوان کردۆتەوە.

هەروەها دەڵێت: ئەوەی هێزو پێزی بە دڵ و دەروونمان دەبەخشـــی و دیمەنی غەمناکی پایزی لەلا دەگۆڕین بۆ بەهار ئەم ئەشـــکەوتەبوو، مەبەســـتییەتی بڵێ جێگای هیواو ئومێدمان بوو.

**پار ئەم وەختە ئەشکەوتەکەی (سەردێمان)**

**ئاگردانی پڕ لە پشکۆی دەروون بوو**

**پاییزی زەرد بە خۆری باوەڕی گیان**

**لەبەر چاومان بەهاری ڕۆژی ڕوون بوو**

**چاوی هەڵگورد لە پارێزی ئێشکا بوو**

**بۆ ئەوانەی جەرگی شەویان شەق ئەکرد...** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٤٩)

کورد و خەباتەکەی هاوڕێیەتییەکی قوڵیان لەگەڵ شـــاخ و ئەشـــکەوت و چەم و دۆڵ و بەرزی ونزمییەکانی سروشتی کوردستاندا هەیە، بۆیە شێرکۆ بێکەس زیاتر لە

بارەی ئەو ئەشـــکەوتەوە دەدوێت و وەک هاوڕێیەک لێی دەڕوانێ و ڕەمزی تەمەن و بەهێزی پێدەبەخشێ.

**ئەشکەوتەکەی (سەردێمان)ی هاوڕێ**

**ڕەگی عومری لەم دنیایە قووڵترە**

**درەختی ئەو بەری خوێناوی ئەگرێ**

**دەروونی ئەو، بورکانێکی ئاگرە...** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٤٩-٥١).

**بەشێک لە وێنە درامییەکان(ئاگردانی پڕ لە پشکۆی دەروون بوو، ئەوانەی جەرگی شەویان شەق ئەکرد، درەختی ئەو بەری خوێناوی ئەگرێ، دەروونی ئەو، بورکانێکی ئاگرە...).**

## سێیەم: کات

پێکهاتەو بنیاتی هەندێک دەق بە ناچاری ســـــەرهەڵدانی (تەکنیک و جۆری ڕەگەزەکانی) دەکات، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیی بەهێزی پێکهاتەو بنیاتی دەقەکەوەیە، بەنموونە بوونی ڕووداو بەبێ شـــوێن و کات و کارەکتەر نابێت، بەڵام هەریەکە بەسـنوورو پێویسـتی بوونی خۆی، کات لە خسـتنەڕووی کاری دراماییدا تایبەتمەندی خۆی هەیەو ناتوانرێت زیادەڕۆیی لە بەرجەستەکردنیدا بکرێت.

(زیندووی، مردووا!) ناونیشـانی دەقێکی درێژی شـێرکۆ بێکەسـە لە کتێبی (کەژاوەی گریان) لە مارتی (١٩٦٩)ز، دەربارەی مێژووی دووهەزارو پێنج ســـەد ســـاڵەی کورد نووســـیوویەتی، بەشـــێوەیەکی ورد و لە چوارچێوەی چامەیەکدا هێڵە ســـەرەکییەکانی دواکەوتووی ژیانی کورد دەخاتەڕوو، لە <u>ڕابردووەوە کاتی بەستۆتەوە بە زەمەنی ئێستا</u> و بە دەســـتەواژەی (هێشـــتا) گوزارشـــت لە حاڵی ئێســـتای کورد دەکات، کات لێرەدا ڕاستییەکی مێژووییە، بەڵام بە تەکنیکی کورتکردنەوە مەودای نووسـینی ئەو مێژووەی لە دێڕێکدا خستۆتەڕوو:

**<u>دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە</u>**

**مێژوو ئەڵێ لەدایک بووین!.**

**دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە**

**زرپوزیندووین!**

**بەڵام <u>هێشتا</u>، باوێشک ئەدەین**

**هێشتا نووستووین.**
**هێشتا تەواو، تێرخەو نەبووین**
**هێشتا ئەنووین.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٠٥)

کات لە گێڕانەوەی ئەمجۆرەی ڕابردوودا، بۆ یادکردنەوەو پەندوەرگرتن و ئامۆژگاری و بەخۆداچوونەوەیە بۆ حاڵی ئێستا، (هێشتا) گوزارشتێکی کاتە، مەودای زەمەنی دووهەزاو پێنج سەد ساڵەی مێژووی لەدایکبوونی کوردی گرێداوە بە حاڵی ئێستاوە.

ڕەگەزی کات

**دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە**
**لە خەڵک بوردووین!**
**لە خۆمان هەرگیز نەبوردووین.**
**دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە،**
**وەک ئێستە واین**
**یەکنەگرتووین!.**
**لەو کاتەوە، چەک هەڵگرتووین**
**بەڵام هێشتا سەرنەکەوتووین.**
**کەچی ئەڵێین: هەر سەرکەوتووین.**
**ئەڵێین: ئێمە هەر نەمردووین!.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٠٦)

دووبارە کردنەوەی کات لەم دەقەدا جوانییکی بەخشیوە بە دەقەکەو واتای دەقەکەی فراوانکردووە، کات لەناو دەقدا جیاوازە، لەڕابردووەوە دەهێنرێت و لە ئێستادا نمایشدەکرێت و پەیوەندییەکانی بەداهاتووەوە دەبەسترێتەوە، لە حاڵەتی بێئاگاییەوە دەهێنرێتەوە بارێکی ئاگایی، لەتێپەڕبوونی زەمەنێکی ون و بەسەرچووەوە دەخرێتەوە چوارچێوەی زیندووبوونەوە، ئەمەش ڕۆڵی گەورەی هەیە وەک کەرەستەیەکی تایبەت و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ نووسینەوەی بەڵگە مێژووییەکان:

دەقی شیعری (بیست و حەوت ساڵە)ی فایەق بێکەس لەو ساتەی شاعیر لە ساڵی ١٩٤٦ ئەم "شیعرە دەدا بە گوێی "ئەدمۆنس"دا، کە ڕاوێژکارێکی بەریتانی بووە لە

وەزارەتی ناوەوەی عێراق، هەرچەندە مەبەســـتی ڕاســـتەوخۆ ئەدمۆنس نەبووە، بەڵکو مەبەسـتی سـەرەکی بەریتانیای داگیرکەربووە"(خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥٢٧)، شـاعیر لەم دەقەدا ژیان دەباتەوە بۆ کاتی ڕابردووە و ئەو ماوە زەمەنییە کە بیسـت و حەوت سـاڵە وەک سەرگوزشتەی تاڵی ژیانی کورد، کە خۆی تیایدا بینەرو کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکانە، بە شـــێوەیەکی هونەری بەرز و لە حاڵەتێکی درامایی پڕ ململانێدا، "بە ئامادەبوونی ســـەدان کەس لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی ســـلێمانی، ڕاســـتەوخۆ بەرامبەر دوژمنەکەی بە شـــێوەی مۆنۆلۆگ(خۆدواندن)دێتە گۆ"(خەزنەدار، ٢٠١٠، ٥٢٧)، کات لێرەدا گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی دیاریکراوی ڕابردوو، تا کاتی ئێســـتای لەدایکبوونی دەقەکە، سەرەتا بەم جۆرە دەستپێدەکات:

بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات وەک کارەکتەرێکی ســـەرەکی دێتە پێشـــەوە لە (ئەدمۆنس) و ئەم دەقە شیعرییە دەخوێنێتەوە:-

**بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم**

**بەنان و ئاو و جل بەرگی خۆم** (فایەق بێکەس، ٢٠٠٨، ٧٨)

بەهەمان شێوە مەودای دووری بیست و حەوت ساڵەی ئەو ستەم و ناهەقییەی بە تەکنیکی کورتکردنەوە چڕکردۆتەوە تا پەیامەکەی بە بەهێزی بە گوێی بەرامبەردا بدات، دواتر لە بەشـێکی شـیعرەکەیدا بە وردتر باس لە نادادییەکانی ئینگلیز دەکات بەرامبەر کورد، ڕاستەوخۆ ئەمە بە ئەدمۆنس ئەڵێت.

**بیست و حەوت ساڵە زووخاو ئەنۆشم**

**لە زوڵم و جەورت هەر چاو ئەپۆشم**

**بۆ ڕەزامەندیی تۆ تێ ئەکۆشم**

**لەبەر تۆ زەربەم داوە لە خۆشم**

**وا تێ گەیشتم کە چەند بێ هۆشم**

**گوناهم چی بوو بەم دەردەت بردم؟!**

**بۆ چی بەناهەق وا سووکت کردم؟!** (فایەق بێکەس، ٢٠٠٨، ٧٨)

بەردەوام دەبێت و هاوارو ناڵەی کورد بە دەنگێکی بەرزی پڕ لە حەماسەت بە هەمووان ڕادەگەیەنێت و ڕووی دەمیشی لە کارەکتەری بەرامبەریەتی، گفتوگۆیەکی نابەرانبەر لەگەڵ "ئەدمۆنس"دەکات.

پایز یەکێکە لە وەرزە سەرنجڕاکێشەکانی ساڵ، هەروەها لە زنجیرەی زەمەندا بۆشاییەکی گەورەی پڕکردۆتەوە، کە وەرزێکی جوانی ساڵە، لەبەر ئەو بەرگە زەردەی هەیەتی و بە وەرزی وەرینی گوڵ و گەڵای سەوزی درەختەکان ناسراوە، لە دونیای ئەدەبیدا زۆرجار دەبەسترێتەوە بە غەم و ناخۆشییەکان و لەگەڵ هەڵوەرینی تەمەنی مرۆڤ و گیانلەبەرێکدا، پایز دەبێتەوە دەستەخوشک. لەگەڵ ئەوەشدا پایز دەبەسترێتەوە بە کاتی دەروونییەوەو بەپێی حاڵەتی دەروونی کارەکتەر دەگۆڕێت، ڕەنگە کەسانێک هەبن جوانترین وەرز بەلایانەوە پایزبێت، (پاییزی ڕوو زەرد) دەقە شیعرییەکی کامەران موکرییە کە کردویەتی بە ڕەمزی شین و ماتەم و گریان، بەمجۆرە لە پایز دەڕوانێت:

**پاییزی ڕوو زەرد، پاییزی غەمگین**

**دیسان ژیانی باخی کرد بە شین**

**بەرگی بەسامی ماتەمی پۆشی**

**لە خوێنی گوڵی گوێ چەمی نۆشی**

**پۆپەی نەرمی تەڕ شکایە ناو ئاو**

**وەری، تاڵ تاڵی گوڵی زەرد و خاو**

**پەڕەی لالەی ناشت لە توێ توێی خاکا**

**لەگەڵ برووسکە و ناڵەی ناپاکا...** (کامەران موکری، ٢٠١١، ٢٤٧)

کات، لە درامادا ئامادەیی فیعلی هەیەو پەیوەندییەکی بەهێزی بە شوێنەوە هەیە، لە دراما یان لە دەقی ئەدەبیدا دەشێت کاتێکی فیزیکی بێت، ئەمەش لە چوارچێوەی کاتی (ڕوودانی ڕووداو و کارەساتەکانە، کاتی لەدایکبوون و مردنی کارەکتەرەکان، کاتی هەڵهاتنی ڕۆژ و ئاوابوونی، کاتی شەو و ڕۆژە، کاتی وەرزەکانی ساڵ...) هەروەها دەشێت کاتی دەروونی یان کاتی ئەندێشەیی بێت، لە شیعریشدا کات بەپێی پێویستی

دەقەکە ئامادەیی هەیە، وەزیفەی کات دیاریکردنی زەمەنی ڕووداو و بەسەرهات و ژیانکردنی مرۆڤەکانە .

هەندێکجار بێزاری لە ئێستا وادەکات خۆزگە بە جاران بخوازرێ، ئەمە لە پەندێکی دیاری کوردیدا هاتووە کە دەڵێت«ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار» لە شیعری "گیرۆدە بووم بە زەحمەتی ماڵ و مناڵەوە"ی (ئەورەحمان بەگی بابان)ەوە، باس لە خراپی ژیانی ئێستا دەکات و ئەو وادەزانێت ئەو خەیاڵەی بۆ خۆشبەختیی بیکات خەیاڵێکی مەحاڵە، جۆرێک لە ڕەشبینی باڵی بەسەردا کێشاوەو ژیانی لابۆتە جەهەنم، لە بەشێکی ئەو دەقەدا وێنای ئەو بارودۆخە بەمجۆرە دەکات:

**ڕووی قاقەزم ڕەشە، قەڵەمم نووکی لەتلەتە**

**وا چاکە قەت نەکەومە خەیاڵی مەحاڵەوە**

**وێرانە ملک و ماڵ و هەموو نیشتمانەکەم**

**ئەفرۆشری، بە هیچە، بە دەستی دەلاڵەوە**

**مردن! دەخیلتم وەرە زوو بمگەرێ بەسە**

**دنیام لە لا جەهەننەمە بەم ژینە تاڵەوە**

**سێ عەسرە ئاو و خاکێ کە میراتی کۆمەڵە**

**ئێستاکە زەوتە، وا بە دەس ئەغیاری زاڵەوە** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ٢٠١٧، ٦٩).

دیارە لەرابردوو ژیان خۆشتر بووە، باسکردن لە حاڵی خراپی ئەو زەمەنە دەکات کە سێ عەسرە ئاو و خاکی وڵات تووشی هاتووە، ئەم گوزارشتە لە بنەڕەتدا جۆر ئاواتخواستنێکە بە ڕابردوو.

**بەش بەش کراوە بابە هەموو خاکی قەومەکەم**

**چی بکەم بە بێکەسی و بە زمانێکی لاڵەوە** (ئەوڕەحمان بەگی بابان، ٢٠١٧، ٦٩).

**چوارەم: شوێن**

شــوێن: زەمینەی ســـەرهەڵدانی ئەو واقیعەیە کە بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت دراماو شیعر پێویستیان پێیەتی، لەدرامادا جووڵەی کارەکتەرەکان و درێژەدان بە خستنەڕووی ڕووداوەکان پەیوەستییەکی گەورەیان بە شوێنەوە هەیە، لە شیعردا شاعیر بەر لەوەی بەدووی کەسێتیدا بگەڕێ، بۆ شوێن دەگەڕێ، شوێنێک کەسێتی تێدا دەدۆزێتەوە، واتە کەسایەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان بە شوێنەوە بەستراوەتەوە.

دەتوانین بڵێین، شـــوێن یەکێکە لەو ڕەگەزانەی ڕەســـەنایەتی بە کاری ئەدەبی و هونەری دەبەخشێت، جۆرێک لە خۆماڵی بوون و ماکی ناسینەوەی دەداتێ، هەر شوێنە دەبێتە ناسـنامەی ناسـینەوەی (گەلێک- میللەتێک- نەتەوەیەک- ناوچەیەک- شـارێک- مرۆڤێک)، کەواتە ئەوەی شـــوێن دەخاتەڕوو قەبارەو فەزاکەیەتی، واتە شـــوێن ئەوەیە قـەبـارەیـەکی هـەبێـت(شـــوێنی کراوە، شـــوێنی داخراو)و لـە فـەزایـەکـدا بوونی دەرکەوێت(شوێنی گشتی، شوێنی تایبەتی). شوێن لەدەقی ئەدەبی و هونەریدا بەیەکێک یان زیاتر لەم جۆرانەی دەناسرێتەوە.

لە دەقی شیعری" سکاڵای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاوڕێم" ی بەختیار زێوەردا، شاعیر گفتوگۆیەک و دەردەدڵەیەک لەگەڵ ئەســـتێرەی ئاســـمان دەکات لەم دەقەدا ڕووداوە سـروشـتییەکانی ناو زەمەنی شـەو و ڕۆژ، دەبەسـتێتەوە بە کەسـایەتی ئەسـتێرەوەو کۆمەڵێک ســـیفەتی مرۆڤی پێ دەبەخشـێت، تەنها لە پێناوی ئەوەی نهێنییەکانی پشـــت دەردەدڵەکەی بە گوێی خەڵکیدا بدات، لە ڕێگەی ئەم پرۆســـە ڕەوانبێژییەوە، لەتانوپۆی دەقەکەدا پێویستی بە تەوزیفکردنی شوێن هەیە تا مەبەست و مەرامی خۆی بگەیەنێت:

**<u>ئەی ئەستێرەی پرشنگدار</u>** ⟵ **شوێن**

**ڕێ نیشاندەری ڕێبوار**

**عالەم نووستوو تۆ بێدار**

**ئاسمان ئەبڕی بە شەوگار** (بەختیار زێوەر، ٢٠٠٨، ١١٧)

ئەستێرە شوێنێکی بەرجەستەی، واقیعی، کراوەیە، بە نیسبەت مرۆڤەوە شوێنێکی ناهۆگرە، شاعیر لە تەنهای خۆیدا وەک هاوڕێیەک ڕووی لێدەنێت و دەردە دڵەی لەگەڵ دەکات، واتە ڕۆڵی مرۆڤی پێداوە، لەبەرامبەر ئارامی ئەستێرە وێنای زەوی دەکات وەک

شوێنێکی پڕ لە هەراو هەڵا لە بری خۆشی بەخشین بۆتە شوێنی مرۆڤی خەتابار، کە بۆخۆشی خۆیان هاوڕێکانیان تاڵان دەکەن.

**ئەم عەردەی تۆ ئەیبینی**

**پڕ هەڵڵایە و خودبینی**

**هەیە بۆ خۆشی ژینی**

**تاڵان ئەکا هاودینی** (بەختیار زێوەر، ٢٠٠٨، ١١٧)

لە کۆتایدا شاعیر گرنگی و بایەخی (ئاسمان) دەدات بەسەر شوێنەکانی تردا، کە زەوی و شوێنی نیشتەجێبوونیەتی، واتە ئەم بایەخپێدانە لە بەرامبەردا فەرامۆشکردنی شوێنێکی تردایە، کەواتە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ شوێن بژی، ئەوەتا داوا دەکات لە ئەستێرەی هاوڕێیی دەستی بگرێت لە شوێنی بنەڕەتی خۆی کە زەوییە هەڵیکەنێت و بیبات بۆ ئاسمان تا شادی و پێکەنینی بۆ بگەڕێتەوە:

**ئەی هاوڕێکەم دڵ پەستم**

**هیچ لەم عەردە ناوەستم**

**بۆ ئەوەی لێرە هەستم**

**زووکە دەس بەرە دەستم**

**بمبە بۆ ئاسمانی شین**

**بمگێڕە تا ماومە ژین**

**بام دووربم لەسەر زەمین**

**بێمە شادی و پێکەنین...** (بەختیار زێوەر، ٢٠٠٨، ١١٧)

بەشێک لە ڕەگەزەکانی نێو دەقەکە

ڕەگەزی شوێن(ئاسمان، عەرد، زەمین...)

کات(شەوگار، لەگەڵ کاتی ئێستای ناو دەقەکە)

مۆنۆلۆگ(گفتوگۆی خودی) لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی(ئەستێرە) کە کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی مرۆڤی داوەتێ(ڕێ نیشاندەری ڕێبوار، بێدار، ڕێگا بڕین، دەست بەرە دەستم....)

له دەقی شیعری "کامیل گیان هەرگیز لەبیرم ناچیتەوە"ی کامەران موکریدا بە کێشانی کۆمەڵێک وێنەی درامایی و تراژیدی، وێنەی کارەسانی لافاوەکەی سلێمانیمان له گۆشەیەکی ماڵێکەوە بۆ دەردەخات بیرمان بۆ شوێنی ڕووداوەکە دەبات که ماڵی (کامیل)ه، ماڵ شوێنێکی تایبەتی داخراوە، بۆ کامیل شوێنیکی هۆگرە تا ئەوکاتە کارەسات و ڕووداوی لافاوەکە وەک هەموو شوێنیکی تری شار کاولی دەکات، ئەو کاتە شوێنەکە دەبێتە شوێنیکی ناهۆگرو پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ. خۆشی و شادی دەبێتە ئاخ و داخ و کەسەرێکی زۆر، شاعیر بە شێوەیەکی درامایی هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ ڕووداوەکاندا تەوزیفی شوێن دەکات لەوانە: **کۆمەڵێک شوێنی گشتی و تایبەتی لە دەقەکەدا بەرجەستە دەکات (ژێرخان، شارەکەمان، ئاسمان، ژێر خۆڵ، هەیوان، ژوور، بۆ دوور).**

**لە تاریکیی (ژێرخانێکا)**

**ئاو وەک گوللە دڵی پێکا** ⟵ **ململانێی (بەهێز و بێ هێز)**

**کامل گیان دایکیشت نەما**

**ئێستە بەکوڵ لە خۆی بدا** (کامەران موکری، ٢٠١١، ١٧٢)

<u>ڕووداوەکە</u> کارەساتێکی تراژیدییە، شوێنی ڕووداو ژێرخانێکی تاریک، کە شوێنێکی تایبەتی، ناهۆگرە، لەوێوە دیمەنەکان دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر کە (شار)ە ئەویش شوێنێکی گشتی کراوەی هۆگرە، لەگەڵ ئەوەشدا شار ئێستا هەموو بەشداری شینن بۆ (مەرگی کامیل) لە فرمێسک ڕشتنی ئەو کۆستەدا بەشدارن، هەرچەندە ئەوانەی لەم کارەساتە سروشتییەدا مردوون، زۆرن، بەڵام شاعیر دێت لە گۆشەنیگای شوێنێکی تایبەتەوە لە چیرۆکێکی جەرگبڕتر دەدوێت، کە لە هەناوی ئەم کارەساتەدا شاردراوەتەوە ئەویش ئەو هەموو ئاوات و خۆزگەیەی کە کامیل هەیبووە.

**بەڵام شارەکەمان بەگشت**

**بۆ کۆچی تۆ فرمێسکیان ڕشت**

**شێوان بوو کاتێکی ناوەخت**

**پێش هێرشی ڕەهێڵەی سەخت**

**کراس و کەلوپەلی و جل**

**هەمووی دانابوو کاک کامیل**

**بڕوا بۆ خوێندنێکی بەرز**

**لەپڕ ئاسمان کە هاتە لەرز**

**دڵی گەنجی نایە ژێر خۆڵ**

**لەگەڵ لاشەی دایکی کڵۆڵ**

**لافاو کە گەیشتە هەیوان** ← وێنەی درامی

**دوو گیانی پێکەوە فڕان**

**کاملی ئاخنییە ژوور**

**دایکیشی ڕاماڵی بۆ دوور...** ← (کامەران موکری، ٢٠١١، ١٧٢)

بەشـــێک لە وێنە درامییەکانی ئەو ڕووداوە(ئاو وەک گوللە دڵی پێکا، هێرشـــی ڕەهێڵەی سەخت، ئاسمان کە هاتە لەرز، کاملی ئاخنییە ژوور، دایکیشی ڕاماڵی بۆ دوور....).

شـــوێن وابەســـتەیەکی ڕۆحی هەیە بە مرۆڤەوە کە مرۆڤ و دەوروبەرەکەی پێکەوە دەبەستێتەوە، مرۆڤ کە لە شوێنێک نیشتەجێ دەبێت ئەو شوێنە وەک ژینگەیەکی سروشتی کاری لێدەکات، بەمەش کەمەندکێشـــی دەکات بەوەی ســـیســـتەمە کۆمەڵایەتی و تەنانەت زمانییەکەشـــی بە پێی ئەو ژینگە نزیک بکاتەوە لە هاوواتابوون تا بتوانێت بژی، وەگەر نا هەستی غەریبایەتی دەبێتە بەشێک لە هەڵسوکەوتی و هەمیشە بە دابڕاوی دەیهێڵێتەوە.

باوکی شەهیدم دەقێکی شیعری (شێرکۆ بێکەس)ە لە حاڵەتێکی دەروونیدا شوێنێکی بنیات ناوە بۆ کۆکردنەوەی خەم و ئازارەکانی ئەویش شـــوێنێکی (خەیاڵی)یە کە (ناو یادی ون) بۆتە شـــوێنکی ناهۆگر کە ئارامی دڵ تیا خامۆشـــە، هەروەها لەســـەر (پەڕەی دڵ) شوێنێکی تری داخراوە وەک مەنزڵگایەک ئامادەیە بۆ بۆ نیشتنەوەی خەم لەسەری.

**بابە! تاسەی بینینەوە، بۆ تۆ پەرۆش بوو**

**ئارامی دڵ، لەناو یادا ون و خامۆش بوو**

**چاوەڕوانی، زیاتر خەمی تۆی بۆ ئەهێنام**

**بزەی خۆشی، لێم تۆرابوو، نەئەهاتە لام**

**پەپوولەی خەم، لەسەر پەڕەی دڵی ژاکاوم**

**قەتیس مابوو، وەک فرمێسکی بێدەنگی چاوم....** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٢)

ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەسەر ئاستی تاک بن یان کۆمەڵ گرنگ ئەوەیە بەردەوام پێویستیان بە شوێن هەیە بۆ دەرکەوتنیان، کەواتە ڕووداوەکان خۆڕسکبن، یا سروشتی یان دەستکرد، زەمینەو شوێنی تەواویان پێویستە تا سەرهەڵبدەن، شاعیریش مرۆڤەو ناتوانێت لەم حەقیقەتەدا نەتوێتەوەو ڕەنگدانەوەو کاریگەری لەسەری نەبێت.

جیهانبینی شـــێرکۆ بێکەس و تێرامـان و تێڕوانینی بۆ ژیـان و کـەرەســـتـەو گیانلەبەرەکانی ناوی، ســـەرچاوەی گرنگی داهێنان و تێگەشـــتنی بووە لە شـــتەکان، ئەمەش بەشـــێوەی ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆدا مەزراندنی بۆ دەکات بۆ ناو دەقە شـــیعرییەکانی، لەم بوارەشـــدا لە خولقاندنی وێنەی هونەریدا دەســـتێکی باڵای هەبووە، لەڕێگەی ئاماژە، هەڵسوکەوت، زمانەوە دارشـتنێکی جوان بۆ دەق دەکات ... زمان لەناو ئەو کەرەســـتانەدا ڕۆڵی گەورەی هەیە، لەناو زمانیشـــدا دەربڕین و گوزارشـــتە ئەدەبییەکەی بە کەڵک وەرگرتن لە فۆڕمە ڕەوانبێژی و وێنە هونەرییەکان، باشـــترین و جوانترین ڕێگایە بۆ سازاندنی دەقەکانی. شێرکۆ بێکەس دەقی کەژاوەی گریانی لە ساڵی (١٩٦٨) نووســـی کە دەقێکی درێژە، بۆ مەرگی لەتیفی هاوڕێی خۆی ئاوا دەڵێت: «لە سەنگەری زستانی سەختی تێکۆشانی کوردایەتیدا نەهاتە دەرەوە. تا سییەکانی کەوتنە ڕزین. بەرەو وڵاتی ڕۆژئاوا بەپیر هیوای چاکبوونەوە چوو. پاش چوار ســاڵ نامەیەکم بۆ هات نووسرابوو: (لەتیف)ی هاوڕێتان مرد و لە (کاوتنگا) ناشتمان. (کەژاوەی گریان) کەژاوەی هۆنراوەی دواجاری ماڵاوایی من بوو، لە (لەتیف)ی شـەهیدا!» (شـێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٦٧)

سەرنج/ (کەژاوەی گریان) بۆتە ناونیشانی یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانی شێرکۆ بێکەس کە تا ساڵی(١٩٦٩) نووسیویەتی و چاپی کردووە، بەشـێک لەو دەقانەی شـێرکۆ کە ئێمە لەم توێژینەوەیە کەڵکمان لێوەرگرتوون لەم دیوانە وەرگیراوەو بەشـــەکەی تریشـــی لە (دیوانی تریفەی هەڵبەست) شاعیر وەرگیراوە کە لە ساڵی (١٩٦٨) نووسیویەتی.

سەرەتای دەقەکە بە گۆڕستان دەستپێدەکات کە گۆڕستان شوێنێکی کراوەی گشتی ناهۆگرە، بەڵام خودی گۆڕ شـوێنێکی داخراوە، هەندێکجار بۆ هەندێک لە مرۆڤەکان گۆڕ دەبێتە شوێنێکی تایبەتی، هۆگر کە دەڵێن مردو ئیسرەحەتیکرد، یان بۆ کەسانی ئیماندار گۆڕ لە مەنتیقی بیرو ئایدۆلۆژیایاندا شوێنێکی هۆگرو ئارامە.بەڵام لەم دەقەدا بەو پێیەی خوێندنەوەیی بۆ دەکرێت گۆڕستان بۆتە شوێنی کۆکردنەوەو لەچاڵنانی هەزار خۆزگە:

**لە گۆڕستانی (کاوتنگا)**
**زستانی ژین،**
**هەزاران خۆزگەی نێژراوی**
**ئاواتی دڵ نەترووکاوی**
**وا لە سنگا!** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٦٧)

(کاونتگا) ناوی نەخۆشخانە و لە هەمان کاتدا گۆڕستانێکە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا و لە شاری (میۆنیخ)ە (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٨٢)

لەم دەقەدا ناوی کۆمەڵێک شوێنی هێناوە لە بەشێکی ئەو دەقە شیعریەدا کارەکتەری نێو ڕووداوەکان(جانتایەکە) کە سیفەتی بینینی و کرداری گەڕان و کۆچی وڵاتانی داوەتێ، کە زیاتر سیفەتهەڵگری مرۆڤێکە، شێرکۆ نایەوێ ڕاستەوخۆ باسی گەشت و گەڕان و نەهامەتییەکانی ئەو سەفەرە بکات، لەڕێگەی جانتایەکەوە هەنگاو بەهەنگاو ئاشنای کۆمەڵێک شوێنمان دەکات کە لەماوەی چوارساڵدا ، لە "ماوەت"ەوە تا میونیخ، باسی دەکات:

**کەژاوەی گریان**
**ئەو (جانتایە)ی (ماوەت)ی دی**
**ڕێی شاخ و کێوی سەختی دی**
**بست بە بستی**
**وڵاتی ڕاپەڕیوی دی،**
**ئەوا لەگەڵ خاوەنەکەی**
**(سی) پڕ ئاخا**
**خۆیان کرد بە شاری خۆشی**
**ناو (میۆنیخا)!...** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٨١-١٨٢)

هەریەکە لە شوێنەکانی(ماوەت، میۆنیخا) دوو شوێنی تایبەتی کراوەن وە شوێنەکانی(وڵاتی ڕاپەڕیو، شاخ، کێو، شار) شوێنی گشتین، ئەگەر سەرنج لەم دەقەی شێرکۆ بێکەس بدەین ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە بەشێکە لە ڕووداوەکانی (ژیانی لەتیفی هاوڕێی) کە کۆمەڵێک شوێن ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەو چیرۆک و بەسەرهاتی ژیانی هاوڕێکەی(ماوەت- شاخ- کێو- وڵاتی ڕاپەڕیوو- میۆنیخ)ی ئەم شوێنانە بەدوای یەکدا هاتوون سەرەتاو کۆتایی ڕووداوەکانیان پێکەوە

گرێداوە و لە کۆتایشدا ئامانجییەتی بڵێ شاری پڕ خۆشی (میۆنیخ) نەیتوانی ئەو سییە پڕ ئاخەی بژێنێتەوەو ژیانی وەک پڵیتەی چرای بێ نەوت کوژایەوە، کە مەبەستی لە مەرگی لەتیفی هاورێیەتی.

لە شیعردا زۆرجار شاعیر بۆ وەسف و پیاهەڵدان پەنا بۆ ناوهێنانی شوێن دەبات یان پەیوەستی مرۆڤەکان بە شوێنەوە وەک خۆشەویستی (خاک و نیشتمان) شاعیر ناوی شوێنێکی تایبەتی یان گشتی دێنێت، وەک لەم دەقە شیعرییەی بەختیار زێوەر دا هاتوو، کە لە ساڵی (١٩٤٥) لە گەشتێکی تایبەتی خۆی لە (دۆڵی مێرگەپان)دا نووسیویەتی، لەرێگەی ناوهێنانی چەند شوێنێکەوە، دەیەوێت جوانی دیمەنی ناوچەکە بخاتەڕوو:

**لەناو دۆڵی مێرگەپان**

**کوێستانەکەی کوردستان**

**ئەڕۆیشتم سەرگەردان**

**سەرمەستی دیمەنی جوان**

**لەم بن دار بۆ ئەو بن دار**

**وەک سەر لێشێواوی یار**

**سەرەوژوور و سەرەوخوار**

**ئەمکێڵا هەردە و نزار** (بەختیار زێوەر، ٢٠٠٨، ١٣٥)

(دۆڵ، کوێستان، بن دار، کانی، هەرد، نزار)ناون بۆ شوێنێکی گشتی و کراوە، هەریەکە لە ناوەکانی (کوردستان، مێرگەپان) شوێنی تایبەتن

## - پاری دووەم / ڕەگەزە گێڕانەوە بەندییەکان (دیالۆگ- مۆنۆلۆگ – زمان- فلاشباک)

### یەکەم: دیالۆگ

ڕەگەزی دیالۆگ دەربڕی (ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆ)ی وتارو وتەی کەســـێتییەکانە، گوزارشـــت دەکات لە ئاســـتی بیرکردنەوەو هەڵوێســـتیان(توندی، نەرموونیانی، زیرەکی، لێهاتووی، تەمەڵی دەســـتەپاچەیی، ئاســایی بن یان گرژ و ئاڵۆز، خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتیین یان ســـادە، دەوڵەمەند، هەژار، ئازاو ترســـنۆک)، ئەمانەو دەیان ســـیفەتی دیکە لە دیالۆگدا بەدەردەکەون، لە ئەنجامی بیروڕاگۆڕینەوە، کەواتە لە ســـادەترین پێناســـەدا دیالۆگ بریتییە لەو ئاخاوتن و گفتوگۆو بیروڕا گۆڕینەوەیەیی لەنێوان دوو کەسدا دروست دەبێت یان لە گفتوگۆیەکی زارەکی لە نێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، "بەڵگە نەویســـتە، هیچ ئاخاوتنێک نایەتە ئاراوە ئەگەر دوو کەس ئامادەنەبن و قسەو بیروڕ نەگۆڕنەوە"(سەعید،٢٠١٣، ١٨).

شـاعیران وەک تەکنیکێک بۆ خسـتنەڕووی ئەو پەیامەی دەیانەوێت بیگەیەنن لە هەندێک لە دەقە شـــیعرییەکانیاندا کەڵک لە دیالۆگ وەردەگرن، واتە ئەم ڕەگەزە لە شیعردا بوونی هەیەو جۆرێک لە ئیستاتیکاو شیعرییەت بە دەق دەبەخشێت، هەندێکجار دەرگا بەڕووی تێگەشـــتنی هەندێک لایەنی شـــاراوەی دەقەکە دەکاتەوە، هەروەها بەجۆرێک ڕۆڵی هەیە لە تیشـک خسـتنەسـەر چییەتی دەقی شـیعری بەوەی مەوداکەی فراوان دەکات و توانای گێڕانەوەی پێدەبەخشـــێت، هەندێک لە شـــاعیران لە پێکهاتەی دەقێکی شیعری پەنایان بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ بردووەو زۆرجار لە ڕێگەی دەستەواژەی (وتی وتیان و وتم ...) دیالۆگێکی شیعریان ڕێکخستووە تا مەبەست و پەیامێک بگەیەنن.

پیرەمێرد لە دەقی (خوا پێداو)دا کە لە ســـاڵی (١٩٣٧) نووســـیویەتی لە دیالۆگێکی ڕاستەوخۆدا، کە قسەکەری یەکەم شاعیرە(کارەکتەری سەرەکی)، واتە لە نێوان دەنگی شاعیر  وەک قسەکەرێک و تازە نەونەمایێک(کەسی سێیەمی تاک) ڕێکدەخات و هەست و سۆزی خۆی لە ڕێگەی ئەو گفتوگۆیەوە نیشاندەدات، دیمەنەکان دیمەنێکی درامین و دیالۆگەکەش دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی شێوە درامایییە.

**من بە شەرارەی ئێشی زامەوە**

**لەبەر پێی ئەوا ئەتلامەوە**

**لە پڕێک قاقای فریشتەی سەوزپۆش**

**گەییە سەروەختم هێنامیەوە جۆش**

**وتی: بەم پیرییە چیت لە جوانانە؟**

**ئەکەویە داوی خاڵ و لەرزانە**

**وتم: هەر پیرە جوان تێک ئەبەستێ**

**نەمام بە داری پیر ڕائەوەستێ....** (پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٨٣)

وێنە درامییەکان(بە شەرارەی ئێشی زامەوە، لەبەر پێی ئەوا ئەتلامەوە....)

ئەم گفتوگۆیە بەردەوام دەبێت وەک ڕووداوێکی سروشتی و حاڵەتی هەڵچوونی نێوان مرۆڤەکان کە هەندێکجار سەرەنجامی دیالۆگەکان شەڕی لێپەیدادەبێت، ئەمانیش لێیان دەبێت شەڕ و تیر باران، دواتر (کەسی سێیەمی کۆ) کە کارەکتەرێکی لاوەکییە، بە دیالۆگێکی ناراستەوخۆ دێت کە ڕۆڵی کۆرس دەگێڕێت و دەکەوێتە نێوانیان و ئاشتیان دەکاتەوە:

**وتیان: هەرچەند خوێن کەوتە بەینەوە**

**ئەمجارە هاتووین ئاشتت کەینەوە**

**دەست لەملان و گەردن ئازایی**

**کردمانە کەیف و بەزمی چاوشایی...** (پیرەمێرد، ١٩٧٠، ١٨٣)

کارەکتەر بەبێ دواندن و نمایشکردنی ڕۆڵەکەی لە ڕێگەی دیالۆگەوە ناگاتە هیچ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێک، هەرچەندە لەگەڵ دیالۆگ ئاماژەکانی جەستەو جووڵە ڕۆڵی گرنگ دەبینن وەک ڕەگەزێکی شوێنکەوتووی دیالۆگ، بەڵام هیچ کاتێک ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕەها تەنها پشت بە جووڵە ببەسترێت، بەتایبەت لە دەقی شیعریدا، کە دەربڕین پایەیەکی گرنگی هەیە.

تەکنیکی دیالۆگ لە دەقی شیعری "کەژاوەی گریانی" شێرکۆ بێکەسدا ئامادەییەکی کارای هەیە، توانیویەتی لە ڕێگەی دیالۆگەوە بەشێکی گەورەی چیرۆکی سەفەرو مردنەکەی (لەتیفی هاوڕێی) بگێڕێتەوە، تەنها هەر ئەوەش نا، بەڵکو باسی خەبات و

چارەنووســـی میللەتی کوردیشـــی کردووە، هەنگاو بەهەنگاوی کارەســـاتەکانی ژیانی هاوڕێکەی و ســەرهەڵگرتنی بۆ ســەفەری دور لە پێناوی چارەســەری نەخۆشــییەکەی بەوردی بەکەڵک وەرگرتن لەم تەکنیکە دەخاتەڕوو، وەک لە بەشـــێکیدا بەمجۆرە گوزارشت لە ساتی ناشتنەکەی دەکات:

**پاسەوانەکەی گۆڕستان** ← **کارەکتەر**

**باوێشکی دا، خەواڵوو بوو** ← **وێنەکان**

**چاوی بە زۆر لە خەو هەستان**

**زنجیری دەرگای ڕاپسکان** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٦٨)

دوای ئەم ســەرەتایە وەک چیرۆکێک خســتویەتییەڕوو، دوای ئەوەی پاســەوانی گۆڕســـتان بە چاوی خەواڵوەوە هات بەپیریانەوە، بە شـــەوباش دەســـت بە دیالۆگ دەکات کەواتە کاتی ڕووداوەکە، شەوە بۆیە بە شەوباش دەستپێدەکات:

دیالۆگێکی ڕاســـتەوخۆ، کە نوێنەرایەتی دەنگی شـــاعیر دەکات لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەدا، ڕووداوێکی واقیعیە، دیالۆگەکە دادەمەزرێنێت:

**- شەو باش** ← **دەستپێک بە دیالۆگ**

**ئەم جارەیان کێیە مردوو؟!** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٦٩)

کەسی سێیەم وەک کارەکتەرێکی لاوەکی وەڵامدەداتەوە

**- غەریبێکە ئەڵێن کوردە.** ← **دیالۆگی کارەکتەری لاوەکی**

**- هەر ئەوەندە؟** ← **دیالۆگ لە شێوەی وەڵامدا**

**- کورد، نازانی؟** ← **دیالۆگی شێوە پرسیاری**

**- ئا، ئەو گەلەی، لە ڕۆژهەڵات** ← **شوێن**

**بە قوربانیی سووری ئەکات**

**زەویی خەبات** ← **شوێن**

**ڕۆژی لەناو شەوا هەڵکرد!** ← **کات**

**سەری بۆ زۆردار شۆڕ نەکرد** ← **ململانێ** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٦٩)

شـــاعیر دەیەوێت لە دوو ڕەهەندی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتییەوە گوزارشـــت لە ئازارەکانی ئەو مەرگە بکات، ئەویش غەریبی کورد، لەلایەکی ترەوە باس لە خەبات و ئازایەتی و گیانفیدایی کورد بکات.

هەســت بە ســنعەتکارییەکی گەورە دەکەین لە چنینی ئەم دەقەدا، ئەڵبەتە خودی شێرکۆبێکەش شیعر بە سنعەت دانەنێت،«لای من شیعر نووسین سنعەتە، شیعر ئەبێت شـیعر بێت، ... من سـەیری هونەری سـنعەتەکە ئەکەم، ئەو شـیعرە چۆن نوسـراوە، نەک بۆچی نوســراوە»(بێکەس، ٢٠١٨، ١٨٢)  کاتێک دەقە شــیعرییەکانی دەخوێنیتەوە بەتەواوی لە سـنعەتکارییەکەی تێدەگەین، کە چەن وەسـتایانە توانیویەتی کەڵک لە ڕەگەزو تەکنیکە هونەرییەکان وەربگرێت لە سازاندنی دەقەکانیدا، ئەگەر سەرنج بدەین تێدەگەین سنعەتی شیعری لای شاعیر چییە؟ ئەڵبەتە قوڵبوونەوەی شاعیر بۆ ناو وێنە دراماییەکانی ژیانی کورد، توانایەکی لەڕادەبەدەری ئەو لە چنینی ئەو دەقانەدا دەخاتەڕوو، بەردەوام دەبێت لە بارەی کوردەوە دەڵێت:

**باشە چۆن مرد؟** ← **دیالۆگ لە شێوەی پرسیاردا**

**پیر یان لاو بوو؟** ← **دیالۆگ لە شێوەی پرسیاردا**

**- دەردێکی سەختی گرتبوو** ← **دیالۆگ لە شێوەی وەڵامدا**

**چاری نەبوو،**

**لە دواییشا لەژێر دەستی**

**دکتۆرەکانا دەرنەچوو**

**شیک بوو، لاو بوو** ← (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٠)

دیالۆگی نێوان(شەهید) کەمەبەست پێی (لەتیف) و خوشکەکەی چیرۆکی خەمناکی بەشێکی دیاری خێزانی کوردە.

**شەهید وتی:** ← **دیالۆگ**

**نەنگییە بۆ من دابنیشم**

**ئەم تاریکەشەوە ئەبڕم**

**ڕەگی مردن، هەڵئەکێشم**

**کوردایەتیی بانگم ئەکا،**

**ڕێگە ئەگرم.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٧)

دوای ئەوەی بەردەوام دەبێت لە خســـتنەڕووی هۆکاری ڕۆشـــتنەکەی خوشـــکەکەی گۆشەیەکی نائومێدی ژیانی خۆیانی بۆ باسدەکات دوای ڕۆشتنی ئەو، تا ڕێگای چوونی لێبگرێت:

**خوشکی پێی وت: سارده دنیا،** ← **دیالۆگ**

**(وەی) ئەبارێ، بێئامانە** ← **ململانێ**

**ئەم <u>زستانە</u>** ← **کات**

**بەستوویەتی <u>کەژ</u>، <u>هەرد</u>، <u>دۆڵ</u>، <u>چیا</u>** ← **شوێن**

**هەر تۆمان هەی**

**هەر تۆ تەنیا.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٩)

ئەگەر لە پرۆسـەی نووسـینی دەقێکی شـیعریشـدا، تەنها یەک کارەکتەر بوونی هەبێ کە ئەویش خودی شاعیربێت، گوزارشتەکانی لە ڕێگەی هەستەکانییەوە، بەیان دەکات و بەرامبەر کە (خوێنەر) یان (گوێگرە) لە خواســـت و مەبەســـت و هەســـتەکانی بە ئاگادەهێنێتـەوە، چونکە هیچ دەقێک بـەبێ پـەیامێکی دیاریکراو و ئـامـانجێکی تـایبـەتی نانوسرێت.

دیلانی شـــاعیر کە قاڵبووی ئێش و ئازاری گەلەکەیەتی و ئەو کارەســـات و ناخۆشـــییانەی بەســـەر نەتەوەی کورددا هاتوون کاریان لە شـــاعیر کردووە، هەمیشـــە خۆی بەبەشـێک لە هەڵگری ئەو خەم و ناخۆشـیانە زانیوەو بۆ ناسـۆرەکانی شـیعری نووســـیوە ئەوەتا لە دەقێکیدا بەناوی دەمەتەقێ کە بەواتای دیالۆگ دێت لە نێوان دوو کارەکتەری (لاس و گوڵدا) ڕێکیدەخات، لە دیالۆگێکی ناراســـتەوخۆدا دەنگی خودی شـــاعیر نوێنەرایەتی گێڕانەوەی ئەو باســـانە دەکات کە دیالۆگەکە بەرهەمدەهێنن تا پەیامەکە بگاتە خوێنەر، واتە خودی شـاعیر خۆی قسـە دەکات و ڕووداوی ئەم دیالۆگە بە ڕەمز دەخاتەڕوو، لەلایەن کارەکتەری (لاس)ەوە باســـی حاڵی کارەکتەری (گوڵەباخ) دەکات، کە دیارە مەبەســـت پێی حاڵ میللەتە، بە دەربڕین و وشـــە شـــیعرییەکان و گفتوگۆی نێوانیان بەشێک لە ئازارەکانی کورد دەخاتەڕوو:

**لاس:** ⟵ **کارەکتەر**

**<u>گوڵەباخ</u> ئیمساڵ شکاوە چڵی** ⟵ **کارەکتەر + وێنەی درامی**

**<u>وەنەوشە</u> سیس و ژاکاوە گوڵی...** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٦٠).

لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە لە کۆتایی کۆپلەی یەکەمدا، لاس ڕوو لە گوڵ دەکات و حاڵی خراپی میللەتی لێدەپرسێ و دەڵێت:

**<u>بەهاری</u> ئیمساڵ تۆراو و تاڵە** ⟵ **کات**

**با لە گوڵ پرسین چییە ئەم حاڵە؟** ⟵ **دەستپێکی دیالۆگ**

(دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٦٠).

بەم دیالۆگەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دوو کەسایەتییە(لاس و گوڵ) خوازراون بۆ دوو کەسایەتی زیندوو(مرۆڤ). دیالۆگەکە لەبەرگێکی سۆزداریدا، ڕەهەندێکی سیاسی قووڵی هەیەو بەناو نەهامەتی و کارەساتەکانی میللەتی کوردا شۆڕبۆتەوە، دەبینین گوڵ وەڵامی لاس دەداتەوەو دەڵێت:

**وازم لێ بێنە دەستم دامانت**

**نازانم چییە ناو و نیشانت**

**پەڕ و پۆم وەری لەش داڕزاوە** ⟵ **وێنەی درامی**

**چقڵی دونیا لە ڕووم چەقاوە...** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٦٠).

دیالۆگەکە بەردەوام دەبێت تا لە کۆتایدا گوڵ وەک کارەکتەرێکی خواســـتراوی هەمووشتزان تەواوی ڕازو نهێنییەکانی ژیانی تاکی کورد دەخاتەڕوو:

**دەی گوێ ڕاگرە ئەی هەر دوو چاوم** ⟵ **دیالۆگ+ وێنەی درامی**

**(من) سەربەستییە نیشان و ناوم** **ململانێی دوژمن و خەڵک**

**پێی داگیرکەران پێی خوێنمژانمان**

**پلیشانیەوە گوڵی باخانمان**

**ڕووخانی لانەی مەلی سەر دارم**

**ئەمەیە (حاڵ و ڕاز و گوفتارم).** (دیوانی دیلان، ٢٠١٣، ٦٠).

لە دەقی ئەدەبیدا هەموو کەس توانای ئەوەی نییە ببێتە ئەکتەرو نواندن بکات و بچێتە ڕۆڵی کارەکتەرێکەوە و گفتوگۆ(دیالۆگ) لەگەڵ ئەوانی تر ئەنجامبدات، ئەو گفتوگۆیەی لە ناو دراما یان دەقێکی ئەدەبیدا هەیە، جیاوازەو گفتوگۆی ناو دەقی ئەدەبی پێویستی بەبەهرەو لێهاتوویی هەیە، چونکە ئەوەی ڕۆڵدەگێڕێت گوزارشت لە خۆی ناکات، بەڵکو بەپێی ڕووداوەکانی ناو دراما، ململانێکان بەڕێوە دەبات و لە ناخ و دەروون و بیرکردنەوەو ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کارەکتەرێکدا دێتە دواندن و قسەکردن، (نق و جق) یەکێکە لە دەقە دراميیە جوانەکانی (گۆران) لە گۆشەیەکی ژیانی هەژارێک دەدوێت، حاڵی بەدەست کارمەندانی میرییەوە پەرێشانە، دراما شیعرییەکە ڕەهەندێکی کۆمەلایەتی هەیە و کارەکتەرەکانی خوازراون، کارەکتەرەکان بریتین لە(هەژار، نق، جق، سەرۆک، پۆلیس)ڕووداوی ئەم چیرۆکە، ڕووداوێکی کۆمەلایەتییە کە لەم ڕۆژگارەی ئێستاشدا چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، چیرۆکەکە بەم شێوەیە:

– **هەژار،** کە کارەکتەری سەرەکییەو ڕاستەوخۆ دیالۆگ دەستپێدەکات، دەیاوێت سۆراخی کارەکانی بکات، هەژار نوێنەرایەتی چینێکی ژێردەستەی بێدەسەلات دەکات لەبەرامبەر دەسەلاتی زاڵم و چەوسێنەر

**قوربان کارم؟**

**نق – بەدەست جقە** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٨١)

نق و جق هەردووکیان دوو کارەکتەری لاوەکین و لە نێوی چیرۆکی ڕووداوەکاندا سەرچاوەی سەرهەڵدانی گرژی و ململانێکانن

**هەژار سێ هەنگاو بەرەو جق دەنێت قوربان کارم؟**

**جق – بەدەست نقە**

**هەژار – قوربان مەئموری نق کارم**

**عەرزو حاڵەکەی پێرارم** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٨١)

ململانێی نێو ڕووداوەکان زیاتر قووڵدەبنەوەو لە ڕێگەی ئەم دیالۆگەوە بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان دەکات، تا سەرۆک دێت و ڕوو لە هەژار دەکات دەڵێت:

**چییە کابرای قڕەقڕکەر؟**

جق دەستپێشخەری دەکات و دەڵێت:

**گەورەم لێمان تێکدەدات سەر!**

**هەژار: قوربان! عەرزو حاڵی پێرار،** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٢٨٢)

ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت تا (هەژار) کەلەپچە دەکەن و ناگاتە مەرام و مەبەستی خۆی و عەرزو حاڵەکەشی دەفەوتێ، ئەمە گوزارشتە لە ئەو بارودۆخە کۆمەلایەتییەی خەڵکی هەژار هەیەتی بەدەست دەسەلاتدارەوە.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری" سێ هەڵبەستی تینوو" کە لەساڵی ١٩٦٧ نووسیویەتی: کۆمەڵێک تەکنیکی هونەری درامای بەمەبەست بەکارهێناوە، تا بەتەواوەتی بتوانێت بگاتە گوزارشتی تەواو لە مەبەست و مانای ئەوەی دەیەوێت بیڵێت و لەم بوارەشدا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، کاتێک دەقەکە دەخوێنیتەوە هەست بە هیچ بۆشاییەک ناکەی بەجێی هێشتبێت لە گەیاندنی پەیامەکەیدا:

**ئەستێرەیەک سووک چرپانی** ← **کارەکتەری خەیاڵی**

**بە گوێی دڵی کاس و وڕدا** ← **کارەکتەری خەیاڵی**

**وتی: چیتە پەرێشانی؟** ← **دیالۆگ**

**وا گیان ئەکەی بە ناو گڕدا؟** ← **دیالۆگ**

**بە نووزەیەک وەرامەکەی** ← **دیالۆگ لە شێوەی وەلامدا**

**پچڕ، پچڕ، هاتە دەرێ** ← **دیالۆگ لە شێوەی وەلامدا**

**وتی: دیار نییە نامەکەی**

**دەنگی خۆشی ناگاتە گوێ.** ← **دیالۆگ لە شێوەی وەلامدا** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٨)

دواتر ڕۆڵی ئەستێرە، کە ڕۆڵێکی خواستراوە، بەجێدەهێڵێت و شاعیر کارەکتەرێکی نادیار دێنێتە ناو دیالۆگەکەو دەیەوێ لەڕێگەی پرسیارێکی ترەوە کۆمەڵێک ڕازی دڵی بخاتە چوارچێوەی دەقە شیعرەکەیەوە:

**لێیان پرسیم: ئەندازەی دڵ**

**بۆ ئەو چەندە خۆشەویستی؟**

**وتم: ئایا پەپوولە و گوڵ**

**قەت ئەمەیان لە یەک پرسی؟!**

**لێیان پرسیم: شیعرەکانی**

**باخی ئەمساڵت ڕەنگینە.**

**وتم: چونکە چاوەکانی**

**مانگەشەوی بەر نووسینە.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢٩)

لە بەرئەنجامدا دەگەینە ئەو ڕایەیی بڵێین دیالۆگ لە شیعردا یان درامادا پێویستی بە ئامانجێکی گشتی، یان کاریگەرییەکی گشتی هەیە، «چونکە یەکەی سۆز یان فیکری تێدا نییە، کە دیالۆگەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی گوزارشتی لێبکا و ململانێکە بەڕێوەببا»(حەمودە، ٢٠١٦، ١٤٥)..

## دووەم: مۆنۆلۆگ

دواندنی(خۆدواندن)، یان قسەکردنە لەدڵی خۆوە، دەنگ دەرناچێت و ناگاتە بەرامبەر بۆیە کارەکتەر بە ئازادی بۆچوونی خۆی دەردەبڕیت، لەڕاستیدا زۆرجار گوزارشتە لەو بابەتانەی کە بۆ ئاشکرابوون نین، "ئەو دەستەواژەو ڕستانەن، کە لەناو هۆش و زەینی مرۆڤدا لە حاڵەتی بە ئاگابونییدا، بە بێ دەنگی و بە شاراوەی ئاراستەی خودی خۆی دەکاتەوە"(مەجید، ٢٠٢١، ٤٢) یان لەڕێییەوە دەیەوێ بە ئامانجێک بگات، یان گوزارشت لە دەردەدڵییەکانی بکات، لەم تەکنیکەدا توانای مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەکانی لە ڕێگەی دروستکردنی هەندێک کارامەیی و گوزارشتەوە، کە زمان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، کاریگەریی لەسەر ئاراستەی ڕووداوەکانی نێو دەقێک دەبێت، چونکە "لە ڕووی کاتەوە پەیوەندی بە ئێستای قسەکردنەوە هەیە لە بارەی ڕووداوێکەوە"(مەجید، ٢٠٢١، ٤٢)، و دەتوانێت بەشداری کارای هەبێ لە پێکهاتەی بابەتەکەدا.

شـــێرکۆبێکـەس، هـەمیشـــە کـەڵکی لـە تـەکنیکی جۆراوجۆر وەرگرتووە بۆ تازەکردنەوەی شــیعری کوردی، لە بەشـــێکی دەقی (کەژاوەی گریان)دا بە بەکارهێنانی تەکنیکی(مۆنۆلۆگ) لەگەڵ نەگبەتی، گفتوگۆیەکی ناوەکی قوڵ ئەنجامدەدات بەم شێوەیە:

مۆنۆلۆگێکی ڕاســـتـەوخۆ لـەڕێگـەی دەنگی شـــــاعیرەوە لـەگـەڵ حـاڵـەتـە پەنگخواردووەکەی دەروونی کەسـی سـێیەم(پاسـەوانەکەی گۆرسـتان)دەکات و هۆشـی دەباتەوە سەر بەدبەختی و نەگبەتییەکانی بۆیە لە دڵەوە گوزارشت و دواندنەکانی ناخی ئەو دەگێڕێتەوەو بەئازادانە دەدوێت:

**- ئای نەگبەتی** ——— **مۆنۆلۆگ**
**- ڕێم کە، با زوو**
**گۆڕەکەی ئەمیش هەڵکەنم**
**بۆ سکی سبەینێی خێزان**
**چەند (مارکێکی) تر بسەنم...** ←
**- بیرم نەبوو!** ——— **دیالۆگ**
**- ها... چی...؟**
**- ناوی چی بوو؟** ← (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٠)

کارەکتەری قسـەکەر لەم جۆرە تەکنیکەدا خودی شاعیرە، نوێنەرایەتی گێڕانەوەی دەنگە جیـاوازەکـانی نێو دەقـەکـە دەکـات، جـا ئـەوەی دەیڵێت لـەبـارەی خۆیـەوە بێت، یـان دەوروبەرکەی. گرنگ ئەوەیە شتە پەنهان و نەزانراوەکان ئاشکرا دەکات. شـاعیر لێرەدا گوزارشـت لە پەنهانییەکانی ناوەوەی کرێکارێکی ماندوو دەکات واتە نوێنەرایەتی دەنگی ناوەوەی (پاسەوانی گۆڕستانەکە) دەکات.

لە دنیا بەرفراوانەکەی شــیعردا، تەکنیکی مۆنۆلۆگ شــیعرێک دەگرێتەوە، کە لە شێوەی وتارێکی تاکەکەسیدا نووسـراوە، کەسـی قسـەکەر کە شـاعیرە یان کەسێکە کە شـــاعیر نوێنەرایەتی دەکات، هەســـتی خۆی بە گێڕانەوەی ڕابردوویەک دەخاتەڕوو. هەرچەندە ئەم فۆرمە بە شــێوەیەکی ســەرەکی بەشــێکی زۆری شــیعرەکان لەخۆی دەگرێت و مۆنۆلۆگی دراماتیکن یان بڵێن ئەو بابەتـەن کە هـەســـتێکی تاکەکەســـی دەردەبڕن و خۆ دواندنێکی ناوەکین، بەواتایەکی تر دەتوانین لە بەشێکی زۆری شیعری لیریکدا هەســـت بەم خۆدواندنانەی شـــاعیر بکەین کە هەســـت و هەڵچوونەکانی خۆی پێدەردەبڕێت.

(بێ ئارامی)، دەقێکی شیعری (ئەحمەد هەردی)یە، کە هەر لەخۆیدا گوزارشتە لە خۆدواندنێکی فراوانی ژیان و بەسەرهاتەکانی ژیانی، هەروەها خستنەڕووی بێ ئارامی و بێئۆقرەیی و بەدبەختییەکانی ژیانی:

**ئاخ و داخ و دەرد، لە دەست تەنیایی**
**پەشێویی بێ حەد، دەردی بێ دوایی**
**ئەم سەرسامییە**
**بێ ئارامییە**
**دڵ ناکامییە**
**کەی دێ کۆتایی؟** (ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤، ٤٨)

وەک دەبینین "وێنەی بێ ئارامی ساتەکانی ژیانی ئەکێشێ" پانتایی دەربڕینی گشتی لەم دەقەدا، دەرخەری ئەوەیە چۆن حاڵەتە دەروونییەکانی ناخی خودی شاعیر دێتەجۆش و لە نێو بەسەرهاتەکان هەڵچوونێک دایدەگرێت و بە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆ، یەک لەدوای یەک وێستگەکانی خۆی دەخاتەڕوو ، کە دڵی بەوانەش ناسرەوێ، ئەم وێنە دراماییانە هەمان پەیام بە گوێگرو خوێنەریش دەدەن و زۆرجار هەستی بێ ئومێدی لا دروست دەکەن:

وێناکردنی کەسایەتی شاعیر یان ئەو کارەکتەرەی شاعیر دەیەوێ بیخاتەڕوو لە ڕێی بەکارهێنانی مۆنۆلۆگەوە بەشێوەیەکی واقیعی نوێنەرایەتی دەنگە شاراوەکەی ناخ ودەروونیان دەکات، لەم پرۆسەیەشدا بیرکردنەوەو حاڵەتە دەرونییەکانی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت:

**کە بە تێکەڵ بوون وەها بێزارم**
**بۆچ بەتەنیایی پەشێوە کارم؟**
**بۆ وەک ڕەنجەڕۆم**
**وەڕەس بووم لە خۆم**
**بۆ هەر کوێ ئەڕۆم**
**دڵ بێ قەرارم؟** (ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤، ٤٨)

زۆربەی کات شاعیر ئەو حاڵەتەی تێدا بەرجەستە دەبێت کە دەربڕین و بیرکردنەوەو هەستەکانی بەدەنگی ئاشکراو دیار بە گوێ خەڵک بدات.

**سێیەم: زمان**

زمان ڕەگەزێکی سەرەکی بنیاتی دەقە، بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ڕەگەزەکانی تر و پێکەوە بەستنیان، هەروەها زمان ڕەگەزێکی گرنگە کە شێوە بنەڕەتییەکانی ژانرەکانی ئەدەبی لێکجوودا دەکاتەوە، بەڵام زمان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی نێوان درامای شیعر، بەڵام سادەیی زمان و زمانی ئاسایی و وشەی کوردی پەتی و ڕەوان، لە هەردوو ژانری شیعرو درامادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی ئەم دوو ژانرەی ئەدەب، بەتایبەت لە قۆناغی شیعری نوێی کوردیدا.

**بەسەرهاتی ئەستێرەیەک**

**بانگی شێوان: لە ئاسمانی خۆرنشین،**

**ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ: گەش، شیرین!**

**دەور و پشتی دەریای شینە و بە تەنیا**

**سرنج ئەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیا!**

**لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،**

**لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!**

**وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لە سەر نازداری،**

**تێر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنواڕێ!**

**منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم،**

**دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم؛...** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ١٤٢)

ئەرکی زمان، گەیاندن و ئاسانکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانە، ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە بۆ گواستنەوەی مانا و هەست دەربڕیین و پێداویستی نێوانیانە، جا بەکاربردنی ئەو زمانە لە دەقی ئەدەبیدا تا چەندە لە زمانی ئاسایی خەڵکەوە نزیکبێت زیاتر گوزارشتەکان ماناو مەبەستی خۆیان دەپێکن، ئەڵبەتە

لـه دەقی ئـەدەبی و بـەتـایبـەت لـە شــــیعردا ســــیحری جوانی زمـان لـە شـــــێوازی بەکاربردنەکەیدا پەیوەندیی بە سەلیقەو توانای شاعیرەکەوە هەیە:

ئەگەر سـەرنج بدەینە ئەم دەقە شـیعرەی گۆران، کە وەسـفی سـروشـتی جوانی کانییەکی کوردسـتان دەکات، ڕەنگە باشـتر لەوە بگەین کە مەبەسـتمان لە زمانی سـادەو ڕەوان چییە لە شـیعردا، گرنگی و بایەخی لایەنە ئیسـتاتیکییەکەی شـیعرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەکاربردنی ئەو زمانە لە شـــیعردا چەندە جیاوازە لە بەکاربردنی زمانی ڕۆژانەی خەڵکی، کەواتە بۆ دەلالەتکردن لە واتا و مەبەســـتی هەردوو ژانری دراماو شـــیعر زمان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو، هەرچەندە ئەو زمانەی لە شـــیعردا بەکاردێت بنەمایەکی دەســـتوری هەیەو شـــاعیر ســـەربەســـتە لە بەکارهێنانیدا، لەگەڵ ئەوەشـــدا سـەردەمی شـیعری نوێی کوردی بایەخی خسـتە سـەر لایەنی ئیسـتاتیکاو جوانی زمانی شـیعر بەشـێوە سـادەکەی، ئەگەر سـەرنج بدەینە ئەم دەقە شـیعرییەی گۆران، دەبینین جوانی وێنەی سروشتی لە ڕێگەی گیانلەبەرانەوە بۆ دەرخستووین و چەند ڕەگەزێکی بە کارهێناوە(وێنە، کارەکتەر، شوێن، کات)

**ڕەوتێکی جوان**

**لە ژێر زەردەی خۆرەتاوا،** ← شوێن

**بە ناو چیمەنی گوێ ئاوا،** ←

**چەن بە ئاهەنگ، چەن سیحراوی**

**ئەگەڕێ قاز، یان مراوی!**

**یا کەو لەسەر بەفری نزار**

**بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار،**

**چەن ئێسکسووک چەن گورج و گۆڵ**

**ئەکشێ: پشت لە تۆی تەختی دۆڵ!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٤٤)

ڕەفیق حیلمی لەبارەی جوانی و بەرزی وێنەکێشـانی گۆران لەم دەقە شـیعرییەدا و بەکارهێنانی وشـــەی کوردی پەتییەوە، دەڵێت: « تا پێش دەوری گۆران وا ئەزانرا کە لە وشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێت، بەڵام بەهۆی شێوازی دایهێنا لە

هونەری شـــیعردا، گۆران، ئەم باوەڕەی گۆڕی، لاموایە هەرچی وشـــەی جوان و بەرزو بەمانای عەرەبی و فارسـی هەیە بۆ نەخشـاندنی(تەصـویر)ڕەوتی کەروێشـکێک بەکاری بهێنایە بەچەشنی ئەوەی لەم شیعرانەی خوارەوەدا هەستی پێئەکرێ، جوانی و شیرینی ڕەوتی کەروێشکێک نەئەچووە دڵەوەو جێی نەئەبوەوە»(حلمی، ١٩٨٨، ١٦٩).

**یا <u>کەروێشکی</u> تێر و قەڵەو**

**لەبەر تریفەی مانگەشەو** ← **کات**

**چەن جوان ئەڕوا بە قونەقون** ← **وێنە**

**سرک و گورج و سپی و خرپن!** ←

**یا <u>پۆڕ</u> لە گوێ ڕێگای دەشتا**

**لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا**

**چەن ورد و جوان، بە لەنجە و لار**

**ئەشێلێ سەوزە گیای بەهار!...** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ٤٤)

## چوارەم: گەڕاندنەوە (استرجاع ) فلاش باک

فلاشباک: زاراوەیەکی هونەری و ڕەخنەییە، گەڕانەوە لە "ڕووی کاتەوە بۆ پێش خاڵی یەکەمی گێڕانەوەکە"(مەجید، ٢٠٢١، ٦٣) یەکێکە لە تەکنیکە دیارەکان کە لە سینەماشدا زۆر کاری لەســـەر دەکرێت، لە فلاشـــباکدا تێکشـــکاندنی کاتی فیزیکی و ســـروشـــتی ســـــەرهەڵدەدات، ئەم تەکنیکە بەشـــێکی دیاری درامای داگیرکردووە، بەڵام کەمتر لە شـیعردا بەکاردێت، شـاعیر یان نووسـەری دراماو ڕۆمان لە بەکارهینانی ئەم تەکنیکەدا "زەمەنی بەرەوپێشـــچوونی ئێســـتای گێڕانەوەکان ڕادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو"(مەجید، ٢٠٢١، ٦٤)، ئەم تەکنیکە زۆر پێویســـتە بۆ دەربڕینی باری دەروونی کـارەکتـەرەکـان و زانینی ڕابردووی هـەریـەکـەیـان، چونکە زۆرجـار ڕووداوەکـان پەیوەندییان بە نهێنی و شاراوەیەکی زەمەنی ڕابردووەوە هەیە.

لەم دەقەی  خوارەوەی(کامەران موکری)دا ڕەگەزی (فلاشـــباک) گەڕانەوەیە بۆ بارێکی دەروونی شـێواو لە قۆناغێکی تەمەنیدا لە ڕابردوو، کە دیارە ئێســتا ئەو بارەی تێپەڕاندوە.

**جاران دڵم بە مەئیووسی**

**دێڕی خەفەتی ئەنووسی**

**تەرمی زەوقم سست ئەگەڕا**

**کڵپەی پەژارەم ئەگڕا**

**جاران هەستم تەماوی بوو**

**هەرچیم ئەوت خەماوی بوو**

**لە دەشتی ناسۆریما، هەر**

**ئەگەڕام وێڵ و دەربەدەر**

**ئەموت ئاخ بۆ شارەزایە**

**زامی سارێژ بکردایە** (کامەران موکری، ٢٠١١، ٣٤٢)

کات (زەمەنی ڕابردووی سـەردەمی گەنجی)، (کاتی ئێســتای نووسـینی دەقەکە) کە دەرچوونە لەو حاڵەتەی ڕابردوو، ئیستا شادمانە

**ئەی گیانەکەم کە تۆم ناسی**

**ئیتر نەژیام بە کەساسی** (کامەران موکری، ٢٠١١، ٣٤٣)

ئەم تەکنیکە بۆ ئەوەیە وەرگر بزانێت ئەو کارەکتەرە باروودۆخی ئێســـتای چ پەیوەندییەکی بە ڕابردووەوە هەیە، یان شــریتی گۆڕان و ڕووداوەکانی ژیانی چۆنن و چۆن هـاتووە، لـەدەقی ئـەدەبیدا بۆ تۆکمـەیی لـە چنیندا، یـان دۆزینـەوەی ڕێگـایـەک بۆ ئەوەی درێژە بە دیالۆگ و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بدات و بیان بەســـتێتەوە بە کاتی ئێســـتاوە، واتە ڕابردووی خۆی لەڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە بخاتەڕوو، ئەویش لەبەر زەرورەت و پێویستی دەقەکە.

ئەخۆل هەرچەندە دەقێکی شــیعریی بۆ شــۆڕشــی ســاڵی (١٩٥٨) وتووەو خۆشــحاڵی بە ســەرکەوتنی ئەو شــۆڕشــەو ئەو ئازادیە دەردەبڕێت، بەڵام لە بەشــی

یەکەمی شـیعرەکەیدا کارەسـاتێکی تراژیدی سـەردەمی منالّی ئەگێڕێتەوە، کە ڕووی لە میللەتی کورد کردووەو هەموو جێگایەک بە هۆی جەنگێکی مالّکاولکەرەوە، وێران بووە، چیرۆکی ئەم ڕووداوە لە بنەڕەتدا، کەرەسـتەی دەقێکی درامییە کە مێژووی ڕابردووی میللەتێک بیربهێنێتەوە. شـاعیر بە زمانێکی سـادەو ڕەوان دێت ئەم چیرۆکە بە شـیعر دەنووسـێتەوە، سـات بە سـات ڕووداوە تراژیدیەکە بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەخاتەڕوو، کە فلاشباک لەم دەقەدا لە جۆری دەرەکییە:

**منالّ بووم بیرمە مێژووی کوردستان** ← **کارەکتەرو گێڕەرەوەی ڕووداوەکان خودی شاعیرە**

**وەک سەرگوزشتە وەکوو داستان**

**لە بیرمە چلۆن بوو بە وێرانە** ← **وێنە تراژیدی و درامییەکان**

**بە گوللە و تۆپ و بۆمبای بێگانە**

**لە بیرمە چەن لاو، چەن قارەمانان**

**کران بە دارا و خرانە زیندان**

**بە چەند هەزاران کۆرپەی نازاران**

**لە ژن و پیاو... لە پیر و لە جوان**

**ئەمانە هەمووی زۆری تر تێکڕا**

**بوونە خۆراکیی برسێتی بۆمبا** ←

**بە هۆی جەنگەوە کردەی زەمانە**

**کەوتە ژێر دەستی پیسی بێگانە...** (دیوانی ئەخۆل، ٢٠١٩، ١٠٩)

کارەکتەرەکان(بێگانە، لاو، قارەمان، کۆرپە، ژن، پیر)

کات(کاتی نووسـینی دەقەکە سـالّی ١٩٥٨)، کاتی ناوەوەی دەق(سـەردەمی شـەڕی جیهانی یەکەم)

شوێن(کوردستان).

ئـەلّبـەتـە گـەڕانـەوە بۆ ڕابردوو لـە دەقی هونـەری و ئـەدەبیدا دەبێت لـە چوارچێوەیەکی هونەری ڕێگە پێدراودابێت، پشـت بە خەیالّی دەقنووس دەبەسـتێت بۆ

گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕابردوو، زۆربەی لە واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕاستییەکی لە خۆدا هەڵگرتووە.

(دڵێکی تێکشـــکاو) دەقێکی هونەری بەرزی (ئەحمەد هەردی) شـــاعیرە، کە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەکی پڕ لە ناســـۆرو هێنانەوە یادی مەینەتییەکانی گەنجییەتی، زۆرجار ئەم تەکنیکە یارمەتیدەرە شـــاعیر یان نووســـەر بەراوردی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی پێشووتر ئێستای تەمەنی خۆی یان ژیانی خەڵکی تری پێبکات.

شـــاعیر لەم دەقەدا کەڵکی زۆری لە تەکنیکی (فلاش باک) وەرگرتووەو پڕاوپڕ توانیویەتی شـریتی عومری ڕابردووی بهێنێتەوە بەرچاو، (وێنە درامییەکان)ی بە جوانی بکێشێت.

**بە سەرسامی لەسەر لووتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم** ← **کارەکتەری سەرەکی شاعیرە کە بە ڕاناوی لکاوی(م) کەسی یەکەمی تاک گوزارشت لە مەینەتییەکانی خۆی دەکات**
**شریتی عومری ڕابردووم وەکوو خەو دێتە بەرچاوم**
**شریتی چی؟ سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە**
**فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە**
**تروسکەی تیا بەدی ناکەم، سەرنجم چەندە لێ داوە** ← **وێنە درامییەکان**
**لە تاپۆی نامرادیم و تەمی ناسۆری بەولاوە**
**ئەوی ئەوساکە ڕووناکیی ئەدا بەم ژینە شێواوە**
**دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕووخاوە** ... (ڕازی تەنیایی، ١٩٨٤، ٥٨)

لە تەکنیکی فلاشـــباکدا بە هۆی وروژاندنی بابەتێکەوە ڕیزبەندی زەمەنی گێڕانەوە ســـەرەکییەکانی نێو دەقێک دەبڕن، واتە بەدوایەکداهاتنی کات(زنجیرەیی) لە حاڵی ئێســـتادا دەبەنەوە بۆ ڕابردوو ئەمەش کارێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو زۆرجار بنیاتی دەقەکە پێویســتی بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشــاییانە هەیە کە پێکهاتەیەکی گشــتی جوانترو تۆکمەتر دەخاتەڕوو.

وەک چۆن هونەرمەندێکی شــێوەکار بە هونەرەکەی لە کاتی ئێســـتادا وێنەیەکی مێژوویی دەکێشــێت کە توانای ئەوەی هەیە گوزارشـــت بێت لە ڕابردوو. ئەم حاڵەتەش بەڕوونی لە دەقی شیعریی (دواتروسکە) شێرکۆ بێکەسدا کە ساڵی ١٩٦٨ نووسیویەتی،

هەســتی پێدەکرێت، ئەمە گرنگی ئەم تەکنیکە دەردەخات کە شــاعیر چەند ســنعەتکارانە ڕابردووی بەستۆتەوە بە ئێستاوە:

**هەر ئاوڕێ ئەدەمەوە بۆ دواوەی تەمەن** ← **فلاش باک**

**هەر سەرنجێ لە ڕابردووی پێشینم ئەگرم**

**تاریکییە و دەس لە ملی ژیانم ئەکەن** ← **کۆمەڵێک وێنەی درامی**

**لە ناخەوە فرمێسکی خوێن بۆ چاو سەر ئەخەن!**

**تەمومژە، کوێرە ڕێگای بەرەو هەڵدێرە،**

**تارماییە، ئاسمانێکی سەر بەرەو ژێرە.**

**دووکەڵ، پەپوو، گوڵی سووتاو**

**شەوی پاییز، خۆری خنکاو!**

**مەلی تینوو، باڵی شکاو**

**گەرووی خۆزگە، دەنگی تاساو...**

**کۆمەڵێک دەستەواژەی ناخ هەژێنی تراژیدی**

**(فرمێسکی خوێن، تاریکی، کوێرە ڕێگا، تارمایی، گوڵی سوتاو، خۆری خنکاو، باڵی شکاو...)**

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٨٣)

کەواتە فلاشباک لە ئەدەب و هونەردا دیمەنێکە کە پێش دەستپێکردنی چیرۆکێک یان درامایەک ڕوودەدات. فلاشباکەکان ڕێزبەندی گێڕانەوەی سەرەکی دەبڕن بۆ ئەوەی بینەر یــان خوێنــەر و گوێگر بگەڕێننەوە بۆ کــاتی ڕووداوەکــانی ڕابردووی ژیــانی کارەکتەرێک، ئەگونجێ ئەو کارەکتەرە خودی شاعیر بێت. نووسەر ئەم تەکنیکە ئەدەبییە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خوێنەر باشــتر لە گرێی ئێســتای چیرۆکی ڕووداوەکانی ژیان تێبگەن، یان زیاتر لەبارەی کەسایەتی نێو ڕووداوەکانەوە بزانن.

## - پاری سـێیەم: (ململانێ، وێنەی درامایی و وێنەی تراژیدی) لە شـیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٠-١٩٧٠)

### یەکەم: ململانێ

(هێزی خێرو شـەڕ، باش و خراپ، جوان و ناشـیرین، بەهێزو بێهێز، شـەڕ و ئاشتی، گەرم و سارد...)ئەمانە دوو جەمسەرە بەرامبەرو پێچەوانەو هەندێکجار دژەکانی یەکترن و بەشـێکی پێکهێنەری گشـتین بۆ دەرکەوتنی ململانێ، ڕەفتارەکان لە جووڵەی تاکەکاندا زیاتر سـەرهەڵدەدەن، ململانێ بەشـێوەیەکی بنچینەیی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەیە، دەتوانرێت ململانێ بەو شـێوەیە پێناسـە بکرێت ڕەفتارێک یان جووڵەیەکە کە دەبێتە هۆی هەڵچوونی کردەیی بەرامبەر، واتە هەڵسـوکەوتی تاکەکان لە سـەرهەڵدانی ڕووداو و گرژبوونەوەی هەڵوێسـتەکان ڕۆڵی هەیە، ئەم کردارە لە هەڵسـوکەوت و دەرئەنجامی ڕووداوەکاندا دەرەکەوێت، شـوێنی پاڵنەری ناکۆکییەکانە سـەبارەت بە ئامانجێک. ئەم تەکنیکە لە هونەرو ئەدەبدا، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە خولقاندنی دەقێکی دراماییدا، ڕووداوەکان و گرژبوونی ڕەوتی ئاسـایی ئەو ڕووداوانە، ململانێ بەرهەم دەهێنێت و سـیمایەکی درامی بەدەق دەبەخشـێ. ململانێ لە ژیانیشـدا ئاماژەیە بۆ پێکدادان لە نێوان دوو جەمسەرو ئاراستەی پێچەوانەدا.

شاعیران زۆر لەبارەی دوژمنەوە دواون، هەمیشە مرۆڤ و نەیارەکەی مایەی سـەرهەڵدانی ململانێیەکی توندبوون، تا ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەو ئاواتە خواسـتن بۆ مەرگی بەرامبەر بە هەرجۆرێک بێت.

دەقی شـیعری لۆمۆمبای (دیلان) دەقێکی درێژە لە سـەرەتاوە تا کۆتایی دەرخەری ململانێی توندی نێوان دەسـەڵاتی خێرو شـەڕو بەهێزو لاوازە ململانێیەکی توند، ژیان و مردن لە زۆراندان، شەڕ، ژیان وێران دەکات:

**چۆن ئەژیام...؟** ← **جەمسەری یەکەمی ململانێکە**
**ئیرادەی خێر، ژیانی ئارام**

**ژیانێکی بێدەنگ و کڕ**

**بێشکەی ئارام و ئامانم**

**دارستان بوو**

**بێ سنوور و زەبەنگ و چڕ**

**جەنگەڵێکی پڕ سامان بوو**

**بە فرمان بووا..**

**جار جارێ ڕەشەبای بەهێز** ← **جەمسەری دووەم هێزی شەڕ**

**هەڵی ئەکرد** **جەمسەری دووەم هێزی شەڕ**

**زریکەی تۆقێنەرتر لە وێز!...**

**نەک دار... ڕێکانیشی ئەبرد** **ئەنجام**

**کۆرپەی ئەکوشت**

**خوێنی ئەڕشت!..** (دیلان، ٢٠١٣، ٢٤٤)

لە کۆتایی دەقەکەدا ئومێدێک دەداتە بەرخۆو دەیەوێت مل بۆ سـتم و زۆرداری بەرامبەر دانەدات بەم دێڕە کۆتایی بە دەقەکە دەهێنێت:

**برژانگمان ئەکەین بە خەنجەر**

**ئەیدەین لە پشتی داگیرکەر** (دیلان، ٢٠١٣، ٢٤٩)

لەبەر ئەوەی ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیانەو بەشـێک لە پێکهاتەو بەردەوامی ژیان بەسـتراوە بە ململانێوە، بۆیە جۆرەکانی ململانێ لە ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی دیاری هەیە، ئەو جۆرانەش بەشـێوەیەکی گشـتی بریتین لە: ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا، مرۆڤ و خود، مرۆڤ و کلتوور، ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و تەکنەلۆژیا، هەتا ململانێی نێوان مرۆڤ و سەروو سروشت...ئەڵبەتە لەنێوان گیانلەبەرانیشدا جۆرێک لە ململانێی بێ پلانی پێشوەخت هەیە.

لەم دەقە شـیعرەی شـێخ نووریدا، ململانێ، ململانێی نێوان دوو جەمسـەری (هێزی شـەڕو ئاشـتیخوازییە، ململانێی نێوان سـتەمکارو سـتەملێکراوە، دەنگی ئازاد و چەوسانەوەیە).

**چواردەی تەمموز و ڕۆژانی دوای ئەو** **جەمسەری یەکەم**

**کەس نەیئەوێرا بیبینێ بە خەو** **ڕابردوویەکی توقێنەر**

**هەناسەی سارد و هەنسکی گیراو**

**لەگەڵ هاواری بێدەنگ تێکەڵاو**

**زوبانی لاڵی پشکۆ پیا چزاو**

**گەرووی وشکبووی، نووزە لێ بڕاو**

**بەبیری کێدا ڕائەبوورد دوێنێ** **کات، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو**

**گیروگرفتی هیچ تیا نەمێنێ**

**زوبان بەم ڕەنگە تەڕ و پاراو بێ**

**ڕقی لە دەنگی کپ و نووساو بێ**

**لەشی بێ تاوان بەدەم دارەوە** → **جەمسەری دووەم**

**لەت لەت بوو ڕزی کەوتە خوارەوە** (شێخ نووری ، ١٩٨٩، ٣٠٦)

لەم دەقەدا چیرۆکەکە ڕابردوویەکی دورو درێژ بە ئێستای ناو دەقەکەوە دەبەستێتەوە و پڕە لە ڕووداوی خۆش و ناخۆش، بەڵام ئەنجامی ململانێکان سەرکەوتنی بەرەی ڕاستی و میللەتە.

ململانێکە لە نێوان ئیرادەیەک بۆ ترس و تۆقاندن و دەنگی دلێری شاعیران و ئارەزووی سەربەستی، لە ئەنجامدا بە سەرکەوتنی بەرەی ئازادیخواز، ململانێکە دوایی دێت.

**بە بیری کێدا ڕائەبووررد دوێنێ** → **کات**

**وا شەعب لە خەو زوو ڕاپەڕینێ** → **ئەنجامی ترس و تۆقاندن**

**پریاسکەی شیعری توند گرێ دراو**

**لە ترسی گەڕان لە کوون ئاخنراو**

**بیری ئازادی، وتاری نووسراو**

**لە کونە مشکی قووڵا هەڵگیراو**

**وتاری جوانی تێکەڵاو بە خۆڵ**

**شیعری شاراوەی لە چیا و لە چۆڵ**

**بێنرێتە دەرێ و بخوێنرێتەوە** → **کۆتایی ململانێ بە شکستی دوژمن**

**باسی ڕابووردوو بگێڕێتەوە** (شێخ نووری ، ١٩٨٩، ٣٠٦)

مەرج نییە هەمیشە ململانێ ئەنجامی خراپ بەرهەمبهێنێت، هەندێکجار پەیوەندییەکی نزیک بە بێزارییەوە هەیە، لەڕەفتارو هەڵوێست و کرداری بەرامبەر، چونکە ئارەزوو بۆ بەردەوامبوون و دەستخستنی پێداویستییەکان یان ڕێکخستن لەنێوان دوو لایەنی ژیان تەنانەت ئەگەر بە ڕواڵەت ئاشت نەبن یان لانیکەم پێچەوانە

بن، وەک ئەوەی ڕوودەدات، جۆرێـک لـە ململانێ دەردەکـەوێ، بۆ نموونە لە نێوان ئارەزووی سـەربەخۆیی و پێویسـتی بۆ پاراسـتن و مانەوەی ئەو سـەربەخۆییە، بەردەوامی بۆ ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاسـتەنگییەکانی ئەو ژیانە، یان ئەوەی بێزاربوون لەوەی بەسـەرت دێت و دەکەوێتە ململانێ لە گەڵ خود، وەک لەم دەقەی شێرکۆ بێکەس دەبینرێت.

**بڕوام**

**ڕێگای بیرم، بەناو هەزار داوی باریکا**

**ئەڕوا، بەرەو خۆری ئاسۆی ئامانجی ڕوونم**

**چاوی تیژی کوردایەتیم لەڕێی تاریکا**

**چراوگی ڕۆژ، ئەداتە دەست، دەستی دەرچوونم.**

**هێزی ئەژنۆی، شلنەبوونی تێکۆشانەکەم**

**هەوراز لەدوای هەورازی سەخت، ئەشکێنێ، ئەبڕێ**

**بەرەو لووتکەی هیوای گەورەی نیشتمانەکەم**

**لەناو گەلدا، یەکەم ڕیزی سەرکەوتن ئەگرێ.**

(شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٣١)

لەم دەقەدا ئەوەی خراوەتە ڕوو کۆمەڵێک جەمسەری ململانێکە بە ئاشکرا لە نێوان (ئیرادەو نائومێدی)دا، بەرەی خاوەن ئیرادە سەردەکەوێت و شکست بە نائومێدی دەهێنێت. جەمسەری خێر، ئومێد بەخشەکان(بڕوا، ڕێگای بیر، خۆری ئاسۆ، چراوگی ڕۆژ....) جەمسەری شەڕ(داوی باریک، ڕیگای تاریک، هەورازی سەخت...).

## دووەم: وێنەی درامایی و وێنەی تراژیدی

**وێنـەی درامـایی:** بنیاتی بنەڕەتی و سـەرەکی درامایە، تەکنیکێکە لە دەقە ئەدەبییەکانی تردا ڕۆڵی لە پێکهاتەی دەقدا هەیە، لە درامادا«پێش هەر ئامانجێکی دیکە دەکەوێت لە پرۆسـە شـانۆییەکەدا، کە هەم دەتوانێت لە چوارچێوەی ئەدایەکی ڕەسـم بۆ کێشـراوی ئەکتەردا گوتارێکت پێبگەیەنێت»(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، ١١٧)، وێنەی درامایی وێنەیەکی جووڵەدارە کە ڕووداوەکان هۆکاری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دەبن، ئەوەی

وێنەی درامایی لە وێنەی شـــیعری جیادەکاتەوە، ئەو ململانێیەیە کە لە هەناوی وێنەی درامایيدا هەسـت بە بوونی دەکرێت، وێنەی درامایی بەبەشـێکی گەورە لە دراما ئەژمار دەکرێت کە «هونەری دراما پشتیان پێدەبەستێت»(هوایتنج، ١٩٧٠، ١١)، هەروەها ئەوەی لە وێنەی درامایيدا سـەرکەوتوویی بە دەقێک دەبەخشـێت، ئەوەیە کە کردەوەو دەربڕین و جوولەکان لەگەڵ ئەو بابەتانەی دیمەنی گشـــتی، شـــیاو و گونجاوبن و هەســـتی پەرتەوازەیی لە پێکهاتەی دیمەن و کردەوەکاندا نەبینرێت.

ئەگەر لەم دەقەی شـــێرکۆ بێکەس بڕوانین دەبینین چەند وەســـتایانە وێنە دراماییەکانی لە دیمەنی گشتی گونجاو و کردەوەکاندا بنیاتناوە، ژیانی لەناوی نائومێدیدا دۆزیوەتەوەو بێ هیواییەکانی تێپەڕاندووەو وێنای گشت سەرکەوتنەکانی کردووە:

**لە ئاگری بۆردوومانا،** ← **پێکەوە وێنەیەکی دراميیان کێشاوە**
**لە سووتانا،**
**لە کاتی درووێنەی لەشی**
**شەهیدانا:**
**گەڵای پاییزمان سەوز بوون**
**کانیی وشکمان ژیانەوە**
**چاو پڕ لە سۆز**
**مردووەکانمان، هەستانەوە**
**بوو بە نەورۆز.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٥)

ئەگەر سـەرنج بخەینە سـەر تەواوی دەقەکە، دەبینین وێنە دراميیەکانی بوونەتە خشـــتی دیواری چنینی دەقەکەو زۆر بە شـــارەزاییەوە و بەبێ زیادەڕۆیی، پێکهاتەی دەقەکەی بونیاتناوە، لەناو گڕی باروت و جەنگدا چارەنووس و ســەرفرازی نیشــتمانی دۆزیوەتەوە:

**لە پەلەپیتکەی تفەنگدا** ← **وێنەکان**
**لە تینویەتی ناو سەنگەرا**
**لە بۆنی barووتی شەڕا**
**هەوای ئازادیمان مژی**
**لەناو جەنگدا**

**چارەنووسی، مانەوەمان**

**دا بە ژیان**

**بۆ سەرفرازیی نیشتمان.** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٧٥)

کەواتە وێنەی درامایی کێشانی ڕەسمی ڕووداوەکانە بە وشە، وەک ئەوەی لە چاوی کامێرا، یان وێنەیەکی جوڵاوەوە ڕەنگرێژکرابێت،( **لە پەلەپیتکەی تفەنگدا لە تینویەتی ناو سەنگەرا، لە بۆنی بارووتی شەڕا**) لەگەڵ ئەوەی هەست بەبوونی زیندویەتی بکەیت تێیدا، بەڵام بەتەکنیکێکی هونەری کە شایستەی نووسینی دەقی ئەدەبی بێت، دەتوانین بڵێین پەیوەندیی بەتین لە نێوان وێنەی شیعری و وێنەی دراماییدا هەیەو جیاوازییەکەیان تەنها لە جووڵەو هەستی ململانێی نێو وێنەکەیە، کە دیمەن و وێنەی درامایی کارێکی هەڵچوون و سۆزداری بە جووڵەو هێمایەکی سەرنجڕاکێش دێتە پێشچاو و خۆی دور دەگرێت لە وێنەگرتنەوەیەکی دەقاو دەق بە وشە.

لەم دەقەی شیعرییەی (کامەران موکری)دا لە ژێر ناونیشانی (لە زیندانەوە) لە ساڵی ١٩٥٧ نوسیویەتی کۆمەڵێک وێنەی پڕ لە جووڵەی لە بارو حاڵەتێکی دەروونی هەڵچووندا کێشاوە، بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشا خستونییەتە نێو دەقەکەوە، وێنەکانی ناو زیندان و ئێستای دەرەوەی زیندانی پێکەوە گرێداوە.

**نوێنەکەم و قوژبنی ژوور**

**<u>پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور</u>** ← ——— **وێنەکان**

**<u>پەرەمێزی دووکەڵاوی</u>**

**<u>خولیای شێواو و تەماوی</u>** ←

**سڵاوتان لێ ئەکەن هەموو**

**لە ئێوە و لە کێل و مردوو**

**لە ئێوە و لە گردی سەیوان**

**لە گزنگ و لە ئەرخەوان** (کامەران موکری، ٢٠١١، ٩٧)

وێنەی شـــیعری و وێنەی درامایی تێکەڵاوی و نزیکیان لەیەکەوە تا ئەوڕادەیەیە، جیاکردنەوەیان هەوڵێکی چڕو وردی دەوێت، بەڵام دەشـــێت ئاوا پێناســـەی هەریەکەیان بکەین، وێنەی شـــیعری نیشـــاندانی وێنەیەکە بە وشـــە لە«کەمترین پانتایی بە کورتترین زمانی دەربڕین بۆ داڕشـــتن و گواســـتنەوەی وێنەکان»(بەکر، ٢٠٠٤، ٢٥)، ســـروشـــت و جوانییەکانی بەبێ ململانێ نیشـــاندەدات لە ڕێگەی وەســـف، لێکچواندن و خوازە...، بەڵام وێنەی درامایی هەســـت بەبوونی ململانێیەک لە پێکهاتەکەیدا هەیەو گوزارشـــتەکەی جگە لە وشـــەو نووســـین دەچێتە چوارچێوەی دەربڕین و نواندنە، وێنەی شـــیعری ڕەگەزێکی گرنگی شیعرەو وێنەی درامایی یەکێکە لەڕەگەزە بنچینەییەکانی دراما، لەگەڵ ئەوانەشدا هەریەکە لە وێنەی شـــیعری و وێنەی درامایی بەهای ئیســـتاتیکی بە دەق دەبەخشـــن و ســـــەرچاوەی بنیاتی هەردوو ڕەگەزەکە، خەیاڵەو خوێندنەوەیەکی قووڵی دەروونی و بیری دەقنووســـە بۆ گوزارشـــت لە هەســـت و هەڵوێســـتەکانی بەرامبەر ســـروشـــت و دەوروبەر.

دەقی (ئەســـــتۆی ورد)ی شـــــێرکۆ بێکەس وەک خۆی دەڵێت«پێی بزانین یان نەزانین هەموومان لە چاندن و دروێنەکردنی خراپەدا بەشـــــدارین» بە خوێندنەوەی دەروونێکی قووڵەوە وێنەی هەموو ناتەواوییەکان کێشـــــاوەو لە بەشـــــێکی ئەو چامەدا دەڵێ:

**قوڕ و لیتەی ئەو زەلکاوەی..**

**لەپەو ڕوو هەموو تێی کەوتووین**

**گێژی ئەو تۆف و گەرداوەی**

**بۆ نەمان..، ڕاپێچی کردووین.**

**دیوەخانی ئەو گورگانەی**

**لە پێستی مەڕا ئەنوێنن**

**سەوای ئەو ناو.. جامبازانەی..**

**لە تاریکاییی ئەشکەوتا**

**ئابڕووی ئێمە ئەدۆڕێنن!** (شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ٢١٢)

لەبەر ئەم بارە پڕ ململانێیەی لە دەقی درامیدا هەیە؛ وێنە دراماییەکان دروستدەبن، بۆیە لە درامادا دەرهێنەری دەقێکی درامی بەشوێن ئەکتەری گونجاودا دەگەڕێت تا توانای دەربڕین و جووڵەی بەپێی شیاوی قۆناغ، سەردەم، کات و شوێنی ڕووداوەکان و دیمەنی ناو دراماکە هەبێت و ڕۆڵێکی سەرکەوتوو بگێڕێت، «بەڵام هیچ دەرهێنەرێک ناتوانێت هیچ وێنەیەکی درامیت پێببەخشێت، ئەگەر ئەکتەرێکی بە دەسەڵاتی نەبێت لە ئەدا و بەرجەستەکردندا»(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، ١١٧) ئەمە بۆ شیعریش هەر تەواوە، کاتێک وێنەو دیمەنێکی درامی لە شیعردا بوونی هەیە، پەیوەست دەبێت بە بەهێزی ناوەڕۆکی دەقەکەوە، وەک لەم دەقەی (کامەران موکری)دا هەست بە دیاریکردنی ڕۆڵی کۆمەڵێک کارەکتەر دەکەین، هەریەکەیان بەرپرسیارییەتی گۆشەیەکی جوڵاندنی ڕووداوەکانیان لە ئەستۆدایە: کارەکتەرەکان (پەنجەی دڵ، ئەستێرەکان، شەپۆل، ڕەنگ، دەنگێک هاواری کرد، کە دەنگی دایکێکە لە نزیک لاشەی کوڕەکەیەوە)، وەک دەبینین هەندێک لەو کارەکتەرانە خواستراون و ئەرکێکیان پێسپێردراوە، ناونیشانی دەقەکە"ماچی مردن" ناونیشانێکی تراژیدییە، هەر لە ناونیشانەکەوە، هەست بە بوونی کۆمەڵێک ئازارو خەم و ناسۆر دەکەین :

**لەسەر پردی تەسکی بەردین**

**دەنگێک هاواری کرد: (کوردین)**

**ئەیزیڕان: ئەی دوژمن یەک تاو**

**مۆڵەت بەن بە جگەرسووتاو**

**با بگەمە لای کوڕەکەم**

**بۆ دوا جار دەمی ماچ بکەم**

شاعیر دەبێت لە چنینی دەقدا حساب بۆ وێنەو دیمەنەکان بکات، چونکە ئەو پێکهاتەو دیمەن و وێنانەی لە شیعردا بەرجەست دەبن، دەبنە بەشێک لە پێکهاتەی گرنگی جەستەی دەقەکە، بۆیە دەبینین وێنەی درامایی کە یەکێکە «لەتوخمە بنەڕەتییەکان کە لەناو ڕەگەزەکانی درامادا، لە دەقی شیعریدا کارلێکدەکات و سروشتی جموجوڵی پێکهاتەی جەستەی دەقەکە دەخاتەڕوو لەو کاتەی شاعیر لە داڕشتنی شیعردا وەک بابەتێکی گێڕانەوە بەکاری دەهێنێت»(جابر، ٢٠١٢، ٢٤) ئەم توخمە هونەرییە لە

شـــيعردا جۆرێک لە ململانێ نیشـــاندەدات. وەک لەم دوو دێرە شـــیعرییەدا بە ڕوونی هەست بەبوونی ئەو ململانێیە دەکەین:

**کاتێ گەیشتە نزیک کوڕ**

**لاشەی بێ گیان بوو سارد و سڕ**

**ڕێیان گرت لە ماچی مردن**

**هەر لەبەر ئەوەی کوردن** (کامران موکری، ٢٠١٢، ٢٢٥)

**وێنەی تراژیدی:** ئەوەیە، کە پێناســـەیە بۆ ناخۆشـــییەکی ســـەخت و قوڵ و کارەســـاتێکی لەڕادەبەدەر، کە دەرک و تێڕوانین و هەســـت و ڕۆحی کەســـایەتێکی زۆر هەستیار، بەرامبەر تاڵی و ناخۆشـییەکانی ژیان بە ویژدانێکی تێکشکاوەوە دەخاتەڕوو، کەواتە تراژیدیا باســـکردنی ڕووداو و کارەســـاتێکی ناخۆش و "هەندێکجار ترســـناک و خەمهێنەرە، کە ئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و دودڵی، زۆرجار خولقێنەری ســـۆزو و بەزەییە بەرامبەر قوربانییانی کارەساتەکە"(ارسطو، ١٩٩٩، ١٥٨-١٦٠).

ســـەبارەت بە وێنەی تراژیدیی، کاتێک شـــاعیر بەســـەرهاتێکی تراژیدی دەکاتە کەرەستەی نووسینی شیعر، دیارە دەبێت ئەو زمان و دەستەواژەو دیمەنانەی کە بنیاتی دەقەکە پێک دەهێنن، چیرۆک و گێڕانەوەی ناخ هەژێن بن، بەمەدا خوێنەر، یان بینەری دەبەنە ســـاتە وەختی ڕووداو و کارەســـاتە تراژیدییەکە، هەمان شـــت بۆ دەقێکی ڕەخنەئامێز و گاڵتەجاڕی کۆمیدیش ڕاستە، کاتێک شاعیر دەیەوێت بەشێوەی گاڵتەئامێز ڕەخنەو توانج بگرێتە ناتەواوی و کەموکورتییەکان، بێگومان دەبێتە دەقێکی درامی و دەبێتە هەڵگری چەند ڕەگەزێکی درامی کە ڕەنگدانەوەی لە دەقەکەدا هەســـت پێدەکرێت. دەشـێ لە بینین، یان خوێندنەوەی دیمەنە تراژیدییەکاندا لە دەقێکی شـیعریدا هەڵچوون، ترس، خەم و بەزەیی، ســـەرهەڵبدات، ئەمەش لەگەڵ ئەو پێناســـانەدا دێتەوە، کە بۆ تراژیدیا کراوە، بەواتایەکی تر شـــاعیر هەروەک چۆن لە پێشـــداو لەســـەردەمی کۆندا بەسەرهاتێکی تراژیدیایی ببیستایە دەیکردە شیعرو کاریگەری بەسەر بینەری دراماوە جێدەهێشت، لەمڕۆشدا شیعر هەمان ئەو ڕۆڵە لە ئەستۆ دەگرێت، هەرچەندە لە کۆندا تراژیدیا پەیوەندی بە بەســـەرهاتی کەسایەتییە ناودارو خانەدانەکانەوە هەبوو، بەڵام لە

ئێستادا شاعیر بابەتە تراژیدییەکان بەبێ گوێدانە ئەو پێوەرە دەکاتە کەرەستەی چنینی دەقێکی شیعری، جا بۆ نواندن بێت یان بۆ خوێندنەوە.

لافاو دەقێکی شیعری کارەساتباری تراژیدییە، (کامەران موکری) زۆر بەوردی وێنە تراژیدییەکانی خستۆتەڕوو

**وەکوو بەلەم لەسەر ڕووی ئاو**
**ئەڕۆی بەرەو نەمان بەتاو** ← بەشێک لە وێنە تراژیدییەکان
**پرچی سپی دەسک دەسک**
**لەگەڵ گۆنا و دەمی ناسک**
**ئەڕژانە ناو جادە و کۆڵان**
**دار و دیوار، بەرد ئەگریان**
**دایک ئەیزیڕان بۆ مناڵ**
**مناڵیش (پارچە گۆشتی کاڵ)**
**ئەکەوتە ژێر دار و پەردوو**
**شین بوو «هەموو» نەک کەس مردوو** (کامەران موکری، ٢٠١١، ١٠٩)

شاعیرانی نوێ هەستیان بەوە دەکرد، دەنگی تاک و دەربڕینی هەستی تاکە کەسی، چوارچێوەی بەرهەمهێنانی شاعیری گەورەو دەقی بەهێز تەسکدەکاتەوە، ئەم حاڵە بەجۆرێک بەپێشەوە دەچێت کە هەڵگری خەمی خەڵک و میللەتەکەی بێت و بەردەوام (تەفاعول) تێکەڵبوونێک بکات لەگەڵ خواستەکانیاندا.

شیعری کۆن (لیریک) خودی بوو، گوزارشتبوو لە هەست و سۆزی تاکەکەسی، بەڵام لای شاعیرانی نوێ ئەم هەستە گۆڕا. زۆربوونی ڕووداوە سیاسییەکان هۆکاربوون کە شیعر لەدەنگی تاکەوە بگۆڕێت بۆ دەنگی گشتی، لەیەکجۆر تێڕوانینەوە بگۆڕێت بۆ جۆراوجۆری، لە ناخ و خودییەوە بگۆڕێت بۆ هەستی بەرەنگاری و خواستی گشتی. بۆیە شاعیرانی قۆناغی شیعری نوێی کوردی، شیعریان بۆ ئازارو کارەساتی میللەتەکەیان نووسیوەو دانەبڕان لێیی:

وێنە تراژیدییەکانی نێو دەقی شیعری(ڕۆڵەی بێ دایک) ی گۆران، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە شاعیران هاوسۆز و پشتیوان و هاوخەمی ناسۆرو مەینەتی و کارەساتی مرۆڤەکان بوون، بایەخی گۆران بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە، بۆ کاریگەربوونی شاعیر بووە بە چیرۆکە تراژیدییەکان و هاوسۆزبوون بۆی:

**نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ،**

**نە فرمێسک ئەتوانێ بڕژێ بە بێ دەنگ**

**نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر،**

**نە قەڵەم وەک لاشەی مردووی سارد و سڕ**

**نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ، نە هۆش؛**

**دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش**

**کێ دایکێ ئەتوانێ بێنێتە بەرچاو،**

**بە مەرگی تاقانەی جەرگی هەڵقرچاو،**

**دامابێ لە دەشتێ؛ هاواری بە کەس**

**نەگا هیچ، هەر خۆی بێ و مەیتی کوڕی و بەس!...** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ١٥٦)

لە کێشانی وێنە دراماییەکانی ئەو کارەساتەی کە وادیارە گۆران بەچاوی خۆی دیویەتی، **« بەڵام ئاخ، ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە»** دێتە سەرباسێکی گەورەتری تراژیدی لە مردنی دایکی کوڕەکە گەورەتر، ئەویش وێنەی گریان و فرمێسکی کوڕەکەیە لای لاشەی بێ گیانی دایکی دا:

**بەڵام ئاخ، ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە**

**مەینەتێکی سووکە ئەمەی بەلاوە:**

**نەک دایکی کوڕمردوو، دیم کۆرپەی ساوا**

**لای مەیتی دایکیا، فرمێسک لە چاوا،**

**کەوتبوو بە بێ شیر، بێ لاوانەوە،**

**ناو جەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە!** (دیوانی گۆران، ١٣٩٣، ١٥٦)

شێرکۆ بێکەس پاش (٢٧)ساڵ لە کارەساتی شەشی ئەیلول لە دەقێکی دا بە ناوی"هێشتا لە پشتی باوکا بووین" یادی ئەو کارەساتە دەکاتەوەو وێنە تراژیدییەکانی دەخاتەڕوو، وەک سەربووردەیەک پێشکەشی هاوتەمەنەکانی خۆی دەکات«بەبۆنەی

ڕاپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠، بۆ هاوتەمەنەکانم، پێشـکەشـە » لەبەشـێکیدا وێنەی تراژیدی کارەساتەکەو ئومێدی هەستانەوەمان بۆ دەکێشێت:

**کە «ئەیلوول»ی گیان بڵێسەی بەر دەرکی سەرا**

**تەرمی ڕۆڵەی لەسەر دەستی هیوا ئەگێڕا**

**کە ڕاپەڕین بۆ ئازادیی سکی ئەسووتان**

**کە بازووی ژین، کۆتی مەرگی سەرشۆڕیی ئەشکان**

**کە فوارەی خوێن، لەشی خاکی تینووی سوور ئەکرد**

**کە تاریکی، لەژێر چنگی هەڵمەتا ئەمرد**

**کە هاواری کاروانی ڕێی، ڕوو لە لووتکەی بەرز**

**لە ناخەوە لەشی دنیای ئەهێنایە لەرز**

**کە تریفەی مانگەشەوی پاش ڕۆژی کوشتار**

**بەهێمنی ئەنیشتە سەر خامۆشیی ناوشار** (دیوانی شێرکۆ بێکەس، ٢٠٠٩، ١٣١)

لێرەدا شـاعیر ڕۆڵێکی تەواو دەبینێت و قسـە بۆ هاوڕێکانی دەکات و وێنای ژیانی ئەو سـات و سـەردەمەیان بیردەهێنێتەوە، وێنەی ڕووداوەکەیان بۆ دەکێشـێت، دەیەوێ بە نەوەکانی سـەردەم و دوای خۆی بڵێت: کە چی لە هەگبەی تۆماری ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە ڕەشەدایە.

لە دەقدا بەمەبەسـت و بەپێی جۆری ڕووداوەکان(مێژوویی، سـیاسـی، ئاینی، کۆمەڵایەتی ...) پاڵەوانەکان لە دایکدەبن و هەندێکجار ڕاستەقینەیی ڕووداو، کارەکتەرەکە دەستنیشان دەکات. دەبێت خستنەڕووی هەرکارەکتەرێک «بە گوێرەی ناسنامەو پێگەی شەخسی و جۆاکی خۆی، بێت»(ئەلوەنی، ٢٠١٤، ١١). دەکرێت نووسەری دراما یان شاعیر پەنا بۆ ڕەمزو ناونیشان ببات تا ڕۆڵی کارەکتەرو پاڵەوانێک لە شیعرەکەیدا نیشانبدات، هەروەها ڕووداو گرنگی و بایەخی کات و شـوێن وەک دوو ڕەگەزی بنەڕەتی لە دەقدا دیاری دەکات، کەواتە ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە چنینی دەقدا هەیە، لە هەمانکاتدا ئامادەیی رەگەزەکانی دراما(ڕووداو، کارەکتەر، شـوێن، کات...... هتد) بە شـێوەیەکی بەرچاو لە نموونە شـیعرییەکانی ئەو قۆناغەدا هۆکاری فراوانبوونی مەودای پرۆسـەی نوێکردنەوەکە بوون

# ئەنجام

- پرۆسەی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شیعری درامی یەکێکبوو لە سیما دیارەکانی نوێیکردنەوەی شیعری کوردی، شاعیرانی قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی (گۆران، پیرەمێرد، شێخ نووری ...)، لەو شاعیرە دیارانەبوون کە دەقی شیعری درامی و درامای شیعریان نووسی، بۆیە کاریگەرییەکانی سەرهەڵدانی دراماو تەکنیک و ڕەگەزی دراما ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە پرۆسەی نوێکردنەوەدا.
- ڕەگەزەکانی دراما یەکێکن لەو بنەمایانەی، کە دەتوانرێت وەک خاڵە جەوهەرییەکانی پەیوەندیی نێوان هەردوو ژانری دراماو شیعر و لێکنزیکی ئەو دوو ژانرە سەیربکرێت بە تایبەت لە قۆناغی شیعری نوێی کوردیدا.
- زۆربوونی ڕووداوە سیاسییەکان لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٧٠) بارێکی وای هێنایە پێشەوە، کە شیعری کۆن نەیتوانی هەنگاو لەگەڵ گۆڕان و ڕووداوەکان بهاوێت، سەرهەڵدانی پرۆسەی شیعری نوێ و کاریگەری تەکنیک و ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری ئەو قۆناغەدا، دەرگای گەورەی واڵاکرد تا شیعر ڕەنگدانەوەی واقیع و ژیان بێت.
- شیعری کۆن (لیریک) خودی بوو، گوزارشتبوو لە هەست و سۆزی تاکەکەسی، بەڵام لای شاعیرانی نوێ ئەم هەستە گۆڕا. زۆربوونی ڕووداوەکان هۆکاربوون کە شیعر لەدەنگی تاکەوە بگۆڕێت بۆ دەنگی گشتی، لەیەکجۆر تێڕوانینەوە بگۆڕێت بۆ جۆراوجۆری، لە ناخ و خودییەوە بگۆڕێت بۆ هەستی بەرەنگاری و خواستی هەمەلایەنە.
- بوونی ڕەگەزەکانی دراما(ڕووداو، کارەکتەر، شوێن، کات....... هتد) لە نموونە شیعرییەکانی ئەو قۆناغەدا هۆکاری فراوانبوونی مەودای پرۆسەی نویکردنەوەکە بوو، لەگەڵ بایەخە هونەری و ئیستاتیکییەکەی کە بەدەقی بەخشی، جۆرێک لە دەستواڵای بە شاعیران دا، تا لە بوارەکەدا هەنگاوی باش هەڵگرن.
- خاڵی بەهێزی جیاکەرەوەی نێوان شیعری درامی و درامای شیعری، ئەوەیە شیعری درامی سەربە ژانری شیعرەو لە بنەڕەتدا بۆ خوێندنەوەیە پێش نمایش، بەڵام درامای شیعری، درامایەکە بۆ نمایش نووسراوەو سەربە ژانری درامایە و زمانی نووسینی دەقەکە، شیعرە.
- وێنەی شیعری نیشاندانی وێنەیەکە بە وشە، سروشت و جوانییەکانی تاڕادەیەک بەبێ ململانێ نیشاندەدات لە ڕێگەی وەسف، لێکچواندن و خوازەو...ەوە، بەڵام وێنەی

درامایی هەســـت بەبوونی جوولەو ململانێیەک لە پێکهاتەکەیدا هەیەو گوزارشـــتەکەی جگە لە وشەو نووسین دەچێتە چوارچێوەی دەربڕین و نواندن و ئەداکردنەوە.

- وێنەی شـــیعری ڕەگەزێکی گرنگی شـــیعرەو وێنەی درامایی یەکێکە لەڕەگەزە بنچینەییەکانی دراما، دەتوانین بڵێین پەیوەندیی بەهێز لە نێوان وێنەی شیعری و وێنەی دراماییدا هەیەو جیاوازییەکەیان، تەنها لە جوولەو هەستی ململانێی نێو وێنەکەدایە.
- دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هەردوو فۆرمی (شیعری سەربەست و شیعری پەخشانی) لە ئەدەبی کوردیدا، بەرهەمی فۆناغی شـــیعری نوێی کوردییە و لە ســـالانی دواتردا برەوی زیاتریان پێدراو بە تەواوی گەشەیانکرد.
- شـــیعر لە خودی خۆیدا ژانرێکی تاک دەنگە، بۆیە لە دەســـتنیشـــانکردن و دۆزینەوەی ڕەگەزی مۆنۆلۆگدا هەندێک ئاســـتەنگ و تێکەڵاوی دروســـت دەبێت، چونکە زۆرجار ئەوەی شاعیر دەریدەبڕێت، بارە پەنگخواردووەکەی دەروونییەتی.

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردی


- ئەرستۆ، ٢٠١١، هونەری شیعر (شیعر ناسی)، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
- ئەریســـتۆ، ٢٠١٠، شـــیعر (پۆیەتیکا)، وەرگێڕانی: محەمەد کەمال (د)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەســـوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
- ئەڵوەنی، نەجم خالید نەجمەددین، ٢٠٠٤، بینای کات لە سێ ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ، چاپ وپەخشی سەردەم.
- ئەمین، عومەر عەلی، ٢٠٠٢، دراما لە ڕوانگەی خەمخۆرەکانییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- ئەنوەر، د. کەیوان ئازاد، ٢٠١٣، چەردەیەک لە مێژووی کورد، چاپی حەوتەم، سلێمانی، چاپ و بڵاوکراوەی چوارچرا.
- بەرزنجی، ئازاد، ٢٠١٦، تیۆری دراما لای ئەریستۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- بەرزنجی، یاســـین قادر، ٢٠٠٨، فەرهەنگی دراما، بەرگی یەکەم، ســـلێمانی، چاپخانەی دەزگاو پەخشتی سەردەم.
- بەرزنجی، یاسین قادر، ٢٠٠٩، هونەری دراما، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- بەکر، محەمەد، ٢٠٠٤، پەخشـــانە شـــیعری کوردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- باوەڕ، ئەحمەد، ٢٠١٩، یانەی ســەرکەوتنی کوردان، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- برشـید، عەبدولکەریم، ٢٠٠٢، دەروازە، چەند دەقێکی وەرگێڕدراو - دەفتەری دووەم-، (نوسینی شانۆییمان لەبەردەم ئاسۆی پرسیارکردنەوەدا) وەرگێڕانی هەڵکەوت عبدالله، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- بێکەس، هەڵۆ شـێرکۆ، ٢٠١٨، ســەدویەک ڕۆژ تەنیایی، سـلێمانی، کتێبخانەی یادگار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- پیربال، فەرهاد(د)، ٢٠٠٢، عەبدولڕەحیمی ڕەحمی هەکاری(تازەکردنەوەی شـــیعری کوردی و داهێنانی شـــانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- پیربالّ، فەرهاد، ٢٠٠٥، شـیعری نوێی کوردی، هەولێر، دەزگای کوردسـتان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- پیربالّ، فەرهاد، ٢٠٠٩، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی سـێیەم، سـلێمانی، چاپخانەی شـڤان، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- تەنیا، حەسـەن، ١٩٨٥، شانۆو شـانۆی کوردەواری، چاپی یەکەم، بغداد، دار أفاق عربية للصحافة.
- جەزا، ڕێباز محەمەد، ٢٠١٥، دراما چییە؟، چاپی یەکەم، سـلێمانی، دەزگای ڕۆشـنبیری جەمال عیرفان.
- چێوار، عوســــمان، ١٩٨٠، درامای منالّ (هەندێ مەســــەلەی درامایی)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- حســــن، محمد فريق، ١٩٨٠، لە نێوان نووســــەری دراماگەری و ئەکتەردا (هەندێ مەسەلەی درامایی)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- حســێن، شــۆڕش محەمەد، ٢٠٠٧، ئەزموونکاریی لە شــانۆدا، چاپی یەکەم، ســلێمانی، چاپخانەی تیشک.
- حسێن، شۆڕش محەمەد، ٢٠١٢، دەروازەکانی دراما، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.
- حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر ، ٢٠٠٧چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەی لە (ژیان و ژین)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- حلمی، ڕەفیق، ١٩٨٨، شــیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، اربيل، چاپخانەی التعليم العالي.
- حوسێن، سەنگەر نازم و ڕێزان سالّح مەولود، ٢٠١٨، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- حوسێن، هیمداد (پ)، ٢٠٢٠، ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- حوســێن، هیمداد (د)، ســەنگەر نازم، ٢٠٢٠، فەلســەفەی ئەدەب، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- حوســـێن، هیمداد (د)، ســـەنگەر نازم، ٢٠٢٠، ئەدەبی جیهانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- حەمودە، عبدالعزیز (د)،٢٠١٦، ڕۆنـانی درامـایی، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، چـاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- خـالە دێوە، ڕێزان عوســـمـان،٢٠١٠، بنیـاتی جۆرەکـانی ڕووداو لە ڕۆمـانی کوردی کوردستانی باشوور سالّی(١٩٨٥-١٩٩٠)، چاپی یەکەم، ئەکادیمیایی کوردی،هەولێر.

- خـانی، ئەحمەد، ٢٠١٠، مەم و زین، هەژار کردویەتی بە موکریـانی، سـلێمـانی، پەخشانگای ئازادی.
- خۆشـناو، نەریمان عەبدوڵلا (د)، ٢٠١٤، ئەرسـتۆ مامۆسـتای یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.
- خەزنەدار، مـارف (د)، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چـاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.
- دەوڵەت، مەریوان عمر، ٢٠١١، ،سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی ، چاپخانەی دیلان.
- دۆرانت، ویلیام جیمز، ٢٠١٠، مێژووی دراما، وەرگێڕانی پێشڕەو حسەین، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.
- الرحمـانی، أحمـد، ٢٠٢١، تیۆرەکـانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیـان، وەرگێڕانی سەردار گەردی (پ.د)، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- ڕەشـە، ئەکرەمی مەحمودی سـاڵح، ١٩٨٩، شـاری سـلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، بغداد، دار الحرية للطباعة.
- ڕەئوف، دانا، ٢٠٠٣، پیتەر بروک لە شـانۆی هاوچەرخی جیهاندا، سـلێمانی، چاپ و پەخشی سەردەم.
- ڕەحمـان، عەبـدوڵلا، ٢٠١٧، توێژینەوەی دەق لە ڕوانگەی زمـان و ئەدەبەوە، چـاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- ڕەحمان، عەبدوڵلا، ٢٠١٤، بنیاتی گێڕانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- ڕەسـول، شـوکریە، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپی یەکەم، مطابع تعليم العالي ، اربيل.
- ڕەسـوول، د. عیزەدین مسـتەفا، ٢٠٠٨، ئەحمەدی خانی، سـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- ڕەئووف، دانـا، ٢٠١٦، تیۆرو پراکتیک لە کتێبەکانی درامادا، چاپی یەکەم، سـلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- سـابیر، پەرێز، ٢٠٠٠، بینایی هونەری چیرۆکی کوردی لە سـەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- سـالار، أحمد، ١٩٨٠، وانەیەک لە دوا وانەکانی سـتانسـلافسـکی (هەندێ مەسـەلەی درامایی)، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- سالار، ئەحمەد، ١٩٨٠، دەروازەی دراما، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد، دار الحرية للطباعة.

- ســـــالار، ئەحمەد، ١٩٨٤، دەروازەی دراما، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بەغداد، مطبعة الجاحظ.
- الســکر، ابراهیم، ١٩٨٠، شــێوەکانی درامای ئەغریقی (هەندێ مەســـەلەی درامایی)، و: بارزان عوسمان، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
- سـمۆ، ئیبراهیم ئەحمەد، ٢٠٠١، کاریگەری کەلەپووری کوردی لە دراماگەری کوردیدا، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خەبات.
- سـەجادی، عەلائەددین، ٢٠١٠، ڕشـتەی مرواری، بەرگی (١ تا٨)، چاپی ؟ شـوێنی چاپ ؟.
- ســـــەعید، د.جلال ئەنوەر، ٢٠١٣، گفتوگۆ لە ڕۆمـانی کوردیی کرمـانجی خوارووددا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- الشـــعراوی، عبدالمعطی، ٢٠١٨، ئەفســـانەکانی گریک، وەرگێڕانی" کاوە تۆفیق، بەشـــی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەکۆن.
- عارف، حســـــەین، ٢٠١١، نووســـینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- عبدالقادر، کەیفی ئەحمەد، ٢٠١٣، ریـالیزم لە درامـای کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕیوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- علاءالدین، عبدالخالق، ١٩٨٥، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بەغداد، دار أفاق عربیة للصحافة والنشر.
- عەبدوڵا، خەلیل عەلی ، ٢٠١٦، بنەما هونەرییەکانی شــــانۆی منداڵان لە زارۆخانەو خوێندنگاکاندا، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- عوسمان، هەرێم، ٢٠١٨، لیریکی گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- عەبدولڕەحمان، حەیدەر، ٢٠١٨، ڕەخنەی شــــانۆی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- عەبدوڵلا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لە شــــیعری لیریکی کوردیدا (کرمانجی خوارو١٩٨٠- ڕاپەڕین)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- عەزیز، حەمید (پ.د)، ٢٠١٩، فەلسەفەو ئەدەب، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕەهەند.
- عەولا، عەبدوڵلا ڕەحمان، ٢٠١١، شــــیعری شـــانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشــــووری کوردستان ١٩٢٥-١٩٦١)، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- فەرەج، غەمگین، ٢٠٠٥، دەروازەیەک بۆ نۆتەکـانی موزیـک، چـاپی یەکەم، هەولێر، زنجیرە کتێبی ئینیستیوتی کەلەپوری کوردستان.
- قەرەداغی، محەمەد مســـــتەفـا، ٢٠١٢، فەرهەنگی زاراوەکـانی هونەر، چـاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

- کاکەی فەلاح، حەمە حەمەئەمین قادر، ١٣٩٩، سنە، دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان.
- کەسنەزانی، بوشرا، ٢٠١٢، پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا(١٩٩٥-٢٠٠٥)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- کاردۆ (وەرگێڕان و ئامادەکردن)، ٢٠٠٦، فەرهەنگی زاراوەی درامایی، چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا.
- کەریم، خەلیل یابە، ٢٠١١، شـــانۆ لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، گ. ڕامان، ژ (١٧٣)، ٢٠١١/١٠/٥، سلێمانی
- کەریم، سەلام فەرەج (د)، ٢٠٠٩، گەشەسەندنی درامای کوردی (١٩٧٥-١٩٩٥)، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج
- کەساس، محەمەد، ١٩٩٩، لە ئەدەبی گەلانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی ئۆفیسی ژیار.
- الماضی، شکری عزیز (د)،٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی (د)، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ماردین.
- محمد، عبدالرزاق، ١٩٦١، شانۆی کوردستان، چاپخانەی صلاح الدین، بەغداد.
- محەمەد، موحســـین، ٢٠١٩، مێژووی شـــانۆی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- محەمەد، میران جلال، ٢٠٠٩، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- مستەفا، محەمەد فازیل، ٢٠١١، دەنگی پیرەمێرد لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- موفتی، پەری ســـاڵح، ٢٠١٢، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد مەحمەد ئیســـماعیلدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەجید، د. دیار فایەق، ٢٠٢١، شـــەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردی، کەلار، بڵاوکراوەی خاک.
- هاڵبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر، ٢٠١٨، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی ئەندێشە.
- هۆراس، ١٩٧٩، هونەری شیعر، وەرگێڕانی حمید عەزیز، بەغداد، مطبعة الزمان.
- هەورامی، حەمە کەریم، ٢٠٠٧، ئەدەبی منـاڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- هەورامی، حەمەکەریم، ٢٠٠١، درامـای کوردی لە نـاو درامـای جیهـاندا، چـاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- نوری، شــوان عوســـمان، ٢٠٢٠، بنیاتی ڕووداو لە کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.

## دیوانەکان

- ئاگرین، عەبدوڵلا(د)، ٢٠١٣، دیوانی محمد ســـــاڵح دیلان، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- بێکەس، شـێرکۆ، ٢٠٠٩، دیوانی شـیعری شـێرکۆ بێکەس. بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سوید.
- زێوەر، مەحموود، ٢٠٠٨، دیوانی بەختیار زێوەر، چاپی ســـێیەم، دەزگاو چاپی ئاراس، هەولێر.
- عبدالواحد، ئازاد، ١٩٨٩، دیوانی شـێخ نووری شـێخ سـاڵح، بەشـی دووەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد.
- قەفتان، مەریوان، ٢٠١٩، ئەخۆل لەنێوان ئەدەب و هونەردا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
- کاکە ڕەش، ئومێد، ١٩٩١، دیوانی سەلام، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەدیب، سلێمانی.
- کـامـەران موکری، ٢٠١١، چـاپی یـەکـەم، خـانـەی چـاپ و بڵاوکردنـەوەی چوارچرا، سلێمانی.
- گەلاڵەیی، مەلا مەحمود، ٢٠١٧، بەشـــێک لە دیوانی ئەوڕەحمان بەگی بابان، چاپی دووەم، هەولێر.
- گۆران، عبدوڵلا ١٣٩٢، دیوانی گۆران، چاپی پێنجەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران.
- مەلا کریم، محمد، ١٩٧٠، دیوانی بێخود، بەغداد، چاپخانەی سلمان الاعظمی.
- مەلا کریم، محمد، ٢٠٠٨، دیوانی فایەق بێکەس، چاپی یەکەم، ســـلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- مەولود، عەبدوڵلا خدر، ٢٠١٣، دیوانی حەمدی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- هاوار، محمد رەسول ١٩٧٠، پیرەمێردی نەمر، چاپخانەی العانی، بەغداد.
- هەردی، ئەحمەد، ١٩٨٤، ڕازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- هۆشـــیار، فایەق، ئەوانی تر، ١٩٩٠، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، بغداد، مطبعة الزمان.

## ڕۆژنامەو گۆڤار

- ئەحمەد، ئارام، ٢٠١٥، ســـەرەتای ســـەرهەڵدانی هونەری دراما، گ. ڕامان، ژ. ٢١٨، ٢٠١٨/٧/٥، سلێمانی.

- ئیبراهیم، ڕەمەزان، ٢٠٠٩، ڕەوتی شـــانۆی کوردی لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، گ. ڕامان، ژ (١٤٤)، ٢٠٠٩/٥/٥، سلێمانی.
- بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر، ٢٠١٤، شـــیعری کوردی و ســـەدەیەک بەهەڵەبەکارهێنانی ناونیشانەکانی نوێگەری، ڕۆژنامەی چاودێر(ڕەخنەی چاودێر) ژمارە(٣٩٨))٢٠١٤/٢/٢٤.
- بیمار، عبدالرزاق، ١٩٧٠، دانیشـتنێک لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە ٢ی شـوباتی ١٩٧٠، بەغداد.
- پیربال، د. فەرهاد، ٢٠٠١، عبدوارەحیم ڕەحمی هەکاری و تازەکردنەوەی شیعری نوێی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٨ .
- تـەیمور، محمـد بکر، ١٩٨٦، دەربـارەی دراماو ڕەخنـە، گۆڤـاری کـاروان ژمـارە ٤١، چاپخانەی الادیب، بغداد.
- حاجی، مەغدید، ٢٠١٨، مێژووی دراما وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی ئەدەب، گ. ڕامان، ژ (٢٥٦)، ٢٠١٨/٩/٥ سلێمانی.
- حسـێن، عطا ڕشـید (پ.ی.د)، و مەریوان عمر حسـن (پ.ی.د)، ٢٠٢١، ڕەگەزی ململانێ لە بنیاتی دەقی شـانۆنامەی شـیعریی (ئۆڤیلیای سـپی) دا، گۆڤاری زانکۆی سـلێمانی )بەشیB ، زانستە مرۆڤایەتییەکان( ژمارە (٦٥) ١٥ی ئابی ٢٠٢١.
- حســێن، عطا ڕشــید (پ.ی.د)، و مەریوان عمر حســەن (پ.ی.د)، ٢٠١٧، دەقی هونەری ئۆپەرێت لە گەشـــەســـەندنی ڕەوتی شـــانۆی کوردی ســـاڵانی حەفتاکان (داپیرەی دانا) وەک نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ســـاڵی چوارەم، ژمارە (١٣) کانوونی یەکەمی ٢٠١٧.
- سەعدون، د. سامان عیزەدین، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٣) فۆلێمی (٢) ٢٠١٥.
- عەبدولڕەحمان، حەیدەر، ٢٠١٣، خەســڵەتەکانی دیالۆگ لە شــانۆگەرییە کوردییەکاندا، گ. ڕامان، ژ (١٩١)، ٢٠١٣/٤/٥، سلێمانی
- عوسمان، هەرێم، ٢٠٠٩، تەکنیک لە سێ چیرۆکی ئارام کاکەی فەلاحدا، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٤٤ سێپتەمبەری ٢٠٠٩.
- عومەر، موحســـین ئەحمەد (د)، ٢٠١٠، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، گ. ڕامان، (١٦٣)، ٢٠١٠ /١٢/٥.
- عەبدوڵڵا، دانا محەمەد، PUKmedia٢٠١٥ .، ئەدەب وهونەر، ٠١: ١١ - PM ٢٠١٥-٠١-٢٦.
- محەمەد، کاروان، ٢٠١١، بنیادی هونەریی درامای تەلەفزیۆنی، گ. ڕامان، ژ (١٦٩)، ٢٠١١/٦/٥، سلێمانی.

- محەمەد، موحســـــین، ٢٠١٨، مێژووی درامای کوردی (ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان)، گ. ڕامان، ژ (٢٥٤) لە ٢٠١٨/٧/٥.
- محەمەد، موحســـــین، ٢٠١٨، مێژووی درامای کوردی (ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان)، گ. ڕامان، ژ (٢٥٥) لە ٢٠١٨/٨/٥.
- مەعروف، دەوەن، ٢٠١٨، لە زمانی کلاســـیزمەوە بەرەو درامای مۆدێرن، لاپەڕەی سەرەکی، ئەدەب و هونەر، کوردستانی نوێ(٢٠١٨/١٢/١١)

## نامەکان

- حەســـەن، یاســـین ڕەشـــید، ٢٠٠٤، ناوەڕۆک و تەکنیک لە درامای کوردیدا، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان- بەشی کوردی.
- سەعید، ئازاد محەمەد، ٢٠٠٨، کورتیلە چیرۆک لەباشووری کوردستان(١٩٧٠-١٩٧٩) نامەی ماستەر کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، بەشی کوردی.
- عەلی، لوقمان ڕەئوف، ٢٠١٠، ڕەهەندەکانی شـوێنکات لە دەقە والآکانی شـێرکۆ بێکەسـدا، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســتی، زانکۆی سـلێمانی، کۆلێجی زمان- بەشــی کوردی.
- کەریم، سەلام فەرەج، ١٩٨٩، کەسایەتی لە درامای کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

## فەرهەنگ

- عەبدول، جەمال، ٢٠٠٤، فەرهەنگی ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشـــی سەردەم، سلێمانی.
- هەژار، ١٣٩١، هەنبانە بۆرینە(فرهنگ کردی- فرسـی)، چاپی هەشـتەم، انتشـارات سـروش، تهران.

## بە زمانی عەرەبی

- ابراهیم، محمد حمدی (د)، ١٩٩٤، نظریة الدراما الاغریقیة، ط١، القاهرة، دار نوبار للطباعة.
- أبو حجلة، أمیرة محمود، ١٩٨٥، فی مســرح الكبار و الصــغار، ط الاولی، الدار العربیة للنشر والتوزیع عمان- الأردن.
- أرسطو، ١٩٩٩، فن الشعر، ترجمة و تعلیق دكتور ابراهیم حمادة، طبعة الاول، دار عربیة للطباعة والنشر.

- أنيس، ابراهيم وأخرون، ٢٠٠٤، المعجم الوســـيط، ط٤، مجمع اللغـة العربيـة، مكتب الشروق الدولية.
- بافى، باتريس، ٢٠١٥، معجم المسرح، ترجمة ميشال ف_ خطار، مراجعة: نبيل ابو مراد، ط١، بيروت، المنظمة العربية للترجمة.
- جابر، يوســـف حامد (د)، ٢٠١٢، البناء الدرامى فى شـــعر بلند الحيدرى، مجلة جامعة تشـرين للبحوث و الدراسـات العلمية، سـلسـلة الأداب و العلوم الانسـانية، المجلد (٣٤) العدد (٣).
- الحسينى، عيسـى خليل محسـن، ٢٠٠٦، المسـرح: نشـاته و ادابه واثر النشـاط المسـرحى فى المدارس، ط١، عمان (الاردن): دار جرير للنشر والتوزيع.
- دبليودوســـن، س. ١٩٨١، الدراما والدرامى، ترجمة د. عبد الواحد لوءلوءة، دار الرشـــيد للنشر، بغداد.
- الربيعى، على محمد هادى، ٢٠١٢، المســـرحيات المجهولة لنعوم فتح الله ســـحار، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد (٢٠) العدد٢: ٢٠١٢
- رشدى، رشاد (د)، ٢٠٠٠، نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، ط١ مصرية، هلا للنشر و التوزيع/ عربية للطباعة و النشر.
- الزامل، منير، ٢٠١٤، التحليل السـيمائى للمسـرح، دمشـق، دار مؤسـسـة رسـلان للطباعة والنشر و التوزيع (سورية)
- زائد، على عشـرى، ١٩٧٨، عن بناء القصـيدة العربية الحديثه، ط١، مصـر، دار الفصـحى فى القاهرة.
- الزبيدي، الدكتور علي، ١٩٦٧، المســـرحية العربية في العراق، معهد الدراســـات العربية العالية، للطباعة والنشر.
- ســـتار، د.ناهظة، ٢٠٠٣، بنية الســـرد في القصـــص الصـــوفي(المكونات و الوظائف و التقنيات)، دار النشر اتحاد الكتاب العرب، ط١، دمشق.
- صـــليحه، نهاد (د)، ١٩٨٥، المســـرح بين الفن والفكر، مشـــروع النشـــر المشـــترك- دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة.
- عبدالغنى، عزالدين اسـماعيل، ١٩٨١، الشـعر العربى المعاصـر"قضـايا ه وظواهره الفنية والمعنوية" ط٣، بيروت، دار العودة.
- عجور، محمد (د)، ٢٠١٠، التقنيات الدرامية والسـينمائية فى بناء الشـعر المعاصـر، ط١، الامارات العربية المتحدة، دار الثقافة والاعلام.
- العشرى، جلال، ١٩٩١، المسرح فن و تأريخ، مصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- العلوى، محمد احمد بن طباطبا، ٢٠٠٥، عيار الشـعر، شـرح وتحقيق، عباس عبد السـاتر، ط٢ بيروت، دار الكتب العلمية، لبنان

- المرایات، دنیا عارف خلیف، ۲۰۱۲، النزعة الدرامیة فی الشــعر الأردنی المعاصـــر من العالم (۱۹٦۷- ۲۰۰۰) رسالة الماجستیر، جامعة المؤته.
- مصطفی، فائق، ۱۹۹۰، فی ذاکرة المسرح العربی، ط۱، بغداد، دار الشؤون الثقافیة العامة.
- مندور، محمد (د)، ؟، ألادب و مذاهبه، ط۱، القاهرة، دار نهضة مصر للطباعة والنشر و التوزیع.
- مندور، محمد (د)، ۱۹۹۹، الکلاسیکیة والاصول الفنیة للدراما، ط۱، القاهرة، دار نهضة مصر.
- هوایتنج، فرانک م، ۱۹۷۰ المدخل الی الفنون المسـرحیة؛ ترجمة کامل یوسـف، القاهرة، دار المعارف
- ولیک، رینه، و أوستن وأرن، ۱۹۹۲،نظریة الادب، ترجمه: دکتور عادل سلامة، الریاض/ المملکة العربیة السعودیة، دار المریخ للنشر.
- وهبة، مجدی، و کامل المهندس، ۱۹۸٤، معجم المصـــطلحات العربیة فی اللغه و الأدب، ط۲، بیروت، مکتبة لبنان.
- الیوت، ت.س، ۱۹۹۱، فی الشعر والشعراء، ترجمة: محمد جدید، ط۱، دمشق، دار کنعان للدراسات و النشر.

## رسالة

- سـعاد، بوطیبة، ۲۰۱۱، البناء الدرامی فی المسـرحیة الشـعریة العربیة (رسـالة الماجسـتیر)، وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی، کلیة الأداب اللغات والفنون، السـنه الجامعیة (۲۰۱۰-۲۰۱۱) الجزائر.

## فارسی

- أمینی، محمد رضا (د)، ۱۳۸٤، تأملی درباره جنبه‌های نمایشی ادبیات فارسی، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، دوره بیست و دوم. شماره اول، بهار (ویژه‌نامه زبان و ادبیات فارسی).
- پرتوی، پروین، ۱۳۹۲، پدیدارشناسی مکان، ناشر فرهنگستان هنر، نوبت چاپ۲، تهران.
- شمیسا، سیروس (د)، ۱۳۸۷، انواع أدبی، چاپ سوم، تهران، چاپخانه نابش.
- منصوری، احمد رضا، رضا روحانی، ۱۳۸٦، غزلی روایی و خاستگاه أن در شعر فارسی، مجله پژوهش زبان و أدبیات فارسی شماره هشتم، بهار و تابستان ۱۳۸٦.

## سەرچاوەی ئینگلیزی


- Charis Baldick. 2001. The concise Oxford dictionary of literary terms. Second edition. Britain. Oxford.
- Edward Quinn. 2006. Literary terms and thematic terms. Second edition. New York. Facts on file.
- J.A. CUDDON. 2013. A dictionary of literary terms and literary theory. Fifth edition. Wiley-Blackwell. USA.
- M. H. ABRAMS، Geoffrey Galt Harpham. 2013، A glossary of literary terms. Cengage learning. United State of America. Ninth edition.
- Peter Childs، Roger Fowler. 2006. The Routledge dictionary of literary terms. Second edition. Routledge.
- Abrams، M.H. and Harpham، Geoffrey Galt، 2013، A Glossary of Literary Terms، Eleventh Edition، Gengage Learning.


## ئەنتەرنێت


- ڕەئووف، دانا: ٢٠١٧، دەقی خۆماڵی هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە دروستکردن و بنیاتنانی دراماداً، دەقی چاوپێکەوتن، سازدانی شاخەوان سدیق https://www.andesha.org/?p=١٢٠٠ ئەندێشە
- ڕەئووف، دانا، ٢٠٢٠، دەسپێکی مێژووی ڕەخنەی درامایی https://danamarouf.com/?p=١١٩٠
- ڕەئووف، دانا، ٢٠١٦، تێڕوانینێک لە هەوڵە مۆدێرنەکانی دراما https://www.andesha.org/?p=٩١ ئەندێشە ٢٣/ئابی ٢٠١٦
- شوان، ڕەزا، ٢٠١٥، مێژووی سەرهەڵدانی درامای منداڵان http://www.komarixwaz.com/ku/index.php/٤٢-٥٧-٢٢-٢٦-٠٣-٢٠١٥-٤٦٧٠/
- قادر، بەختیار، ٢٠١٩، ئەشکەوتی سەردێمان لە دەقەری باڵەکایەتی، https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/٢٨٠٩٢٠١٩٥
- حمداوی، جميل(د)، ٢٠٠٦، تأريخ المسرح العالمي، ديوان العرب، ١٤/تموز/٢٠٠٦، https://www.diwanalarab.com/%D٪٨AA%D٪٨A٪٧D٪٨B٪١D٨٪٩A%D٪٨A

# الملخص


هذه الأطروحة الموسومة بـ (عناصر الدراما في الشعر الكردي الحديث ١٩٧٠-١٩٢٠) وهي دراسة اختصت بإلقاء الضوء على تلكم الجوانب التي أثّرت في عملية إنماء وظهور الشعر الكردي الحديث، والتي قلما يتم تناولها. وهي بالتالي بحث علمي و تاريخي حول الآثار التي تتركها أجناس الدراما في تجديد الشعر الكردي، الذي بدأ يتغير شكلا ومضمونا منذ بدايات القرن العشرين.

لقد اتخذت تلك التغييرات مسارات و صوراً شتى، فما بين قصيدة جمعت بين الأغراض القديمة و الحديثة بُغية تكييفها مع مرحلتها الزمنية، وأخرى سعت في إلغاء الماضي والتنكر لمضمونه والسعي وراء إيجاد صور فنية جديدة، وأما الصورة الثالثة فتمثلت في شعر جديد ، ينصبّ التركيز فيه على تبنّي (المقطع) بوصفه لغة بسيطة وذلك من خلال تقليل الاستقاء من اللغات الأخرى. وأما الصورة الأخيرة فهي متعلقة بتأسيس الاجناس والتقنيات الأدبية الاخرى.

لقد كان للدراما دوراً بارزاً في تجديد الأدب الكردي، هذه الأطروحة تضلعت في عرض الخطوط الفاعلة والمؤثرة الواردة في الشكل الرابع الآنف الذكر، وذلك من خلال تحليل علمي لنصوص الشعراء في تلك الحقبة. وقد تزامن الدراما والشعر الدرامي مع ظهور الشعر الكردي الحديث.

ويجدر بالتنويه أن تلك الحقبة قد اتسمت ببعض التغييرات الحاسمة، من ذلك النأي عن الألفاظ المستوحشة و تجنب اللغة الكلاسيكية الصعبة، والسير قدُماً نحو الإصلاح واستخدام المقاطع اللفظية في الشعر الكردي. وقد أدى ذلك إلى فتح الباب على مصراعيه أمام الشعراء ليقتحموا الكثير من المواضيع و وإبراز فخامة التعابير والكشف عن ماهية الخبرة الثقافية كيفيتها في تلك الحقبة.

إن هذا الأطروحة سعت أيضاً إلى بيان أهمية الجوانب الدرامية في تجديد الشعر الكردي، بالاعتماد على أمثلة شعرية تطبيقية. إن كثيراً من الشعراء لم يكونوا بمنأى عن الأهوال التي كان الكرد يتكبدونها، بل نقلوا ذلك في صور شعرية وضمّنوها في قصائدهم.

وقد اقتضت طبيعة النصوص الشعرية الاستفادة من الأجناس الأدبية والفنية الأخرى ولا سيما الدراما، وهذا ما أعطى الأجناس الدرامية حضوراً فاعلاً و دوراً مؤثراً في الشعر الكردي الحديث.

# Abstract

This dissertation that is entitled (The Genera of Drama in Modern Kurdish Poetry ١٩٧٠-١٩٢٠) is an attempt to shed light on those aspects which helped the development and growth of Kurdish modern poetry، and their role has been overlooked. It is a scientific and historical research about the influence of those genera in renewing Kurdish poetry which started to change in the beginning of twentieth century both in form and content. These changes have four different forms، a poem which combined both modern and ancient themes adjusting it to its period; the second form is a new poem which works eagerly to eliminate the antient themes and bring about totally new poetic forms; in the third form; the focus is on using (Syllable)، simple language، reducing other language's words; the last form was about establishing the genera and other literary techniques. Drama had a prominent role in renewing Kurdish literature.

This dissertation demonstrates the influential frames of the fourth form via the scientific elucidation for that period's poems. The blossoming of drama، and dramatic verse are coincided with appearing Kurdish modern poetry، in this era some crucial changes started to emerge such as; increasing mysterious words، avoiding difficult classical language and beginning of new form and theme with the use of syllable in Kurdish poetry. All these changes made the poets to write about more themes and clarify the excellency and expertness of the poets of that period. In addition، the research attempted to explain the importance of dramatic aspects in renewing Kurdish poetry by providing poetic examples. A large number of poets were not far from the miseries of Kurdish society and endeavoured to use those harsh situations in their poems، besides the nature of verses required usage of other genera in art and literature particularly drama. Hence drama has a crucial role in modern Kurdish literature.